

KURDISTAN

٣٤

# کۆڕەو وەک ناسنامەی گەلی کورد

# ١٩٩١

## یادی کۆڕەو وێستگەیەک بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- گرنگی کۆڕەو بۆ کورد........................................................... دیاری خالید ..... ٥

٢- لە ٢٥ مین ساڵیادیدا کۆڕەو ئازارو مەینەتی و شوناسی نەتەوەیەک.................. فەتاح حەسەن قەڵاتی ..... ١٤

٣- لاپەڕەیەکی نەنووسراوەی کۆڕەو.................................................. شۆڕش ئیسماعیل ..... ١٨

٤- کۆڕەو، سەرچاوەی یەکەمی حوکمرانی.............................................. بەهرۆز عەلی ..... ٢١

٥- ٢٥ساڵ بەسەر کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کوردا تێپەڕ دەبێت......................... مارڵپەڕی kkn ..... ٢٣

٦- کۆڕەو سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی........................... ساڵح میراودەلی ..... ٢٥

٧- خەمی نیشتمان و یادێک لە کۆڕەوەکەی ١٩٩١........................................ ڕەسوڵ بۆسکێنی ..... ٢٨

٨- یەکەم ساڵیادی کۆڕەو و یادەوەرییەک ................................................ ئیسماعیل تەنیا ..... ٣١

٩- یادێک لە داستانی ئەزمڕ ١٩٩١.................................................... هیوا ناسیح ..... ٣٤

١٠- کۆڕەو ویستگەیەکی نوێ بوو...................................................... ستران عەبدوڵلا ..... ٤٢

١١- کۆڕەو........................................................................... سیامەند شێخ ئاغایی ..... ٤٤

١٢- ئیمپراتۆریەتی مەرگ (تیرۆر، وەحشیگەریی، کۆڕەو) .................................... ئاسۆ جەبار ..... ٥٠

١٣- کۆڕەو وەک ناسنامەی گەلی کورد.................................................. ئا؛ شێنێ محەمەد ..... ٥٤

١٤- دایکم و کۆڕەو.................................................................. ئارام ئەحمەد ..... ٥٨

١٥- یادی کۆڕەو، یادی ریفراندۆمی نەتەوەییە............................................ کوردستانی نوێ ..... ٦٢

١٦- کۆڕەو فێری کردم کەخاک پەرست بم .................................................. شەرمین کەریم ..... ٦٤

١٧- کۆڕەوی میلیۆنی وەک ریفراندۆم.................................................... ڕێبوار حەمەلاو شوانی ..... ٦٦

١٨- مانگی راپەڕین و کەرکوک و کۆڕەو.................................. محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی ..... ٦٩

١٩- کۆڕەویش کۆدەنگبوو، کۆدەنگی نێودەوڵەتی بەدواداهات............................ دێدوانی یەعقوب ..... ٧١

٢٠- بیرەوەریی سەروەختی راپەڕین و کۆڕەو............................................ عومەر عەلی غەفوور ..... ٧٣

٢١- کۆڕەو، لەگێڕانەوەکانی "ماریا هانسۆن"دا............................................ پشکۆ نەجمەدین ..... ٧٩

٢٢- کۆڕەو، شێوازێکی نوێی خەبات....................................................... حاکم قادر ..... ٨١

٢٣- کۆڕەو لە چاوی کامێرای فۆتۆگرافەرێکەوە............................................ دانا عومەر ..... ٨٣

٢٤- کۆڕەو سیمبولی چەوساندنەوە و ڕەتکردنەوەی کوردوکوردستان........................ ڕێبوار حەمەلاو شوانی ..... ٨٧




سەرچاوە
Serchawe

٢٥- ئەندازیاری کۆڕەو کێ بوو؟؟........................................................ عەلی مەحمود ..... ٨٩
٢٦- یادی کۆڕەو وێستگەیەک بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردو باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان..........
............................................................................ فەتاح حەسەن قەڵاتی ..... ٩٤
٢٧- کۆڕەو، شەڕی مرۆڤی کورد لەگەڵ قەدەری خۆیدا.................................. گۆران قادر احمد ..... ٩٨
٢٨- کۆڕەو بڕیاری ٦٨٨ و دەرئەنجامەکانیان لە سەر باشووری کوردستان..................................... پەیسەر ..... ١٠٤
٢٩- "کۆڕەو، ریفراندۆمێکی سەرتاسەری بوو بۆ کوردستان"................................ دیمانە: فایزە پاڵانی ..... ١١٠
٣٠- لە یادی کۆڕەودا.............................................................. شۆڕش ئیسماعیل ..... ١١٣
٣١- کۆڕەوی ئازادی و دەستکەوتەکان.......................................................... جەعفەر حەسەن ئەحمەد ..... ١٢٠
٣٢- ئەوکاتەی چەخماخەی ڕاپەڕین دەستی پێکرد........................................ ماڵپەڕی: پارتی ..... ١٢٢
٣٣- گەلی کوردستان بەرهەمی کۆڕەوە ملیۆنەکەی نەچنیەوە.................................... ئامەد حەسەن ..... ١٢٥
٣٤- لە گەرمیان وێنەکانی سمبولی دایکی کۆڕەو نمایش کرا................................ سەبری هۆرینی ..... ١٢٨
٣٥- کۆڕەو،حیکایەتی پڕ ئازاری میللەتێک................................................... پێشڕەو ئیسماعیل ..... ١٢٩
٣٦- لە یادی سی ساڵەی کۆڕەوی خەڵکی کوردستاندا.......................................... ستیڤان شەمزینی ..... ١٣١
٣٧- ٢٨ ساڵ بەسەر کۆڕەوی جەماوەری باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێت.......................... خێڵان بەختیار ..... ١٣٨
٣٨- کۆڕەوی کوردان و نەبوونی پرۆژەیەکی نیشتیمانی................................................ د.سامان جلال ..... ١٤٠
٣٩- رۆڵی فەرەنسا لە راگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین و پاراستنی گەلی کوردستان................. ڕێکار عەزیز ..... ١٤٣
٤٠- کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١؛ تراجیدیایەکی دیکەی سەدەی بیست بوو لە کوردستانی عێراق.......... ئاراس ڕشید ..... ١٤٦
٤١- کۆڕەو و ئاوارەبوون بڕینێکە هەر جارە و لە شوێنێک سەرهەڵدەداتەوە..................... دڵشاد خۆشناو ..... ١٤٨
٤٢- کۆڕەو خۆی کارەساتە و چەندین کارەساتی دیکە ڕوویانداوە تێیدا.................................. ژیان ..... ١٥١
٤٣- ژنێکی تەنها لە ئازارەکانی کۆڕەوی ١٩٩١دا............................................... تەرزە تەها ..... ١٥٣
٤٤- بەهۆی کۆڕەووەوە ١٠ ساڵ ئاوارەی ئێران بووین"............................................ هەوار محەمەد ..... ١٥٥
٤٥- لە کیمیابارانی هەڵەبجەوە بۆ کۆڕەوی باشوری کوردستان............................................ ژیان ..... ١٥٧
٤٦- خوا کوردەکانی لە بیر کردووە.............................. ئۆرهان پاموک - و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی ........ ١٥٩
٤٧- کۆچڕەو ١٩٩١......................................................................................... ١٦٦
٤٨- کۆڕەو گەلی لە داگیرکاریی ڕزگارکرد، بەڵام دەسەڵات باشوور دەداتەوە داگیرکەر............. هونەر فارس ..... ١٦٨
٤٩- کۆڕەو لە دیگایەکی ترەوە........................................................... عەلی مەولود ..... ١٧٤
٥٠- تێگەیشتنەوە لە کۆڕەو کۆژان وەک کاریزما.............................................. د. هەردی مەهدی میکە ..... ١٧٩
٥١- لێکەوتەکانی کۆڕەو و دەرچون لە بازنەی حیکایەتەکان.............................. سەرکەوتی جیهاز ..... ١٨٤



سەرچاوە
Serchawe

٥٢- لەبڕیارێکی تر دە ترسین............................................................... بەرزان شێخ محمد ..... ١٨٦
٥٣- بڕیاری ٦٨٨........................................................................ سیامند سێلکی ..... ١٨٨
٥٤- بڕیاری(٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاسەوارەکانی.................................. ئاراس شێخ حەسەن ..... ١٩١
٥٥- وتاری فەرەنسا لە ئەنجوومەنی ئاسایش تایبەت بە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١....... هاوڕێ ئەحمەد ..... ١٩٥
٥٦- کۆڕەو، هەنگاوێک لە بە نێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد.................................... هیوا سەید سەلیم ..... ١٩٨
٥٧- بڕیاری (٦٨٨ و هێڵی ٣٦) بۆ کورد دەسکەوت بوون؟.................................. حامد محەممەد عەلی ..... ٢٠١
٥٨- ئادار و نیسانی عیراق................................................................ ئیدریس جەبار ..... ٢٠٤
٥٩- کۆڕەوی ١٩٩١ و لێکەوتەکانی.................................................. ئامادەکردنی: جەمال ئارێز ..... ٢٠٦
٦٠- بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش و ساڵانی ڕووداوە مەزنەکان.......................... سەرکەوت جەلیل ..... ٢١٧





سەرچاوە
Serchawe

# گرنگی کۆڕەو بۆ کورد



**ئامادەکردنی: دیاری خالید**

چۆڵبونی شەقام و کۆڵانی شارەکان، ڕۆشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بۆ چیاکان، دیمەنی باوکێک منداڵێک بە باوەشیە و منداڵێکی دیکە و هەندێک پێداویستی بە پشتیەوە، بورانەوە و لەهۆشخۆچونی ژن و منداڵ و پیاوی بەتەمەن، ڕاکردن و پەلاماردانی بە دەستهێنانی نان و بەتانی و هێرشی جەندرمەکانی تورکیا، بۆ سەر ژن و منداڵ و هەزاران دیمەنی تراژیدیائامێزی دیکە، چیرۆکی نەهامەتی ئەو گەلەیە کە دەسەڵاتی ستەمکاری بەعسیان ڕەتکردەوە و بە کۆمەڵ رووەو سنورەکان ڕەویان کرد.

چیرۆکە مەزنەکە لەوێوە دەست پێدەکات، کە جەوروستەمی بەعس دژی کورد، لە راپەریندا تەقیەوە و لە کوردستان، بەعس وەدەرنرا، بەڵام دواتر بەعسیەکان گەڕانەوە و دەستیان لە هیچ نەپاراست، خەڵکیش لە کۆڕەوێکی ملیۆنیدا دەسەڵاتی ئەو ڕژێمەیان ڕەتکردەوە و ماڵ و خاک و ئاویان جێهێشت. بەڵام ئەمە بوە دوا وێستگەی بەریەککەوتنەکانی گەلی کورد و بەعس، بەو پێیەی چیتر سەدام و دار و دەستەکەی نەیان توانی لەدوای کۆڕەو، لە زۆرینەی شارەکانی باشوری کوردستان دەسەڵاتیان هەبێت، هەروەها ڕاچڵەکینی ویژدانی زۆرینەی گەلانی گەورەی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا و پەتی زوڵمی سەدام حوسێن لە قایمیدا پچڕا.

ئەمانە دیمەنی کۆڕەوە بەناوبانگەکەی گەلی کوردە، کە تاکو ئەوکات بە دووەم کۆڕەوی جیهانی دەهات لەدوای کۆڕەوی ئەفغانیەکان بۆ پاکستان لە ساڵی ١٩٨٠، بەڵام کۆڕەوی کورد، دوا پلەی بێزاری و هەڵهاتنی خەڵکی بو لە دژی بەعس و دەسەڵاتەکانی دیکەی عێراق، کە بەدرێژای (٧٠) ساڵی پێشتر ستەمیان لێدەرکرا. بۆیە کۆڕەو، سنوری بۆ زوڵم دانا و لەرێگەی گواستنەوەی دیمەنەکانی روداوەکە و بەدەمەوە هاتنی چەند وڵاتێک و دەرکردنی بڕیاری(٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەو کاتەدا ژیانێکی دیکەی بۆ کورد هێنایە ئاراوە، کەچی بەرپرسانی کورد لەماوەی چەند ساڵێکدا خەونەکانیان لەباربردو دەسەڵاتیکی چەتەگەری داپلۆسێنەریان هێنایە ئاراوە. کە لەئێستادا خەڵکی نیگەرانن لێی.

**کۆڕەو: وشەیەکی لێکدراوە و لە هەردوو وشەی (کۆ)، بە واتای (هەموو، پێکەوە یان گشت) دێت، (رەو) بەواتای (رۆشتن، راکردن و رێکردن) دێت، هەردو وشەکە پێکەوەش بەواتای رۆشتن و رێکردن بە کۆمەڵ دێت. ئەم زاراوەیە بۆ رێکردن و رۆشتنی میللەتی کورد لە باشوری کوردستان بەکاردەهێنرێت، کە لە ساڵی ١٩٩١ بە دەستەجەمعی شار و گوندەکانیان جێهێشت و زۆرینەی زۆریان رۆشتنە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا.**

## کۆڕەو چۆن دروست بوو؟

دوای راپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان، لە رۆژانی ٥ بۆ ٢١ ی مانگی سێ (٣)ی ساڵی (١٩٩١)، کە توانرا، رژێمی بەعسی عێراقی لە کوردستان دەرپەڕێنن، خەڵکی لە ناو خۆشی و ئاهەگێڕاندانی جێژنی نەورۆزدابون، بەڵام فڕۆکەکانی بەعس، لە ٢٧ - ٣ - ١٩٩١، بەدواوەوە، ئاهەنگ و شایی لێکردنە شین و بێ دەست پاراستن هەولی لەناوبردنی هەموو شتێکیاندا و هاوڵاتیانی مەدەنیان لە ماڵ و شوێنەکانی دیکە دەکوشت.

لەگەل ئەوەی هۆکاری سەرکەوتنی خەلکی لە راپەڕینەکەدا، پەیوەندی بە لاوازبونی سوپای بەعس و بێزاری خەلکی کوردستان، لە زوڵم و زۆرداری رژێم لەناوچەکەدا، کە بوە هۆی تەقینەوەی خەڵکی و دەرکردنیان لەشارەکان.

بەشێکی دیکەی شکستەکانی بەعس، پەیوەندی بە ماندوبونی سوپای عێراقەوە بو لە شەڕە درێژخایەنەکەی لەگەڵ ئێران لەماوەی هەشت ساڵ و دواتریش شەڕی کوێت، دوای ئەوەش هێرشی هاوپەیمانان و لەناوبردنی شوێنە ستراتیژەیە سەربازیەکانی عێراق لە لایەن فڕۆکەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان. بەمەش سوپا ماندو وشەکەتەکەی بەعس خۆی لەبەردەم تورەی خەڵکی کوردستان و باشوری عێراق نەگرت. چونکە لە باشوری عێراق، چەند شارێک لەرژێم پاکرایەوە، لە کوردستانیش زۆرینەی شار و شوێنەکان رزگارکرا.

بەڵام گەڕانەوەی بەعس و رژێمەکەی بۆ کوردستان و دروست بونی کۆڕەو، چەند هۆکارێکی هەبو، بەبۆچونی نوسەر و رۆژنامەنوس، (ئۆفرا بینگیۆ)، لاوازی هەماهەنگی کاری تاکتیکی و سیاسی لەنێوان بەرپرسانی کورد، هۆکارێک بو کە بەعس بەرەو کوردستان بگەڕێتەوە.

هەروەها بۆ بەعس ئاسان نەبو لەسەرەتادا دژی دوو راپەڕین بوەستێتەوە. لەمە گرنگتر کە ئۆفرا، لەکتێبی (کوری عێراق، بنیاتنانی دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا) باسیدەکات؛ بەهۆی هەژمونی ئێران و ترسی هەڵوەشاندنەوەی عێراق رێگە بە سەدام حوسێن درا هێلیکۆپتەر دژی خەڵکی خۆپیشاندەر بەکار بهێنێت.

چونکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بیریان لە عێراقی دوای سەدام و هەژمونی ئێران کردەوە و هەوڵێستیان گۆڕی. لەبەرئەوەی لەکاتی راپەڕینەکانی باشوردا نیشانەکانی هەژمونی ئێران دەرکەوتن، چونکە خۆپیشاندەران، وێنەی ئایەتوڵا خومەینیان بەرزدەکردەوە و دروشمی ئێرانیان دەوتەوە. دواتریش لە کۆنفرانسێکدا کە لە لوبنان، بۆ موعارەزەی عیراقی رێکخرابو بەتەواوی هەژمونی ئێران بەسەر کۆنفرانسەکەوە دیاربوو، بەجۆرێک لە ناو هۆڵی کۆنفرانسەکەدا، لەنزیکەی (٤٠٠) کەسی بەژداربو، زیاتر لە (١٠٠) کەسیان عەمامەی ئێرانی و شیعەی لە سەر بوو، زۆرینەشیان بەزمانی فارسی قسەیان دەکرد و پەیامەکانی ئێرانیان دەگەیاند.

بۆیە ئەمەریکیەکان سەدامێکی لاواز و دۆڕاویان پێ باشتر بوو لە رژێمێکی ئیسلامی شیعەی سەر بە ئێران. ئەمەوایکرد لەوماوانەدا کەهێشتا راپەڕین بەردەوام بو، جۆرج بوشی باوک کە ئەوکات سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بو، لە تیڤیەکانەوە فەرمانی بە (جەنەڕاڵ شڤارتزکۆف)دا، هێرشی لەشکری هاوپەیمانان ڕابگرێ و چیتر بەرەو بەغدا هێرش نەبەن. بەوەش ورەیەک بەبەر لەشکرەکەی سەدام هاتەوە بۆ جموجوڵ. هاوکات لە ڕێکەوتننامەکەی نێوان براوە و دۆڕاوی شەڕدا، کە لە سەفوان مۆر کرا، شڤارتزکۆف ڕێگەی بە عیراق دا کەوا هەلیکۆپتەرەکانی بەکار بهێنێ.

لەدوای رێگەدانەکەی ئەمریکا بە سوپای عێراق، توانرا راپەڕینەکەی باشوری عێراق بە شێوەیەکی دڕەقانە لکپ بکەنەوە. دواتریش هێرشکرایەوە سەر کوردستان و لەماوەیەکی کەمدا زۆرینەی ناوچەکانی کورستانیان کۆنترۆڵ کردوە، لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە رۆژنامەنوسی فەرەنسی کریس کۆچێرا لە کتێبی "بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆی"، دا بەم شێوە باس لەگەڕانەوەی سوپای بەعس دەکات بۆ کوردستان؛ لە رۆژانی ٢٨ و ٢٩ ئازار، هەمو شتێک لەدەست دەرچو بو، بەرەکانی شەڕ لەهەمو ناوچەکانی کوردستان شکستیان خوارد و پێشمەرگەکان تەنیا فریای رزگارکردی خێزان و کەسەکانیان کەوتن. نزیکەی دوو ملیۆن هاولاتی بەرەو سنورەکان کەوتنەڕێ، ئەوەی ئۆتۆمبیل و تراکتۆری هەبو پیی رۆشتن، ئەوەی دیکەش بە پێ دەرۆیشتن. دیمەنی رۆشتنی ئۆتۆمبیلەکان کە جمەی دەهات لە خەڵکی و شەکەتی هاولاتیان سیمای ئەو رۆژانەی

کوردستان بوو.

سوپای عێراق، جارێکی دیکە بەرەو هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان هاتنەوە، کۆچێرا دەگێڕێتەوە کە لەشەوی ٣٠ ئازاردا، نزیکەی ٨ تۆپخانە و تانکی عێراقی هەولێریان تۆپباران دەکرد دوای چەند کاتژمێرێک شارەکەیان گرتەوە و دواتریش زۆرینەی شارەکان کەوتەوە دەستیان، ئەوان دەستیان لە هیچ نەدەپاراست، بەڵام بە لێهاتوی چەند گروپێک لە پێشمەرگە، لە شارەکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک، توانرا سنورێک بۆ هێرشەکانی بەعس دانێن و سوپا نەتوانێت بگاتە هاوڵاتیانی رەوکردو لە سنورەکانی ئێران و تورکیا.

بەڵام بەهۆی هێرشی بەردەوامی فرۆکە و تۆپبارانی بەردەوام، خەلکی زیاتر وورەیان بەرئەدا و دەترسان، چونکە هێشتا بۆنی گاز لە گەرۆی منداڵانی هەلەبجە دەهات و تارمایی ئەنفال لە وڵاتدا مابووەوە، لەگەڵ بەردەوامی پەلامارەکانی رژێم خەلکی نەیدەویست بمێنێتەوە و ئەو ستەمە قبولبکەن. ئەمەش کۆڕەوی دروست کرد.

## چیرۆکی کارەساتەکانی کۆڕەو:

سەرەتای نیسان، نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی کوردستان لەژێر باران و بەسەر بەفر و بەستەڵەکی شاخەکانی کوردستاندا لەنوکەشێکی سادا، رۆیشتنێکی تراژیدیانەیان دەست پێ کرد، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان لە برس و لە سەرمادا گیانیان لەدەستدا، هەندیکیان بە تەندروستیەکی خراپەوە دەیان ناڵاند تاکو دەمردن، هەندێکی دیکەیان توانای هەڵگرتنی کەسە ئیختیار و پەککەوتەکانیان نەبوو جێیان دەهێلان، خەڵکانێکیش بە پێی پەتی و بە جلوبەرگێکی کەمەوە لە سەرمادا هەلدەلەرزین و رێگەیان دەبڕی، لەنێو ئەو هەمو تراژیدیایەدا، هەندێک لە منداڵان دەمردن و دایک و کەسە نزیکەکانیان بە شین و گریان زیاتر خەمیان دەهێنا. تەرمی سەدان شەهید لە سەر ڕێگاکان و گۆڕستانی گوندەکانی سەرەرێکان دەنێژران، جگە لەوەی سوپای عێراق بە فڕۆکەو تۆپخانە بۆردمانی دەکردن.

چیرۆکە خەمبارەکانی کۆڕەو زۆرن، کە هەرکەسەو بەشی رۆمانێک و چەند فیلمێک بەسەرهاتی لایە. دیمەنی کامێراوبوێری میدیاکارانای جیهانی بەشێک لە نەهامەتیەکانی گواستوەتەوە کە بەهۆیەوە بەدەنگەوە هاتنی جیهانی لێکەوتەوە و قەزیەی کوردی لە داخرایەوە بەرەو کرانەوەی جیهان برد.

## گرنگی کۆڕەو

هەرچەندە کۆڕەو، کارەساتێک بو بەسەر کوردا هات، بەڵام دەرئەنجامەکەی چەندین دەستکەوتی گرنگی ناوخۆیی و

نێودەوڵەتی بۆ کورد هەبو، کە تەنیا بۆ پاراستنی رزگاری و ئازادیی بوو، بەڵکو بۆ ناساندنی دۆزی رەوای کورد بوو بە هەموو جیهان، کە دۆزی کوردی بردەوە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چیدی نەیتوانی چاو لەو زوڵمە مێژووییە بپۆشێت کە سەدان ساڵ بوو لە کورد دەکرا.

لەوەشدا ئەو کارە گەورانەی لەبواری گەیاندندا کرا، رۆڵێکی مەزنی گێڕا، چونکە رۆژنامەنووسان و میدیاکانی جیهان زۆربە خێرای هەواڵ و وێنە تراژیدییەکانی کۆڕەویان بە هەموو جیهان گەیاند، بەوەش رای گشتی ئەوروپا و ئەمریکاو سەنتەرە بڕیاربەدەستەکان و گرووپەکانی گوشار لە هەموو جیهان دیمەنەکانی کۆڕەویان بینی. لەمەوە دۆزی کورد، لەچوارچێوەیەکی بەرتەسک و داخراوی ئابلۆقەدراو دەرهێناو بەجیهانی دەرەوەی ناساندو کۆمەڵی نێودەوڵەتی لێ بەئاگا هێنایەوە.

کۆڕەو بوە هۆی مۆدێلێکی چۆلکردنی وڵات لەبەرنەبونی ئازادی و دیموکراسی. لەبەر جەور و ستەم، کە دواتر وڵاتانی جیهانی هەمان کاردانەوەیان بەرامبەر دەسەڵاتەکەیان هەبو، وەک کۆڕەوی کۆسۆڤۆ دژی دەسەڵاتی سیربیا، کە پێش ۱۰ ساڵ کۆسۆڤۆ سەربەخۆی وەرگرت. کۆڕەو سنوری بۆ ستەمەکانی بەعس داناو چیتر نەیانتوانی بگەڕێنەوە کوردستان. یەکێک بو لە چالاکیە مەدەنیەکانی کورد، کە بۆچونی جیهانی لەسەر دروست بوو. دەرگای هاوکاری و بەدەمەوە هاتنی ریکخراو و ناوەندە جیهانیەکانی بەروی کوردستان کردەوە و هاتنە کوردستان. بۆ یەکەمجار نەتەوە یەگرتوەکان بریارێکی لە بەرژەوەندی کورد دەرکرد و بەهۆیەوە باشوری کوردستانی لە دەستی سەدام پاراست.

### چۆنێتی دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ و گرنگی بۆ کورد

لە رۆژانی (۳و٤)ی ئازاری ۱۹۹۱، حکومەت و بەرپرسانی فەرەنسا لەبارەی زوڵم و زۆرەکانی بەعس دو نامەیان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی کرد، کە تیایدا داوایان کردبو سنورێک بۆ زۆرداریەکانی بەعس دانێت کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامی دەدات.

دوای بڵاوبونەوەی وێنە و دیمەنی کارەساتەکە لە رۆژنامەو تیڤیە دیارەکانی جیهان، ئەنجومەنی ئاسایش لە دانیشتنی ژمارە (۲۹۸۲) خۆیدا لە پێنجی نیسانی ۱۹۹۱، بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، کە (۱۰) وڵات دەنگی بە بەلێ و سێ دەنگی ناڕازی کە پێکهاتبون لە (زیمبابۆی، کوبا و یەمەن) و لەگەل دوو دەنگی بێلایەن ئەوانیش (چین و هندستان)، بڕیارەکە دروا. سنورێک بۆ سەدام دانێن. دوای دوو رۆژ، واتە لە ۷ - ٤ - ۱۹۹۱، سەرکۆنەی حکومەتی عێراقیان کرد و لەباکوری هێڵی پانی (۳٦)، بڕیاری پێکهێنانی ناوچەیەکی ئارامیاندا بۆ کورد و هێزێکیان بەناوی "چەکوشی ئامادە" کە بنکەکەی لە تورکیا بوو دروستکرد. بەبێ ئەوەی ئەو وڵاتانەی کە مافی ڤیتۆیان هەبو رێگربن لەبەردەم بڕیارەکەدا.

لە بەندی یەکەمی ئەو بڕیارەدا زۆربە ئاشکرا سەرکۆنەی ئەو کردەوە سەرکوت کردن و داپڵۆساندنەش کراوە و داواش لە بەغدا کراوە دەستەبەجێ ئەو کردەوانە بوەستێنێت و دایەلۆگ بکات و ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکانی تەواوی هاولاتیانی عێراق بگرێت.

لە هەشتی نیسانی هەمان ساڵ، لە ژێر فشاری نێودەوڵەتی و وڵاتانی هاوپەیمان جۆرج بوش، (جیمز بیکەر)ی وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی بەمەبەستی شارەزای و ئاگاداری رەوشەکە سەردانی ئۆردوگاکانی کرد، جیمز، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی رایگەیاند: "ئەوەی من بە چاوی خۆم بینومە زۆر زیاترە لەوەی کە باوەڕی پێبکرێت"

پاش سێ رۆژ و لە ١٠ی نیسانی ١٩٩١، بوش، فڕینی هێزی ئاسمانی و هیلیکۆپتەرەکانی عێراقی لە ئاسمانی کوردستان تاکو هێڵی پانی ٣٦ قەدەغکرد. لە ١٧ - ٤ی هەمان ساڵ (ناوچەی ئارام) لە عێراق دروستکرا. هەر هەمان رۆژ یەکەم هێزی هاوپەیمانان لە تورکیاوە هاتنە خاکی کوردستان.

هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان هێزێکی نزیکەی ٢٠ هەزار کەسی لە ١١ وڵاتی جیاوازەوە رەوانەی ناوچەکەکرد و ناویان نا(ئۆپراسیۆنی دابیکردنی ئارامی)، ئەو پەنابارانەی بەشێوەی کاتی لە کەمپەمانیا مابونەوە زۆئرینەی زۆریان هاتنەوە ناوچەکانیان.

لە مانگی تەموز هێزەکانی عێراق لە ناوچەکە کشانەوە وبە فرمانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەشکرێکی پێنج هەزار کەسی لە بنکەی ئەنجەلیکی تورکیا بۆ هەر جموجوڵێکی سوپای عێراق ئامادەکرا. لەهەمان کات فڕۆکەی عێراق بۆی نەبو لەو دیو هێڵی ٣٦ چالاکی بکات, کە کوردەکانی تێدا دەژیا و سنورێکی لە ناوچە هاوبەشەکانی کوردستان لەگەڵ بەعس دروست کردبوو.

جگە لەو گرنگیانەی سەرەوە کە بەهۆیەوە گەلی کوردی لە باشوری کوردستان پاراست، ئەو گرنگیە نێودەوڵەتیەشی هەبوو، یەکەم بڕیاری لەو شێوەبو لە مێژووی کارکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان دەریکردبوو، واتە لە (١٩٤٥ بۆ ١٩٩١)، پێشتر هیچ بڕیارێکی لەو شێوەی نەدابوو.

لەبەر ئەمە بڕیارەکە، پێشینەیەکی باشی هێنایە ئاراوە کە دواتر لە وڵاتانی دیکە پیادەی بکات، وەک لە (یوگسلاڤیای جاران، سۆماڵ، تەیموری رۆژهەڵات و دارفۆڕی سودان)، کە بەهۆیەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی ولاتان دەدات. هەروەها لە خۆپیشانەکانی بەناو بەهاری عەرەبی لە ساڵی (٢٠١١)، ئەنجومەنی ئاسایش، وڵاتانی میسر و سوریا و لیبیای



سەرچاوە
Serchawe

ئاگادارکردەوەلە ئازار و ئەشکەنجەدانی خەڵکی، دواتریش لە ١٨ - ٣ - ٢٠١١، بڕیاری ژمارە ١٩٧٣ی دژی سەرکردایەتی لیبیا دەرکرد.

لەمەوە کۆڕەو سەرەتایەکی باش بو بۆ پەیوەندی کورد و وڵاتانی جیهان ناوچەکە، کە دەکرا کاری باشتری بەدوادابێت و رەنجو ماندوبون و قوربانیەکانی خەلکی لەبەرچاوگیرێت. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم رێڕەوی داواکاریاکانی کورد لەلایەن حیزبەکانەوە گۆڕاو و بەرەو چارەنوسێکی خراپی بردن.

## دەرئەنجامی کۆڕەو بەکوێ گەیشت

لەدوای راپەڕینە و کۆڕەوە مەزنەکەی باشوری کوردستان، خەڵکی بە ئومێد و هیواوە گەڕانەوە شار و گوند و ناوچەکانی خۆیان، ئەوان ویستیان ژیانێکی نوێ و سەربەرزانە دروستکەن و دوربن لە دەسەڵاتی ستەمکاری بەعسیەکان، بەڵام سیاسەتی هەڵەی بەرپرسانی هەرێم و هەستی بەرژەوەندیخوازیان، ئەزمونەکەیان پێچەوانەکردوە و لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردو تاکو ئێستا ژیانی خەڵکی بەرە و خراپی دەچێت، ئەم بێزاری خەلکیە لە ئاستێکدایە. لەهەندێک دۆخدا بە میراتگری بەعسیەکان ناویان بهێنن. دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە کە ئامانجەکانی کۆڕەویان بەم حاڵە گەیاند. وەک:

### تاڵانکردنی سەروەت و سامانی نیشتیمان؛

لەدوای کۆڕەو و گەڕانەوەی خەڵکی بۆ شوێنەکانیان، زۆرێک لە بەرپرسانی هەرێم دەستاینکرد بە تاڵانکردن و بردنی سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی کوردستان، هەر لە شوێنە کەلەپوری و نیشتیمایەکانەوە بۆ دەرهێنانی زێڕ و زیوی ژێر زەوی و بردنی ئامێرە جیاوازەکانی شوێنە حوکمیەکان، بۆیە ئەم ڕەوتە چەتەگەریە تاکو ئێستاش درێژەی هەیە و تەنانەت گەشتۆتە کەرتی نەوتیش و بەم هۆیەوە هەرێمیان رووبەرووی قەیرانێکی دروستکراوی ئابوری کردوەتەوە.

### گەڕانەوە بۆ بەغداد و دەستکردنەوە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەعس

**کریس کۆچێرا. لە هەمان کتێب کە لەسەرەوە ناوی هێنرا، باس لەوە دەکات،** لەو کاتەی کورد، رووبەڕووی ئەو کارەساتە بووەوە، وڵاتانی گەورەی جیهان، چاوەڕوانیان دەکرد کوردستان ببێتە یەکێک لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی ناوچەکە و بەرپرسانیشی درێژە بە خەبات بدەن دژی سەدام و رژێمەکەی، بەلام بەزوویی رۆشتنەوە بەغداد بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ سەدام، بەمەش جیهانیان توشی شۆککرد.

## شەڕی ناوخۆ

لەئەنجامی خراپی ئەزمونی هەلبژاردنەکان و یەکتر قبولنەکردن و چەند کێشەیەکی دیکە کوردستانیان رووبەڕووی شەڕی ناوخۆکردەوە، بەهۆیەوە نزیکەی ٣٢ هەزار کەس گیانی لەدەستدا، زۆرینەی ئەو رێژەیەش خەڵکی گەنج بوو، هەروەها دەستکرا بە تێکدان و وێرانکردنی ماڵی خەڵکی و دەربەدرکردنیان، دیارە ئەمەش بوە ئەزمونێکی خراپ بۆ حوکمڕانی کوردستان.

بێزاری لەشەڕی ناوخۆ تەنیا لای زۆرینەی خەڵک نەبوو, بەڵکو چەندین پێشمەرگەی دێرین و سەرکردەی سیاسی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا ئامادەی بەشداری کردن لەو شەڕە نەبوون و چەکیان داناو هەندێکیشیان کوردستانیان جێهێشت.. پەرلەمانی ئەوکاتەی کوردستانیش مانگرتنی لە دژی شەڕی نەگریسی ناوخۆ راگەیاند.

## هێنانی هێزی بیانی

بۆ یەکتر لەناوبردن و دەرپەڕاندیان لە کوردستان، پارتی و یەکێتی هێزی تورکیایان دژی پەکەکە بەکارهێنا، هێزی عێراق و ئێرانیان دژی یەکتر هێنایە خاکی کوردستان و هەنگاوێکی دیکەیان لە حوکمڕانی خراپ و خیانەتی نەتەوەی بەرجەستەکرد. بەمەش زیاتر ئومێدەکانی راپەڕین و دوای کۆڕەویان لەباربرد.

## گەندەڵی و واسیتە لە دامودەزگاکانی حکومەت

لەئەنجامی ئەو خاڵە نێگەتیڤ و خراپانەی سەرەو نەبونی سیستەمی حوکمڕانی، لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، گەندەلی و واسیتە و بەرتیل لە کوردستان، هاتە ئاراوە، کەسانی کەم ئەزمون و نەشارەزایان بردە دامودەزگاکانی حکومەت. حیزب هەژمونی کرد بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەرتیل و پارەخواردن دەستی پێکرد. سەرەڕای ئەوەی ئامادەنەبون ئەو کوردە بەژداربوانەی کە لەگەل بەعس تاوانەکانی دژی کوردیان ئەنجامداوە بدرێنە دادگا و حوکمبدرێن.


ئەمانە و چەندین خاڵی دیکە، هۆکاربون لەبری ئەوەی کوردستان هاوشێوەی کۆریای باشور و ڤێتنامی دوای جەنگ و دروستکردنی ئیماراتی عەرەبی بێت، بەڵام لە واقیعدا دەیانەوێت شوێن پێکانی کۆریای باکور هەلگرن، نمونەیەکبن لە ئەزمونی وڵاتانی شکستخواردوی ناوچەکە.



سەرچاوە Serchawe

بەڵام لەئێستادا کوردستان خاوەنی جەماوەرێکی هۆشیار و هێزگەلی سیاسی بەرهەڵستکار و چین و توێژی نارازی و بەرهەڵستکارە. هەر بۆیە بەرای چاودێرانی بیانی هەر گیز هیچ دەسەڵاتێک لە کورستانا ناتوانێت حوکمی تاکڕەوی و دیکتاتۆرانە بگەڕێنێتەوە.

سەرچاوە: مارڵپەڕی kkn - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٦





سەرچاوە
Serchawe

# لە ٢٥ مین ساڵیادیدا
# کۆڕەو ئازارو مەینەتی و شوناسی نەتەوەیەک



فەتاح حەسەن قەڵاتی

دوای ئازادکردنی تەواوی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر دەستی رژێمی داگیرکەری بەعس لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١، بەهۆی درندەیی رژێمی بەعسو کاریگەری ئەو سیاسەتە گڵاوانەی کە پێشتر ئەو رژێمە فاشیستە بەتایبەتیش کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەکوردستاندا پەیڕەوی دەکردو لەهەمان کاتیشدا بەهۆی نەبوونی هاوسەنگی تەرازووی هێز لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەری خۆڕاگری کوردستان لەلایەکو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی داگیرکەر بەتایبەتی لەڕووی لۆجستیو تەکنیکی سەربازی لەلایەکی ترەوە، زۆری نەبرد بارودۆخەکە لە کوردستاندا بەئاراستەیەکی پێچەوانە لە راپەڕینو هێرش بردنەوە گۆڕاو بوو بەهۆی شلۆق بوونی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەو و دابەزینی ورەی جەماوەرو پاشەکشەکردنی هێزی پێشمەرگە لەزۆربەی ناوچە ئازادکراوەکانو لەئەنجامیشدا کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی لێکەوتەوە، کە لەم کۆڕەوە مەزنەدا سەدان هەزار خێزانی کورد ماڵو حاڵی خۆیان جێهێشت بەرەو ناوچە شاخاویە سەختەکانی سنووری هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران سەرگەردانو دەربەدەربوون.

## یەک بڕیار و یەک هەڵوێستی

لەم کاتەشدا خەڵکی کوردستان گەورەو بچوک بەپیاو و ژنو منداڵ لەتەواوی پێکهاتەو چینو توێژەکانەوە بۆ رزگاربوون لە چنگی رژێمی داگیرکەری بەعسو رەتکردنەوەی زوڵمو سیاسەتە چەپەڵەکانی لە کوردستاندا، یەک بڕیارو یەک هەڵوێستی

خۆی پیشاندا، ئەویش جێهێشتنو چۆڵکردنی ناوچە ئازادکراوەکان بوو، بۆیە خەڵکی کوردستان بە کۆچێکی ملیۆنییەوە رووی لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان کرد.

جێگەی داخە کە دیمەنەکانی ئەوکاتەی کۆڕەوە مەزنەکە پڕبوون لە ئازارو نەهامەتیو ساردیو سڕیو حەسرەتو غوربەتی ئاوارەییو دوورە وڵاتی پەڕاگەندەبوونی خێزانەکان لەیەکو، دابڕانی خزمو کەسان لە یەکتری، کە هیچ کەسێکیش نەبوو لەم رۆژگارەدا نازی نەخۆشو پیرو پەککەوتەو منداڵە چاوگەشەکان هەڵبگرێت، کە هەموو ئەو مەینەتیو دەردەسەری ئەو کاتانە گوزارشت بوون لەمەزڵومیەتو ئیرادەی میللەتێک کە چیتر نایەوێت لەژێر زوڵمو چەوسانەوەدا بژی، بۆیە ئەم گەلە چەوساوەیە بەتێکڕاییەوە وای بەچاک زانی کە ئەگەر خاکەکەشی داگیربکرێت، بەڵام دەیەوێت مێژوویەکی پاکو بێگەرد بۆ خۆیو نەوەکانی داهاتووی تۆمار بکاتو چۆک بۆ دوژمنەکانی دانەدات، هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە گەلی کورد هەمیشە بەهیواو ئیرادەیەکی بەهێزەوە درێژەی بە شۆڕشو خەباتی چەکداریو سیاسی خۆی داوە لەپێناوی هێنانەدی ئامانجە رەواکانی، بۆیە ئەم کۆڕەوە مێژوویەش وەک بەشێکی گرنگ لەدرێژەدان بەخەباتو تێکۆشانی میللەتەکەمان هەژمار دەکرێت.

## رای گشتی هەژان

کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ویژدانی مرۆڤایەتیو رای گشتی جیهانیی هەژان، لەهەمان کاتیشدا مەینەتیو تراژیدیاکانی ئەم رووداوە جەرگبڕە زەنگێکی مەترسیدار بوو کە بەهۆیەوە هاوپەیمانان، وڵاتە بڕیار بەدەستەکانی جیهان لە کێشەی کوردو مەینەتییەکانی بە خەبەربێنو بەهانای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بێن لە ژێر زوڵمو ستەمی رژێمی کۆنە پەرستی بەعسی خوێنمژ رزگاری بکەن، سەرەنجامیش بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێکەوتەوە کە بەگوێرەی ناوەڕۆکو بەندەکانی ئەم بڕیارە ناوچەیەکی ئارامو دژەفڕین لە کوردستاندا دیاری بکرێتو هێڵی سوور بۆ هەڕەشەو مەترسیەکانی ئەوسای رژێم دابنێنو پارێزگاری لە ژیانو گوزەرانو مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، بۆیە لێرەشەوە پێویستە ئاماژە بەم راستیە بکەین کە هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی کوردستان روویان لە ناوچە سنووریەکان کردبوو، بەڵام بەشێکی زوری هێزی پێشمەرگەو ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانیش لەدەرەوەی شارە گەورەکانو ناوچە شاخاویەکان مابوونەوەو بەوورەیەکی پۆڵایینەوە لەچوارچیوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا روبەڕوی پەلامارەکانی رژێم ببونەوە، پاشان لەدوا ساتەکانی پەلامارو روبەڕوبونەوەکاندا گەورەترین سەرکەوتنو داستانی رزگاری لەناوچەکانی هێڵی تەماس لەکۆڕێو شاخی ئەزمڕدا تۆماربکەنو بە گوڕوتینێکی بەهێزەوە بەر لە پەلامارەکانی دوژمن بگرنو زەبرێکی کوشندە لە رژێمو هێزە فشۆڵەکەی بسرەوێنن، شوێنەواری ئەوەش تاکو ئێستاش بەتانکە سووتاوە جێماوەکانی رژێمەوە لەم شوێنانەدا دیارە.
دوای دەرچوونو بڵاوکردنەوەی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانو هاوکاریکردنی وڵاتانی هاوپەیمانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ خەڵکی لێقەوماوی کوردستانو هەروەها بەهۆی خۆڕاگری ئیرادەی

جەماوەرو هێزی پێشمەرگە ئەوەبوو زۆری نەبرد پەیتا پەیتا خەڵکانی ئاوارە گەڕانەوە بۆ سەر ماڵو حاڵو شوێنی خۆیان، ئەوەش وایکرد کە رژێم ناچاربێت هێزەکانی خۆی لەزۆربەی هەرە زۆری ناوچە ئازادکراوەکان چۆڵ بکات، بەڵام بەمەبەستی پەکخستنی کاروباری ئیداریو خزمەتوزاری ناوچە رزگارکراوەکانەوە لەم کاتەدا رژێم هەوڵیدا تەواوی دامودەزگا ئیدارییەکانی خۆی لەهەرێمی کوردستان بکێشێتەوە، بەڵام بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە ئیداریە کە لە هەرێمی کوردستان دروست ببوو، ئەوەبوو بە هەوڵو کۆششو یەکڕیزیو ئیرادەی پۆڵایینی بەرەی کوردستانی ئەو کاتەوە، خەڵکی کوردستان لە ١٩ - ٥ - ١٩٩٢ بەتەواوی پێکهاتەو چینو توێژە جیاجیاکانەوە بەشداری لەیەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان «پەرلەمان»دا کردو ئەوەش یەکەمین پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراو دواتریش هەر لە هەمان ساڵدا دروشمی فیدراڵی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەرز کرایەوە.

## دەرەنجامەکانی کۆڕەو

ئێستاش کە ٢٥ ساڵ بەسەر ئەم کۆڕەوە مەزنە تێ دەپەڕێت و لەسایەی ئەم کۆڕەوەو خەباتی خەڵکی کوردستاندا، هەشتەمین کابینەی حکومەتی هەرێم درێژەی بەکاروانی حوکمڕانیو ئیداری لەهەرێمی کوردستان دەداتو لەسایەیدا تەواوی ناوچەکانی هەرێم لەهەموو بوارەکانەوە پێشکەوتن و گەشەکردنی بەرچاویان بەخۆیەوە بینیوە.

### لە کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا گەیشتینە چەند دەرنەنجامێک لەوانە:

١- کۆڕەو هەڵوێستی نەتەوەیەکی بەش خوراوبوو کە چارەنووسێکی نادیاری قبووڵ کرد لە پێناوی سەرفرازیو رزگاربوون لە زوڵمو چەوساندنەوەو رەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر لە کوردستاندا.

٢- کۆڕەو وێستگەیەکی گرنگی گەیاندنی مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستانو کێشە ڕەواکەی بوو بە رای گشتی نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهانو لە هەمان کاتیشدا رووداوێکی سەرنجڕاکێشو دڵتەزێن بوو کە بەهۆیەوە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژان، هەرچەندیشە لە مێژووی خەباتی رزگاری گەلەکەماندا خەڵکی کوردستان چەندین کارەساتی تری وەکو ئەنفالو زیندەبەچاڵکردنو بۆردومانکردنی بە چەکی کیمیایی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهۆی کپکردنی دەنگو ئازارەکانی خەڵکی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوەو پشتگیری نەکردنی گەلی کورد وەکو پێویست لەم کاتانەدا لە لایەن نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهانەوە، وایکرد کە مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستانو کێشە رەواکەی بە دەرەوە نەناسرێتو پشتگیری لێ نەکرێت.

٣- کۆڕەو دەروازەیەک بوو بۆ خستنەڕوی تەواوی جینۆسایدو تراژیدیا جەرگبڕەکانی خەڵکی کوردستان کە رژێمی داگیرکەری

بەعس لەقۆناغە جیاجیاکانەوە دژ بەم گەلە ستەم دیدەیە پەیڕەویکرد.

٤- کۆڕەو فاکتەرێکی بەهێزی هەبوو بۆ جولاندنی ویژدانی مرۆڤایەتیو هەستو سۆزی ڕێکخراوە خێرخوازو مرۆڤ دۆستەکانەوە بۆ ئەوەی زۆر بەگەرمیەوە بەهانای خەڵکی کوردستان بێنو کۆمەکو هاوکاری پێشکەش بە خەڵکە لێقەوماوەکەی بکەن، بۆیە لەئێستاو داهاتووشمان کۆڕەوە مەزنەکە فاکتەرێکی بەهێزی ناساندنو پشتیوانیکردنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمانە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆییو تەواوی مافە ڕەواکانی گەلەکەمانو ئاوەدانکردنەوەی شارو دێهاتەکانی هەرێمو بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری لەکوردستاندا. لەکاتی ئێستاشماندا دەبێت ئاکامەکانی کۆڕەو بکەین بەخاڵێکی وەرچەرخانو دەستکەوتێکی مێژوویی گرنگ بۆ زیاتر لەیەک نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانو یەکریزیو تەبایی میللەتەکەمانو لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووریو گوزەرانی هاووڵاتیانو چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی کە ئەمڕۆ بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە، لەڕێگەی وەبەرهێنانی دەرامەتو سامانە سروشتیەکانی هەرێمو بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی خەڵک بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو خەرجکردنی داهاتی نەوتو سووتەمەنی لە پرۆژە خزمەتگوزارێو ستراتیژییەکانو دارشتنی پلانی توکمەو کاریگەر بۆ بوژانەوەی تەواوی سێکتەرەکانی بواری ئابووری لەناوچەکەماندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٦

# لاپەڕەیەکی نەنووسراوەی کۆڕەو



**شۆڕش ئیسماعیل**

مانگێک بەسەر راپەڕینی (١٩٩١)دا تێپەڕی نەکردبوو؛ پێشمەرگەو هێزی پشتگیری خەڵک لە کەرکوکو گەرمیان، بەشی هەرە زۆری ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانیان لە دوژمن پاک کردەوەو لەکوردستان ڕایانماڵین.. لە سلێمانی کۆمیتەیەکی هاوبەشمان پێکهێنابوو (کۆمیتەی ئاسایش) بۆ پاراستنی دامەزراوە حکومییەکانو وەرگرتنەوەی کەلوپەلەکان، من نوێنەری یەکێتی بووم، هەڤاڵ عوسمان قادر منەوەر-یش نوێنەری پارتی بوو. دواتر ئەو داوای لێکرا بڕوات بۆ بەرەی شەڕ، من تەنها مامەوەو ئەرکێکی زۆر قورس کەوتە سەر شانمان. زۆری پێنەچوو دووژمن خۆی کۆکردەوەو پەلاماری ناوچە ئازادکراوەکانی دایەوە، کاتێک کەرکوک گیرایەوە؛ لەگەڵ کاک عومەرو کاک فەرەیدون-دا کۆبوونەوەیەکمان کرد؛ پێشنیارم کرد ئەرکەکان دابەش بکرێت، چونکە دوژمن پەلاماری سلێمانیو ناوچەکانی تریش دەدات، پێویستە لەئێستاوە حسابێک بۆ بانکو بریندداری خەستەخانەو زیندانییەکان بکرێت. دوژمن لەگرتنەوەی هەر شارێکدا، دەسبەجێ بریندداری ناو خەستەخانەکانی گوللەباران دەکردو سەرنگونی دەکردن. خێرا دەسبەکار بووین، من ئامادەکاری پێویستم کرد بۆ ناردنی زیندانییەکان (زۆربەیان ئەفسەری پلە باڵا بوون) بۆ قەڵاچوالان، لەوێ لە مەخفەری پۆلیسەکەدا جێگام بۆ دابینکردنو تەنکەری بەنزینو لۆرییەک خواردەمەنیشم ڕەوانەکرد، پێشوەخت بنکەیەکی پێشمەرگانەم لەوێ دانا، واتە یەکەمین بارەگای پێشمەرگەم لەوێو بە تەواوی کەلوپەلەوە دامەزراند. بەرگریکردن لەڕێگای تاسڵوجە - سلێمانی بە من سپێردرا، چەند مەفرەزەیەکی کەمیان ڕادەستکردم، زۆربەیان بێ چەک بوون؛ تیایاندا هەبوو تەنها مەخزەنی سەر تفەنگەکەی پێبوو، بەڵام هەر هەموویان ورەیەکی پۆڵایینیان هەبوو. ساتەوەختێکی سەختو ناخۆش بوو... شار وردە وردە چۆڵ دەکرا... ئێمە گەرچی کسپە لەناخمانەوە دەهات، بەڵام حەزمان دەکرد خەڵک بڕوات، بەعسییە داگیرکەرەکان زۆر دڕندەن، دەست لەهیچ ناپارێزن. هەوڵمان پێگەیشت کە ناوبەناو لە بازگەکاندا ڕێگری لە تێپەڕینی خێزانەکان دەکرا... ئاگادارمان کردن،

بواریان بدەن بڕۆن، هەر ڕێگرییەک بکەن سزا دەدرێن..... ئیتر ئەوشەوە تا بەرەبەیان خەڵک ڕۆیشتو شارێکی چۆڵیان لەدواوە جێهێشت. سەردانی باخی بەختیاریو ڤلیاسانمان کرد، چەند پێشمەرگەیەکی گەنجی کەمی لێمابوو، دیاربوو شەوی ڕابردوو، زۆربەیان ڕۆیشتبوون. چەند کەسێک لە دەوری دۆشکەی ١٤,٥ای دوولولە بوون، بەڵام هیچ شارەزاییەکیان لێی نەبوو، نەیاندەزانی چۆن ئەو چەکە بەکاربهێنن... وەزعەکە خراپ بوو، هێزی بەرگری نەمابوو... داوام لەو گەنجانە کرد شوێنەکە چۆڵ بکەنو بڕۆن. ئەوان ڕازی نەدەبوون، دەیانویست بمێننەوەو بەرەنگاریی بکەن.. بۆم ڕوونکردنەوە کە پارسەنگی هێزەکان زۆر خراپ گۆڕاوە، بەهیچ جۆرێک لەبەرژەوەندی ئێمەدا نەماوە، بەرگریکردن جگە لەکوژرانو تیاچوون هیچی تری لێ شین نابێت... ڤایلکردنیان کاتێکی زۆری ویست. کۆپتەر بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەگەڕاو پەلاماری دەدا، من چوار پێشمەرگەیەکی قارەمانم لەگەڵدا بوو: کاک سالار شێخ عومەر، جەمال جەمشید، کاک بێستون، هەروەها کاک ساماڵ. سەعات ٨ بۆ ٩ی بەیانی بوو، شار بە تەواوەتی چۆڵ ببوو... چوومە لای برادەران بنکەیەکیان لەسەر شەستییەکە دانابوو (بەرامبەر چاڤی لاندی ئێستا) هەڤاڵان کاک فەریدونو کاک عومەر فەتاح-یش لەوێ بوون، هەندێ قسەوباسی پەلەمان کرد... هەواڵی خەستەخانەو بریندارەکانم پرسی، وتیان هەڤاڵێکمان داناوە سەرپەرشتی گواستنەوەیان بکات... بۆ زیاتر دڵ ئەمینی چووم بۆ خەستەخانەی گەورە... بەڵام چ دیمەنێکم بینی: ئەو کەسەی ڕاسپێردرابوو سەرۆکاریی گوێزانەوەیان بکات، ئەرکەکەی ڕانەپەڕاندبوو، شوێنەکەی جێهێشتبوو... تەواوی بریندارەکان هاتبوونە حەوشەو هەندێکیان شپرزەببوون... چەند کەسێکیانم دەناسی... کە ئێمەیان دی کەوتنە هاوارو تووڕە بوون، ناهەقیشیان نەبوو.. من دڵنیام کردن لەوەی کەسیان جێناهێڵین... شار چۆڵ ناکەین تا بەسەلامەتی هەموویان دەرنەکەین.... حاڵەتێکی بە ئازارو سەخت بوو... لەوە زیاتریش نەدەکرا. سوپای داگیرکەر لەشار نزیک دەبۆوە... کۆپتەرەکان بە ئاسانمانەوە دەبینرانو گرمەیان دەهات، شارێکی چۆڵ... تاکە تاکە سەیارەو خەڵکت دەبینی.. دەبوو بەخێرایی بڕیاربدەین: لەهەر لایەکەوە سەیارەمان دەبینی، ڕامان دەگرت.. نەفەرەکانمان دادەبەزاندو داوامان لێدەکردن بەپێ بڕۆن.. چەند بریندارێکمان دەخستە ناو سەیارەکەو داوامان لە شۆفێرەکەی دەکرد دەریان بکات.. بەخەڵکەکەمان دەووت لەڕێگەی عەربەتەوە بڕۆن سەلامەتترە.

لەوکاتەدا، پاسێکی مەسڵەحە، لەپاسە گەورەکان پەیدابوو.. چەند کەسێکی تێدابوو... بەزەحمەت ڤایلمان کردن دابەزنو بریندار بخەینە جێیان.. بەوەش بەشێکی زۆری بریندارەکانمان لەوێدا جێگاکردەوەو بەڕێمان کردن بەرەو عەربەت... لەماوەی سەعاتێکدا، لەکاتێکدا کە کۆپتەرە جەنگییەکان لەئاسمانەوە دەستڕێژیان دەکرد، هەموو بریندارەکانمان دەرکردو کەس نەمایەوە... پاشان لەگەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگە قارەمانەدا ناوچەکەمان جێهێشتو ڕوومان کردە شاخی ئەزمەڕ. لەوێش کارەساتێکی جەرگبڕ قەومابوو.. کۆپتەرەکانی ڕژێم لە تراکتۆرێکی پڕ لە خەڵکیان دابوو... شەهیدو بریندار زۆربوون، ڕژێمی داگیرکەر قەسابخانەیەکی بەرپاکردبوو، لەناویاندا دکتۆر عەلی پێشمەرگەی قارەمانی ڕۆژە سەختەکانی تیپی (٤٧)ی پیرەمەگرونم ناسییەوە، چووینە قەڵاچوالان... وەک وتم پێشتر بارەگایەکی باشمان ئامادەکردبوو .. پێشتر زیندانییەکانم ناردبوو، ئازووقەو سووتەمەنی لێبوو... وردەوردە پێشمەرگەو هێزەکان لەقەڵاچوالان کۆبوونەوەو خۆمان



سەرچاوە Serchawe

ڕێکخستەوەو سەرەتایەکی نوێ بۆ خەباتو بەرگریکردن دەستپێیکرد. دوو ڕۆژ دواتر مامۆستا جەمال محەمەد هات، تەنکەرە بەنزینەکەم رادەستی ئەو کردو دوای چەند ڕۆژێکیش زیندانییەکانیشم تەسلیمی مەکتەبی سیاسی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٦





# کۆڕەو، سەرچاوەی یەکەمی حوکمرانی



**بەهرۆز عەلی**

دوای گواستنەوەی وێنەی نەهامەتی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بۆ میدیا جیهانییەکان، لە ڕێگەی پێشنیازی فەرەنسا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە ڕۆژی ٥ی نیسان بڕیاری ٦٨٨ دەرکرد ، بە گوێرەی بڕیارەکە ڕژێمی سەرکوتکار و ڕەفتار فاشستی عێراق ناچار کرا، دەست لە سەرکوتکاریەکانی هەڵگرێت و هەڵفرینی فرۆکەجەنگیەکانی لێ قەدەغەکرا و ناوچەی ئارام لە هەریمی کوردستان دروست بوو، ئەوەش هەلی بۆ لایەنە کوردستانییەکان ڕەخساند هەڵبژارنی گشتی ئەنجام بدەن کە ئەو هەڵبژاردنە بوە هۆی دروستکردنی یەکەمین کابینەی حوکمرانی خۆجیی لە هەرێمی کوردستان.

گرنگی ئەو بڕیارە لە لایەکەوە ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار بوو لە دوای پەیماننامەی سیڤر و لۆزان، جارێکی تر کورد لە پەیمانامە و بڕیاری سیاسی نێودەوڵەتی ناوی بێت، واتە ئامرازێکی یەکجار گرنگبوو چونکە بوەهۆی ئەوەی کێشەی کورد بچێتە ناو ناوەندە سیاسیە نیودەولەتیەکان، کەپێشتر لایەنی نێودەولەتی زیاتر وەک عەتف و لایەنی مرۆیی لە کوردی ئەروانی.

لەلایەکی ترەوە کۆڕەو بوەهۆی سەرچاوەی یەکەمی حوکمرانی، مەبەست چیە لە سەرچاوەی حوکمرانی؟ هەموو حوکمرانییەک جا دیموکراسی بیت یا دیکتاتۆری، لیبرالی بێت یا پاریزگار، لە سەر بنەمایەکی شەرعی سەرچاوەی گرتوە، جا ئەو بنەما شەرعیە دروست بێت یا نادروست بێت، هەرچی حوکمرانی وڵاتانی لیبرال و دیموکراسی هەیە سەرچاوەی حوکمرانییەکەی هەڵبژاردنە، هەندێ لە وڵاتان لە ڕێگەی کودەتاوە هاتونەتە سەر حوکمرانی بەواتا کودەتا بوتە سەرچاوەی حوکمرانییەکەی، هەروەها هەندێکی تر لە ڕێگەی شۆرشەوە جڵەوی دەسەلاتیان گرتۆتەبەر و شەرعیەتی شۆرشگێریان

کردۆتە سەرچاوەی فەرمانرەواییکردن، هەرچی وڵاتە پادشاییەکانە لە رێگەی میراتگریەوە لە باوانەوە بۆ وەچەکانیان فەرمانرەوایی دەکەن.

ئەمانە هەموی سەرچاوەی شەرعی حوکمرانیین جا دروست بن یا دروست نەبن، سەرەرای ئەوەی هەریمی کوردستان بۆ سەدەیەک دەچێت شۆرشی بەرپا کردوە و بەردەوام بووە، بەڵام دەرەنجام شۆرش نەبوە سەرچاوەی یەکەمی ئەم دەسەڵاتەی کە هەیە، کەواتە کام هۆکار زەمینەی رەخساند بۆ دروست بوونی ئەم کیانە سیاسیە؟ رەگە شۆرش و راپەرین بەشێک بن لە هۆکارەکە بەڵام هۆکاری سەرەکی بریاری ٦٨٨ بوو کە لە دەرەنجامی کۆرەو دروست بوو، چونکە کاتێک هەڵبژاردن کرا کە ناوچەی ئارام بە پێی بریاری ٦٨٨ دروست بوو، ئەگەر ئەو ناوچە ئارامە دروست نەبا مەحاڵبوو بتوانرایە هەڵبژاردن بکریت و یەکەمین کابینەی حکومەت لە هەریم دروست بێت، ئەو بریارەش بە هۆی کۆرەوە لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی دەرکرا، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی نەهامەتییەکی میللی بە کۆمەڵ بوە بنەمایەک بۆ دروستبونی کیانیکی سیاسی تارادەیک باوەرپێکراوی نیودەولەتی، کە بونیادی کەسێتی نەتەوەیی کوردی خستە سەر بناغە، بەڵام سەرکردایەتی شۆرش، سودی لەو هەلە وەرنەگرت و خۆی لەگەل هەلومەرجی نێودەولەتی و نەگونجاند و نەیتوانی برەو بە پایەکانی دەولەتداری بدات و ئەو شەرعیەتە میللییەی لە جەماوەر ستاندەوە و بەرگی شەرعیەتێکی شۆرشی نارێکوپێکی کرد بەسەر شەرعیەتی میللی، لەوەش زیاتر ئێستا وادەردەکەوێت ، کە ئەم حوکمرانییە سەرچاوەکەی بگەرێتەوە بۆ بنەماڵەی هاوشێوەی پادشایەتی.

ئەوەی لێردەدا گرنگە ئەوەیە ئەو هەڵە مێژوویە و ئەو رێرەوە خوارە راست بکەینەوە، کە شۆرش و بنەماڵە بوینە سەرچاوەی حوکمرانی، بەڵکو ئەوەی ئەو کیانەی دروست کرد بە پلەی یەکەم ئەو تراژیدیا بە کۆمەڵە بوو، کە لە ٢ی نیسانی ١٩٩١ گەلی کورد چەشتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پرێس - رێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

## ٢٥ ساڵ بەسەر کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کوردا تێپەڕ دەبێت



ئەمڕۆ ٢٥ ساڵ بەسەر کۆڕەوە مێژووییەکەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان تێدەپەڕێت، کە تیادا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە دەست زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس بەرەو چیاکان و لەوێشەوە بەرەو وڵاتانی دراوسێی ئاوارەبون.

کۆڕەو جگە لەوەی ئازارو مەینەتیەکانی گەلی کوردی بەجیهان ناساند، بارودۆخی گەلی کوردیشی بردە قۆناغێکی نوێ و بەهۆیەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، کە بوە بنەمای پێکهێنانی ناوچەیەکی پارێزراو لەباشوری کوردستان.

مانگی ئازار، مانگی ئاوێتەبونی سەرکەوتن و نەهامەتی یان وەک ئەوەی هەندێک دەڵێن، مانگی شایی و شینی کوردە، سەرەتاکانی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١ بەڕاپەڕین و بە سەرکەوتنی گەلی کورد دەستی پێکرد، کە تیایدا بەشێکی زۆر لە خاکی باشوری کوردستان بەکەرکوکیشەوە، تا نزیک کۆتایی ئەو مانگە لە دەستی ڕژێمی بەعسی لەناوچو ڕزگارکران، لەدواین ڕۆژی مانگی ئازاریشدا سەرەتایەکی دیکە لە نەهامەتیەکانی گەلی کورد دەستیپێکرد، کە دواتر بوە هەوێنێ سەرکەوتنێکی گەورە بۆ گەلی کوردو گواستنەوەی کێشەکەی لە ناوچەیەکی جیوگرافی دیاریکراوەوە بۆ ناوەندە نێو دەوڵەتیەکان.

پێش کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورد و دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس شکستی هێنا لە داگیرکردنی کوەیت و وڵاتانی هاوپەیمانان ناچاریان کرد بە کشانەوە لەو وڵاتە، هێزەکانی سوپای عێراق دەستیکرد بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی

باشوری عێراق و دواتریش پەلی هاویشت بەرەو هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئەو ناوچانەی لە ڕاپەڕیندا لە دەستیدابو، کۆنترۆڵی بکاتەوە.

بەپێی ئامارەکان و پێشبینییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لەو کۆڕەوەدا نزیکەی حەوسەد و پەنجا هەزار هاوڵاتی باشووری کوردستان ڕویان لە سنورەکانی ئێران کرد و جگە لەوەش دوو سەد و ٨٠ هەزار کورد ئاوارەی تورکیا و سێ سەد هەزار کوردی دیکەش لەسەر سنورەکانی تورکیا مانەوە.

سەختی کۆچکردنەکە و بڕینی دەیان کیلۆمەتر بەپێی و خراپی کەشوهەوا و برسێتی، ڕۆژانە دەیان هاوڵاتی دەکردە قوربانی، کە بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و ڕێکخراوەکانی هاوکاریی مرۆیی، ڕۆژانە لەو کۆڕەوەدا لە نێوان سەد بۆ پێنج سەد هاوڵاتی کورد گیانیان لەدەست دەدا.

کۆڕەوی ملێۆنی گەلی کورد بەجۆرێک کاریگەربوو، چیتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و زلهێزەکانی جیهان نەیانتوانی لە ئاست ئەو تراژیدیا مرۆییە بێدەنگ بن و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناچاربو، لەرۆژی ٥ی نیسان بڕیاری ژمارە ٦٨٨ بە ١٠ دەنگی بەڵێ و ٣ دەنگی نەخێری یەمەن و کوباو زیمبابۆی بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەی دژە فڕین لەسنوری هێڵی پانی ٣٦ لەباکورو ٣٢ لەباشوری عێراق دەربکات و هەریەکە لە چین و هیندستانیش بێدەنگیان لەبەرامبەر ئەو بڕیارەدا هەڵبژاردو ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنساش چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان لەبنکەی ئەنچەرلیکی تورکیەوە بەناوی ئۆپەراسیۆنی چەکوشی ئامادە گرتە ئەستۆ.

ئەگەر کۆچ و ڕەوی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بەکارێکی ئاسایی دابنرێت، ئەوا کۆچ و ڕەوی بە کۆمەڵی گەلی کورد لە باشوری کوردستان کە لەو کاتەدا زاراوەی کۆڕەوی پڕ بە پێستی بۆ دۆزرایەوە، ڕوداوێکی ناوازەو پێشهاتێکی نەخوازراو بوو، هەرچەندە هەڵهاتن و جێهێشتنی خاکی نیشتیمان نەریتێکی کوردانە نەبوو، بەڵام ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و ڕوخاندنی ٥ هەزار لادێ و کوشتنی هەزاران گەنج و لاوو هاوڵاتیی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەس بوون بۆ ئەوەی کە گەلی کورد لەو کاتەدا تێبگات کە چیتر خۆی نەخاتەوە بەردەست دڕندەترین ڕژێمی ناوچەکەو بە بەرچاوی جیهانەوە خوێنی بڕێژێت، لە کۆڕەودا نزیکەی ٢ ملیۆن هاوڵاتی کورد دەشت و دەرو چیاکانیان بەرەو چارەنوسێکی نادیار گرتەبەر، تا ئەو کاتەی مێژوی پڕ لە مەینەتی کوردیان لەم بەشەی کوردستان گەیاندە قۆناغێکی نوێ و دواتر گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان.

سەرچاوە: مارڵپەڕی kkn - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## کۆڕەو سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی




**ساڵح میراودەلی**

لە دوای پەیماننامەی سیڤەری فەڕەنسا لە ساڵی ١٩٢٠، بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە ٥ی نیسانی ١٩٩١دا دەرچوە،تاکە بڕیاری گرنگە لە مێژوی ڕامیاری کورد دا دراوە،لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان،ئەویش بە دەستپێشخەری و پشتگیری زۆری حکومەتی فەڕەنسا،لە کۆی پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش،سێ ئەندامیان کە بریتی بون لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەمریکا،بنکەیەکی سەربازی ئاسمانیان لە وڵاتی تورکیا دامەزراند،بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان، لە هێرش و مەترسیەکانی ڕژێمی بەعس،کە بە ناوچەی دژە فڕین ناسرا بو.

پرسیار ئەوەیە،ئایا؟ بەرپرسانی ئەو کاتەی کورد،کە ئێستاش هەر بەرپرس و دەسەڵاتدارن،تا چەند لە ڕوی دبلۆماسیەوە خوێندنەوەیان بۆ بڕیارێکی نێو دەوڵەتی ئاوا گرنگ هەبوە،کە بنەمای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەسەر دابمەزرێنن،هەر چەندە لە ناوەرۆکی بڕیارەکەدا باسی سەقامگیری ئاشتی و فریاگوزاری مرۆیی دەکات، هانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەدات بۆ گەیاندنی هاوکاری ناوچە کوردیەکان و دەبێت حکومەتی ئیراقیش ڕێگای چونە ناوەوەیان بدات،بەڵام لە خاڵی دوەمی بڕیارەکەدا باسی مافی ڕامیاری دەکات لەپاڵ مافە مرۆییەکاندا و هاتوە کە دڵنیا ببنەوە لەوەی مافی مرۆیی و ڕامیاری هەمو ئێراقیەکان ڕێزی لێ دەگیرێت.

ئەوەی لە میدیای ئەو دو پارتە دەسەڵاتدارەدا گوێ بیستی بوم، تەنها شیکردنەوە و خوێندنەوە بۆ کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان، لایەنە مرۆییەکەیە، هیچ خوێندنەوەیەک بۆ ڕەهەندە ڕامیاریەکانی ناکەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە خۆیان

بڕیاری ٦٨٨ی نێو دەوڵەتیان زیندە بەچاڵ کرد و لە لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش متمانەی کوردیان نەهێشت، دوای ئەو بڕیارە ڕێکخراوێکی زۆری نێو دەوڵەتی فریاگوزاری ڕویان لە هەرێمی کوردستان کرد بو بە مەبەستی ئاوەدان کردنەوە و زیاتر ئاشنا بون بە پرسی کورد، بەڵام بە داخەوە دو ساڵ بەسەر بڕیارەکەدا تێنەپەڕیبو، ئاگری شەڕی کورد کوژیان هەڵگیرساند، هەر لایەنە و لە بیری ڕەش کردنەوەی لایەنەکەی تر دا بو، هیچیان لە خەمی خەونە دێرینەکەی نیشتیماندا نەبون، تا لە ساڵی ١٩٩٦ دا و لە ٣١ی ئابدا،ئاگری ئەو شەڕە ئەوەندەی کڵپە سەند، کە بانگهێشتی سوپای دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام بکرێت بۆ پایتەختی هەرێم، دوا بە دوای ئەوەش لە مانگی ١٢ی ١٩٩٦ دا فەڕەنسا پاشەکشەی لە هێزی پاراستنی ناوچەکانی دژە فڕین کرد، چونکە ئەوەی ئەوانی هێنابو مەترسیەکانی ڕژێمی بەعس بو،بەڵام لە کاتێکدا ئەوان دەبینن ئەو هێزانەی نوێنەرایەتی کورد دەکەن، خۆیان بانگهێشتی سوپای ئەو ڕژێمە و سوپای وڵاتانی دەوروبەر دەکەن بۆ لێدانی یەکتر، گرنگی بونی ئەوان دەبێتە تەلیسمێکی بەتاڵ.

لە ئێستاشدا و لە یاد و بۆنەکاندا، هەر ئەو بۆرە ڕامکارانەن،دێن و خەبات و شۆڕش بە خەڵک دەفرۆشنەوە،دێن و هەر ڕۆژە لە یاد و بۆنەیەکدا پەیامێکی چەواشە ئاراستەی خەڵکی کوردستان دەکەن و دەڵێن دەوڵەتی کوردیتان بۆ دادەمەزرێنین، یان بە خەونی شاعیران ناوی دەبەن، ئەگەر ئەوان لە بیری دەوڵەتی کوردیدا بوایەن، دەبوایە لە ڕۆژانی دوای ڕاپەڕینەوە و بە تایبەتیش لە دوای بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتیەوە کاریان بۆ ئەو مەبەستە کردبایە، لە ڕێگەی کاری دبلۆماسی و پشتگیری زیاتری نێو دەوڵەتی بۆ پرسی کوردو لەسەر ئاستی ناوخۆش نمونەی ئەزمونێکی جوانیان پیشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بدایە، نەک وەک ئەوەی ئێستا کە فایلی ڕەشیان لە ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کراوەتەوە، لەسەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئازادی و ئازادی بیرو ڕا، ئەوەی زۆر گرنگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە سەردەمی ئێستادا، پشتگیری و متمانەی نێو دەوڵەتیە، بە کۆمەڵێک پێوەری لۆژیکانە، لە کاتێکدا ئەوان لە دوای ڕاپەڕینەوە، بە ئاراستەی پێچەوانەی شەپۆلەکانی دامەزراندنی دەوڵەت مەلە دەکەن، ڕێی تێناچێت بە دو ڕستەی سواو دەوڵەت دابمەزرێت.

دەوڵەت بە زمانێکی سادە، نمونەی جەستەی مرۆڤە،ئەگەر بچوکترین ئۆرگانی لەش ناتەندروست بێت،کار دەکاتە سەر کۆی جەستە و چالاکیەکانی، خۆ ئەگەر لە حاڵەتێکدا، ئەو جەستەیە دەست و قاچی نەبێت،چاوی نەبێت، ئەقڵی نەبێت،چۆن دەکارێت ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیان و خەڵک بە گشتی ڕێک بخات، جەستەیەک خۆی توانای بە خۆداهاتنی نەبێت، خۆی پێویستی بە کەسانی تر هەبێت،چۆن دەبێت ئەو مافە بە خۆی بدات چارەنوسی خەڵکانی دیکە بە خۆی بسپێرێت، خۆ ئەگەر خۆشی ئەوە بە ڕەوا ببینێت،ئەوە دەبێ ئێمە بین ڕازی نەبین بەو بۆچونە، ئەوەی ڕازیش دەبێت، بە دڵنیایی یەکێکە لەو ناتەندروستانەی هاوشێوەی خۆی.


سەرچاوە Serchawe

ئەو بارو دۆخەی ئەمڕۆش، کە چەند ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە، دەبو بەرپرسانی ئێستای هەرێم شەرم بکەن و بە دەستکەوتی خۆیانی بزانن، چونکە ئەوە دەرەنجامی ئاڵ و گۆڕی نێو دەوڵەتی بو لە دوای ڕوخانی جەمسەری ڕۆژهەڵات و شەڕی کەنداو، دواتریش دابینکردنی ئەو ناوچە ئارامە لە لایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە، کە ئێستا ئەوان کردویانەتە هەرێمی چنینەوەی دۆلار و دزینی سەروەت و سامانەکەی، کە بە یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە کۆڕەودا، لە ڕێی میدیا جیهانیەکانەوە سەرنجی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیان ڕاکێشا و پەیامێکی وایان گەیاندە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە نەکارن چی دیکە بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بن لە ئاستی ئەو هەمو ستەمکاریەی لە خەڵکی کوردستان دەکرێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە بەشی ئەرشیف وەرگیراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# خەمی نیشتمان و یادێک لە کۆڕەوەکەی ۱۹۹۱



**رەسوڵ بۆسکێنی**

ئێستا لەهەموو کات زیاتر ڕای گشتی جیهان گەواهی دلێری و قارەمانی نەتەوەی کورد دەدەن، هەر لەسەرەتاوە نەتەوەی کورد گەورەترین هێزی دوژمنانی تێکشکاندووە، لافاوی هێرشەکانی ئەکەدی و ئاشووری و مەغۆل و فارس و عەرەب لەبەردەم قارەمانیەتی کوردا خۆیان نەگرتووە و وەک بەفری بەرخۆرەتاوی بەهار تواونەتەوە، لەبەرامبەردا هەمیشە سەرکردەکانی کورد ناکۆک و دژ بەیەک ڕەفتاریان کردووە و ئەگەر سەرکەوتن و تێکشکانی دوژمنەکانیان لەمەیدانی شەڕدا مسۆگەر بووە، بەڵام لەرێگای ململانێ و کەڵەوەکێشی نێو خۆیان دوژمنەکان دووبەرەکیان لەنێوان دروست کردوون و ڕەنجی قارەمانیەتیان بەبادا چووە و بەسەریاندا زاڵ بوون، کێشە و ناکۆکی و ململانێ و دووبەرەکی نێوان کوردەکان هێندە کاریگەر و سەرسوڕهێنەرە چەندین داستان و ئەفسانەی بۆ هۆنراوەتەوە، لە گێڕانەوەیەکیشدا تاوانەکەیان دەملی سەرکردەی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلید ڕاکردووە، گوایە خالید لەخوای گەورە پاڕاوەتەوە و نزای کردووە هەرگیز کورد یەکنەگرن، ئەگەر یەک گرتووبن دەرۆستیان نایەن، لەڕاستیدا ململانێی کوردەکان زۆر لەپێش خالیدەوە بەردەوام بووە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ئیسلام و مەغۆل و عوسمانی و هەتا هاتنی ئینگلیزیش گەورەترین کێشەی کورد ململانێی نێو خۆیان بووە، بەشێوەیەک مرۆڤ دێتە سەر ئەو ڕایەی عوسمانی و ئینگلیزەکان لەناو هیچ نەتەوەیەکدا ئەوەندەی کورد سیاسەتی "پەرتکەو زاڵ بە"یان نەچەسپاندووە، هەمیشە بەو هۆیەوە دوژمنەکان بەسەر کوردا زاڵ بوون، خۆشبەختانە بەهەوڵی بەردەوامی سەرکردەکان و بەتایبەت خودی جەنابی مام جەلال لە کۆتایی سەدەی بیستەم ئەو وەهمە شکا و هەموو لایەنەکان لەژێر چەتری بەرەی کوردستانی دا کۆبوونەوە و بەهاوکاری جەماوەری تینووی ئازادی دانیشتوانی شارەکانی هەرێمی کوردستان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست لە دامودەزگاکانی بەعس ڕاپەڕین و بۆ هەمیشە بەعسیان لەم نیشتمانە وەدەرنا، بەداخەوە

بەهۆی مەترسی هاوپەیمانان لە هاتنە سەرکاری حکومەتێکی دژبە سیاسەتی ئەوان دەستیان لەسەر سزادانی سەدام حسین سوک کرد و ئەویش بۆی لوا تۆڵەی خۆی لە شارەکانی باشوور کردەوە و پەلاماری هەرێمی کوردستانیشی دا، دڕندانە کەوتە پەلاماردانی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان، دانیشتوانی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەعس و پاراستنی گیانی خۆیان دیسان یەک هەڵوێست لە کۆڕەوێکی یەک ملیۆنی دا هەڵوێستی خۆیان دژ بە ڕژێمی بەعس ڕاگەیاند، بەمەش سەرنجی تەواوی بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و سۆزی مرۆڤ دۆستانەی ڕای گشتی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، بووە هۆی دابین کردنی هێڵی ٣٦ بۆ پاراستن و بەرقەرار بوونی ئاسایش بۆ خەڵکی کوردستان، دانیاڵ میتەران کەلە خەمخۆری و پەرۆشی دا بۆ نەتەوەی کورد وەک دایکی کوردان ناسراوە، ویستی خۆی لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکە بێت لەبەر ئەوە هاتە کوردستان و چاوی بە بەرێزان مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا کەوت، لەکاتێکدا لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ بارزانی بەدانیال میتەرانی گووت کێشەی کورد کێشەیەکی گەورەیە و لە عیراق نەهامەتی زۆری بەدەست ڕژێمی عیراقەوە چەشتووە، ناکرێت کێشەی کورد تەنیا وەک کێشەیەکی مافی مرۆڤ سەیر بکرێت، کێشەی کورد لەعیراق کێشەیەکی سیاسیە و پێویستە لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێت،

**دانیاڵ میتەران گووتی: من خۆشەویستیەکی زۆرم بۆ نەتەوەی کورد هەیە، دەمەوێت کێشەی کورد وەک کێشەیەکی نەتەوایەتی بچێتە پێشەوە، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا داوای هاورکاریم بۆ نەتەوەی کورد کردووە، بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە هاوکاری کورد ناکەین، چونکە ئەوان لەنێوان خۆیان دا ناکۆکن، لەو کاتەدا میتەران وەکو پرسیار ئاراستەی بارزانی کرد ئایا ئێستاش کورد لەنێوان خۆتان دا ناکۆکن؟**، بارزانی داشی سواربوو لەبەر ئەوەی هەموو کورد لەژێر چەتری بەرەی کوردستانی دا کۆبووەوە، لەوەڵامی میتەران دا بارزانی گووتی نەخێر وەتی کورد هەیە وەکو ئێستا یەک دەنگ و یەکگرتوو نەبووە، ئەم قسەیە نەک بۆ ئەوکات بەڵکو هەتا مێژوو ماوە مایەی خۆشحاڵی خەمخۆرانی نەتەوەی کوردە، ئەی بۆ ئێستا بارزانی وەڵامی چیە؟ لە کاتێکدا ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی مرۆڤ کوژ و دوژمنی مرۆڤایەتی لەسەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی کورد نابووت و پەک خراوە، تەواوی دنیا شاهیدی فیداکاری نەتەوەی کوردە، لەکاتێکدا دەوڵەتە زلهێز و بڕیار بەدەستەکانی دنیا لێمانەوە نزیکن و بەشداری و چاودێری کورد دەکەن، لەکاتێکدا دوژمنانی کورد لەسەر هەر شتێک ناکوک بن لەسەر دژایەتی کورد یەک دەنگن و لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆدەبنەوە، لەکاتێکدا دۆستەکانمان هانمان دەدەن ناکۆکیەکانمان بخەینەلاوە و یەک هەڵوێست بین، لەکاتێکدا بەهەستیارترین بارودۆخی سیاسی خۆماندا تێدەپەڕین، ئایا ئێستا بارزانی دەتوانێ ئاوا بەدەنگی بەرز بڵێت وەتی کورد هەیە ئاوا یەک هەڵوێست نەبووە، لەکاتێکدا بەشی هەرە زۆری جەمسەری هەموو ناکۆکیەکان بۆ بارزانی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو خاوەنی سەرۆکی پەرلەمانە، خاوەنی فراوانترین کوتلەی پەرلەمانیە، خاوەنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، خاوەنی سەرۆکی ئاسایشی نەتەوەییە، خاوەنی زۆربەی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمە لە وڵاتانی دنیا، و..... سەرەڕای هەموو ئەوانەش خۆشی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئایا مەترسی لەچی هەیە، بۆچی لەغیابی جەنابی مام جەلال وەک سەرۆکی هەمووان مامەڵە ناکات و هەمووان لەژێر چەتری یەک هەڵوێستی دا کۆ ناکاتەوە، ئایا لایەنەکان نایانەوێ هەوڵی بارزانی بۆ ئەو یەک هەڵوێستیە لەبەرچاوبگرن،



سەرچاوە
Serchawe

لۆژیک ئەمە قبوڵ ناکا، دەخوازین بارزانی کاری شێلگیرانە بۆ یەک هەڵوێستی هەمووان بکات و لایەنەکان لەیەک بەرەدا کۆبکاتەوە، من نامەوێ بەقسەیەک وەڵام بدرێمەوە و کۆتایی بێت، دیارە ئەمە لەخۆبوردوویی و فیداکاری دەوێ، من لەگەڵ خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان دا بەکردار دەمانەوێ کار بۆ یەک هەڵوێستی لایەنەکانی کوردستان بکرێ و وەک سەرکردەکانی ڕابردوو زیان بە خۆمان و وڵاتەکەمان نەگەیەنین، کێشەی کورد مافی ڕەوای نەتەوەیەکە نەکەینە قوربانی حەزەکانی خۆمان، ئێستا منیش وەک خانمی میتەران دەڵێم هەتا کورد لەنێوخۆیان دا ناکۆک بن کەس نایەوێ هاوکاریان بکات، هەروەکو لەکاتی نەخشەکێشانی دەوڵەتی عیراق لەلایەن ئینگلیزەوە، دوای دەستنیشان کردنی هەموو لایەنەکانی دەوڵەتی عیراق پرسیار کرا ئەی مەسەلەی کوردەکان چی لێ دێت (مس بێل) لەوەڵامدا گووتی کوردەکان با هەر خەریکی شەڕی عەشایری خۆیان بن، ئەگەر ئێمە لەڕابردووی سەرکردەکانی نەتەوەکەمان نیگەرانین، بۆ لەمەودوا جگەلە خۆمان کێ بەرپرسیارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٦

---

# یەکەم ساڵیادی کۆڕەو و یادەوەرییەک



ئیسماعیل تەنیا

کۆڕەو خواستو ویستو یەکدەنگی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بوو بەرامبەر بە ناڕازیبوونو ڕەتکردنەوەی جارێکی تر ژیان لەسایەی دیکتاتۆریەتو ڕژێمێکی تۆتالیتاری نموونەی ڕژێمی بەعس یان سەدام حسێن دا.

خەڵک سەرەڕای نەبوونیو نادیاری هێڵەکانی داهاتووی ژیان، سەرەڕای نەبوونی زەبتو ڕەبتو بڵاوبوونەوەی دیاردەی چەکداریو سەرهەڵدانەوەی کۆنەقینو گیانی تۆڵەکردنەوە لەسایەی حوکمی ٢٠ ڕۆژەی بەرەی کوردستانیدا، وێڕای ئەوانەش، نەبوونی ئاوو کارەباو پێویستییەکانی ژیان بەگوێرەی پێویست، ئینجا ژیانی خۆبەڕێوەبردنو ئازادی نەگۆڕیەوە بەجارێکی تر گەڕانەوە بۆ سێبەری مۆتەکەی ترسو ڕەوینەوە لە سێبەرەکانو حوکمی مەرگو سێدارە، سەدای کۆڕەوی یەک ملیۆنی، بووە هۆکارێک بۆ ناسینو بردنەپێشی دۆزی کورد لە مەحفەلە نێودەوڵەتیەکانو ڕاکێشانی هەستو سۆزی ئینسان دۆستانەی ڕای گشتی جیهانیی، زۆر بەتایبەتیش هی ئەوروپاو ڕۆژئاوا، لەسایەی ئەم کۆڕەوە مەزنەدا، هێڵی ٣٦ بۆ پاراستنو بەرقەراربوونی ئاسایش بۆ خەڵکی کوردستان دابینکرا، چیدی لێنەگەڕان ڕژێمی سەدام بەکەیفو خواستی خۆی، کەی ویستی، پەلامارەکانی خۆی دەستپێبکات، هێڵی ٣٦ بووە کۆتو بەربەستێک بۆ دەسەڵاتەکەی، هەر ئەم هێڵەش بووە خاڵی دەستپێکی نزیکبوونەوەی مەرگی هەتا هەتایی.

لەیەکەمساڵڕۆژی ئەم یادەدا، سەرەڕای نەبوونی سادەترین پێویستییەکانی ژیانو دڵنیانەبوون لەچارەنووسی داهاتوودا، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، لەدەستپێشخەریەکی ناوازەدا کە داینەمۆو داڕێژەری بیرۆکەکەش هەردوو هاوڕێیان «مومتاز حەیدەری و تاریق جامباز» بوون، بڕیاردرا بەشێوەیەکی جیاواز، یادی یەکەمین ساڵڕۆژی ئەم کۆڕەوە بکرێتەوە، سەرەتا، یەک دوو رۆژ پێشتر، پلانەکە داڕێژرا، بۆ بەشداریکردن، هەموو ئەندامەکان ئاگادارکران، وتاری یەکێتی نووسەران، نووسرا، بەیانێک کە بریتی بوو لە داواکردن لەنوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی زیادتر بەهانای ویستو خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە بێن، نووسرا، سەعات حەوتی بەیانی رۆژی ٣١ - ١ - ١٩٩٢ وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ کۆژانی سەختی زێد بەجێهێشتنو دژواری رێگاو بەپێ رێکردنی کۆڕەوی ساڵێک پێشتر، پاسێکی گەورە ئامادەو بەکرێگیرا، ئەندامانی بەشداربوو بەگوێرەی ژمارە زۆریان بەداخەوە ئەوەندە ئامادەی بیرهێنانەوەی ئەم یادەنەبوون، بۆ بیرهێنانەوەو دەمەزەردکردنی یادەوەرییەکان، نەخاسمە دوو هاوڕێی بەشداربوو لە یادکردنەوەکەدا ئێستاکە لەژیاندا نەماونو چوونەتە ژیانێکی تری ئەبەدییەوە، ئەوانیش هاوڕێیان پارێزەرو رۆژنامەنووس فیکرەت عیزەت و خالید جوتیاری نووسەرو فۆلکلۆریست بوون.

ئەوانەی بەشداری یادەکەو رێ رۆیشتنەکە بوون بریتی بوون لەمومتاز حەیدەری، تاریق جامباز، سەید مەولود قادر بێخاڵی، ئیسماعیل بەرزنجی، سەعدوڵا پەرۆش، سەلاح عومەر، ئیسماعیل تەنیا، نەوزاد عەلی ئەحمەد، دڵشاد عەبدوڵڵا، هاشم سەڕاج، جەلال بەرزنجی، خالید جوتیارو فیکرەت عیزەت، خاڵی دەستپێک هەولێرو خاڵی کۆتایی تانکە سووتاوەکانی نێوان کۆڕێو شەقڵاوە بوو، بە پاس بەرێکەوتین، لەهەورازو لۆفەکانی هاوینەهەواری پیرمام دابەزین، تا گەیشتینە سەنتەری پیرمام بەپێ رۆیشتین، لەوێوە سواری پاسەکە بووینەوە تا کۆڕێ، لە کۆڕێوە تا تانکە سووتاوەکان، جارێکی تر بەپێ رۆیشتین، ئەم رێ رۆیشتنو یادکردنەوەیە بووە جێگای سەرنجو تێڕامانی رێبوارانو دانیشتوانی پیرمامو کۆڕێ، لەرێگادا تووشی مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا بووین کە لە شەقڵاوەوە دەچوو بۆ هەولێر، ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لێپرسراوی لقی هەولێری حزبی ناوبراو بوو، لەلامان راوەستاو بەزەردەخەنەیەکەوە دەستخۆشی لێکردین.

لەسەر تانکە سووتاوەکان کە ببووە سیمبوڵی قوربانیدانو بەرخودانی گەلی کوردو بەزینی یەکجارەکی رژێم، وتاری لقی هەولێری یەکێتیی نووسەران خوێنرایەوە، چەند وێنەیەکیش وەک یادگاری گیرا، وا بزانم کەوتنەلای هەردوو هاوڕێیان مومتاز حەیدەری و تاریق جامباز، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، گەیشتینەوە شاری هەولێر، یەکسەر چووینە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانو بەیانو داخوازینامەکەمان تەسلیم کردن، بە تەسلیم کردنی بەیاننامەکە رێوڕەسمەکەش کۆتایی هات.

لەم یادە پڕ شکۆیەدا، نەمریو جاویدانی بۆ گیانی هاوڕێیان خالید جوتیارو فیکرەت عیزەت و سەعد عەبدوڵڵا، سڵاویش

بۆ بەرخودانو کۆژانەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو و ستەمدیدەی کوردستان، بەهیوای ئەوەی کە لەساڵڕۆژی داهاتووی کۆڕەودا، لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆی پڕ لەنازو نیعمەتدا یادێکی مەزنی شایان بە شکۆی ئەم قوربانیدانە بکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

# یادێک لە داستانی ئەزمڕ ١٩٩١



**هیوا ناسیح**

## پێشەکی

شاخی ئەزمڕ زنجیرە چیایەکی بەرزە و دەکەوێتە پشت شاری سلێمانییەوە و دەڕوانێت بەسەر شاردا. شوێنێکی ستراتیژی گرنگە لە رووی سەربازییەوە، کاتی رژێم زنجیرەیەک رەبییە و مۆڵگەیەکی سەربازیی لێ بوو، قولە (بورج)ێکی بەرزیش لەسەر لوتکەی ئەزمڕ بۆ پەیوەندییەکان دروستکرا بوو. شاری سلێمانی لە باکووری رۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە شاخی ئەزمڕ (١٧٠٠م)، گۆیژە (١٥٢٥م) دەورە دراوە. رێگای سەرەکی سلێمانی – چوارتا بە دامێنی شاخەکەدا بە کۆمەڵێک لۆفەی سەخت و چڕدا سەردەکەوێ و لە کەلی ئەزمڕەوە ئاودیوی پشتەوە، واتا دیوی قەڵاچوالان و چوارتا دەبێت.

کاتی کۆڕەوەکە شاخی ئەزمڕ لە ناوچەی سلێمانی و دەبەندی کۆڕێ لە نێوان مەسیف و شەقڵاوە، ئەو دوو شوێنە بوون، کە شەری سەختیان تێدا کرا و پێش بە سوپای بەعس گیرا و تەرازوی هێزیان گۆڕی، ئەو دوو داستانە جگە لەوەی هاوکێشەی هێزی کوردیان تا ڕادەیەک راستکردەوە، هۆکارێکیش بوون، کە هێزەکانی دوژمن زیاتر پێشرەوی نەکەن و خەڵکێکی زۆرتری سیڤیل شەهید و بریندار نەبن، هەروەها بوونە یەکێک لەو فاکتەرە کاریگەرانەی رژێمی بەعسی ناچاری دانوستانکردەوە لەگەڵ کورد. شایەنی باسە ئەو شاخانە ئێستا بوونەتە شوێنی گەشتیاری گرنگ.



### پێشمەرگەیەکی نەشارەزا!

ساڵی ١٩٩١ خوێندکاری قۆناغی یەکەم بووم لە کۆلیژی زانستەکان (علوم) لە زانکۆی رومادی (ئەنبار)، کە ڕاپەڕین بەرپا بوو، منیش وەک گەنجێکی خوێنگەرم حەزم کرد تێیدا بەشدار بم، ئەوەبوو لای کەرتی ڕێکخستنی بەکرەجۆ وەک پێشمەرگە خۆم ناونوس کرد، ئێمەیان بەرەو بەرەکانی جەنگ نەدەنارد، چونکە دەیانگوت: نەشارەزان و ئەزمونی پێشمەرگایەتیتان نییە و ئەهلی قەڵەمن!! بۆیە کاری ئێمە زیاتر پارێزگاری بوو لە ناو شاری بەکرەجۆ لە پاشاگەردانی و (پاشماوەکانی ڕژێم). لە راستیشدا ئەوەی کە هانی دام چەکهەڵگرم، وەک گەنجێکی کورد، تەنها هەستی نەتەوەیی و حەماسەتی کوردایەتی بوو.

### ڕۆژی حەشر یان کۆڕەوە مەزنەکە

کە ڕاپەڕین شکستی خوارد و کاتێک هێزەکانی ڕژێم بە تانک و تۆپ و فڕۆکە بەرەو سلێمانی هاتن، خەڵکی شار و شارۆچکەکان دەستیان بەکۆڕە و کرد. بەندە لە سەرەتای نیساندا، گەر هەڵە نەبم شەوی ٢/١ی ئەو مانگە بوو، پێش گەیشتنی هێزەکانی ڕژێم بۆ ناو شاری سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە پ. م ەکانی کەرتی ڕێکخستنی بەکرەجۆ بەرێکەوتین و لە کەسوکارمان دابڕاین، یان ڕاستر بڵێم بەو هیوایەی بەرگری بکەین بەرەو جادەی سەرەکی کەرکوک - سلێمانی بەرێکەوتین. ڕۆژگارێکی پڕ لە دڵەراوکە و تاڵ بوو، لە فیلمێکی تراژیدی دەچوو، کورد واتەنی (ڕۆژی حەشر بوو) ژن و منداڵ و پیر و نەخۆش و بریندار، بە ئۆتۆمبیل و تەراکتۆر و لۆری و پیادە، گاوگۆتاڵ و رانە مەر بەرەو سنوری ئێران بەرێگاوە بوون. تۆپیش لە سەرجادەکە و ئەمبەر و ئەوبەر و دەوروبەری شاری دەدا. دەیان شەهید و برینداری مەدەنی و پێشمەرگە هەبوون. بە کورتی ئێمەش ڕۆیشتین و بە پشتی قلیاساندا لە دۆڵەرووتەوە ئاودیوی چوارتا بووین، بەرەو

پێنجوێن و دواتر بەرەو ماوەت و ئینجا هەناره و ئاوەکورتێ، کە دوا گوندی سەرسنورەکە بوون، لەوێ گوتیان لە ئەزمڕ شەرە و دوێنی پێشی سوپای بەعس گیراوە، کاتێک گوێمان لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی سەر بە یەکێتیش گرت، بانگەوازی دەکرد، کە ئەوانەی چەکیان پێیە و توانایان هەیە بگەڕێنەوە بۆ سەر شاخی ئەزمڕ، ئیتر دڵنیا بووین کە ئەو هەواڵە راستە.

هاورێکانمان لە و رێگایە تا سەرسنور بە نیازی دۆزینەوەی کەسوکاریان یەک بەدوای یەکدا لێمان جیابوونەوە، تا گەیشتینە سەرسنوری ئێران - ئێراق لە ئاوەکورتێ من و بەرزانی حاجی تەهای زاوای کۆچکردوو (حاجی برایمی رەسولی بەکرەجۆ) ماینەوە، کەسوکارمان نەدیتەوە، هیچ هەواڵێکیشیانمان نەزانی!!! بارزان (خۆشبەختانە ئێستا لە ژیاندایە و لەبەکرەجۆ دەژیت و دوکاندارە) کورێکی تا بڵێی ئازا و چاونەترس بوو، گوتی هیوا بۆ نەگەڕێینەوە بۆ ئەزمڕ، تازە ئێمە هەر کەسوکارمان ونکرد و کێ دەڵێت ماویشن!!؟ پێشنیازەکەیم پەسەند کرد.

## بەرەو شەڕی ئەزمڕ

رۆژی ٦ی مانگی نیسان بوو، بە کورتی رێکەوتین بگەڕێینەوە بۆ ئەزمڕ بۆ شەرەکە، ئۆتۆمۆبیلمان دەستناکەوت بەرەو چوارتا بڕوات، دواجار ئەو لۆریانەی بە زمانی خەڵکی ئاسایی پێیان دەڵێن سەرەمێکوتە (کە سەرەکەی لۆررییە و عەرەبانەی لۆری لێ دەبەسترێت و رایدەکێشێت، بێ عەبانەکەی) مان دۆزیەوە، لە پشتتەوە وەک مریشک بە چەک و تاقمەوە لەسەری هەڵنیشتین و هەڵتەک هەڵتەک بەو جادە پڕ لە چاڵی و چۆڵییەدا بەرەو پێنجوێن و دواتر چوارتا، لەوێشەوە بە پێ بەرەو قەڵاچوالان هاتین. بارەگای سەرەکی و پشتی بەرەی شەر لەوێ دانرابوو. لە بارەگاکە مام رۆستەممان بینی، گوتی: بمێننەوە تا ئێوارە، هەندێک تاریک دابێت لەگەڵ وەجبەی تر دەتاننێرم، دیار بوو خۆی سەرپەرشتی شەرەکەی دەکرد و دەهات و دەچوو، پێویستییەکانی دابین دەکرد. تۆپەکانی رژێم بەردەوام سەری زنجیرە شاخی ئەزمڕ و پشتەوە و دیوی چوارتای دەکوتی. لە بارەگای پێشمەرگەکان تا خۆرئاوابوون ماینەوە، دواتر من و بارزان لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا بە پیکابێکی (تۆیۆتا فەلاحی) پڕ لە سندوقی تەقەمەنی و خواردن ناردیانین بەرەو لوتکەی ئەزمڕ. تۆپ بەردەوام دەیکوتا، سەرجادە قیرەکەی چوارتا بەرەو ئەزمڕ بە جێگەی تۆپەکان چاڵ و چۆڵ ببون.

لە چاخانە کۆنەکەی لۆفەکانی پشتی ئەزمڕەوە دایان گرتین و بە پێ لەگەڵ ئەوانی تردا بەرەو رەبایەکانی سەر شاخەکە بەرێکەوتین. من کە قاتێکی شینی کورتی و گەنجێتیم لەبەردا بوو، کاسکێتێکی مغاویریم لەسەردابوو، تەجروبەی شەر و ناو تۆپبارانم نەبوو، شەو گەیشتینە رەبابەی بن بورجەکەی ئەزمڕ، لەوێ کاک (ئەنوەر دۆڵانی) مان بینیت، نزیکی ١٥ - ٢٠ پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو. ئەو کەسێکی خاراو و ئەزموندیدەی نێو شەڕ و داستانەکان بوو، بەخێری هێناین و خۆشحاڵ بوو، تۆپباران بەردەوام بوو، باران نم نم دەباریت. ئەو خانوەی ئەوانی تێدابوون سەقفەکەی لە چەند شوێنەوە گوللە



سەرچاوە
Serchawe

هاوان کونی کردبوو، ئاو دەهاتە خوارەوە، بەخێرهاتنی کردین، لێمی پرسی ئێوە پێشمەرگەی کێن، من گوتم پێشمەرگەی کوردستانین و هاتووین بۆ بەرگری! گوتی باشە بەخێربێن، بەڵام ئەوە بزانن ئێمە یەکێتین!

## شاخی ئەزمڕ قەڵایەک بۆ بەرگری

وەک دەرکەوت ڕۆژی ٣ی نیسان واتە سێ ڕۆژ پێش گەیشتنی ئێمە، کاتێک هێزەکانی ڕژێم پێشرەویان کردبوو، مامۆستا جەمال محەمەدی هەڵەبجەیی و مەفرەزەکەی لە لۆفەکانی خوارەوە خۆیان لە بۆسە نابوو، ئەوان شەریان دامەزراندبوو، تانکێکیشیان سوتاندبوو، یەکێتی تریش بەجێمابوو، دواتر سوتێنرابوو، واتە ئەوان شەرەکەیان دەست پێکردبوو، ئەگینا هێزەکانی ڕژێم بەرەو دیوی چوارتا و پێنجوێن بەشوێن خەڵکی مەدەنیەوە دەهاتن. شایانی گوتنە، مامۆستا جەمال پێش دە ڕۆژێک لەو ڕووداوە برایەکی لە کەرکوک شەهید ببوو، هێشتا برینی براکەی سارێژ نەببوو، کەچی لەو شەرەشدا وەک سەرکردەی مەیدانی ئەوێ، نمونەی ئازایەتی و قارەمانی و لەخۆبوردوویی بوو.

هێزەکانی ڕژێم کە بە هەزاران مغاویر و هێزی تایبەت (قوات خاصە) و سەرباز دەخەمڵێنران، لە لۆفەکانی خوار ئەزمڕەو و سەربازگەکانی پشت سلێمانییەوە، لە گردەکانی خوارەوە و ناو دۆڵەکان و دەباشانەوە سەنگەریان گرتبوو، بە پشتیوانی تانک و کۆپتەر و تۆپی دوورهاوێژ و هاوان بەردەوام هێرشیان دەهێنا و دەیانوسیت شاخەکە داگیر بکەن. لەوێ بۆ یەکەمجار بەشداری ڕاستەوخۆی شەر و پێکدادانم کرد. ئەنوەر دۆڵانی کە تا بڵێی کەسێکی سادە و ئازا و چاونەترس و سەرکردەیەکی کردە و مەیدانی بوو. بە تفەنگەکەی خۆی شەری دەکرد و جاروبار ئارپیچیشی دەتەقاند!

من کە گەنجێکی خوێنگەرم و بێ ئەزموون بووم، بەڕاستی بە چاونەترسی و ئازایەتی ئەو قارەمانە سەرسام بووم. (بارزان)ی هاوڕێشم زۆر ئازا بوو، ئاربیکەیەکی پێ بوو گوێی بە گیزەی گوللە نەئەدا، ئیتر وای لێهات دوای یەک دوو ڕۆژێک منیش لەگەڵ زرمەی تۆپ و بۆنی باروت و گیزەی گوللەی دۆشکا و بیکەیسی ڕاهاتم.. لەوێ مەفرەزەیەکی شیوعی عێراق (ئەوسا شیوعی کوردستان هێشتا دانەمەزرا بوو) بەشداربوو، لە ڕێکخراوی سلێمانییان و پێشمەرگە کۆنەکانیان پێکهاتبوون، لە ڕۆژی دووەمی شەڕەکەدا لە دیوی شارباژێڕەوە گەیشتبوونە ئەزمڕ برینداریشیان هەبوو، هەروەها دەستەیەکی پێشمەرگەی  پاسۆک و پارتیشی لێ بوو، بەسەر ڕەبایەکاندا بە جیا جیا جێگایان گرتبوو، دابەش بەسەر شاخەکەدا ببوون، لێپرسراوێکی بەرزی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) بەناوی مام برایم لە شەرەکەدا بوو، دوای چەند مانگێک بە ڕووداوێکی تر شەهید بوو.

ڕەبییەی سەر شاخی ئەزمەڕ واتە دەستەکەی مامۆستا جەمال بریتی بوون لە  کاک ناصر ئێستا بەڕێوەبەری ئاسایشی شارە، دکتۆر موحسین ، ئاوات محمد نەجیب، ڕزگاری محمد نەجیب، نەبەزی محمد نەجیب هەرسێکیان برا بوون، عەطا محمد

غەفور، وەستا محمدی بەنا و سۆرانی کوڕی، شەمێرانی شێرزاد شەوقی ( ئەم بەرێزە ئێستا لە سوید دەژی) ئەرکان، یاسین ناسراو بە (پەژار) ، شێخ عەطا، .محمود ناوێک، محەمەد خالید ناسراو بە حەمە بیکەیسی، ئەردەڵان و کۆمەڵێکی تر. هێزەکەی ئێمە واتە مەفرەزەکەی کاک ئەنوەر دۆڵانی ئەوەندەی بیرم مابێت بریتی بوون لە (مام چالاک، عەطا ناوێک کە پورزای مام چالاک بوو، برایەکی کاک ئەنوەر دۆڵانی، هەروەها کاک قادر خەڵکی گوندی باخانی قەرەداخ بوو، ئێستا عەمیدە لە سوپای کوردستاندا، بارزانی شێخ تەها و من و چەند کەسێکی تر. مەفرەزەکەی ئێمە لە رەبییەی ژێر بورجەکەدا بووین لە بینایەیەکدا، وادیاربوو لە ماوەی مانگی ئازادی و راپەرینەکەدا بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی تێدا دانرابوو، چەندان پارچەی دەسگای چاپ و رۆنیۆ و کۆپیکردن، دەیان کتێب، سەدان لاپەڕە، دەفتەر و بەیاننامەی ئەرشیفەکە بەوناوەدا پەرش و بڵاوببوونەوە و سوتابوون و ژێرپێ کەوتبوون.

تەرمی شەهیدێک لە خوار رەبیکانەوە جێمابوو، دیاربوو هێزی مغاویر و قوات خاسەی رژێم گەیشتبوونە سەری و سوکایەتییان بەتەرمەکەی کرد بوو، شەوێک مەفرەزەی پێشمەرگە نێردرا و تەرمەکەیان هێنایەوە، کە ئەمە ئاشکرا بوو، بۆ شەوی دوایی وەک تۆڵەیەک بۆ ئەو کارە قێزەونە هێزێکی بژاردە لە پێشمەرگەکان کۆکرایەوە و بە لێپرسراوێتی مام رۆستەم و مامۆستا جەمال هێرشێکی بەربڵاو بۆ گردەکانی خوار شاخەوە کرا، هێزی دووژمن خۆی نەگرت و شکا، ئەو شەوە تا نزیکەی دەباشان پاککرایەوە، بەڵام دواتر لە سەکردایەتییەوە بروسکە کرا و بە بێتەل راگەیەندرا کە هێزەکەی پێشمەرگە بکشێتەوە چونکە ئاگر بەستە و دانوستاندن دەستی پێکردوە!

### شەهیدە لەبیرکراوەکان

لە شەرەکەدا رژێم بە دەیان کوژراو و برینداری لێکەوت، چەند تانک و زرێپۆشێک سوتێنرا. هێزی پێشمەرگەرش بە گشتی دە شەهید و نزیکەی سی تا چل برینداری هەبوو، یەکەم شەهید کورێکی هەڵەبجەیی بوو بەناوی (ئاری). زۆر هەوڵمدا ناوی سەرجەم شەهیدەکانم دەستبکەوێت، تا لەم وتارەدا یادداشتیان بکەم، بەداخەوە نەمتوانی، بەڵام ئەوانەی دەستم کەوتن بریتین لە (ئاری، مەحمود، مستەفا، کەمال، مامۆستا عەبدوڵا)، هەندێکی تر کە بەشداری شەرەکە بوون و دواتر شەهید بوون (مام برایمی پاسۆک) هەروەها شەهید محمد خالد واتە حەمە بیکەیسی یەکێک بوو لەهەرە کوڕە ئازاکانی داستانی شاخی ئەزمەڕ، بە خۆی و دۆشکە ١٤,٥ ملیمیەکەی لە رەبیەکەی تەنیشت ئەوەی بورجەکەوە چاوەنترسانە شەری دەکرد، بەڵام بەداخەوە لە ڕاپەڕینی سێهەمی شاری سلێمانی لە گرتنی مەعسکەری سارداودا بوو بە یەکەم شەهید ڕاپەڕینی سێ.

من کە ئێستا هیچ پەیوەندیەکی حزبایەتیم بە یەکێتییەوە نییە، بۆ مێژوو دەلێم، هێزە زۆرەکە هی یەکتی بوو، زۆربەی شەهید و بریندارەکانیش لەوان بوون. سەیر ئەوەیە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی بە گشتی و بەتایبەت کەناڵی کوردسات ساڵانە ریپۆرتاژی تێروتەسەلیان لەسەر ئەو داستانە قارەمانانەیە بڵاودە کردەوە و مامۆستا جەمال و مام رۆستەم و ئەنوەر

دۆڵانی و چەندان کەسی تریان دەدواند، کە بەشداری شەڕەکە ببوون، بەڵام دوای دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان و چوونە پاڵی گۆران لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە، ئیتر بە هیچ جۆرێک باسی ئەم شەڕە قارەمانانەیە ناکەن، یان بچوکی دەکەنەوە و دەچن لێدوان لە کەسی وا وەردەگرن، کە یان بەشدار نەبووە، یان بەشدارییەکی لاوەکیانەی هەبووە تێیدا، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی دەزانن، لە باسکردنیدا شانازیی یەکەم بەر ئەو بەڕێزانە دەکەوێت!

دوای دە ڕۆژێک شەڕ وەستا، گوتیان نوێنەری بەرەی کوردستانی لە بەغدادن بۆ دانوستاندن (مفاوەزات). چەند ڕۆژێک بوو ئاگر بەست ڕاگەیەندرابوو، پێنج ئیڤای سەربازی سەریان لێشێوا خۆیان کرد بە لۆفەکانی ئەزمەڕدا، ڕاستەو خۆ لێیان درا دوو سایەق کوژرا و کۆمەڵێک سەربازیش بە دیل گیران نزیکەی حەوت کلاشنکۆف دەستکەوت بوو، لەو ماوەیەدا ڕۆژێکیان ساماڵ و خۆرێکی خۆش بوو، چەند پێشمەرگەیەکی شویعیم بینی لە ڕەبایەکەیانەوە بەلای ئێمەدا دەهاتن بەرەو خوارەوە، بۆ چایخانەکەی پشتی ئەزمڕ دەرۆیشتن، ئای کە سەیر بوو! کاتێک بینیم، یەکێکیان قەیسە (قەیس عەلی) هاوڕێ خوێندکاری زانکۆم بوو (ناوبراو ئێستا لە هۆڵەندا دەژیت و پەیوەندیمان بەردەوامە)، باوەشمان بە یەکدا کرد، تومەز ئەویش لە شەڕەکاندا بووە و خۆشبەختانە سەلامەت بووە.

## گۆشتی جەژن!

چەند مانگا و گوێرەکەیەک لە نێوان ڕەبییەکانی هێزی پێشمەرگە و هێزی دوژمندا گیریان خواردبوو، هێندە تۆپ و هاوەن دابووی بەملاولایاندا وەک شێتیان لێ هاتبوو، ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی تریش بەرکەوتبوون و مردارببونەوە، مامۆستا جەمال هەڵەبجەیی دوو پێشمەرگەی خۆی بێ چەک و تەنها بە دەمانچەوە (تا هێزی دوژمن تەقەیان لێ نەکەن و وانەزانن کە پێشمەرگەن) ناردە خوارەوە تا ئاژەڵە زیندووەکان بهێننە سەرەوە بۆ پێشمەرگە و گۆشتەکانیان بخۆن، چونکە دوورنەبوو سەربازەکانی دوژمن سەریان ببڕن یان بیانکوژن، یەک لەو پێشمەرگانە ی بۆ ئەو کارە چوون لەم دواییەدا ناسیم و ئێستا لە سوید دەژی، کاک شەمێرانی شێرزاد شەوقی بوو، یەکێک بوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی مەفرەزەکەی ناوبراو، ئەوە بوو ٧ مانگاو ٢ گوێرەکەیان سەرخستە سەر شاخی ئەزمەڕ، ئیتر وەکو جەژن وابوو یەکسەر یەک مانگایان سەر بڕی و ئاگری بۆ کرایەوەو بەهەموو ڕەبیەکانا گۆشت بەخشرایەوە، بەشی ئێمەشیان لێدا، بەڕاستی شەوێکی زۆر خۆش بوو چونکە ماوەیەکی زۆر بوو جگە لە پەنیری سوێر و مرەبای گێزەرەکە زیاتر هیچی ترمان نەخواردبوو، ئەوە ناوساجییە چەورەکەش لەولاوە بوەستێت کەڕۆژانە لە چوارتاوە دەنێردرا و بۆمان و بەساردی دەگەیشتە سەرشاخ، ناوسکی هەموومانی خوساندبووەوە و لەبەرچاومان کەوتبوو!

دووای دوومانگێک، ئەو پێشمەرگانەی بەشداری داستانی ئەزمڕمان کردبوو، یەکی جوتێک کالەی ئەدیداس و بڕی سەد دینار (کە بۆ ئەو کات، کە گەمارۆی ئابوری و قەیرانی دارایی بوو، کەم نەبوو) یان داینێ و گوتیان ئەوانە دیاری مام جەلالن

بۆتان.

### بانگەوازی ئیزگە بۆ دۆزینەوەم

بۆ دوو مانگێک دەچوو هەواڵێکی تەواوی کەسوکارم نەبوو، دیاربوو ئەوانیش هیچ زانیارییەکیان لە بارەی منەوە نەبوو، بەڵام بە هەواڵپرسین لەم و لەو، زانیم کە ئەوان بەرەو دیووی ئێران چوونە. ئەو کات باو بوو، ناوی کەسوکاری بزربوویان دەدایە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان (یەکێتی)، تا هەواڵیان بزانن. ڕۆژێک هاوڕێیەکی پێشمەرگە ناویم بیرنەماوە، رادیۆی پێ بوو، بانگی کردم، گوتی (کاک هیوا شتێکی سەیر!) بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: چی؟ گوتی: دەزانی ئەمڕۆ بەناوی باوکت و دایکتەوە لە ئیزگەوە بانگەواز بۆ تۆ کرا و دەڵێن ئێمە سەلامەتین و لە ئۆردوگای گەیلان غەربی ئێرانین، بگەرە لامان!!!) ئای کە سەیر بوو، چاوم پڕ بوو لە فرمێسک، زۆر بیری خوشکوبرا و باوک و بەتایبەت دایکم کرد، بەندە ئێستاشی لەگەڵ بێت گەیلانغەربم نەدیوەو نازانم بەتەواوی کەوتۆتە کوێوە!



پاش کۆتایی شەر و گەرانەوەی خەڵک بۆ شارەکان. دوای زیاتر لە سێ مانگ، کەسوکاری خۆم بینییەوە. ئەو هێزەی کاک ئەنوەر دۆڵانی دواتر بووینە زیاتر لە دوو سەد پێشمەرگە و ناونرا (بەتالیۆنی ١٣٧ بەکرەجۆ)، بەندە بووم بە رابەرسیاسی لە لایان. لە ٩/١٣ ئەو ساڵەدا، لە هۆڵی ئامادەیی پیشەسازی بەکرەجۆ پیشانگای تایبەتی پۆستەر و وێنەم کردەوە. لەدەفتەری یاداشتەکاندا، کە ئێستاش ماومە، کاک ئەنوەر دۆڵانی باسی ئەو شەرەو بەشداری منی نوسیوە، هەندێک ستایشی کردوم، سوپاسی دەکەم.

ماوەتەوە بڵێم، ئەو رووداوە یادەوەرەییەکی زۆر خۆشە بۆم، هەرچەندە ساڵێکی خوێندنی زانکۆم (١٩٩١ - ١٩٩٢) بە هۆی پێشمەرگایەتیەوە لە کیس چوو.


## سەرنج و تێبینی:

- بۆ نوسینی ئەم وتارە سودم لە دوو هاوڕێی ئازیز، کە خۆشیان بەشداری داستانی ئەزمڕ بوون، وەرگرتوە، ئەوانەش بەڕێزان کاک (شەمێران شەوقی و قەیس عەلی) ن، سوپاسیان دەکەم.

- داوای لێبوردن دەکەم، کە ناوی شەهیدەکانم بە تەواوی نەنوسیوە، یان گەر ڕۆڵ و خەباتی کەسێکم لەو شەڕەدا لەبیرکردبێت.

- ئەم دوو وێنەیە چەند مانگ دوای شەڕەکە و بەتەواوی لە دەی مانگی حەوتی ١٩٩١دا لە سەر شاخی ئەزمر و لە جێگەی شەرەکە گیراوە، لە وێنەی یەکەمدا بورجەکەی ئەزمڕ دەرکەوتوە لە پشتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠١٥



# كۆڕەو ویستگەیەکی نوێ بوو




**ستران عەبدوڵلا**

## با لە گۆشەنیگایەکی ترەوە سەیری کۆڕەو بکەین.

لە کۆڕەودا گەرموگوڕتر لەڕۆژەکانی ڕاپەڕین یەک و یەکگرتوو بووین. لەڕاپەڕیندا هەر وێستگەی ئەوەمان بینی چەکدارەکانی ڕژێم بوونە بەشێک لەبەرەی گەل، ئەوی هەر دەستبەرداری داکۆکیکردن بوو لەڕژێم و ئەوی هاتە پاڵ پێشمەرگەو جەماوەری ڕاپەڕیوو، لەمەدا یەکیان گرتەوە هێزی یەدەگی ڕژێمی بەعس پەک بخەن. بەو حاڵەشەوە بێدەنگەکانیش هەبوون کە یان بە دڵەڕاوکێوە لەگەڵ ئایندەی ڕاپەڕین مامەڵەیان کردو یانیش سیاسەت و خەمی نەتەوەیی ئەولەویەتی ئەوان نەبوو، کۆڕەو هەموو ئەمانەشی لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە حەریفەکەی کورد یەکخست و لەشێوەی (نا)یەکی گەورە بۆ گەڕانەوەی بەعس، هەڵوێستی نارەزایی نیشانی دونیا دا.

کۆڕەو هەموو کوردستانیانی هان دا کە قسەی خۆیان لەسەر بەعس بکەن. نە بەعسی ما، نە جاش و نە پەیوەندیدارانی دەزگا ئەمنی و جاسوسییەکان، نە سەربازو ئەفسەرو جەیشی شەعبی قسەی ما، هەموویان لەگەڵ پێشمەرگەو شۆڕش و زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکیدا کۆچیان کرد.

ئەوانە کە ڕەویان کرد بە ناڕاستەوخۆ وتیان سوپای بەعس و جەیشی شەعبی و دەزگای حوکمڕانی بەعسی دڕندەیەو جێی باوەڕی ئەوانەش نییە کە خزمەتیان کردووە و لەسەر ئەو خزمەتە دوژمنایەتی نەتەوەی خۆشیان کردووە.

ئەگەر بەرەی دژی گەل لەڕاپەڕیندا دێتە بەرەی گەلەوە، ئەمە دیمەنێکی ئاساییە. لەهەموو ڕاپەڕینێکدا خەڵک لەسەرکەوتندا دوای ڕاپەڕینی گەل دەکەون و لەدوا دیمەنیشدا شوێن دەگرن تا لەسزاو تۆڵە دەربازیان بێت. ئەمانە شۆڕگێڕانی دواساتە وەختن، بەڵام وەختێک خەڵک لەکۆڕەودا دوای بەرەی شۆڕش و گەل بکەون و بەرەو نادیار کۆچ بکەن، ئەمە دابڕانێکی شۆڕشگێڕی و دوو وێستگەی سیاسی جیا دەردەخەن. وێستگەی جاران کە هەبوون لەکورد دژی کورد بوون، وێستگەی دوای ڕاپەڕین، واتە کۆڕەو، کە ئیتر ئەمانە دەستبەرداری بەعس دەبن و باوەڕیان بەوە نامێنێ لەسایەی ئەودا سەلامەت دەبن. بەڵکو بەرەی شۆڕش دڵنیاییە بۆ ئایندە تەنانەت ئەگەر لەحاڵەتی کۆڕەو و پاشەکشەدا بێت.

کۆڕەو ئەم دابڕانەی خولقاندو کوردی وەک نەتەوە لەشکستدا یەکخست، بەکوردی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی و کوردی ناو کوردەواریشەوە.

ئایا ئێمە توانیومانە بەپێی پێویست ئەم دابڕانە لەقازانجی یەکێتی نەتەوەیی گەلی کوردستان تەوزیف بکەین؟.

توانیومانە ئەم دابڕانە گشتگیرە لەگەڵ سایەی دامودەزگای بەعسی و دیکتاتۆری بەعسی بۆ قۆناغێک بگوازینەوە کە وێستگەی کارابوونێکی چاکتری ئیرادەی یەکگرتوومان بێت؟.

شریتی چارەکە سەدەی سایەی ئازادی و دوای کۆڕەو پێمان دەڵێت هەندێک جاران مافی ناکۆکی و جیاوازیمان تا ئەو رادەیە بردووە کە یەکگرتوویی دەمی کۆڕەومان لەناوەڕۆکی خۆی بەتاڵکردۆتەوە. بۆیە دوای کۆڕەوەکەی لەداخی بەعس کرا هێشتاش هەن کوردن و دەبن بەداعش و ئەمەش بە جیهاد، یانی خەبات، ناودەبەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی PUK MEDIA - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

# کۆڕەو،



**سیامەند شێخ ئاغایی**

کوردستان پەرێشان بوو. دانیشتوانی ئاوایی و شارۆچکەکان بەرەو شوێنە نادیار و ئۆردووگا زۆرەملێ یەکان دوور دەخرانەوە. 'کاردۆ' هێشتا خرەکە نەببوو.

بەیانێکی زوو دوژمن بەسەر دێیەکەیانی دادا. دایکی لەحاڵێکدا خەریک بوو بەپەلە کەلوپەلی سووکی نێو ماڵی ڕادەگواست، بێ ئاگا لە تەواو بوونی مۆڵەتی دوژمن لە نەکاو هۆدەکەیان بەسەردا خاپوور کرد و بەزیندوویی کەوتە ژێر سەدان خەلوار خاکوخۆڵ.

لەکاتی پەلاماردانەکەدا 'هەیاس'ی باوکی کاردۆ لە ماڵ نەبوو. چوو بووە شار، خانوویەکی خنجیلانەی لە شار کڕیبوو، پێوەبوو پاش هێندێک دەست پێداگێڕان و نوژەن کردنەوە بە یەکجاری ماڵەکەیان بۆ شار بار بکا، بەڵام هەرکە خەبەری کوژرانی کتووپڕی خێزانی پێدەگا. دەسبەجێ شوێنی ئۆردووگا زۆرەملی یەکان دەگرێتەبەر لەوێ کۆرپە ساواکەی لە دراوسی یەکانی وەردەگرێتەوە.

هەیاس لە تاو لە دەستچوونی خێزان و بێ ئەنوایی منداڵە بێ دایک بووەکەی هەناوی گر دەگرێ و بڕیار دەدا، هەتا رووحی لەبەردایە ڕێگا نەدا تەمی خەفەت و بێ نازی بنیشیتە سەر جەستە و دەروونی ناسکی کۆرپەکەی و دڵسۆزانە تێ بکۆشێ شوێنی بێ دایکی بۆ پڕ بکاتەوە.

بەخۆی دەگوت:

"_ باشە، ئەگەر هاتوو گەورەکان کەوتنە بەر ئازارو ئەشکەنجە، لانی کەم هۆییەکەی فام دەکەن، بەڵام بەرخۆڵەیەکی نەرم و نۆڵ، غونچە گوڵێکی نەپشکووتوو کە هێشتا پێی نەگرتووە، چۆن تێ بگا دایکی بەبێ سووچ و تاوان، بێ بەزەیانە کەوتۆتە بەر هوروژم و بە زیندوویی کەوتۆتە ژێر خاکو خۆڵ؟ چۆن تێ بگا کە دەبێ دوور لە خۆشەویستی دایکانە لەگەڵ ئازار و بێ مێهری ژیان ڕووبەڕوو ببێتەوە!؟"

بەڵێ، زووڵمێکی گەورە و ناحەقێکی لە ڕادەبەدەر دەرحەق بەکاردۆ بچکۆلانەکە کرابوو! چونکە ئەویش وەک هەموو منداڵانی سەر ڕووی ئەم زەوییە پێویستی بە دایک بوو. دەبوایە ئەویش بەشیری دایک مێشکی بەهێز و لە داوێن و باوەشی پڕ لەخۆشەویستی دایکیدا فرچکی گرتبایە. هەروەها لەوەش دڵنیا بووبایە ئیدی ڕەشەی بای زوڵم و تاریکی لە داهاتوودا ناتوانێ ژیانی پەڕپەڕ بکاو بڕاکێنێ!؟

باوکە بەدیتنی گڕوگاڵ، گاکۆڵکە و دارەدارەی کاردۆ بچکۆلانەکەی لەسەرەخۆ هەناوی دەبووژایەوە و تاکوو زەمان پێدەچوو بەرەبەرە پەژارەو بەسەرهاتی تراژدیایی خێزانی لە دەروون دادەمرکاو مکوڕو لێبڕاو بەرەو ژیانێکی ئارام و نوێ هەنگاوی دەنایەوە.

هەیاس بەبۆنەی ڕۆڵەکەیەوە زۆر دڵخۆش ببوو. بەچەشنێکی ڕێکوپێک و جوان دەرو ژووری ماڵەکەی نۆژەن و ڕازاند بووە. بۆنی عەتری دارو گوڵی نێو حەوشەو ماڵەکەی جەستەی ماندوویان دەحەساندەوە. دیوی خەوی کاردۆ وەک کەژاوەیەکی نەخشین و ژیکەڵانە لێ کردبوو. دایانیکی دڵسۆز ڕۆژانە تەرو ویشکی دەکرد و لە هەر میوەو خواردەمەنییەکی بەتام بۆن خۆش بووایە، بۆی لە بازار دەکڕی و دەرخواردی دەدا، بەڵام کاردۆ ئەوەندە بچکۆلانە بوو، هەستی بەختەوەری خۆی نەدەکردو نەیدەزانی بەچ هەوڵ تێکۆشانێکی سەخت ئەو بەختەوەرییەی بۆی ڕەخساووە.

ئاواتی هەرە بەرزی هەیاس ئەوە بوو، کوڕەکەی زوو پێ بگرێ و باڵا بکێشی، ڕەوانەی مەدرەسەی بکا، تاکوو لەوێ فێری خوێندن، ئاکار و کردەوەی باشی مرۆڤایەتی بێ و بتوانێ مرۆڤێکی بەکەڵک بۆ گەل و نیشتمانەکەی بار بێ! هەیاس سات بەسات چاوی بەدوای کوڕەکەیەوە بوو. ڕایدەهێنا، لەکاتی دارەدارەدا بن باڵی دەگرت، ڕێوڕەسمی ڕێگا ڕۆیشتن و هەنگاو بەرز کردنەوەی نیشان دەدا و فێری هوشیاری و ئەدەبی دەکرد.

کاردۆی شیرن زمان، ژیکەڵەو ئیسک سووک، بەلەفزی منداڵانەیەوە سەدان وشەی بێ سەرو بن و نادیاری یەک بەدوای یەکدا

تێکدەکردەوە کە لەنێو ئەو هەموو وشانەدا تەنیا واتای بابە بابە ڕوون دەبوویەوە!

کاردۆ هەڵدەستا سەرپێ و دەکەوتەوە. دەلەرزی و خۆی دەگرتەوە. نووکە نووک، پێدەکەنی، دەگریا و دەکڕووزایەوە. هەمدیسان بەدارەدارە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە، دەم بەخەندە بەلەزو پەلە خۆی دەباوەشی بابە دەهاویشتەوە. هەیاس بەچوار چاوان وشیاری کوڕەکەی بوو، نەیدەهێشت بکەوێ و دەست بۆ بن باڵ ئامێزی بۆ دەکردەوە! ئینجا بە تامەزرۆیی هەڵیداویشت نەجارێک بەڵکوو دەیان جار نێوچاوانی ماچ دەکردو سەر ڕوومەتی دەلستەوە.

کایەیی "دایە مەمدە بە گورگی، گورگ ددانی تیژە" کایەیی هەموو رۆژێکیان بوو. جاری واشبوو بۆی دادەهاتەوە لەسەر قەڵاندۆش یان سواری کۆڵ بەنێو ژوورو حەوشەدا وەک ئەسپ دەیحیلاند و دەیپڕماند، بە قۆرتە خۆی هەڵداویشت و ڕایدەکرد و بە چوار دەوردا دەی سوڕاندەوە!

کاردۆ هەرچی چاوی دەکرایەوە، زیاتر دەورو بەری خۆی دەناسی. هەر رۆژە فێری لەفزێکی نوێ دەبوو، دەرونی پتر لە قسان دەئاوسا، بەپەلە و بێ سەرو بن، بە ئاهەنگێکی ساکارو خەم ڕەوێن. گا بەگریان یان گڕوگاڵ و گۆرانی منداڵانە وشەکانی تێک دەکردەوە. ئەم شێوە هەڵسووکەوتەی منداڵ لەگەڵ گوتن و بیستنی ڕۆژانەدا پێکدێ، ئەوەش نیشاندەری بەرەو پێشەوە چوونی بیرو هۆشی منداڵە. کاردۆیی ڕووناکی و شادی هێنەر، لەکاتی بێداریدا بۆ ساتێک لە جێیەک وچانی نەبوو، نەدەسرەوت. لەنێو ماڵدا باوکە و دایان و خزم و کەس بەبیستنی دەنگە ناسکەکەی دەگەشانەوە... مەلی سەرچڵ و لاسکی دارو گوڵی حەوشەکەیان وێڕای کاردۆ دەکەوتنە جریوەجریوو باڵەفڕکە! گوڵاڵەسوورە، هەڵاڵە، هێرۆو بەیبوونی کێوسارانی کوردستان کە ببوون بەدەستچێنی حەوشەکەیان، لەگەڵ نەسرین و یاسەمەن بۆنی خۆشیان بڵاو دەکردەوە. ئەم بنەماڵە دوو کەسی یە بەچەشنی دوو گەوهەر وابوون، یەکیان تەمەنی لە سێ تێ پەڕیبوو، ئەویتریش بەرەو سەروی سی ساڵ هەنگاوی دەنایەوە. کاردۆیی لە مێهرو محەبەتی دایک بێ بەری کراو، لە سایەی باوکێکی داناو منداڵپەروەردا بەختەوەرانە دەژیا. باوکە لەبەر دەستیدا وەک مەڕی خودا وابوو! ئەو بستە منداڵە پێی گوتبایە هەستە! هەڵدەستا... بڕۆ! دەرۆیشت!... هەردووک پێکەوە لە ژیان لەزەتیان دەبرد! بەبێ یەک ژیانیان لێ تاڵ دەبوو! نەمازە کاردۆ لە دووری بابی ئارام و قەراری لێ هەڵدەگیرا، بەدەم بابە بابەوە سەد جار پتر دەرو ژووری دەکرد. هەرکە بابە وەک مانگ لەبەر دەرگایە خۆی دەنواند. کاردۆیی ئەستێرە بە شەوقی مانگ ڕوو گەش، وە جریوەجریو دەکەوتەوە.

کایەو قسەی شیرنی منداڵ گشت ماندوویی لە جەستەی دایک و بابان دەردەخا. شەوانە کاتی خەوتن باسکی هەیاس هەتا بەرە بەیان دەبوو بە سەرینی ڕۆڵە بچکۆلانەکەی و لەباوەشیدا چیرۆکی 'گورگ و برخۆکەی' بۆ دووپاتە و سێ پاتە دەکردەوە:

- "ڕۆژێک لە ڕۆژان برخێکی تینوو لەسەر جۆگەیەک ئاوی دەخواردەوە. لە سەرەوەی ئەو گورگێکیش خەریکبوو ئاو بخواتەوە.

گورگە ڕوو بە بەرخەکە دەڵێ:

- ئەتۆ ئەم ئاوە بۆ لە من قوڕئاو دەکەی؟!

بەرخەکە دەم لە ئاو دەکاتەوە و دەڵێ:

- ئەتۆ لەسەرەوی من ئاو دەخۆییەوە! چۆن دەبێ من ئاو لە تۆ قوڕئاو بکەم؟!

گورگ ددانی لێ دەچیڕەوە دەبا و دەڵێ:

- ئای! ئای! تەماشا زمانی چەند درێژە! مەگەر گوێت لێ نەبوو گوتم ئاوەکەم لێ قوڕئاو مەکە!

بەرخەکە سەر هەڵدێنێ و بەلارەملی دەڵێ:

- ئاوەکە خوڕێنەو ئەتۆ لە سەرەوەی من ئاو دەخۆییەوە، خۆ ئەم ئاوەش بەرەو سەر ناگرێتەوە! کەوابوو من چۆن دەتوانم ئاو لە تۆ شلوێ بکەم؟

گورگ تورەتر لە پێشوو دەحەپێنێ و دەڵێ:

- تەماشا! تەماشا!... زمانی چەند درێژە؟... خۆ دەمەلاسکەشم لەگەڵ دەکا!؟ ئیدی دەرفەت ناداو پەماری دەداو بەرخی لانەواز هەڵدڕهەڵدڕ دەکاو قوتی دەدا!"

کاردۆش بەقایەتەکانی بابی پێڵووەکانی قوورس دەبوون و خەوێکی ئارام دەی بردەوە.

گورگ لە کەمیندا بوو. باوکە گورگی حیسانخۆری باش دەناسی و بیرەوەری زۆر تاڵی لێی هەبوو، هەربۆیە لە ترسی پەلاماری گورگە خوێنخۆرەکان، لە گشت خشپەیەک دەسڵەمی یەوە و بە پارێزەوە چوار دەوری خۆی بەچنگ و ددان دەپاراست.

لە نەکاو وڵات شڵەژاو شڵەقا! بوومەلەرزە، بورکان، سێڵاوو سۆنامی نەبوو! بەڵکوو پەلاماری گەلە گورگ بۆ سەر هەزاران مەڕو بەرخی بێ خودان بوو! گەلە گورگ چاویان زەق، ڕەنگیان بۆر، دڕو هار، بریندارو خوێنخۆر بوون. هاوکات دەست لەگەڵ پەسلانی سەرماو کڕێوەی ئاخرو ئۆخری ڕۆژە سەختەکانی زستانی پیر، بەربوونە گیانی خەڵکی بێ ئەنواو بێ دەرەتان!

هەژاران بێ پەناو بێ دەسەلات، لە ترسی گیان، برسی و پێخواس، سەرمابردوو هەراسان وەکێو بەندەنان هەڵدەگەڕان و خۆیان دە دڕاڵ و ئەشکەوتان ڕۆدەکرد! منداڵی ساوا دەمیان بە مەمکی دایکیانەوە وشک بوو! پیرو پەککەوتە و کەلەلا لە دەست سەرماو لەبەر بێ هێزیان دەکەتن و هەڵنەدەستانەوە! کۆڕەو لە ماڵ و زێدی خۆ، بەرەو کوێ؟! لە ترسی گورگی هارو دڕ ناچار پەنایان بۆ بەر دەرگای چەقەڵ و کەمتیاران دەبرد...! چ گەلێکی هەناسەساردو لێقەوماو!؟ گنجی نێوچاوانیان قووڵ و بەسەرهاتیان دڵتەزێن!

هەیاس بەدستێک چەک و بە دەستەکەی دیکەی کوڕەکەی توند بە ئامێزەوە دەگوشی. لە خۆفی گورگ بێ ئارام لە هەوڵی دۆزینەوەی پەنایەکدا بوو... لە بەندەنێک سەرکەوت و شۆڕ بووە نێو دۆڵێک. شەپۆلی ئادەمیزاد و هاوارو ڕۆڕۆ و ناڵەی مرۆڤە لێقەوماو و شڵەژاوەکان لەگەڵ گاڵەی سەرماو تۆف تێکەڵ بە یەک، دڵی چاخیان وەژان دەهێنا و گۆمی بێدەنگیان دەشڵەقاند.

گورگی دڕو هار هەروا بە دوایانەوە لە پشتەوە ددانی دەچیرەوە دەبرد. ئەوەی وەبەر چەنگی هاتبایە تێکی یەوە دەپێچاو لەبەرێکی هەڵ دەتلێشاند.

دەرەتان نەبوو، گورگ باڵی گرتبوو! هەیاس ماندوو شێواو کوڕ بە باوەش و گاهێک بەکۆڵەوە بەرەو شوێنی نادیار ڕێگای دەبڕی. لەپڕ لە بەرزایەکەوە گورگان بە چەشنی ژەنگەسووره سەریان وەدەرنا و خستیانە بەر پەلامار. هەیاس زۆر بە گورجی ڕای کرد، کاردۆی دایە ژێر داڵدەیەک، ئەوسا بە دەستە سەرمابردووەکەی پەلاماردەرانی وەبەر دەسڕێژان دا، بەڵام دەسڕێژی دوژمن لە هی ئەو بەهێزتر و تەڕدەستتانەتر بوو. هەیاس پێکرا، گلۆڵە بووە و لە هەڵدێرێک بەرەو قووڵایی دڕاڵێک هەڵدێردرا و دەنگ چییە لێ نەبیسترایەوە!...

کاردۆ نائارام بوو، بەڵام نەدەگریا و پێشنەدەکەنی! پاش تاوێک هەستی منداڵانە پێی سەلماند کایەی ئەمرۆکەیان هیچ وەکوو هی ڕۆژانی ڕابردوو ناچێ و لە خۆشارەوەکێنی ئەم جارەدا، بابی بانگی نەکرد و سەری لێ هەڵنەهێنایەوە! پاش دەمێک چاوەڕوانی تەنیایی وەزاڵەی هێنا و چەند جاران لەسەریەک نوزایەوە و جارێکیش هاواری کرد:

-"بابە، بابەگیان!" بەڵام بێجگە لە دەنگی شریخەو ڕمبەو وژەی تۆف و شڵێوە وڵامێکی دیکە نەبیسترایەوە.

" منداڵ لەبەر ئەوەی فیکری دوور نابڕێ، کاتێک گەورەی لێ دەمرێ، وەکوو مەزنەکان بەسەری خۆی دانـاداو شین نـاگێڕێ، بەڵام لەجێدا چاوەکانی بەحاڵەتی نائاسایی دەگێڕێ و خەمێکی خەست و تاڵ بەسەر نێوچاوانی یەوە خۆ دەنوێنێ!"

کاردۆ بچکۆلانە بێدەنگ بوو، ئەقڵی پێ نەدەشکا لە شەوەزنگێکی ئـاوا تـووش و سەختدا دەبێ چ بکـا؟ برسی و کەسیرە بوو، هێـزی پێـی نەبـوو وەک گەورەکـان ڕێگـای کێوسـاران پـێش بگەرێ! دەنگـی دەرنەدەهـات تـاکوو ئەوحەشیمەتە شڵەژاو و ڕەشایی ئاساییە کە بەحاڵ دەنگیان لە دوورەوە دەبیسترا، لە چارەنووسی خۆی ئاگادار بکا. کـاردۆ لە شەوێکی سامناک، لە کـاتێکی سـەخت و ڕەش میـوان بـوو. ئیـدی لە جێگـای نەرم و گەرم، لە خـواردەمەنی بەتـام و میـوەی خـۆش، بـۆنی گـوڵ و خزمەتی دایـان، سەرکۆڵ و قەڵاندۆشی بـاوک هەواڵێک نەبوو، هەمووشتێک لەو شەوە شوومەدا ماڵاواییان لێ کردبوو.

تـاریکایی بـاڵی بەسەر وڵاتـدا کێشا بـوو، کـاردۆی یـاری شـەوەزەنگ، لە ژێـر بـاڵی دێوەزمەی تـۆف و شڵێوەدا، تـازە تەنیـا نییە! ناترسێ! هەست بەسەرماو برسێتی ناکا! جارێک، دوو جار، سێ جارو دەیان جار بابە بابە!...بابە!!! گێژەڵـووکەیەکی بەهێز لەسەر بەرزایەکەوە تێکی یەوە پێچاو کـردی بە نـواڵەو بەرەو لێـژ بەرزی کردەوە و خـولی دا لە نزیـک جەسـتەی بـێ گیـانی بـابە بەهەردی دادا، بەچەشـنێک دەسـتە بچکـۆلانەکەی سـوکێک بە دەسـتە سـاردو سڕ بـووەکەی بـابی یەوە نووسـا... هەردووک جەستە بـێ گیـان، مسـتیان قـووچـاو، چاویـان مۆڵەق، دەمیـان ئـاواڵە و سـارێژ لە پەنـد و ئـامۆژگـاری، بـۆ بەرەی ئێستا و داهاتوو!...

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئیمپراتۆریەتی مەرگ (تیرۆر، وەحشیگەریی، کۆڕەو)



**ئاسۆ جەبار..**

نزیکەی ١٤ ساڵ لەمەوبەر لە لێکۆڵینەوەیەکمدا کە لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی کۆچ و سەفەر بڵاوکرایەوە، بە وردی باس لە هۆکار و فاکتەرە هەرە گرنگ و بناغەییەکانی کۆچ دەکەم، یەکێک لەو فاکتەرانە کە ئاماژەم پێدابوو هۆکاری تیرۆر و وەحشیگەریی ئاینی و مەزهەبییە، تا ئەو سەروەختەی کە من کتێبەکەم بڵاوکردەوە لەساڵی ٢٠٠٠ دا تیرۆری جیهانی و وەحشیگەریی ئاینی و مەزهەبی نەگەیشتبووە دۆخێکی هەستپێکراو، بەڵام ئەورۆکە ئەو دیاردە بناغەیی و ترسناکە بە ئەندازەیەک تەشەنەی سەندووە، کە لەسەروەختی ١١ی سێپتەمبەرەوە تا وەحشیگەریی داعش دۆخێکی هێندە تۆقێنەر و ناشارستانی خولقاوە کە کاریگەرییەکی زۆر مەترسیداریان دروستکردووە بۆ هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەو ئابوری و سیاسەتی جیهانی بەگشتیو شارستانییەت و سەرهەڵدانی فاشیزمی مەزهەبی و ئاینی و حیزبی و سەلەفی.

ئەورۆکە تێڕامان لەدیاردەی وەحشیگەرانەی مەرگدۆستی و ئینسانکوشتن و خاپورکردنی شارو شارستانییەت لەڕێی هەمەجیەت و زەبروزەنگی خوێناویی دیکتاتۆرەکان و تیرۆریستەکانەوە پێکرا راماندەگەرێت لەبەردەم تۆفانێک لەخوێن و زەبرێکی گەورەی نائەخلاقی و نائینسانی و بێدەنگی و گەمژەیی دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیا و بێ دەسەڵاتی و کاڵفامی رێکخراوە گەورە جیهانییەکانی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمینستی ئینتەرناشیناڵ و WHO و دادگای لاهایی نێودەوڵتی و سەرجەم دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، دەرەنجام زەبری کوشندەی کردەوە تیرۆریستییەکان و زەبری تایەفەگەریی مەزهەبی و ستەمی دیکتاتۆرییەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکرا بوونەتە بەرهەمهێنەری تراژیدیایەکی درێژخایەنی کارەساتبار و مەرگهێن بۆ هاوڵاتیان بەگشتی و بەتایبەتی بۆ کورد وەک نەتەوە. ئەورۆکە داعش هەڕەشەیەکی مەترسیدار و

مەرگخوازانەیە بۆ نەتەوەو مەزهەب و ئـاین و ئەو قەوارە شارستانی و فەرهەنگییەی کە دەبێت بە تەواوی جیاوازییەکـانی خۆیـانەوە بـژین، پەلامـاردان و کوشـتنی جیاوازییەکـان لەڕێـی هەر هێزێکـی کوشـندە و وەحشـیگەرەوە سـەرەنجام دەبـنە خولقێنەری تراژیدیایەکی شارستانی و مرۆیی گەورە.

ئیمپراتـۆریەتی مەرگ تەنهـا پێکهـاتەیەکی سیاسـیء حکومی نییە، بەڵـکە سیسـتمێکی ئەفسـانەیی گەورەیە کە پێکهێـنەری شوناسێکی نابەرجەستەیە لەدیکتاتۆریەتێکی ئـاینی، میلیتـاری، فاشیستی، وەحشیگەریی مۆدێرن و تیـرۆر لەخوێنـاویترین و نائەخلاقیترین ئاستی خۆیدا. بۆ سەلماندنی ئەم تێزە نـوێیە پێویسـتە قـوڵ بـڕوانینە ئەو سیستمە پـراکتیکییەی کە تەنهـا وەک پێشێلکاری مافی مرۆڤ و توندوتیژی و نائینسانییەت حسابی بۆ دەکرێت. بۆنمونە بێگومـان پراکتیزەکردنی کوشتن و مەرگ تەنها بریتی نیین لەکردەگەلێکی ئـاسایی بـۆ کوشتنی ئینسـان و بەڵـکە کوشتن شوناسێکی فەنتـازی و ئەفسـانەیی و پەنهـان وەردەگرێـت، وەک کوشـتنی نهێنـی و حەشـارگەی ونکردنـی ئینسـان، لەسـەربڕین و کوشـتنی بە کـۆمەڵ بەبەرچـاوی دنیاوە، لێدان و داپڵۆسین تـا مەرگ، ئەشکەنجەدان، پڕکردنی زینـدانەکان، لاقەکردن و رفانـدنی ئـافرەت و پێکڕا کوشتنی جەسـتەیی، روحـی، دەروونـی و فەرهەنگـی، پێکـڕا پەلامـاردان و خـاپورکردنی مەزارگەو پەرسـتگە ئاینییەکـانی دیـکە، خاپورکردنی یانە و کڵەپەکان، دەستکاریکردن و جینۆسایدی شارستانی لەپەلامارданی نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکانی دیکەوە تا سەربڕینی خەڵکی ئاسایی و بەردبارانکردنی ئافرەت تامەرگ، لاقەکردنی کیژۆڵەکان لەسروتێکی مێگەلی قێزەوەندا.

ئیمپراتـۆریەتی مەرگ، سـەرزەمینێکی گەورەی مەرگدۆسـتییەء رووبەرێکـی بچـوکە بـۆ ژیـان، سـەرزەمینێکە بـۆ تۆقانـدن و سـەرکوتکردن و لێسـەندنەوەی رۆح و روانـین و دنیـابینییە جیاوازەکـان، نیشـتیمانی کوشـتنی شـاراوە و سـەرنگومکردن و زینـدانییە نهێنییەکـان و لەسێدارەدان و سـەرکوتکردنی خەڵـک و هەر چـالاکییەکی شارسـتانی، جیهـانی بەد ئەخلاقیـاتی کوشندە تـا بەرپـاکردنی رووبەرێکی گەورە لەمەرگدۆستی و فاشیزمی ئـاینی و حیزبـی و مەزهەبـی و نەتەوەیـی، جیهـانێکی سەرشار لەخوێن و تۆڵە و دڵڕەقی و وەحشیگەریی، بەڵام خاڵی لەهەر خاڵێکی بچوکی ژیاندۆستی و بەتاڵ لەئیستاتیکایی شارستانی و مرۆیی.

### زەبروزەنگ وەک پیشەسازییەکی راستەقینە

لەبەرئەوەی زەبروزەنگ تەنها کردەیەکی نادیارو شاراوە نییە، بەڵکە کردەیەکی ئاشکرا، و بینراوە چ لەسەر ئاستی سیاسی یـان کـۆمەڵایەتی یـان یاسـایی، فەرهەنگـی، ملیتـاری، مەزهەبـی یـان ترادسیۆنی. کەواتە تەنهـا بەرهەم و دەرەنجامەکـانی زەبروزەنگ نابنە دەرخەری ئەو حەقیقەتەی کە لەپەنهانەوە داڕێژەرء نەخشەسازی زەبروزەنگ و توندوتیژیین.

چۆن زەبروزەنگی سیاسی و حکومی و حیزبی پێکڕا بەرهەمهێنەری، هێزو جەبەروتیی سڕینەوەی بەرامبەرو خولقاندنی ترس



سەرچاوە
Serchawe

و کۆنترۆڵکردن و زەلیلکردنی کۆمەڵگە و تاکەکانن، هەر لەبەندکردن و لەسێدارەدان و رفاندن و ونکردن و جینۆساید و کوشتن و جەنگەکانەوە تادەگاتە کوشتنی ئازادی و چەواشەکاریی و کۆنترۆڵکردنی ئینسانەکان لەسایەی سیستمە دیکتاتۆری و هەمەجی و گشتگیرو ستەمکارو مەزهەبگەراو تایفییەکان کە پێکرا زەبروزەنگ تا ئاستی فەنتازیاو مەرگهێن قوڵدەبێتەوە. هاوکات کاتێک زەبروزەنگ دەبێتە فەنتازیا، وەحشیگەریی و ئینسانکوشتن دەگاتە دوا ترۆپکی بەدئەخلاقی مەزهەبی و سەلەفیەتگەرایی و فاشیزمی کوشتنی هەموو شتێک، دەرەنجام ئەوکاتانە ئیتر ئیمراتۆریەتی مەرگ لە کڵێشەسازییەکی ریشەییدا پەلدەکێشێت بۆ نێو رووبەرێکی بەرفراوانی فەنتازی.

## فەنتازیای مەرگ

ئەفسانە مۆدێرنەکانی مەرگ لێرەوە دەستپێدەکەن... کاتێک رووبەرێکی شارستانی دەبێتە سەزەمینێکی گەورە لەگرتوخانەو کوشتارگە، کاتێک ئەشکەنجەدان و زەبرزەنگ و لاقەکردن و پەلاماردان دەگەنە دوا ترۆپکی شەهوەتی مەرگ و نەشئەی خوێنڕشتن، کاتێک دیوارەکان، کۆڵانەکان، ماڵ و مزگەوت دەبنە گوێیەکی سیخور و ترسێکی تۆقێنەر، کاتێک فێرگەو قوتابخانەو زانکۆکان دەبنبە دەزگاگەلێکی زەلیل لەبەردەم جەبەڕوتی گرتن و داپڵۆسین و کوشتندا، کاتێک شەقامەکان دەبنبە شەقامە خوێناوییەکانی مەرگ و بێکەسکوژی، کاتێک سەرلەبەری رۆژنامەو بڵاوکراوە سەربەخۆکان دادەخرێن و نوسەرو رۆژنامەنوسەکانیان پەلکێشی زیندان و ئەشکەنجە و پەتی سێدارە دەکرێن، کاتێک زیندانەکان پڕدەکرێن لەڕۆحلەبەری بێگوناە و بێتاوان، کاتێک کچان و کوڕانی ناڕازی بەبەرچاوی رێکخراوە زەبەلاحەکانی مافی مرۆڤ و لێبوردنی نێودەوڵتی و بەرگریکاران لەئینسان و ژن و رۆژنامەنوسان خەڵتانی خوێن دەکرێن و هیچ هێزێک ناتوانێت ببێتە رێگرێکی راستەقینە و زیندوو لەبەردەم ئەو ماشێنی مەرگدا...سەرەنجام نیشتیمان دەبێتە نیشتیمانی مەرگ و تۆقاندن، پێکڕا ئەو رووبەرە شارستانییە دەبێتە ئیمپراتۆریەتی مەرگ.

لەزۆر شوێندا ئاماژەم بەوەداوە کە جەلادەکان تەنها ئەو پیاوکوژانە نین کە پەتی قەنارە دەکەنە ملی قوربانییەکان، بەدیار دواهەناسەی مەرگەوە رادەوستن، وەکچۆن جەلادەکان تەنها ئەوانە نیین کە بەکردار جینۆساید و کۆمەڵکوژی دەکەن و بەندیخانەکان پڕدەکەن لەنەیارو ئۆپۆزسیۆن و دوژمنەکانیان، هاوکات شارەکان پڕدەکەن لەترس و غەمگینی و تەعزیخانەیەکی گەورەی جەستەیی و روحی و دەروونی دەخولقێنن، نەخێر وەکچۆن دیکتاتۆرەکان دروستکارو بەرهەمهێنەری جەلادو بکوژی راستەقینە و تایبەتن، بەهەمانشێوە دەسەڵاتە ستەمکارو تۆتالیتارو مەزهەبییەکان خاوەنی دنیایەک جەلادی کولتوری و فەرهەنگی و رۆشنبیری و شارستانیین. دواجار داعش و ئە فاشیزمە ئاینی و ترسناکە دوایەمین بەرهەمی ئەو ئیمپراتۆریەتی مەرگەیە کە لە یەکەمین شمشێری ئیسلامەوە دەستپێدەکات تا هەزاران شمشێری جیاوازی مەرگ و مەزهەب و تیرۆی جیهانی و داعش.

## كۆڕەو تیرۆر

لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی دیاردەیەکی جیهانی وەک دیاردەی کۆچ پێویستی بە دیدو روانینێکی زانستیء ئەکادیمی هەیە بۆ بەرجەستەکردنی خودی دیاردەکەو شیکردنەوە و پێناسەکردن و خوێندنەوەی دیوە دیارو نادیارەکەی لەڕوی کۆمەڵایەتی مێژووی و ئەنترۆپۆلۆژییەوە. ئاشکرایە، دیاردەیەک نییە لەجیهاندا پەیوەندی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی نەبێت بەسەرا پای ژیانی شارستانییەوە، واتە هەریەک لەم چەمکانەی لەوڕۆدا بوتە جێی باسووتوێژ، وەک سیاسەتی ئەوڕۆی جیهان و دیموکراسیەت، کۆمەلگای مەدەنی،ململانێی شارستانییەکان، ناشونالیزم، رەگزپەرستی، نەژادپەرستی، ململانێی رەگەزونەتەوە جیاوازەکانی دنیا، مەسەلەی تیرۆریزمی جیهانی، تیرۆری مەزهەبی و ئاینی و تایفی، ئایدۆلۆژیای ئایندە، سیستمی پاش مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی و ئاین و ئاینزاکان،گروپە توندرەوەکانی دونیای ئەوڕۆ، جیهانگیریو پانتایی بازرگانی جیهانی، ئینتەرنێت و تۆڕی گەردوونگەرایی جیهانی، بچوکبونەوەی گەردون بۆ گوندێکی پڕ زانیاریء پەیوەندی، مۆدێرنیزم و تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندی و بەرهەمهێنان، میدیای کیشوەربڕ، سەتەلایت و وێناکردنی دنیا لەڕێی گلۆبالیزەیشنەوە، بزوتنەوەی ناشوێنالیزمی نوێ و کێشە نەتەوایەتی و ئینتینەکانی جیهانی سێیەم و پەیوەندی سەرەتاسەری سەرجەم ئەم چەمکانە بەدیاردەی کۆچەوە، هەڵبەتە کۆچ وەک دیاردەدەگەرایەکی جیهانی بێبەش نییە لەو گۆرانکارییە گەورانەی کە بەسەر جیهان و مرۆڤەکاندا هاتووە، هاوکات ناکرێت دەوروکاریگەری لەئاست ئەو ئاستە ژیارییە نوێیەدا بچوکبکەینەوە، لەقەفەزی ولاتێکدا بەندی بکەین و نێوخۆیی بکەینەوە، یان جێبیایەخی بەرجەستە بکەین لەچوارچێوەی ولاتێک یان نەتەوەیەکی پەراوێزی جیهاندا، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئاشکراکردنی دیووە هەرە جیهانییەکەی دیاردەکەیە و دۆزینەوەی زۆرێک لەوپەیوەندیانەیە کەمێژووی مۆدێرنی کۆچ دەبەستێتەوە بەئێستا و داهاتووو مێژوویی دێرنی کۆچەوە.

تیرۆری گلۆبالّ و وەحشیگەریی مەزهەبی و ئاینی هەر لە کاولکردنی شارستانییەوە تا سەربڕینی مرۆڤ و لاقەکردن و خاپورکردنی ئابوری و تۆقاندنی شارستانییەوە، پێکڕا لە ئەفغانستانەوە بۆ ئەمریکاو عێراق و سوریا و غەزەو ئیسرائیل و تا ئێران و لوبنان، سەرجەم پەیوەندییەکی هەمەلایەن و سەرتاپگیری هەیە بە ناوچە و کیشوەر و تەواوی جیهانەوە. زۆر بەتایبەتی پێکڕا کۆمەڵێک فاکتری بناغەیین بۆ بەرپاکردنی کۆچی بە لێشاوی ئاین و کولتورە جیاوازەکان وەک کۆڕەوی ناوخۆ، هاوکات کۆڕەوی ناوخۆش هۆکارێکی بەهێزە بۆ بەرپاکردنی کۆچی دەرەکی واتە کۆچ بەرەو ولاتانی دراوسێ و خۆرئاوا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگی ئێمە - ڕێکەوتی: ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤

# كۆڕەو وەک ناسنامەی گەلی کورد



ئا: شێنێ محەمەد

## ئاوارەبوونو دەربەدەری بووەتە چیرۆکی ژیانی کورد

فاتیح محەمەد عبدولقادر ئەو پیاوە بوو کە ساڵی ١٩٥٠ لەگوندی عەبابەیلێ لەدایکبووەو باس لەوە دەکات تەمەنی تەنها ١٣ساڵ بووە کە لەپۆلی شەشەمی سەرەتایی بووە واتە ساڵی ١٩٦٣ لەسەردەمی زەعیم سدیق ئەو شارو دیهاتانەیان بۆردومان کردوەو دەڵێت: بەو هۆیەوە چەند هاوڕێیەکی شیرینم شەهید بوونو دوای ئەوە ئاوارەبووینو بەماڵەوە کۆچمانکرد بۆ هەڵەبجە، لەوێ توانیم درێژە بەخوێندن بدەم تا ١٣ - ٤ - ١٩٧٤ چەند رۆژێک دوای بۆردومانی قەڵادزێ فڕۆکە بەعسیەکان کە ژمارەیان چوار دانە بوو هاتنە سەر ئاسمانی شاری هەڵەبجەو ئەو شارەیان بۆردومانکردو سەدەها شەهیدو بریندارى لێکەوتەوەو دیسان جارێکی تر ئاوارەییو دەربەدەرەی ئەمجارەیان چووینە گوندی سازان، ئەوکاتە دێهاتەکان چۆڵنەکرابوون. فاتیح محەمەد دێژەیدا بە بەسەرهاتەکەو وتی: بۆ دوای سێ رۆژ رۆیشتین بۆ ئێران لەوێ لەئۆردوگای سەریاس ٧ مانگ ماینەوە، بەڵام دواتر بەهۆی ساردو سەرماو باران بارینەوە هەمومانیان گواستەوە بۆ ئۆردوگای (انزڵ) پاش ماوەیەک لەوێ ماینەوە ساڵی ١٩٧٥ هەتا نسکۆی ئەو ساڵە. پاشان گەڕاینەوە هەڵەبجەو لەساڵی ١٩٧٩ کاتێک شەڕی نێوان عێراق ئێران دەستی پێکرد، پاش چەندان ساڵ ماڵوێرانیو بۆردومانی بەردەوام، لەساڵی ١٩٨٨ دا بەهۆی کیمیابارانەوە بەرەو ئێران ئاوارە بووین، بەڕاستی ئاوارەبوونو دەربەدەری بووەتە چیرۆک لەژیانی هەریەک لەئێمەی کورد.

### چوارجار خانوویان لەچوار شوێنی جیاواز کردوەتەوە

فاتمە حەمە سەعید، ژنێکی تەمەن شەستو پێنج ساڵی دانیشتوی قەزای سەیدسادقە لەسنووری ناوچەی شارەزوورە، تائێستاش چوارجار خانوویان لەچوار شوێنی جیاواز کردوەتەوەو تێکدراوە.

سەیدسادقیش یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا خانووەکانی بەتەواوی وێرانکرانو دانیشتوانەکەشی راگوێزرانە ئۆردوگا زۆرەملێکان.
فاتمە وەک زۆرێک لەژنەکانی تری کوردستان، نەک هەر قوربانی کارەساتەکان بووە بگرە ئەرکو ناخۆشیو نارەحەتیو خەموخەفەتەکانیشی هەڵگرتووە.

ئەم خاتوونە کە ئێستا تەمەنی شەستو پێنج ساڵە، لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا لەبارەی ماڵوێرانی گەلی کوردەوە، دەگێڕێتەوە کە هەر لەسەرەتای تەمەنی گەنجێتییەوە ماڵوێرانیو نارەحەتی زۆری بینیوە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە هاوسەرگیری دەکات لەیەکێک لەگوندەکانی سنوری شارەزوور، ئەو گوندەی ئەوانیش بەر شاڵاوی وێرانکردنی گوندەکان دەکەوێت، ئەو دەڵێت لەساڵی ١٩٧٨ حکومەتی بەعس گوندنشینەکانی (داگرت) رەوانەی ئۆردوگاکانی کردنو گوندەکانی دەسوتاند.

فاتمە لەبارەی ئەوەی کە چەندجار ماڵیان تێکدراوەو وێران بووە، دەڵێت: بیرم بێت ئێمەی کورد هەر دەربەدەرو ماڵ وێران بووین، تائێستا چوارجار خانومان کردووەتەوەو روخێنراوە هەر جارەو لەشارێکی جیاواز.

جارێک لەگوند لەساڵی ١٩٧٨ ماڵەکەمان پێ چۆڵکراو گوندەکەمان سوتێنرا، دواتر راگوێزراینە ئۆردوگای شانەدەری لەساڵی ١٩٨٧و دواتر لەوێش ماڵەکەمان روخێنرا بەهۆی شەڕەوە لەدوای ئەویش بۆ سەیدسادقو لەوێش دیسانەوە ماڵەکەمان روخێنراو شارەکەمان وێرانکرا، لەوێشەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی برایەتی لەساڵی ١٩٨٩، دوای ئەوەش دیسانەوە ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوینەتەوە سەیدسادقو ماڵمان دروستکردوەتەوە.

### زیاتر لە ١٠ جار دەربەدەرو ئاوارەبوون

حەسەن عەلی قەڵادزێیی ٢١ کەس لەبنەماڵەکەی لەشەڕی شەهید بوون، ئەمە لەلایەک بەڵام هەروەک خۆی دەڵێت: وەک لەزمانی باوکمەوە چەندان جار بۆی گێڕاومەوتەوە کە کورد ئاوارەو دەربەدەر بووە، ئینگلیز چەندان جار شەڕی پێ

فرۆشتووین لەمێژووی ژیانی خۆشمەوە کە لەساڵی ١٩٥٣ لەدایکبووم بەبیرمدێت لەساڵانی شەستەکانەوە تاوەکو حەفتاکان سێ جار ئاوارەبووین‌و ماڵی خۆمان جێهێشتووەو ژن‌و منداڵەکان دێ بەدێ گەڕاون. لەدوای ساڵانی حەفتاکانیشەوە لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ رژێمی فاشیزمی بەغدا کارەساتێکی گەورەی بەسەر قەڵادزێ هێناو بۆردومانی کرد، دیسان ئاوارەو دەربەدەر بووین. حەسەن عەلی وتیشی: دوای ئەوەش شەڕی ئێران عێراق دەستی پێکرد، لەبەرئەوەی قەڵادزێ داڵدەی زۆری کەسی داوەو لەگەڵ شۆڕشی ئەو سەردەمە بووە، جارێکی تر لەساڵانی هەشتاکاندا دەربەدەرو ئاوارە بووین، واتا بەمێژووی ژیانی من زیاتر لە ١٠ جار شاری قەڵادزێ دەربەدەرو ئاوارە بوون‌و ماڵی خۆیان جێهێشتووە.

### باوکێک دەبینێت زۆر لەوە لاوازترە بتوانێت پاڵەوان بێت

ئەو وێنەیەی هەرگیز بیرمناچێت، وێنەی گریانی باوکم بوو لەکاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١. ئەمە وتەی شلێر حەمیدی تەمەن ٣٠ ساڵان بوو کە دانیشتووی شاری سلێمانییە. شلێر وەک ئەوەی لەمێژبێت حەزبکات شتێک لەسەر کۆڕەوی کوردان بڵێت زۆر تامەزرۆیانەو بەغەمێکی قووڵەوە باسی لەو بیرەوەرییە بەئازارنە کرد: شتێک کە هەمیشە کوردم بیردەخاتەوە کۆچو رەوکردنە، هەروەک چۆن هەمیشە بەفر ریشۆڵەم بیردەخاتەوە، بەردەوامیش کۆڕەو و کۆچپێکردن کوردم بیر دەخاتەوە. ئەو کچە بەکاریگەرییەکی زۆرەوە بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی حیکایەتی کۆڕەو "من تەمەنم ٧ ساڵان بوو کاتێک لەگەڵ ماڵی خۆمان‌و ماڵی مامم لەسەیارەکەی باوکمدا سلێمانیمان جێهێشت بەرەو سەر سنوور. رەنگە قورس بێت باس لەهەموو ئەو شتانە بکەم کە لەو کۆچو رەوەدا بەریانکەوتم‌و بۆ هەتا هەتایە کاریگەرییان لەسەر ژیانم دانا، بەڵام یەکێک لەو شتانەی کە مەحاڵە بتوانم لەبیری بکەم ئەوەبوو بۆ جاری یەکەم بوو لەژیانمدا باوکم بینی گریا. هەر لەو ساتەدا هەستم بەشتێک کرد کە لەجێی خۆیدا نییە، چونکە باوکم پاڵەوانی خەونەکانی من بوو لەو تەمەنەدا، هەرچی دێوی ناو حیکایەتەکانی منداڵی هەیە بەدەستی باوکم سەریان پان دەبۆوە، بەڵام ئێستا بۆ یەکەمجار باوکێکم دەبینی زۆر لەوە لاوازتربوو بتوانێت پاڵەوان بێت.

شلێر وەک ئەوەی نهێنییەکی زۆر گەورە بدرکێنێت بەدەنگێکی لەسەرخۆتر بەردەوام دەبێت: بیرکردنەوەی لەو گریانەو گریانەکانی دواتری باوکم رەنگە نیوەی ژیانی منیان بەخۆیانەوە خەریک کردبێت، چونکە ئەوە بۆ دواجار نەبوو کە باوکم بینی گریا. هەمان باوکو هەمان پاڵەوانەکەی منداڵیم پاش ٥ ساڵ جارێکی تر بۆ رۆیشتن‌و شار بەجێهێشتنی بەشێکی زۆر لەخەڵکی ئەمە شارە دیسانەوە لەبەرچاوی من‌و هەموو خوشکو براکانم‌و دایکم دەستیکردەوە بەگریان، هەر بەدەم گریان‌و ترسەوە ئەوجارەش کۆڵانەکانی منداڵی ئەم شاری ژیانەمان جێهێشتەوە.

ئەو کچە کاتێک دەزانێت گەیشتووە کۆتایی حیکایەتەکەی بەجۆرێکی باوەڕبەخۆبووانە دەڵێت: بیرەوەری من لەگەڵ کۆڕەو

هەمیشە بەوە دەست پێدەکات کە باوکم دەبینم دەگری، هەروەک ئەمجارەو بۆ دواینجار باوکم لەگەڵ کۆڕەوی کوردانی ئێدزیو ئەو کارەساتە مرۆییە، بەدیار تیڤییەکەوە بۆ دواینجار لەپێشچاوی ئێمە دایە پڕمەی گریان. ئەوەی کە ئێستا بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە دەڵێم ئاخۆ دەبێت باوکم چەند جاری تر بەلەوەی من هاتبمە دونیا بۆ کوردو کۆچی کورد گریابێتو ئێستاش دەبێت چەندجاری تر بۆ کوردو کۆڕەو و کارەساتەکانی بگری.

سایتی یەکێتی ژنانی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---



# دایکم و کۆڕەو



ئارام ئەحمەد

بوونی ئازار گرنگ نییە، ئەوەندەی ناسین و دەرککردنی واتادارە، گوناهیش هەروایە، ئەوەی گرنگە نەخولقاندن و نەکردنیەتی، یاخی بوون لە هەموو نەزمە مەوجودەکان دەکرێت چارەنوست بێت، ئەوەی بەتەواوی نوقمی گەورەیت دەکات، یاخی بوونە لەخودی ئەقڵ، خودی ئەقڵ خۆی دیکتاتۆری، ویست، دڵ، ئارەزو، ئاوات و ئامانجەکانی ئینسانە، زۆر جاران هەر ئەقڵ دەتکاتە کۆیلە، سەرت پێدادەخا، دەستەمۆت دەکات و دەتخەسێنێت، ڕازیت دەکات بە هیچ.

لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا، ئەو شتەی کە بەتەواوی پشتی پیاو دەشکێنێت، مەسەلە ناموسیەکانە، باوکم کە بە شدەت دژی من بوو لە سیاسەت کردن و دژە ڕژێمی، هەم منداڵیەکەم و بێسیقەیم لای ئەو، هەم تۆقین بوو لەبوونی چوار خوشک، ئاخر بەعس ئامانی نەبوو، هەرشتێکی دەشێلا بهاتایەتە سەر ڕێگای،ئەمە سەرەتای یاخی بوون و گەڕانی من بوو.

ماوەیەک بوو لەبەردەم دواناوەندی ژیندا ژورێکی قوڕینەم بەکرێ گرتبوو، کە یەکەم جار پێم نایە ئەو حەوشەیە، دایە"حەلاو" کە خاوەنی خانوە چوار ژوریەکە بوو، وتی ڕۆڵە گیان تۆ مامۆستای؟وتم نەوەڵا دایە گیان بۆ؟ وتی ئەی تۆکتێب نەبێت هیچت پێ نییە، وتم ڕاستە هەندێ شتی تریشم هەیە ئەوانیش دەهێنم، ئەمە کۆتاییەکانی ساڵی هەزارو نۆسەدو نەوەد بوو، تا دوای ڕاپەڕین، ئەو تەنها ژورە قوڕینە هێلانەی ئەم باڵندە سەرەڕۆو تەرەوماندوە بوو.

ئەو ئێوارەیە کە بانگەشەی شار بەجێهێشتن و ئاوارە بوون، هەموو کە لەبەرەکانی ژیانی گرتەوە، تاریکایی باڵی بە سەر

شاردا کێشابوو، وەک شار لە عابەیەکەوە پێچرابێت، تەنانەت ڕوخساری خەڵکەکەیش تاریک، لە سەر شەقامی برایم پاشا، خەڵکانێکی زۆر بە هوتافکێشانی" گولەو تۆپ و تەیارە دەرمان ناکات لەم شارە" لە قوتابخانەی ژینەوە بەرەو گردی سەیوان ڕێیان دەکرد، یەکەم وێنە کە هاتە پێش چاوم خوشکە بچکۆلەکەم بوو، نەعلەکانی گرتبوو بە دەستیەوە، لێو بە بارو قژ ئاڵۆزکاو، هەناسە سوار، بە بێ ئەوەی فریای خۆ گۆڕین بکەوێت، بە ماکسیەکەی بەریەوە هاتبوە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەو هاواری دەکرد، کە ئەم شارە بەجێناهێڵێت، ناهەقی نەبوو ئاخر جێهێشتنی ئەو شارە، وەک مردنی دایک و ئاخرین ماڵئاوایی وابوو، کێ هەبوو بیر لە بە جێهێشتنی سلێمانی بکاتەوەو ئەژنۆکانی نەشکێت و چاوەکانی ئەوقی فرمێسک نەبێت؟، یادگاریەکانی، شەقام وکوچەو کۆڵانەکانی، باوەش و دڵنەرمیەکانی، تورەبوون و جوانیەکانی،وەک فلیمێکی سینەمایی بە مێشک و گیان و بیرو تەنانەت ئێسقانەکانیشیدا گوزەر نەکات.

ئەو شەوە وەک حەزرەتی مەولەوی دەمووت "ئەمشەوبە هەر حاڵ شەو بە ڕۆژ کەرو، خوا سا ڕەحمێ سوبحەی چش کەرو" هەر بەڕاستی منیش دەمزانی کە ئاقیبەت ڕۆژ دەبێتەوە، بەڵام سبەینێ چی بکەم و چی دەگوزەرێت، کێوی محاڵ بوو.

بەیانیەکەی چومە نقابەی کرێکاران و بارەگای بەرەی کوردستانی، دەرگاکانیان قوفڵ درابوون، پێشمەرگەکانی بەرە کە چەند ڕۆژێک پێشتر لایەنگرەکانیان بە شەقامەکاندا دەگەڕان ودەیان وت "تاجی سەرە"پێش هەموو کەس شاریان سپاردبوە دەستی بێکەسی و چۆڵیان کردبوو، سەر بەرەو خوار بومەوە بۆبەردەم مزگەوتی گەورە، هەموو کۆترەکانی سەر گومەز بە باڵەکانیان ڕەویان دەنوسییەوە، ناوحەوشەو بەردەرگاکەی، ئەوەندە ئاوارەی کەرکوکی تێرژابوو، وەک دەڵێن دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر زەوی، میلەتێکی بێکەس، بێ ئاینده، تاریک، برسی ورەش ورووت، کە لە سیمایان ڕادەمایت، ئاواتت بە مەرگی خۆت دەخواست و ژیان هیچ مانایەکی نەدەما، ماوەیەک تێیان ڕامام و تاس بردمیەوە، لەوێوە بۆ بەرسەرای جوان و بە شەقامی پیرەمێردا هاتمە سەر شەقامی تویمەلیک، بۆ ئەوەی بمەوێت لای تەنکی ئاواکەی تویمەلیک گیرسامەوە، لەو بەر شەستیەکەوە، دۆشکەیەک دانرابوو، کوڕێکی باریکەلەی گەنج تەنها بە کراس و شەرواڵێکی ڕەشەوە، سازو ئامادە بۆ تەقە کردن لە و کۆپتەرەی بە ئاسمانی شاردا دەسوڕایەوە، لێرەو لەوێش بای بناری گۆیژە دەنگ و هاڕەو هوڕی دەبابەکانی ئەدا بە گوێمدا، گەیشتمە بناری گۆیژەو دەستم بە ناو سنەوبەرەکان گەیشت، کۆپتەری تاین لە دۆشکەکەی داو کۆتایی بەوەش هێنا، ئان و سات بە چاوەکانی خۆم دوانزە دەبابەم بژارد لەسەر شەشتیەکە ڕاوەستان و چەند دەبابەیەکیش بەرەو ئەزمڕ ڕۆیشتن، کە سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد، تەنها چەند دەقیقەیەکی دەویست بۆ یانزی پێش نیوەڕۆ، لەوێداچەند کەسێک لە دەبابەی یەکەم دابەزین و بە دووربین سەیری گۆیژەو چوار دەوریان دەکرد و لەهەموو لایەکەوە شاخەکانیان دادەگرتەوەو بارانی گولەیان دەباراند، پاش کەمێک ئەو ناوەیان چۆڵ کرد بەرەو شەقامی سلێمانی عەربەت، منیش خۆم گەیاندە سەر لوتکەی گۆیژە، ئیتر ئاسمان تەقی، باران بە جۆرێک شێتگیر بوو، دەتگووت هەموو دەریاکانی گێتی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە یەک بینە بەسەر ئێمەدا دەیبارێنێت، هەزاران کەس هەریەکە بە جۆرێک، بە



سەرچاوە
Serchawe

ڕێگایەک، بە جۆرەێک لە جۆرەکان ڕێیان دەکرد، بە بێ ئەوەی هەوارێک هەبێت خۆیی بۆ بکوتن، ئەوەی کە گرنگ بوو ڕۆیشتن بوو، بۆ کوێ؟ کەس نەبوو وەڵامی ئەم پرسە بداتەوە.

لەسەر گۆیژە مات و مەلول دانیشتم، شار لە ژێر ڕوانینمدا ماندو باوێشکی دەدا، وەک کەو بارێک کە بە تەڵەوە بوبێت سەری کز کردبوو، لەیەک چرکە ساتدا، تەواوی مێژووی خۆم، کۆڵانەکان، بەیانیان و ئێوارانی شەقام و بازاڕەکانی، منداڵانی گەرەک و ژنانی ماندو، کچانی عاشق و کوڕانی وێڵ، بیرەوەریەکانمیان بە زاڵە دەهێناو گەروم بە گریان و دڵم بە پڕی داگیرا، چەشنی لیمۆیەک کەدەیگوشن و تەنها توێکڵەکەی دەمێنیتەوە، بەوچەشنە هەستم دەکر قەترەیە خوێن بە دڵمدا گوزەر ناکات، هەتا چاوم لە سەر ڕوخساری شار لابردایە، نائومێد تر، وێران تر، بە جۆرێک ڕەش دادەگەڕام، کەدەبوو لەسیمای مندا بۆ تاریکایی ورەنگی ڕەش بگەڕایتایە.

بەو پەڕی نائومێدییەوە پشتم کردە شار، دامکێشا بەرەو دوکانیان و بەناو گوندی عازەباندا، چومە ئەورێگایەی لەشوکێ وکانی دڕکەوە دەهاتە خوارو ئاو هەمووی داپۆشیبوو، هەر بەناو ئاوەکەدا خۆم گەیاندە ئەو تەختاییەی شاخی سیەر شانی لەسەرداداوە، لەوێدا کچێکی کەرکوکی ئەگەر بە مریەمی بچوێنی هێشتا غەدرت لێکردوە، کە تەمەنی هەروا پانزە ساڵانێک دەبوو، دوو منداڵی پێ بوو کە یەکیان پێی نەگرتبوو، ئەویشیان وەک دەڵێن تازە دارە دارەی بوو، دەبوا دەستی بگرێت ئەوسا دەیتوانی زۆر بە وردی ڕێ بکات، لەمەش بەدەر گوێنیەکی پێ بوو، کە هەندێ جل وبەرگ و نانی وشکی تێدابوو، هونەر وتوانایی ئەم کچە لەوەدا بوو، هەموو ئەو ڕێگایەی بە دوو جار دەبڕی، بۆ نمونە پەنجا هەنگاو منداڵەکەی بە باوەش دەبرد ودەگەڕایەوە بۆ فەردەکەو ئەو منداڵەی کە تازە پێی گرتبوو، کە من بە ماکسیە جەرگیکەیەوە بینیم، ئیتر نەمتوانی بەلایدا بڕۆم و بەجێیبێڵم، هەرچەند کلاشیکۆفێک وشەش مەخزەنم پێ بوو، بەڵام پێم شەرم بوو لەسەر ئەو هەموو برسێتی ماندو بوونە فرێی بدەم، چونکە هەر لە منداڵییەوە باوکم دەیووت"پیاوی مەرد نە ڕێگا دەدات چەک بکرێت، نە لە تەنگانەدا چەکەکەی فڕێدەدا"منیش غروری پیاوەتی وئەو ئەقڵە وایکردبوو، کە ئامادە بووم بمرم بەڵام چەکەکەم فڕێ نەدەم، ئەوانیشم کردە هاوسەفەری خۆم و بەژێر ڕێژنەی باران و سەرمادا شاخی بەرزی"سیەر"مان بڕی و بە گوندی کاولی حاجی مامەندا بەرەو خوار بوینەوە، شەو گەیشتینە ناڵپارێزو هەموو ئەو ناوە هەزاران کەسی تێدا بوو، وەک پورە هەنگ چۆن دەوروژێت، هەریەکە بەلایەکدا، بە چاوی پڕ لە فرمێسک وئاهو نزاوە دەڕۆیشتن و، دەگەڕان بۆ کەس و کاری ونبوویان، ئەوەی کە بۆ من جێگای خۆشحاڵی بوو، هاوسەفەرەکانم کە ئەو کچەو دوو منداڵەکە بوون، دایک و باوکی خۆیان دۆزیەوەو باوەشیان بەیەکدا کرد، کێ دەیتوانی ئەو باوەش و ئەو هەموو گریان و قیژەیە ببینێت و خۆی بگرێت؟، کێ دەیتوانی وەک ئەوان لە بانگ و سەدای شیوەن نەداو پر بە چاوی فرمێسک هەڵنەوەرێنێت؟، دوای ماڵئاوای و باوەشی دایک و باوکی ئەو منداڵانەو سوپاس گوزاریان بۆ من، ماڵئاوایم لێکردن و لەوان دابرام، لێرەوە گەڕان بە شوین بنەماڵەکەمدا لە مێشکی دام.

دوو جار چومە پێنجوێن نزارەو گۆخڵان و گەڕامەوە، ئاقیبەت لە گۆخلان بینیمنەوە، دایکم قاچی ڕاستی بریندار بوو بوو، ئەوەندە لەسەری ڕۆیشتبوو، برینەکەی بەتەواوی لێپیپس کردبوو، هەر هاوارو ناڵەی بوو، داوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەکرد هەتا ئەگەر بۆ مردنیش بێت، ئەو هاواری کردوو باوکم نەیبیست و تا بەتەواوی وێران بوو، ئەوەندە درەنگ بوو، ناچار باوکم هێنایەوە سلێمانی و بردیە نەخۆشخانە، دکتۆر بڕیاردا باشترین جارە بڕینەوەی ئەو قاچەیەتی، بە هەر جۆرێک بوو ڕازیان کردبوو قاچیان بڕیەوە، بەلام داخەکەم بۆ ئەمەش شانسی نەبوو،دوای بڕینەوەی ئەو قاچەیشی، دایە هەموو گیانی و ئاقیبەت ئێوارەیەک لە ئێوارەکانی ساڵی نەوەدو یەک گیانی لەدەست دا، ئەویشمان بە سەیوان سپارد.

سەیوان ئێستا دایکم و دوو ئامۆزاو برایەک و خوشکێک و پورو پورزایەکم و چەندین هاوڕێی لە براو گیانم شیرینتری لە خۆیداحەشارداوە، بە بێ ئەوەی منی هەڵوەدا ئەو بەختەم هەبێت جار جارە سەردانێکیان بکەم، جار جارە بڵێم ئەوەتام، تەنها لە دورەوە ناتان دوێنم، ئەوەتا لەگەڵتانم لە پاڵ کێلەکانتاندا دانیشتووم و یادگاریەکانتان دەنوسمەوە، حەڤدە بەهار کە بەپایز ڕەنگ ڕێژو ڕێکپۆش کراوە، کە ئاوسە بە خەم چاوەڕێم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی ٢ی ئاپریلی ٢٠١٣

## یادی کۆڕەو، یادی ریفراندۆمی نەتەوەییە



٢١ ساڵ لەمەوبەرو لەرۆژێکی وەک ئەمرۆدا، سەدان هەزار هاووڵاتیی کورد لەکوردستانی عیراق شارو شارۆچکەو گوندو ئاوایییەکانیان بەجێهێشت، هەموویان پێکەوە مێژوویییەکی پرشنگداریان بۆ خۆیان تۆمار کردو بەیەک دەنگ وتیان نا بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی زۆڵم و زۆرداری و ستەمکاریی.

لەو رۆژەدا، هاووڵاتیانی کورد پێکەوە، پیرو گەنج، ژن و پیاو و منداڵ و پەککەوتە بەشدارییان لەهەڵوێستێکی نەتەوەیی یەکگرتوودا کردو روویان لەناوچە سنوورییەکان کرد.

سەرەڕای دیوە سیاسییە گرنگەکەی، کۆڕەو دیوێکی مرۆیی کاریگەریی هەبوو. نەهامەتی و ئێش و مەینەتی هاووڵاتیانی کورد هەموو سنوورەکانی بڕی و دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، لەسەر رای گشتیی جیهانی و پشتیوانییەکی جەماوەری و رەسمیی گەورە بۆ ماف و داخوازییەکانی کورد دروست بوو.

کۆڕەو، رووداوێکی ئاسایی ناو مێژووی نزیکی کۆمەڵانی خەڵک نییە، بەڵکو کۆڕەو یادێکی لەیادنەچووی هەموومانە، رووداوێکی مێژوویی پڕ لەپەندو وانەی مێژووییە کەهەروا لەیادەوەریماندا ناسڕێتەوە.

ئەمرۆ یادی ئەو رۆژەیە کەهەموومان پێکەوە وتمان نا بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی زۆرداری و ستەم، ئەو رۆژەیە کەهەموومان پێکەوە ملی رێگایەکی نادیارمان گرت و تاڵی و نەهامەتی و سەرماو سۆڵی سەر سنوورەکانمان زۆر پێ باشتر بوو لەگەڕانەوەی دەسەڵاتێکی زۆردارو ستەمکار.

کۆڕەو کەکۆتاییەکی ناخۆشی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ بوو، بووە ریفراندۆمێکی جەماوەریی فراوان بۆ ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسییەکان بۆ شارەکانی کوردستان.

لەکۆڕەودا، یەکرێزی و یەکدەنگیی کورد لەهەمبەر زۆردای داگیرکەرو ستەمکار روونتر لەجاران دەرکەوت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی هەرێمایەتی ناچار بەوەرگرتنی هەڵوێست کردو هەر کۆڕەویش بوو کەڕای گشتیی جیهانی لەبەرژەوەندیی کورد خەملاندو بووە سەرەتای گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەرچەندە کۆڕەو کارەساتێکی مرۆیی بوو، بەڵام پەیامێکی سیاسی گرنگیش بوو بۆ هەموو ئەو لایەنانەی لەو سەردەمەی دۆخی کوردستان و عیراق و ناوچەکەدا بوونیان هەبوو، لەڕژێمی ڕەشی بەعسییەکانەوە، بۆ وڵاتانی هاوپەیمان، کەدواجار بووە هۆی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی دژە فڕین و دەستپێکردنی پڕۆسەی پرۆڤاید کۆمفۆرت.

لەگەڵ ئەوانەشدا، کۆڕەو کەرەستەیەکی کەلتووری و فەرهەنگی گەورەیەو دەکرێت پسپۆڕان و شارەزایانی کورد لەئێستا زیاتر کاری لەسەر بکەن و بیکەنە هەوێنی شاکاری ئەدەبی و سینەمایی و هونەری و فەرهەنگی و ئامرازێک بۆ زیاتر ناساندنی کێشەو نەهامەتییەکانی گەلی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٢



# کۆڕەو فێری کردم کەخاک پەرست بم



شەرمین کەریم

ژیان هەمیشە پڕە لەخۆشی و ناخۆشی، لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤ و بەدەستهێنانی ژیان لەلایەن مرۆڤەوە هەمیشە خۆشی و ناخۆشیەکان بەدواییەکدا رووبەڕووی مرۆڤ بوونەتەوە، کورد وتەنی لەدوای هەموو ناخۆشیەک خۆشیەک بەدی دەکرێت، میللەتی کوردیش لەسایەی سەری رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق هەمیشە رووبەڕووی جۆرەها ناخۆشی و بەشمەینەتی بۆتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە میللەتێکە لەهیچ زەمانێکدا سڵی نەکردۆتەوە بۆ دوژمنانی.

## چانسێکی گەورە بۆ کورد


هاتنی وەرزی بەهاریش ئەمجارەیان چانسێکی گەورەی بەکورد بەخشی و لەهەموو دونیادا دەنگیدایەوە ئەویش راپەڕینە شکۆدارەکەی میللەتی کورد بوو، ئەوەتا لەو راپەڕینە گەلی کوردی قارەمان هەرچی ناخۆشی هەبوو لەیادی کرد تەنیا لەبەر ئەوەی کە کۆتایی بەرژێمی زۆرداری بهێنێ، ٢١ ساڵ لەمەوبەر کوردستانیان راپەڕینیان ئەنجامدا لەگەڵیشی زۆرترین قوربانی و بەرخۆدانیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەوەستاو دژی رژێمێکی پان و پۆڕ راوەستاو لەئەنجامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆڕەوو تەداخول کردنی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا بەرامبەر بەکێشەی کورد لەگەڵ رژێمی لەناوچوو، دوای هەموو ئەو نەهامەتیانەی لەماوەی کۆڕەوەکەدا بەسەر گەلی کورددا هات، دوای ئەوەی کە دەربەدەری و دوورە وڵاتی چەشت، هەستی نەتەوایەتی و خاک پەرستی لەلای تاکی کورد بەهێزتر بوو، هەستی کرد کە هەرکەس بێ ماڵ و بێ لانە بێ و لەسەر خاکی خۆی نەبێ چەندە غەریب و بێگانە هەژمار دیارە، بۆیە ئەم مانشێتەی سەرەوەمان کە دەڵێ: (کۆڕەو فێری کردم کە خاک پەرست بم) قسەی سەرزاری ژنێکی جوامێرەو ئەو کاتەی کە رووبەڕووی کۆڕەو بۆتەوە لەگەڵ خانەوادەکەی

هەرزەکار بووەو دوای چەندین مانگ دەربەدەری و ئاوارەیی هاتۆتەوەو ئەو کاتەی پێی لەسەر سنوور ئاوا کردووە خاکی وڵاتەکەی خۆی کە کوردستانی شیرینە ماچ کردووەو سوجدەی بۆ خاکی وڵات بردووە، وەکو یادگاریەکیش هەر ئەو کاتە شوشەیەکی پڕ لەخۆڵی سەر سنووری هێناوەتەوەو تائێستاش وەکو یادگاری هەڵی گرتووە.

## ئازادی رادەربڕین

ئەم ژنەو هەزاران ژن و پیاوی تر پیرو پەککەوتەی تر گوێی نەداوەتە هەبوونی و نەبوونی ئەگەر بەنان و ئاوێکیش بێت گرنگ ئەوەیە لەخاک و وڵات و زێدی خۆی بێت، لێرەو لەوێ زۆر تاکەم هەمووومان گلەیی ئەوەمان هەیە کە زۆرشت هەیە لەدوای راپەڕینەوە تائێستا ئەنجام نەدراون و رەنگە هەقی خۆشمان بێت کە گلەیی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خۆڕاگر بین، چونکە هەر نەبێ بەئازادی دەتوانین ئاخافتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین، گلەیی و گازندەکانیان رووبەڕوو بکەینەوە بەبێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکمان لەسەر بێت، دەتوانین هەر کاتێک بمانەوێ رای خۆمان دەرببڕین بەئازادی، دەتوانین بۆ هەر کوێیەکی ئەم کوردستانە فراوانەدا بڕۆین بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێ رێگریمان لێبکات، لەهەمووی گرنگتر فشاری سەربازی و شەڕوشۆڕی نێودەوڵەتی بەرۆکی گەنجانمانی نەگرتووە بەو شێوەیەی کە جاران بەرۆکیانی گرتبوو، ئەمانە هەمووی دەستکەوتن جگە لەدەستکەوتەکانی تر کە بەشێوەیەکی بەرچاو خزمەتی میللەت دەکەن، بۆیە ئەوەی لەسەر هەمووومان پێویستە وردبین و دوور سەیر بکەین و بەراوورد بکەین، چونکە جیهان لەگۆڕانەو ژیان لەبەرەو پێشچوونە، پێویستە لەم قۆناغەدا خۆمان بۆ کارێکی گەورەتر ئامادە بکەین ئەویش یەکگرتنی هەرچوار پارچەی کوردستان و دروستبوونی کوردستانی گەورەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٢





سەرچاوە
Serchawe

# کۆڕەوی میلیۆنی وەک ریفراندۆم



**ڕێبوار حەمەلاو شوانی**

له ٣١ - ٣ - ١٩٩١، گەلی کورد له شار و شارۆچکه و گوند و ئاواییەکانیان بەجێهێشت، هەموویان پێکەوە مێژووییەکی پرشنگداریان بۆ خۆیان تۆمار کرد و بەیەک دەنگ وتیان نا بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی زۆڵم و زۆرداری و ستەمکاریی. لەو رۆژەدا، هاووڵاتیانی کورد پێکەوە، پیر و گەنج، ژن و پیاو و منداڵ و پەککەوتە بەشدارییان لەهەڵوێستێکی نەتەوەیی یەکگرتوودا کرد و روویان لەناوچە سنوورییەکان کرد. سەرەڕای دیوە سیاسییە گرنگەکەی، کۆڕەو دیوێکی مرۆیی کاریگەریی هەبوو. نەهامەتی و ئێش و مەینەتی هاووڵاتیانی کورد هەموو سنوورەکانی بڕی و دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، لەسەر ڕای گشتیی جیهانی و پشتیوانییەکی جەماوەری و رەسمیی گەورە بۆ ماف و داخوازییەکانی کورد دروست بوو. کۆڕەو، رووداوێکی ئاسایی ناو مێژووی نزیکی کۆمەڵانی خەڵک نییە، بەڵکو کۆڕەو یادێکی لەیادنەچووی هەموومانە، رووداوێکی مێژوویی پڕ لەپەند و وانەی مێژووییە کەهەروا لەیادەوەریماندا ناسڕێتەوە. کۆڕەو ی میلیۆن کورد کەکۆتاییەکی ناخۆشی راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ بوو، بووە ریفراندۆمێکی جەماوەریی فراوان بۆ رەتکردنەوەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی رەشی بەعسییەکان بۆ شارەکانی کوردستان. لەکۆڕەودا، یەکڕیزی و یەکدەنگیی کورد لەهەمبەر زۆردای داگیرکەر و ستەمکار روونتر لەجاران دەرکەوت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی هەرێمایەتی ناچار بەوەرگرتنی هەڵوێست کرد و هەر کۆڕەویش بوو کە ڕای گشتیی جیهانی لەبەرژەوەندیی کورد خەملاند و بووە سەرەتای گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچەندە کۆڕەو کارەساتێکی مرۆیی بوو، بەڵام پەیامێکی سیاسی گرنگیش بوو بۆ هەموو ئەو لایەنانەی لەو سەردەمەی دۆخی کوردستان و عیراق و ناوچەکەدا بوونیان هەبوو، لەڕژێمی رەشی بەعسییەکانەوە، بۆ وڵاتانی هاوپەیمان، کەدواجار بووە هۆی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی دژە فڕین و دەستپێکردنی پڕۆسەی پرۆڤاید کۆمفۆرت.

کۆڕەو ملیۆنی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ئەوەی ریفراندۆمێکی سروشتی بوو لە هەمانکاتیشدا هێندەی دژایەتی هاتنەوەی داگیرکەران و بکوژانی کوردەواری بوو، چەند هێندەش ترس بوو لەو داگیرکارو بکوژانەی کە کوردەواری ئەزموونی تاڵ و ناخۆشی مەرگەساتی ئەنفال و سێدارە و راگواستن و چەکی کیمیایی لەگەڵدا هەبوو، ئەگەر لایەنی سەرەکی یان دیمەنی گشتی کۆڕەو لەترس لەدڕەندەیی و دڵڕەقی بەعس و سەدامدا دەردەکەوت، بەڵام ئەم ترسە گشتییە، یان ترسی سەراپای نەتەوەیەک کە دەبێتە کردار یان بەکۆمەڵ رەو دەکات، سەیر بکەن چ ئایاتێک لەخەبات و تێکۆشانیان هێنایەدی و چ کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەرانسەری جیهاندا نەخشاند، مەترسی و کۆڕەوی کوردان بۆ هەڵاتن لەچنگی خوێناوی داگیرکار و دیکتاتۆر ئەو دەیە مەزنەی بۆ هەموو جیهان سەلماند: تەنانەت ترس و مەترسی بەکۆمەڵیش ئەگەر بکرێنە ئامرازی خەبات دەتوانن ژینگەیەکی گرنگ و شێوازێکی کاریگەر بۆ خەبات و تێکۆشان ئاوا بکەن، کۆڕەوی کوردان ئەوەی سەلماند کە مەرج نییە بۆ دژایەتی داگیرکاری و دڵڕەقی زاڵمان چەکمان پێبێت، یان بیرمەند و فەیلەسوف بین، یان پێشڕەو و جەنگاوەر بین یان سیاسی و سەرکردە بین، بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆڕەو سەلماندی ترسی بەکۆمەڵی مرۆڤە لاواز و هەڵاتووەکانیش دەتوانێت بەرامبەر بەزاڵمان و بکوژان بووەستێتەوە یان بەهەڵاتنی بەکۆمەڵ دەتوانێت ئەو بکوژ و دڕندانە ریسوا بکات، سەرەنجام کۆڕەو شێواز و ژینگەیەکی نوێی بۆ خەبات رەخساند، کە لاوازەکان، هەڵاتووەکان، ترسنۆکەکان و کەسە لاواز و پەراوێزەکان بوونە بکەر و قارەمان و پاڵەوانی ئەم خەباتە کە کۆڕەو بوو. کۆڕەو تەنها ترس و هەڵاتن نەبوو لەداگیرکاری و دیکتاتۆری، یان تەنها پیشاندانی مەترسی نەبوو بەرامبەر دڕندەیی و دڵڕەقی بکوژانی کورد، بەڵکو ئەوپەڕی ئازایەتیش بوو کە هەمووان دەستیان لەماڵ و سامان بەرداو روویان کردە نادیار و ناوچە شاخاوی و سنوورییەکان کە هەمووان دەیانزانی ژیان و مانیان دەکەوێتە ژێر مەترسیەوە، یان هیچ نەبێت بەرەو نادیاری ملیان نا. ئەم ئازایەتییە بەکۆمەڵە لەهەردوو ئاڕاستەی وازهێنان لەماڵ و سامان، کۆچکردن بەرەو نادیاری هێندە گرنگ و کاریگەر بوو کە هەمووان بوونە یەک چین و یەک ئاستی ژیان و گوزەران و هەمووان ماڵ و ژینگە و شوێنی حەسانەوەیان بووە شاخ و کێوو بن دارەکان، ئەمە ئەو ساتە گرنگەیە لەمرۆڤایەتی کە لەنەهامەتی و لەئەوپەڕی قوربانیدان و لەخۆبووردندا یەکسان بوون و ئەمجارە کوردستان سەلماندی کە یەکسانی چینایەت و یەکسانی لەژیان و لەماڵ و سامان و شوێنی حەسانەوەدا ئەگەری بوونیان هەیەو کورد لەم کۆڕەوەدا بەپلەی باڵا یەکسانی کردە شێوازێک بۆ ژیان و بۆ خەبات، ئیتر بە هەموو جیهان گووترا کە گەلی کورد ئامادە نییە ژیانی داگیرکاری و ژێر دەستی قبوڵ بکاتەوە. بەر لەکۆڕەو، کورد دژی ستەمکارترین دەسەلات راپەڕی کە ئەویش رژێمی بەعس بوو. راپەرین، لە بەرواری ٥ی ٣ی ١٩٩١ ئەنجامدرا و کۆی ناوچەکانی باشوری کوردستان بەکەرکوک و خانەقینەوەش رزگاکرا، بەڵام راپەرینە مەزنەکەی ١٩٩١، ئەو دەستەواژەیەی بەزووترین کات لە ناو جەماوەر و میدیای کوردی بلاوکرایەوە زوو دامرکایەوە. کە تەمەنی مانگێکی تینەپەراند. ئەوەبوو لە بەرواری رۆژی ٣١ی مانگی ٣ی سالی ١٩٩١ نەتەوەی کورد تووشی نسکۆ و کارەساتیکی مرۆیی گەورە بویەوە کە ئەویش کۆڕەو بوو. کۆڕەو بەرنامەریژی نەبوو، بەلام بوو بە مەزنترین خەباتی مەدەنی سەردەم، کە لەزۆر کارەساتەکانی تر کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە دەنگیدایەوە .سەدام حوسین دوای شکستە یەک لەدوایەکەکانیی و کۆتاشکستی لەشەری داگیرکاری کوێت و کەنداوی دوو.

دەیویست جاریکی تر لەرێگای هێزەوە شکستەکانی قەرەبوو بکاتەوە،چونکە سەرکەوتن بەشێکی دانەبڕاوی ئایدۆلۆژیای بەعس بوو.

پرۆژەی بەعس وەک پرۆژەی نازی و فاشیی و دەسەلاتە تۆتالیتارەکان لەسەر لۆژیکی گۆرینی نوشوست بەسەرکەوتن بنیاتنراوە، چونکە سەرکەوتن لەفیکری بەعسدا لەمانا رەمزییەکەی دەچێتە دەرەوە و دەبێتە خواستێکی شەڕانگێزانە. ئەگەرچی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال نەیانتوانی جووڵە بە ویژدانی وڵاتە زلهێزەکان و نەتەوەیەکگرتوەکان و زۆر لەریکخراوە خیرخۆازییەکان بکەن، بەڵام کۆرەو ئەو رووداوە ناوازەیەی مێژووی مرۆڤایەتی بوو کە بۆیەکەمین جار زۆرینەی نەتەوەیەک لەترسی کۆکوژی کۆڕەو بکەن. ئەم کارەساتە جەرگبڕەکان هەرزوو کەوتنە بەرزوومی بەشێک لەمیدیا جیهانییەکان. جگەلەوەی بەشێک لە ئەکتەر و هونەرمەندەکانی ناودارەکانی جیهان و ریکخراوە مرۆڤدۆستی و وڵاتانی سەردەست هاتنەدەنگ دژ بەقڕکردن و چۆڵکردنی نیشتیمانی ئەو هاونیشتیمانیانەی بەرەو پیری سنوورەکان ئێران - عیراق، تورکیا - عێراق، دەچوون. کۆڕەو هاوار و ناڵەی نەتەوەیەک بوو بۆ هەمو دونیا، لەبەرامبەر ترس و تۆقاندن و کۆکوژییە بەردەوامەکانی رژێمی بەعس کە چیتر بەژێردەستەیی رازیی نییە، وێنە و دیمەنە تراژیدییەکانی کۆڕەو، ویژدانی مرۆڤایەتیان دەهەژاند، ئەوەبوو بە پشتیوانی و هاوکاری وڵاتانی زلهێز ناوچەیەکی ئارام لەباکوری عێراق بۆ پاراستنی کورد لە دەستدرێژی هێزەکانی عیراق و ناوچەی دژەفڕین لەباکوری هێڵی پانی ٣٦ داندرا. و بریاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق دەرکرا، بەمەش قۆناغیکی نوێ لەژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی هاتەکایەوە. کۆڕەو رۆیشتن و سەرهەڵگرتن بوو بەرەو چارەنووسێکی نادیار. خەڵکی کورد چارەنووسی نادیاری پێ باشتر بوو،وەک مانەوە لەژێر دەستی سوپا سەرکوتکارەکەی رژێمی بەعس. لەودەمەش کەشی دونیا باراناوی بوو، ئەو خەڵکە لەژێر رەحمەتی توندوتیژی سروشتدا دەژیان. بەپێی هەندێک سەرژمێری ئەو دەمە، بەهەزاران هاولاتی بەهۆی سەرماو سۆڵە گیانیان دەرچوو. جگەلەوەی لەرۆژەکانی یەکەم و دووەم، بەعس دەستی کرد بە گولەبارانکردنی خەڵک و تۆپبارانکردنی ماڵان و دەستدرێژی کردنە سەر بەشێک لەو خێزانانەی کە مابوونەوە.کۆڕەو تەنها وشەو چەمکێک نەبوو بۆ رەوی زیاتر لەملیۆنێک مرۆڤ. بەڵکو ترس و کۆکوژی رەهەندێکی سەرەکی ئەو رەوە گەلەکۆییە بوو.کۆڕەو سیمبولی چەوساندنەوەی نەتەوەیەک بوو، بەلام تا ئیستا ئەم کارەساتە و هەمو کارەساتەکانی تر نەیانتوانی ببنە ناسنامە و سەروەری و باشترکردنی ژیانی نەتەوەیەکی بێ دەولەت. کۆڕەو تەنها رووداوێک نەبوو و نییە لەرابردوو، بەڵکو ئەگەرێکە بەردەوام لە پێشمانەوەدایە. بۆیە، پێویستە گەلی کورد لە پێناو پاراستنی شوناس و مێژوو و دەستکەوتەکانی و هەروەها داکۆکیکردن لە مافەرەواکانی کوردایەتیی بکات و و یەکریز بێ، چونکە یەکهەوڵوێستی کلیلی سەرکەوتن و بەدەسهێنانی مافەرەواکانە.

سەرچاوە: سایتی هەولێر - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# مانگی ڕاپەڕین و کەرکوک و کۆڕەو



محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی

* تۆ دیوێنێ شەو باسێکی خۆشی ڕاپەڕینت بۆ کردم. وەکو پێم وتی: بەهۆی ئەو ڕاپەڕین و تێکچوونی دۆخی عیراق و بە تایبەتی بەغداوە. کەس نەیدەتوانی سەردانمان بکات. تەنها سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵەکان لە ڕێگەی هاوڕێ قاچاخەکەمانەوە بوو. لە ڕێگای ئەوەوە دەمانزانی کە چی لە ڕانیە ڕوویداوە. کە سلێمانی چۆن بۆتەوە بە سلێمانییەکەی ڕۆژی شەشی ئەیلول. لەکاتی گرتنی ئەمنە سوورە باستیل ئاساکەی شارەکە چۆن جەماوەرەکەی لە خەمی هاورێکانماندا بوون، تا نەهێڵین ناپیاوەکانی ناو ئەمنەکە لە داخی پاشەڵی خۆیان لە ناویان نەبەن و هەر زوو بەسەلامەتی لە ژوورە تاریکەکانی ئەو ئەمنە دەریان هێنان و بە کەس و کاریان شادیان کردوونەتەوە. ئێمە کە ئەوەمان دەبیست ڕقمان هێور دەبۆوە.

* برا لە ڕاپەڕین ڕووداوێکی زۆر گرنگی مێژوویی، ئەوەندە گەورەیە بە شەو و دوو شەو باسکردنی تەواو نابێت. ڕاستە ساڵانی کۆن ڕاپەڕین و خۆپیشاندان کراوە. بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا ڕاپەڕینی وا نەکراوە. ئەزانی بوو بە خەباتێکی نوێ و وەرچەرخانێکی مێژوویی لە مێژووی گەلەکەماندا؟ ئەو سەرکەوتن و دەستکەوتانەی لە ڕاپەڕیندا بەدەستهێنرا، بەهەموو ساڵەکانی شۆڕش بەدەست نەهێنراوە. ڕاپەڕین وەکو ئاگرێک بوو لە پوش و دارستانی چەند ساڵەی داگیرکەرەکەمان بەربوو. نەکوژایەوە تا هەر هەموو شار و شارۆچکەیەکی کوردستانەکەمانی پاک نەکردەوە. ئاگرەگە خۆی بەناو کەرکوکدا کرد. بۆ یەکەمجار بوو کەرکوک دوای تەعریبکردنی هەڵمەتی پاککردنەوەی لەلایەن شێرە کوڕانی کوردەوە بە نەترسی بۆ بدرێت. ئەزانی ئەگەر هاوپەیمانەکان سارد نەبوونایەتەوە ئەویش وەکو سلێمانی و هەولێر و دهۆک ئازاد دەکراو دەستی بەسەردا دەگیرا؟

* تۆ هاتیتە سەر باسی کەرکوک، دەزانیت منت گێڕایەوە بۆ ئەبوغرێب کە ئەو ڕۆژانەی هەڵمەتی پاککردنەوەی درابوو. چەند کەرکوکییەکی بەندکراو کەسوکاریان دەهاتن بۆ دیدەنییان (مواجهە). ئەوەندە بە خراپی باسی ئەو هەڵمەتەیان دەکرد. کە چۆن لە جیاتی دەرکردنی عەرەبە تەعریبەکان، کەوتبوونە تالانکردنی ماڵی ئەو خەڵکە هەژارو داماوەی شارەکە، دەزانی باسەکان ئەوەندە بوون لە ستوونێکدا ناتوانم بیاننووسم و بارستەکانی ستوونەکەمی پێ شەرمەزار بکەم. لێم گەڕێ با سەری بیرە نەوتەکانی کەیوان و بابەگوڕگوڕ هەڵنەدەمەوە. کە لەو ڕۆژانەدا مژدەی خێرو خۆشییان دەدا بە گوێی دانیشتوانەکەیدا.

* دیارە تۆ دەتەوێت پێمان بڵێیت ئەو کێشانەی کە ئێستا دوای (٢٨) ساڵ بەرەو ڕووی کەرکوکییەکان بۆتەوە چەقۆی تیژ لەسەر ملی خواست و ئامانجەکانیان دانراوە، هۆکارەکەی لەو ڕۆژانەی ڕاپەڕینەکەوە دەستیپێکردووە؟ لەگەڵتام ئەگەر هەندێک شڕەخۆر نەبووایەو سەرکردایەتی حزبەکانی کوردستانیش هەموویان بە بەرنامەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی و بۆ تەبایی ژیان لەگەڵ پێکهاتەکانیدا کاریان بکردایە. بەمجۆرە تۆوی دووبەرەکی و دژایەتیی نەدەچێنرا. کەرکوکیان وا دابنایە کە شارێکی کوردستانی داگیرکراوەو کاریان بەو ئاراستەیە بکردایە مافی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی مافێکی ڕەوایە و هەندێک شڕەخۆر دەستیان بۆ سەرو ماڵی خەڵکی نەبردایە و خۆیان سەرقاڵی شڕەخۆری و تالانکردن نەکردایە. بە دڵنیایی وەکو شارەکانی تری کوردستان پاک دەکرایەوە و حاڵی کەرکوکیش بەم حاڵەی ئێستای نەدەگەیشت. خۆ دەزانی تێکشکانمان لەو شارەدا چی بەسەر گەلەکەماندا هێنا؟ گومانم نییە لە ئەبوغرێب هەرهەمووت بیستووە!.

ئەزانی کە هێزەکانمان لەو شارە شکان، تەنها لە کەرکوک ڕانەوەستان، سلێمانی و شارەکانی تریشی گرتەوە. شکستەکە بوو بە کۆڕەو، مەگەر ئێمە بیزانین کە چەند کوشندەو گران بوو. دیارە دوایی بۆیان گێڕاوینەتەوە ئەم شارە گەورەیەی سلێمانی تاکوتەرا نەبێت، ماڵی تێدا نەمابوو. هەر هەمووی بە سەڵت و خێزانی ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتبوو. دەزانی بایەقوش لەسەر سەربانی سەرا و منارەکەی مزگەوتی گەورە بە ئارەزووی خۆی دەیخوێند و بانگەوازی ئاشبەتاڵێکی تری بڵاودەکردەوە؟ شار وەکو سەردەمی ئینگلیزەکان و لەناوبردنی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی لێهاتبوو. هەڕەشەی کورد قڕانێکی تری لێدەکرا. ئای چەند پیرێژن و پیاوی ریش سپی و ژنی دووگیان و منداڵی ساوامان لەبەر بێ خۆراکی لەو ڕێگایانە و لە ژێر لێزمەی باران و تەرزەدا گیانیان سپارد.

چۆن بیردەچێتەوە لەشاخەکانی ئەزمڕو گۆیژە و ناوگردان و چاڵە بەفرەکان چەند لاوی ئەم شارە، بە گوللەی فڕۆکە مەرگ هەڵگرەکانی بەعس بەپێش چاوی وڵاتانی هاوپەیمانەوە شەهیدکران.

ڕەو مەرگەسات بوو، ئیتر نازانم ئێوە لە ئەبوغرێب چۆن باسی کارەساتی ڕەوتان دەبیست؟ ئەو ڕەوە ئەوەندەی ئازارداوم، کە ئێستا یادی دەکەمەوە ناتوانم ئەمشەو لەوە زیاتر بە بیرەوەرییەکانمدا بچمەوە لێم ببورە کە جێت دەهێڵم.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# کۆڕەویش کۆدەنگبوو ،کۆدەنگی نێودەوڵەتی بەدواداهات



**دێدوانی یەعقوب**

لەمێژوویی زاناراوی کوردستان و کورددا زۆر کۆڕەو کۆچ پێکردنی زۆرەملێ ڕوویانداوە و هەموو ئەو کۆچ و کۆرەوانە بەزیانی سیاسی و نەتەوەیی و خاک لەدەستدانی کورد و جولانەوکانی کۆتاییان هاتووە ، تەنیا کۆرەوە ملێۆینیەکەی بەهاری ١٩٩١ نەبێ کە گەرچی زیانی گیانی خەڵکی زۆر لێکەتەوەو چەندان خێزان لەناو چوون و چەندان خەڵک ئاوارەی یەکجاری وڵاتانبوون و بەدرێژاییی ڕێگاکانیش بوونە گۆرستانی مردوان بەتایبەتی پیرو ساواکان و خەڵکی ناوچەدابرێنراوەکانیش تاروخانی سەدام زێدی خۆیان نەیتەوە و زۆرکەسیش شەهیدبوون و زۆریش کەم ئەندام بوون بەهۆی بۆردومانی سوپای سەدام و دواتریش بەهۆی مینەکانی سەرسنوورکەئەوانیش هەرلەکاتی شەری کورد و شەری ئێران سوپاسی ئێراق دایناوونەوە شەهیدوبریندارو کەم ئەندامی زۆرتر بوون.

بەڵام لەمێژووی زانراوی کورد یەکەم کۆرشوە کەدواجار بەقازانجی کورد و بەزەرەری سەدامی دوژمنی سەرسەختی کورد شکاییەوە.

پێموایەبەدەر لەفاکتۆرە نێو دەوڵەتی و هەلّ و مەرجەکانی ئەوکات، یەکێکیتر لە و دەستکەوتە سیاسی و نێو دەوڵەتیە بۆکورد بۆئەوە دەگەرێتەوە کە کەکۆرەکەوە تێکرایی خەڵکی گرتەوە و واتا گەر تەنیا چەند هەزارکەسێک یان چەند سەد هەزارکەسێک لەماڵەکانیان بچووبانە دەرو ڕێگای وڵاتانی دراوسێیان بگرتبا بەر زۆرینەی خەڵک رایان نەکردبا و بە حکومی دووبارەی سەدام رازی ببان، ئەوکاردانەوەراگەیاندن وڕۆژنامە نووسی و مامی مرۆڤەی نەدبوو کە ئەوانیش نەبان ئەو

بڕیارە نێو دەوڵەتیەی بەدوا دانەدەهات و کەئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەک گرتووەکان دەریانکرد هێڵی ٣٦یشان کردە نێوانی سەدام و کورد.

وەک گوتمان لەدیرۆکی کورددا زۆرکۆچڕەوە کۆچ پێکردن روویانداوە، بەڵام لەرووی ژمارەو جۆرو شێوەی کۆچڕەوەکان وەک ئەوەی بەهاری ٩١ نەبوونە و تەنیا ناوچەیەک یان شارێک یان هۆز و بەشێک بووە، بەڵام ئەوکۆچڕەوە گشتی بووە و تێکڕای خەڵک بووە و ئەوەش ئەوەی سەلماند کە گەرشکەست و راکردن و نوچدانیش بەتێکرایی بێ بەرهەمی خۆی دەبێ و وەک دیتمان کە لەکۆرەی ملیۆنی کورد روویدا و ئەنجامی بوو.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## بیرەوەریی سەروەختی ڕاپەڕین و کۆڕەو -١- گەڕانەوە لە بازیانەوە بۆ هەڵەبجە بەپێ



عومەر عەلی غەفوور

دوای ئەوەی لە هاوینی ١٩٩٠ ڕژێم خەڵکی هەڵەبجەی لە ئۆردوگای زۆرەملێی گردەچاڵ و بەروشتر و شاخۆلانی لە دەشتی هەولێر ئاگەدار کرد کە ئیتر ماوەی دەستبەسەرییان تەواو بووە و ئازادن بۆ کوێ بار دەکەن بار بکەن، ئەو هەزاران خێزانەی لەو شوێنانە بوون وەرەقەی (عەدەم تەعەڕوز)یان کرد و گەڕانەوە بۆ دەڤەری سلێمانی (سەنتەری شارەکە و شار و شارۆچکەکانی) و هەریەک لە جێیەک خانووی بەکرێ گرت. ئێمەیش لە بازیان (گەڕەکی هـ) گیرساینەوە، کە دواین گەڕەک بوو دەچێ بەڕووی شارۆچکەی (ئەڵڵایی)دا. نەهامەتییەکانی ئەو چەند مانگەیش بۆ خۆی چیرۆکێکە بەتایبەت هەلاتنی پیاوان بۆ بناری چیاکە لەترسی هەڵمەتی ڕەشبگیرکردن بۆ جەیشی شەعبی پاش گرتنی کوێت، کە بەچاوساغیی موختارە خۆفرۆشەکەی ئەو گەڕەکە دەکرا کە هەڵە نەبم ناوی (حەمەسەعید) بوو، زۆر نامەرد بوو! دەهاتە ماڵان پێڵاوە پیاوانەکانی دەژمارد و یەک بەیەکیانی دەویست!!

چەند ڕۆژێ دوای ڕاپەڕین و نەمانی هێزەکانی ڕژێم لە ناوچە تەرحیلکراو و موحەڕەمەکان لەوانەیش هەڵەبجە (ناوەڕاستی ئاداری ١٩٩١)، ئەو ماڵە هەڵەبجەییانەی لەوێ بووین، کە دەیان خێزان دەبوون، هاوشێوەی خەڵکە تەرحیلکراوەکانی شوێنەکانیتر، کەوتینە ئامادەکاری بۆ گەڕانەوە بۆ شاری خەونەکانمان!، کە بەدرێژایی ئەو دوو ساڵەی لە گردەچاڵ بووین، هەفتە نەبوو دیعایە نەکرێ کە دەمانبەنەوە بۆ هەڵەبجە، هەموو جار دەردەچوو درۆیە، کەچی هێشتا دیسان باوەڕمان پێ دەکردەوە! ئەوەیە پێی دەوترێ: دڵخۆشیی نەخۆشی!

ئێمە و چەند ماڵێکیتر وڵاخمان هەبوو (مانگا)، دەبوو ماڵەکە بەسەیارە و وڵاخەکانیش بەپێ ببەینەوە. کوڕە گەورەی ماڵی ئێمە من بووم (٢١ ساڵ بووم)، لەبەرئەوە لەگەڵ عوسمانی برام کە هێشتا ١٢ ساڵێک دەبوو، بەیاوەریی دوو یان سێ کەسیتر (لەوانە مامۆ ساڵەی کەرەموەیس و سەلام ناوێک کە هەردوو لە عەرەتی بۆینی بوون) دەمەوعەسرێکی هەور و مەیلە باران لە بازیانەوە بە کۆمەڵێک وڵاخەوە بەشەقامە سەرەکییەکەدا بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێ. تا نزیکی بەکرەجۆ کەشوهەوا باش بوو، لەوێ لەگەڵ نزیکبوونەوە لە مەغریب بارانبارینیش دەستی پێکرد، جا وەرە باران و سەرما و تاریکی و لێخوڕینی وڵاخەکان لەو جادە سەرەکییەدا تێکەڵ بن، راستیەکەی من زیاتر خەمی عوسمانی برام بوو، چونکە منداڵ بوو، هەرچەند ئەو سواری گوێدرێژێکی ڕەش بوو!

بەو جادەیەی بەتەنیشت گەراجی سەرەکیی شار (گەراجی بەغدا)دا تێدەپەڕی، بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، کاتێ گەیشتینە ئەوەی ئەوکات پێی دەوترا شوقەکانی سلێمانی کە چۆڵ بوون و ئاوارەی هەڵەبجەیی تێدا نیشتەجێ بووبوون، ئیتر تەواو تاریکی کرد. هەیکەلێک لەوێ چۆڵ بوو چووینە ژێر هەیکەلەکە، باران بەخوڕ دەباری و دنیایش تا دەهات ساردی دەکرد. چەند پیاوێکی دانیشتووی شوقەکان لێمان نزیک بوونەوە، بەساردی و دوودڵییەک هەواڵیان پرسی، بەڵام وەک ئەوەی خواخوایان بێ لەکۆڵیان ببینەوە و نەمانبەنە ماڵ هەر زوو کشانەوە و خۆیان لەگێلی دا. من چاوەڕێ بووم هیچ نەبێ لەبەر ئەو مناڵە یان بمانبەنە ماڵ یان لانیکەم یەک دوو بەتانیمان بەئەمانەت بدەنێ تا لەو هەیکەلە بەربەرەڵایەدا بیدەین بەخۆماندا، بەڵام گلەیی بێ لێیان، خۆیانیان کردە کەڕەی شەربەت!

دوو فەردە کامان پێ بوو، شەو من عوسمان لەتەنیشت یەک ئەوەمان خستە ژێر خۆ و بەتانییەکیشمان بەخۆماندا دا و هەرچۆن بوو کرژە کرژە رۆژمان کردەوە. خواردنیشمان مەعلومە لەو سەرەتای ئابلۆقەی ئابووری و گرانییەدا نانی وشکی و چای و جاروباریش شیری وڵاخەکان بوو کە برادەرەکانم شارەزا بوون، دەیاندۆشی.

رۆژەکەی خۆش بوو، لە بەرەبەیانەوە کەوتینە ڕێ، ئەو رۆژە توانیمان لە عەربەت تێبپەڕین و گەیشتینە معەسکەرێک کە لەوێوە بێیت دەکەوتە دەستە راستی رێگە و زۆر لە عەربەتەوە دوور نەبوو، شەو لەوێ لامان دا، دەرگا و پەنجەرەکانی شکابوون بەڵام هێشتا نەبرابوون، هەروەها تەختە سێرێکی زۆری لێ بوو، وڵاخەکانمان کردە ژوورەکان و بەتەختە دەرگاکانمان گرتن نەوەک گورگ بێت بۆیان و خۆیشمان لە ژوورێکدا ئاگرێکی گەورەمان بەتەختە کردەوە. دنیا تەڕ و تووش بوو، بارانیش ناوبەناو دەباری، پاشماوەی باران لە دەوروبەری سەربازگەکە گۆماوی گەورەی دروست کردبوو، شەو چوومە دەرەوە، مانگەشەو دابوویە ئاوەکە سپی دەکردەوە، هەر لەو ئاوە ئاوم خواردەوە. مامۆ ساڵە خوا لێی خۆش بێ نەخۆش بوو، شەو هەژارە زۆر نارەحەت بوو. ئەوکاتە ئەگەرچی رژێم لە کوردستان نەمابوو، بەڵام رێکەوتنی ئاگربەست کرابوو، مەترسی لە گەڕانەوەی هەبوو، مەگەر خەڵکی ئەو کاتەیش بزانن هاتنەوەی رژێم چ ترس و بیمێکی دەخستە دڵ. نیوە شەو لەپڕ

لەبەر تەقەیەکی زۆر لەو نزیکانە خەبەرمان بوویەوە، راستیەکەی زۆر ترساین وتمان هەبێ و نەبێ جەیشی عێراق هجومی کردوە و ئەوە شەڕە و ئێمەیش فەوتاین. ئاخر ئەوکات عەربەت دواین شوێن بوو ئاوەدانی لێ بێ، ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین موحەڕەمە بوو، پێشتر هەموو شوێنەکانیتر (سەید سادق، کانی پانکە، سیروان، هەڵەبجە..) چۆڵ کرابوون. یانی ئەگەر جەیش بهاتایە ئێمە حسابمان چووبوو. ماوەیەک گوێ قوڵاخ بووین، مام (.....)ی هاوەڵمان وتی: گوێ هەڵخەن بزانن ئەگەر تەقەکردنەکە وەبەزم ئەکرا ئەوە تەقەی خۆشییە، ئەگەر وەبەزم نەوێ ئەوە هجومە!. هەستمان کرد تەقەکە تەقەی خۆشییە و ئیتر هێور بووینەوە! بەڵام نەمانزانی هۆی تەقەکردنەکە چی بوو، تەقەکە زیاتر لە ئاراستەی ئۆردوگای نەسر و باریکەوە دەهات. ئەوە دوو شەو.

بۆ بەیانییەکەی دواى (نان و چایی) بەجادەدا کەوتینە رێ، باشی ئەوە بوو بەرۆژ زۆربەی کات ساماڵ بوو، بەڵام ئیتر هەم خۆمان هەم ماڵاتەکان بەتەواوەتی شەکەت بووبوون، وڵاخەکان بەهۆی برینی ئەو ماوە زۆرەوە گۆت بووبوون و بەئاستەم دەیانتوانی قولەسمیان بخەنە سەر زەوی، لەحەیبەتی ئازار بەردەوام دەهاتنەوە سەر جادە قیرەکە. بەرێگەدا ناوبەناو ماڵ بەلۆری و گەڵابەوە بەتەنیشتماندا تێدەپەڕین کە دەگەڕانەوە بۆ هەڵەبجە. لەنێوان کانی پانکە و سەید سادقدا بوو سەیارەی ماڵی خۆیشمان کە لەگەڵ ماڵێکیتردا بەشەریکی بەکرێ گرتبوویان تێپەڕ بوون.

سەید سادقمان تێپەڕاند و دەمەومەغریب گەیشتینە پردی زەڵم، کە هێشتا رەنگە سەعاتێک زیاتری بوێ تا دەگەینە دووجەیلە (سیروان). لێرەدا کێشە تەنیا تاریکی و ماندوێتی نەبوو، بەڵکو کێشە ئەوە بوو، لەکاتی هێرشی سەر هەڵەبجەدا لە بەهاری ١٩٨٨ خەڵکێکی زۆر کە لە هەڵەبجەوە بەرەو سلێمانی هەڵاتبوون لەو ناوچەیە (واتە نزیک پردی زەڵم) بەتۆپی ئێران کوژرابوون و ئەو چەند ساڵەی پێشتر زۆر باسی ئەوە دەکرا کە هێشتا تەرمێکی زۆر لەو ناوچە ماون. جا وەرە ئێستا لەو شوێنە سامناکەدا بیت و سات بۆسات تاریکتریش بکات و هێشتا ماوەیەکی زۆریش مابێ تێیپەڕێنی. خۆم تووشی دەهشەت و سام بووبووم هاوکات خەمی عوسمانی برایشمم بوو کە منداڵ بوو بترسێ، کە لە پێشمانەوە سواری کەرەڕەش! بوو. بۆ ئەوەی نەترسێ بەدەنگە ناسازەکەم دەستم کرد بەگۆرانی وتن تا مەشغوڵی بکەم و ورەی بدەمێ کە دنیا ئاساییە! (سەیر ئەوەیە دوایی خۆی وتی وام بیستبوو کەری رەش جنۆکەیە، لەبەرئەوە لەو وەختەدا لەوە ئەترسام). بۆ عیشایەکی درەنگ گەیشتینە دەروازەی سیروان، کە هۆدەیەکی بچوکی چۆڵی کۆنی تێدا بوو، کە ناوەکەیشی قوڕ و چڵپاو بوو. پیاوێک هەبوو، ئاژەڵدار بوو ناوی "حەمەی رەوشە" بوو خوا عەفویکا، خۆی و کوڕێکی لەنزیک سەیدسادق بەبزن و مەڕەکانیەوە پێشی ئێمەیان دایەوە، ئەوان پێش ئێمە گەیشتبوونە ئەو ژوورە و لایاندابوو ئاگریان کردبوویەوە. ئەو شەوە کە سێیەم شەوی سەفەرەکەمان بوو، رەنگە لە هەموو شەوەکانیتر ناخۆشتر بووبێ، لەبەر تەسکی و قوڕاویی ناو ژوورەکە و ساردیی کەشوهەواکە، تا بەیانیمان بەچینچکان بردە سەر. راستیەکەی ئێستا بیر ئەکەمەوە نازانم نانخوارنمان چۆن و کەی بوو، بەڵام ئەوە مەعلومە هەر نان و چایی وشک بوو، بیرم نایە پێخۆرێکمان پێ بووبێ! رەنگە خورما، یان رۆنی خۆمانمان

پێ بووبێ، بەڵام تەئکید نیم، چونکە ئەوکاتە وەزعە ئابوورییەکە زۆر خراپ بوو. ئەو نانەیش دەخورا بەزۆری نانی جۆی ڕەش بوو، کە ڕەش ڕەش بوو، زۆریش بەرگەی پانکردنەوەی نەدەگرت. کاتێ گەیشتینە هەڵەبجە و هەندێ خزممان لە ئێرانەوە گەڕانەوە و کۆلێک نانی هەورامی ئاردی گەنمیان بۆ هێنایین، وەک ئەوەی یەکەم جارمان بێ ئەو نانە ببینین، ئەمانوت جا خەڵک ئەم نانەی هەبێ ئیتر پێخۆری بۆچییە؟!! ئێستا ئەوەمان بیر چووە!.
بەهەرحاڵ بۆ بەیانییەکەی هەستاینەوە کەوتینە ڕێ، بۆ دەمەونیوەڕۆ گەیشتینە هەڵەبجە، بۆ نیوەڕۆکەی دایکم برنجی بۆ لێناین، تامی ئەو برنجەی ئەوکاتە، دوای سێ شەو و سێ ڕۆژ ڕێگە و شەکەتی و بێخزمەتی، وەسف ناکرێ.

هەڵەنەبم یان ١٧ یان ١٨ی ئادار بوو گەیشتینە جێ و هەر لەو یەک دوو ڕۆژەیشدا سەرەتای مانگی ڕەمەزان بوو. بەهەمووی دوو هەفتەیەک لە شاردا ماینەوە، کە هێرشی سوپای عێراق بۆ گرتنەوەی کوردستان دەستی پێکرد. پەیتا پەیتا ماڵ لە گەرمیانەوە دەهاتنە ناو شار و هەموو دوکانە چۆڵەکانی بازاڕ ماڵیان تێ چووبوو، ڕێک وەک کۆڕەوەکەی ساڵی پاری خەڵکی دوزخورماتوو، دیارە ئەوکاتیش زۆریان هەر لەوان بوون. تا شەوێکیان رادیۆی مۆنتیکارلۆ لە هەواڵەکانیدا رایگەیاند حکومەتی عێراق شاری کەرکوکی گرتۆتەوە و بەرەو سلێمانی دێ. خەڵک بەجارێک ئەژنۆیان شکا، کۆڕەو دەستی پێکرد، بەرەبەیانێک دراوسێیەکمان لەدەرگای دا وتی جەیشی عێراق گەیشتۆتە عەربەت، خەڵک ئەڕۆن، هەڵسن. جا بەپەلەپروز ماڵمان بەجێهێشت و لەناو ئاپۆرای خەڵکی شاردا بەرەو شاخی شنروێ و سنوورەکان کەوتینە ڕێ. ئەوەیش سەرەتای چەندین چیرۆکیترە.

**٢**

❊ **لاباسێک:**

هەڵەنەبم ١٧ - ٣ - ١٩٩١ یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانی ئەو ساڵە بوو. جەرگەی گرانی و قات و قڕی و گرانی بوو. بەشێکی زۆری خانووەکانی شار رووخابوون، بەتایبەت گەڕەکی کانی ئاشقان کە ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی خۆپیشاندانێک دژی ڕژێم تەخت کرا، ماڵی ئێمەیش یەکێک بوو لەو ماڵانە. بەشێکی زۆریشی بەهۆی ناپاڵمی ساڵی ١٩٨٨ەوە وێران بووبوو، یان ڕژێم پاشتر رووخاندبوونی، ئەوەیش نەڕووخابوو دەرگا و پەنجەرەی پێوە نەمابوو، ئەوە بوو لە کۆتایی ساڵی ٨٨ ڕژێم بۆ چەند ڕۆژێک ڕێگەی بەخەڵک دا بچنەوە دەرگا و پەنجەرە و کەرەستەکانیتریان بگوێزنەوە، ئەوکات هەموو شت پارەی دەکرد، لەبەرئەوە زۆربەی دەرگا و پەنجەرەکان چ لەلایەن خاوەنەکانیان یان لەلایەن کەسانی ساختەچییەوە لێکرابوونەوە. ئێمە خانوومان نەمابوو، کە گەڕاینەوە لە خانووی ماڵی (لیمۆ)ی خوشکم نیشتەجێ بووین لە گەڕەکی مەعسکەر، کە خۆیان لە ئێران نەهاتبوونەوە، خانوویەکی مەکشوف (شەرقی) بوو، دەرگا و پەنجەرەی دەرەوە و ژوورەوەی نەمابوو، بەڵام

جامخانەی سەرەكیی هەیوانەكەی –كە ئەوكات مۆدێل بوو- مابوو. بەو حاڵەیش دڵخۆش بووین گەڕاینەوە زێدی خۆشەویستی خۆمان، وتمان هەرچۆن بێ نامرین لەبرسا، خوا كەریمە!. خەڵک وردە وردە لە شار و شارۆچكەكانەوە ماڵیان دەهێناوە شار.

سنوور لەگەڵ ئێران تا رادەیەک كرایەوە و ئەو خەڵكە هەڵەبجەییەی ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ چووبوونە ئێران و نەگەڕابوونەوە عێراق، چ بەڕێگەی رەسمی بێ بە وەرەقەی پێشمەرگە یان لەڕێی قاچاخەوە دەهاتن بەدەم كەسوكارەكانیانەوە لە شار و كۆڵە نان و پێداویستییان لەگەڵ خۆیان وەک سەوقاتی دەهێنا، بەتایبەت كە بیستبوویان خەڵک بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەكەوە وەزعی شڕە و نانی رەشی جۆیین دەخۆن!.

ئێمە - پەرژینی قایم بێ - سێ مانگمان هەبوو، كە یەكێكیان دایكی دوانەكەیتر بوو، وڵاخی هۆڵەندی و بەرز بوون، كە سەرمایە و سەرچاوەی بژێویی ئێمە بوون. ئەوكاتە وەک ئێستا - یان بڵێین پێش ئەم قەیرانە داراییە - نەبوو كابرا چەند ساڵ جارێک كەلوپەلەكانی ماڵی بگۆڕێ، ئەوكات ئەوەی دەتكڕی (فەرش، تەلەڤزیۆن، سەلاجە،...) مەگەر بڕزیایە فڕێ بدرایە، چونكە خەڵک بەئاسانی پێی نەدەكڕا. هەموو شت بەقیمەت بوو، لەبەرئەوە كە بەجێت هێشت دەبێ دڵنیا بی هێزی راوڕووت تاڵانی دەكەن، لەبەرئەوە ئێمە لەبیری ئەوەدا بووین سوود لە وڵاخەكان وەربگرین تا هەندێ لەو شتە بەنرخانەی هەمان لەگەڵ خۆمان ببەین، بەتایبەت چەند فەرشێكی بەنرخی ئێرانی بوون. لەبەرئەوە هاتین دوو فەرش و چەند بەتانییەک و هەندێ پێداویستیی خۆراک (وەک ئازوقە، بەتایبەت ئارد)مان لە دوو لە مانگاكان بار كرد، سێیەمیان هێشتا باش خۆی نەگرتبوو و كەوتینە رێ. ئەمە لە بارێكدا دەمانزانی رێگەكەمان شاخاوی و سەخت و تەڕ و تووش و هەروەها لوغمڕێژیشە و لەوانەیە هەم وڵاخەكان و هەم بارەكانیشمان لەكیس بچێ، بەڵام چاریتر نەبوو!. دیارە باربارکردنیش زیاتر دایكم لێی دەزانی، من تەنیا یارمەتیم دەدا و هیچم لێ نەدەزانی!.

-----

بەجێهێشتنی شار:

بەرەبەیانێكی زوو، هەڵە نەبم ٤ی مانگ (نیسانی ١٩٩١) بوو، بەوڵاخە باركراوەكانەوە بەئاراستەی گوندی عەبابەیلێ و شاخی شنرۆێ لە رۆژهەڵاتی شار كەوتینە رێ، كە هەزاران كەس لە خەڵكی شار بەسەرجەم رێچكەكاندا كۆڵ بەكۆڵ و منداڵ بەدەست و بەباوەشەوە، گەورە و بچوک، پیر و لاو، ژن و پیاو، رێک وەک رۆژانی كیمیابارانەكەی ٨٨ بەرەو دامێنی چیاكان، دۆستە هەمیشەییەكەی كورد، قەتارەیان بەستبوو. خەڵک بەشێكی بەرەو عەبابەیلێ و شنرۆێ و بەشێكی بەرەو عەنەب و رێگەی تەوێڵە و بیارە دەڕۆیشت. كاتێ تۆ لەناو ئاپۆرای خەڵكدا بیت، زۆر هەست بەماندووبوون ناكەی، خەڵک

بەشێکی لەڕێی گوندی دەڵەمەڕەوە بەناوقەدبڕ بەرەو لوتکەی چیاکە و بەشی زۆریشی بەناو گوندی عەبابەیلێدا چوونە سەر لۆفەکانی شنروێ (لە وێنەکەدا دیارە)، رۆیشتن. خەڵک پەلەپەلیان بوو تا زووە لە لوتکەکەی شاخەکە بچن بەودیودا نەوەک فڕۆکەی عێراقی بێت و بۆردومانیان بکا. هەر هێندەی باش بوو نزیکەی نیوەی ماوەکەمان بڕی، جا باران بەخوڕ دەستی پێکرد، خەڵک بەتەواوی شپرز بوون و هەریەک بە بەتانی یان بەپارچە نایلۆنێک خۆی لە بارانەکە دەپاراست، یان هەنێ ماڵ نایلۆنی گەورەیان هێنابوو چەند ماڵێک دەچوونە ژێری تا بارانەکە خۆش دەکا. وردە وردە بەدەم کەمێ سووککردنی بارانەوە ناچار بووین بەرەو لوتکەی شاخەکە بەردەوام بین، کە دەبوو لە دوایین خاڵی لۆفەکەدا لابدەیت و بەدەستە چەپ بەقەدپاڵی چیاکەدا سەرکەویتە سەر تا بگەیتە لوتکەکە و لەوێوە بچی بەودیودا کە پێی دەوترا "چەمی ئەشکەوەڵ"، ئیتر دەکەوتیتە پەنا و هەندێ هەستت بەئارامی دەکرد. ئەو ماوەیەی نێوان کۆتایی رێگەکە و لوتکەی شاخەکە وەک لە وێنەکەیشدادیارە زۆر نیە، بەڵام لەو بەرملەیەدا بەقودرەتی ئیلاهی کردی بە کزەبا و رەهێڵەیەک خەریک بوو رەق ببینەوە، من دەبوو هەم وڵاخەکان بگەیەنمە سەر و هەم بێمەوە بەدەم منداڵەکانیشەوە (کە دوو خوشک و برایەک هێشتا منداڵ بوون، ئەوەی بێخەم بوو من و دایکم و فانۆسی خوشکم بوو)، کە سەرما تەزاندبوونی و رەشەبا و رەهێڵەکەیش نەیدەهێشت هەنگاو بنێن، بیرم ناچێ لەو کاتەدا خوشکە بچوکەکەم (دڵخواز) کە تەمەنی ٧ ساڵ بوو، لەکاتی سەرکەوتن بەشاخەکەدا بەهۆی لێشاوی ئاو و رەشەباکەوە کەوت و ئاوەکە هات بەسەریدا، بەدەم گریانەوە وتی "یاخوا سەدام خوا تۆیش وەک ئێمە پێبکا!". هەموو جار ئەو قسەیەی پێ ئەڵێمەوە.

باوەڕم وایە ئەگەر ئەو مەسافەیە نیو سەعاتیتری بەدەمەوە بوایە نیوەی خەڵکەکە رەق دەبوونەوە، سەرماکە سەرما نەبوو. باوەڕ بکە خەریک بوو ئیمانیش لەدڵ هەڵکەنێ. بەڵام باش بوو ماوەکە کورت بوو، هەرچۆن بوو سەرکەوتینە سەرەوە، بینیمان لەوێ ئەو خەڵکەی زووتر گەیشتبوون، بەداربەڕووی ئەو ناوە ئاگرێکی گەورەیان کردبووەوە و خۆیان گەرم دەکردەوە، ئێمەیش چووینە بەر ئاگرەکە و هۆشمان وەبەردا هاتەوە. پاش پشوویەک، لەناو ئاپۆرای خەڵکەکەدا بەرەو چەم شۆڕ بووینەوە، کە رەنگە چەندە بەشاخەکە سەرکەوتین هێندەیش دابەزیبینە خوارەوە تا گەیشتینە نزیک چۆڵە گوندی هەوار، کە لەوێ ئیتر خەریک بوو دنیا تاریکی دەکرد و خەڵک ناچار بوون لەو چەم و دۆڵە تاریکەدا هەریەکە و لە بن دار و و کون و کونجیرێک شوێنێک بۆ مانەوەی شەو خۆش بکات. ئێمەیش لاماندا و باری وڵاخەکانمان خست. "لە ماوەی چوار ساڵدا ئەوە سێیەمین جار بوو (١٩٨٧ ، ١٩٨٨ ، ١٩٩١) خەڵکی هەڵەبجە بەو شێوەیە ماڵ و حاڵی خۆیان بەدەستی بەتاڵ و هەناسەسارد بەجێبێڵن".


چیرۆکەکە بەردەوامە..

سەرچاوە: سایتی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## کۆڕەو، لەگێڕانەوەکانی "ماریا هانسۆن"دا



**پشکۆ نەجمەدین**

وای خـودایە! میللەتێـک بە قەدپـاڵ و لە نـواڵ و بە گەردنـی کێـوانەوە، کـۆمەڵ کـۆمەڵ، ژن و منـداڵ، گەنـج و پیـر و پەککەوتـانێک، بە بێ نـان و بـێ پێخۆر و بـێ پێخەو و ئەنوایەک، لەژێر ئـاسمانێکی شەقبردوودا، لە مەرگ هەڵاتـوون و سروشت دەستی مەرگی لە بینیان گیر کردووە. ئاسمانی وڵاتێک، لەژێر زەبری تەقینەوەی چەخمـاخە و تریشقەی هەورانـدا، هەورانێکی ڕەشی بە زەریا ئاوس، دەشریخێنێت و ڕووبارێک بە دارستان و لێڕ و زۆرگ و زنار و کەپکاندا وەر دەکات.

منداڵانی لە برسان و لە سەرماندا ڕەقهەڵاتوو، جەستە فریشتەییەکانیان لە لێواری چاڵەکاندا ڕیز کراون و باوکەکانیـان، بە دەستی خۆیان، لە دڵی خاکدا دەیاننێژن!

پیرەژنێک، پیرەژنێکی چی، تۆ بڵێ دەیان و سەدان، پێخواس و هەتا کەمەر لە قوڕ و لیتە هەڵکێشراو، دەستەکانیان بەرز و ڕوو لە ئاسمان، تۆ نازانی و منیش تێناگەم ئەوان داوای چی لە خودا دەکەن. ئەرێ بەڕاست، خودا ئەم حەشاماتەی خۆی لەم شاخستانی مەحشەرەدا دەبینێ؟ ئەگەر بەڵێ، ئەی بۆچی پاپۆڕەکەی "نوح"یان بۆ بەڕادان نادا؟

فڕۆکەکـان، فـڕۆکەی هێـزە هاوپەیمانەکـان، نـزم نـزم، بە ئاسـماندا گـڕ دەخـۆن و لە دەرکە وازەکانیـانەوە، ئـاپۆرەی برسییەکان سەموونباران دەکەن.

ژن و پیـاو، پیـر و جـوان، کیـژۆڵان و مێردمنـداڵان وەکـوو برسـییانی ڕۆژانـی ڕەشـی جەنـگە جیهانییەکـان، لەدوی لەتەسـەموونێک، شێتانە شـاڵاو دەبەن و لاوازەکـان بەژێـر دەسـتوپێوە دەبـن. پشکۆ کە هەرگیـز میللەتـی خـۆیی ئـاوا بە برسییەتی نەدیتبوو، چاوی تیڤییەکەی داخست و لەسەر تەختی خەوتـنەکەی لەسەر زگ ڕاکشا. پـرمەی هەنسیک و گریـانی ئەو، فەزای ژوورەکەی سیخناخ کرد. مـن ویـڕای نەوازشکردن و دڵـدانەوەی، لە دڵـی خۆمدا گوتم: چ زوو خەونـی ئـازادیی کوردەکان، بەتـاڵ بوویەوە!

من لەو ڕۆژە پڕ مەینەتییانەی کوردەکاندا، دەستم لە پشکۆ بەرنەدا، هەوڵم دەدا بەشێک لە نیگەرانییەکـانی ئەو هەڵبگرم و پاشتریش لە هەموو چالاکییەکانی کوردانی سوێددا، هاوشانی پشکۆ، بەشداری بکەم. ئەو ڕۆژانە کوردەکـان چ لە سوێد و چ لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمریکادا، خرۆشابوون و شەوان و ڕۆژانیان لەسەر یەک نابوون، تـا سـەرنجی دنیـای دڵـبەردین بۆ چارەنووسی ڕەشیان ڕابکێشن. سـاتێ زۆنـی "ئارام"یـان بـۆ کوردان چێ کرد، منیش لەگەڵ خۆشییەکانی ئەوانـدا، دەرکەی گێڕانەوەکانم کلۆم دا و گلۆڵەی حیکایەتەکانم ڕادەستی پشکۆ کردەوە. ئەزموون و یاد، کتێبی سێیەم.

سەرچاوە: ماڵپەری شارپریس - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

# کۆڕەو، شێوازێکی نوێی خەبات



**حاکم قادر**

لە ساڵیادی تێپەڕبوونی (٢٦) ساڵ بەسەر کۆڕەوی یەکدەنگی و خواستی پێکەوەیی گەلێک لە بەرامبەر زوڵم و ستەم و ڕەتکردنەوەی سەردەمێکی پڕ لە زۆرداریی و داگیرکاری نیشتمانیی کوردستان، سەری ڕێز و حورمەت بۆ شەهیدانی ئەو خەباتە گشتی و ملیۆنییە و تێکڕای نەمرانی ڕێگای ئازادی و سەرفرازیی گەلی کوردستان بەگشتی دادەنەوێنین، لەم یادە پڕشکۆیەدا کە هاوهەڵوێستی و جوامێریی کوردایەتیی خەڵکی کوردستان و جەماوەری خەباتگێڕی بەشدار بوو لە شێوازێکی نوێی شۆڕشدا، وەڵامدانەوەی (نا) بۆ ژێردەستەیی و (بەڵێ) بوو بۆ ئاسوودەیی و ڕزگاری و دیموکراسی گەلێکی ژێردەستەی تینووی ئازادی، هەروەک سەرکەوتن و وەرچەرخانێکی مێژوویی و خاڵی دەستپێکردنی کرانەوەی دەروازەکان بوو بەڕووی دۆزی کورددا.

کۆڕەوی گەلی کورد بووە فاکتەرێکی بەهێزی ئاشنابوونی گەلانی دنیا بەگەلێکی بێ نیشتمان و بێ ناسنامە و لە مەحافیلی سیاسی نێودەوڵەتیشدا وەبیرهێنانەوەی گەلێکی فەرامۆشکراو بوو، بۆ دوژمنیش پەلەقاژە و بەگەڕخستنی هەوڵی پەردەپۆشکردنی تاوانەکان و کپکردنی زایەڵەی دەنگی گەلێکی ئازادیخواز بوو.

ڕووانین و چاوخشاندنەوە بەنێو لاپەڕەکانی ئەلبومی وێنە جەرگبڕەکانی خەباتی ئەو شۆڕشە نوێیەی گەلەکەماندا، نمایشی تراژیدیای پانۆڕامایەکە تا ئەبەد بۆسۆی لێدێ، دیمەنەکانی کۆڕەو هەست و سۆزی مرۆڤدۆستانی هەژاند و بووە جێی بایەخی پارێزەران و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و شەقامی ڕۆژئاوای بەلای نەهامەتییەکانی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوی دێریندا خرۆشاند، تا لە هەڵوێستێکی مێژووییدا بۆ پشتیوانی و پاراستنی گەلێکی زۆرلێکراو و چەوساوەدا، ئەنجومەنی



سەرچاوە Serchawe

ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨)ی پەسەندکرد و ناوچەی ئارامی دژەفڕینی هێڵی (٣٦)ی خستە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، ئیدی لەو ساتەوەختە بەدواوە وێڕای هەموو کەموکوڕییەکانی حوکمڕانی کوردی، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ گەلی کوردستان بەئێستای دۆخی چەقبەستووی سیاسی و ئابووریشەوە کە بەرۆکی نیشتمانەکەمانی گرتووە فەراهەم بوو، گەرچی کۆڕەوی مەزنی ملیۆنی شۆڕشێکی پێکەوەیی سەرجەم هاونیشتمانیان بوو بۆ بەدەستهێنانی سەرفرازی و ئازادی، خێراکردنی هەنگاوەکانی گەلەکەشمان بوو بۆ نزیکبوونەوە لە هێڵی کۆتایی بەرەو لوتکەی گەیشتن بەدوا ئامانجەکانی رووەو سەربەخۆیی، لە بەرامبەر بە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە شۆڕشگێڕییە نەتەوەییەشدا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەکارنامەی رابردوویدا بچێتەوە و بەبەرنامەیەکی نوێی هاچەرخ و شارستانی، نیشتمان رووەو ئاوەدانیی ئاڕاستە بکات و بۆ هاوولاتیان خۆشگوزەرانیی دەستەبەر بکات.

لە یادی پڕشکۆی شۆڕشی دەستەجەمعی گەلی کوردستاندا، لە یادی جێهێشتنی زێد و گرتنەبەری رێگاکانی رووەو چارەنووسی نادیار.

نەمری بۆ هەموو ئەو شەهیدە سڤیل و قارەمانانەی کۆڕەوە مەزنە نێرگزاوییەکەی بەهاری (١٩٩١)، کە لە ژێر لێزمەی باران و سەرما و سۆڵەی شەوە بێکۆتاییەکان و راگوزەری توولەڕێی رۆژە سەختەکاندا رۆحیان بە بێگەردی بەخاکی نیشتمان سپارد، سەربەرزی بۆ کەسوکارەکەیان و سەرجەم خەڵکی بەئەمەکی کوردستان.

سڵاو بۆ سەرجەم شەهیدانی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و راپەڕین و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری گەلی ئازادیخوازی کورد و تاجەگوڵینەی رێزو وەفا بۆ سەر گڵکۆی شەهیدانی دەستی رەشی تیرۆر.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

## کۆڕەو لە چاوی کامێرای فۆتۆگرافەرێکەوە .. وێنە



**دانا عومەر**

فۆتۆگرافەرێک بە چاوی کامێراکەی و لە ڕێگەی وێنەوە ڕووداوی کۆڕەوەکەی ٣١ی ئازادی ١٩٩١ی دیکۆمێنت کردووە و باس لەوە دەکات کە کۆڕەو کەرنەڤاڵێکی نیشتیمانی گەورە بوو، دەشڵێت کۆڕەو گەورەترین (نا)ی نەتەوەیەک بوو دژی سیاسەتی شۆڤێنی بەعس، هاوکات گلەیی ئەوەش لە حکومەتی هەرێم دەکات کە هەتا ئێستا نە ڕێزلێنانی بۆ کردووە و نەداواشیان کردووە وێنەکانیان بداتێ.

فایەق حەمەساڵح، ساڵانێکە وەک فۆتۆ گرافەرێک سەربەخۆیانە کاردەکات، لەڕێی کامێراکەیەوە چەندین ڕووداوی باشوری کوردستانی دیکۆمێنت کردووە، لەو چوارچێوەیەشدا لە ٢٦ وێنەدا کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی دیکۆمێنت کردووە، کە هەر وێنەیەک چیرۆکێکی لای فۆتۆگرافەرەکە جێهێشتووە.

لەبارەی ئەوەی کە کۆڕەو لای ئەو چی دەگەیەنێت و چۆن کۆڕەو دەستی پێکرد، فایەق حەمە ساڵح بە ڕۆژنیوزی وت:" بەلای منەوە کۆڕەو گەورەترین (نا) بوو دژی سیاسەتی شۆڤێنستی بەعس، گەورەترین (نا) ی نەتەوەیەک بوو، کۆڕەو خۆی هەنگاو نانێکە بەرەو نادیار، هیچ مەرگێک وەک مەرگی بەجێهێشتنی نیشستیمان تاڵ نییە، مەرگێکە بە زیندوویی تۆ دەیبینیت، چونکە تۆ یادگاری و ڕابردوو بەجێ دەهێڵیت".

**فایەق حەمە ساڵح وتیشی:** "کۆڕەو ڕۆژی ٣١ - ٣ - ١٩٩١ دەستی پێکرد، ئێوارەکەی من وێنەی ناوشارم دەگرت، لەلای

پارکی ئازادیەوە بارەگایەکی پێشمەرگە هەبوو سەیرم کرد شتەکان کۆ دەکەنەوە، بەڵام پێش نیوەڕۆکەی بارودۆخی سیاسی تێکچووبوو کەرکوک گیرابووەوە".

هەروەها وتی: "من قەت چاوەڕوانی کۆڕەوم نەدەکرد، کەسیش چاوەڕێی ئەو کۆچە گەورەیەی نەدەکرد، وەکچۆن کەس چاوەڕێی گەورەیی ئەنفالی نەدەکرد، کەس چاوەڕێی کیمیابارانی نەدەکرد، کۆڕەویش ڕووداوێکی لەناکاوی بەو شێوەیە بوو، ئەگەر من چاوەڕێی ئەو دۆخەم بکردایە لانی کەم چەند فلیمێکی کامێرام دەکڕی، چونکە من یەک فلیمم پێبوو".

لەبارەی ئەوەی کە ئەو چۆن لە بارودۆخێکی وەها ناخۆشدا بیری لە بردنی کامێرا کردۆتەوە لەگەڵ خۆیدا، لەکاتێکدا هەموو کەس لە غەمی ڕزگارکردنی گیانی خۆیدا بووە، ئەو فۆتۆگرافەرە وتی: "من ئەو کاتە خوێندکار بووم لە زانکۆ، پێشەنگایەکی کتێب کرایەوە، لە پێشەنگاکەدا کتێبێکم کڕی بەناوی (وێنە و ژیان)، لەو کتێبەدا چەند شتێک فێر بووم و حەزم بۆ فۆتۆگرافی لەلا دروست بوو، لەو کتێبە ئەوە فێر بووم کە وێنە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ بە دیکۆمێنتکردن، چونکە ئێمە دوو سەرچاوەمان هەیە بۆ نووسینی مێژوو، کە ئەویش تێکست و وێنەیە، بینیم کورد لەڕووی وێنەوە کەموکورتی هەیە، بۆنمونە ئێمە وێنەیەکمان نییە کاتێک کە بێکەس هۆنراوەی ٢٧ساڵە دەخوێنێتەوە لەبەردەم ئەدمۆنزدا، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە فۆتۆگرافەری ڕۆژنامەنووس لە کوردستاندا نەبووە".

فایەق حەمە ساڵح ئەوکاتە پارەی نەبووە کامێرا بکڕێت، بەم شێوەیە چیرۆکی پەیداکردنی کامێرایەکی گێڕایەوە: "ئەو حەزەی کە بۆمن دروست بوو بۆ بەوێنەکردنی مێژوو، وایکرد هەفتەیەک پێش ڕاپەڕین کامێرایەکم لە برادەرێکم وەرگرت، چونکە ئەو کاتە پارەی ئەوەم نەبوو کە کامێرا بکڕم، کامێراکە جۆری(Pentax) بوو، لە کۆڕەوەکەدا یەک فلیمم پێبوو کە ٣٦ وێنەی تێدابوو، من ئەو ٣٦ ڕەسمەم گرت، لەوانە ٢٦ وێنەی زۆر جوان دەرچوون".

هەروەها حەزی بەدیکۆمێنت کردنی ڕووداوی کۆڕەو وایکردووە کە فایەق حەمەساڵح، بگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی بۆ پەیداکردنی چەند فلیمێکی وێنەگرتن کە بەم شێوەیە خۆی باسی لێوە دەکات: "لەبەرئەوەی کە فلیمی وێنەگرتنم تەواو ببوو، حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی ڕاگەیاندبوو، گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی فلیمی وێنەگرتن بکڕم، کە گەیشتمە دوا خاڵی سنوری پێشمەرگە وتیان مەڕۆ لەبەرئەوەی یەکێک لە پێشمەرگەکان ئوتومبێلێکی سەربازی سوتاندووە ئێستا بشرۆیت سوپای عێراق دەتکوژن، لەو کاتەدا هێشتا ئوتومبێلە سەربازییەکە گڕی لێبەرزدەبویەوە، بەڵام من وتم بشمکوژن من هەر دەڕۆم، چونکە پێویستە من فلیم پەیدا بکەم، بۆیە ڕۆیشتم و ئەو سەرکێشیەم کرد، هەرچەند منیان گرت، بەڵام دواتر ئازادیان کردم، بەداخەوە هاتمەوە هەموو ستۆدیۆکانی شاری سلێمانی گەڕام نەمتوانی فلیم پەیدا بکەم".

ئەو فۆتۆگرافەرە بۆ هەروێنەیەک چیرۆکێکی هەبوو کە لە کۆڕەودا گرتویەتی کە بەم شێوەیە گێڕایەوە: "لە شارۆچکەی

سەیدسادقەوە دەستم کرد بە وێنەگرتن، کە ئەو وێنەیەی لە سەیدسادق گرتم زۆر بەناوبانگ بووە، وێنەیەکی تر کەمن گرتوومە لەدوای سەید سادق وێنەیەکە کە چەند کەسێکی تێدا دەردەکەون کە منداڵ و هەرزەکار و گەورەی تێدایە کە سەرجەمیان پێڵاویان لەپێدا نییە و بەناو قوڕو چڵپاودا ڕێگەیان گرتۆتە بەر، کە ئەمیش ناخ دەهەژێنێت".

**فایەق حەمەساڵح، درێژەی بە گێڕانەوەکەی داو وتی:** "وێنەیەکی دیکە وێنەیەکە کە باوکێک منداڵەکەی لە کۆڵدایە، من ئەم باوکەم بینی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو بەلامەوە، بەڵام کامێراکەم پێنەبوو هەتا وێنەی بگرم، لەبەرئەوە بە ڕاکردن گەڕامەوە کامێراکەم هەڵگرتوو گەڕامەوە بۆلای کە نزیکەی ٤٠ دەقیقەم پێچوو تا گەشتمەوە لای تەنها بۆ ئەوەی وێنەکەی بگرم".

**ئەو فۆتۆگرافەرە لەبارەی ئەو وێنەیەی کە کراوەتە سمبولی ئەنفال بەم شێوەیە دوا:** "وێنەیەکی ترم کە کراوەتە سمبوڵی کۆڕەو، چواری مانگ یادی ئەنفال دەکرێتەوە لە کەلار وێنەکە لەسەر تیشێرت چاپ کراوە خەڵکەکە لەبەری دەکەن، بڕیار وایە خەڵاتی منیش بکەن، لە وێنەکەدا دایکێک دەردەکەوێت کە کچێکی بچوکی بەکۆڵەوەیە، ئەو دایک و کچە ئێستا لەژیاندا ماون، ئەوانیش دەعوەت کراون بۆ یادەکە، ئەو کچە بچوکەی لە وێنەکەدا دەردەکەوێت ئێستا پارێزەرە، ئەمە دووەم کەسە کە من بە منداڵی وێنەم گرتوون کە ئێستا بوونەتە پارێزەر، کە ئەوە ڕێکەوتێکی سەیرە بەلای منەوە، وێنەیەکی تریشم گرت ساڵی ١٩٩١ کە وێنەی منداڵێکە لە تەقتەوەیەکدا بریندار بووە، لەم ماوەیەدا لەبازاڕ منی ناسیەوە و هات بۆلام وتی من ئەو منداڵەم کە وێنەکەت گرتووم بە برینداری، وتی ئێستا پارێزەرم".

**هەندێک لە وێنەکان ویژدانی ئەم فۆتۆگرافەری ئازارداوە کە بەم شێوەیە باسی یەکێک لەو وێنانەی کرد کە ئازاری داوە:** "وێنەیەکی تر وێنەیەکە کە ویژدان ئەهەژێنیت، باوکێک دەردەکەوێت کە منداڵێکی لەگەڵدایە، باوکەکە خۆی زۆر پۆشتەیە و پێڵاوی لە پێدایە قەمسەڵەی لەبەردایە، بەتانیەکیشی داوە بەخۆیدا، بەڵام منداڵەکەی نە پێڵاوی لەپێدایە نە قەمسەڵەی لەبەردایە، دوای ئەوەی وێنەکەم گرت بە باوکەکەم وت بۆ منداڵەکەت باش نەگۆڕیوە خۆتت بەو شێوەیە داپۆشیوە، وتی بڕوابکە بیری ئەوەم هەر نەبووە، من لەسەر ئەو وێنەیە دواتر وتارێکم نوسی بەناوی پێڵاوێک لە گۆشت و دڵێک لەبەرد".

**لەبارەی ئەوەی کە ئەو وێنەکانی لەکوێ نمایش کردووە لەدوای کۆڕەو، فایەق حەمەساڵح وتی:** "ئەم وێنانە لەساڵی ١٩٩٢ لە پێشەنگایەکدا لە هۆڵی مۆزەخانەی شاری سلێمانی نمایشم کرد، دواتر لەساڵی ١٩٩٤ دا لە پێشەنگایەکی تردا لەشاری هەولێر نمایشم کرد، لە پێشەنگاکەی هەولێردا ڕۆژنامەنووسێکی یابانیم ناسی، زۆری بەلاوە سەیر بوو، دەیوت لەمێژووی نوێدا شتی وەک ئەوە ڕووی نەداوە کەبەسەر گەلی کوردا هاتوو و لەم وێنانەدا دەردەکەون".



سەرچاوە Serchawe

**هەروەها وتیشی**: "ئەو ڕۆژنامەنووسە یابانیە داوای لێکردم کە وێنەکانی بدەمێ بیبات لە یابان پێشەنگای پێبکاتەوە، من وێنکانم دایە و لەهەردوو شاری سەپۆرستی و ناکازاکی، نمایشی کردن، دواتر ساڵی داهاتوو هاتەوە و کامێرایەکی بەدیاری بۆ هێنابووم، کە ئەوە یەکەم کامێرا و دوا کامێرا بوو لەژیانمدا بەدیاری وەرم گرتبێت، ئەو ڕۆژنامەنووسە هەمیشە پێی دەوتم تکایە وێنە گرنگەکانت بپارێزە".

**لەبارەی ئەوەی کە ئایا حکومەت هەوڵیداوە ئەو وێنانە لەتۆ وەربگرێت و بیکاتە دیکۆمێنت، یاخود هیچ ڕێزلێنانێکت بۆکراوە لەبەرئەوەی ڕووداوێکی مێژوویی گرنگت دیکۆمێنت کردووە، فایەق حەمەساڵح وتی**: "ئەم خەمە هەمیشە حزب هەوڵی داوە بیکاتە خەمێکی حزبی، هەوڵینەداوە بیکاتە خەمێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بەداخەوە نەخێر تاکوو ئەم چرکە ساتەش حکومەت لەهیچ یادێکدا بیری لەوە نەکردۆتەوە ڕێز لە فۆتۆگرافەرێک بگرێت کە بەشێک لە مێژووی نەتەوەکەی دیکۆمێنت کردووە، داواشیان لێ نەکردووم کە بیاندەمێ و دیکۆمێنتی بکەن".

فایەق حەمە ساڵح ئاماژەی بەوەدا کە لەدەرەوەی حکومەت لە دەزگای ژین، چەندین جار داوایان لێکردووە کە وێنەکانیان بداتێ و بیکەنە کوڕاسەیەک، بەس بەهۆی سەرقاڵی و نان پەیدا کردنەوە هەتا ئێستا دەرفەتی نەبووە کە بیانداتێ.

د.خ

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٠

# کۆڕەو سیمبولی چەوساندنەوە و رەتکردنەوەی کوردوکوردستان



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

داگیرکەرانی کوردستان، ئەوانەی دەیان ساڵە هەموو جۆرە پیلان و چەکێکی قەدەغەکراویان دژی کورد بەکارهێناوە تا لە سەر خاک و نیشتیمانی خۆی ئاوارە بکەین و دووری بکەنەوە و شوناس ون بکەن و بیسرنەوە خۆیان بکەن خاوەن ماڵ. بۆیە دوای چەندین ساڵ زوڵم وستەم لە پێناو رەتکردنەوەی زوڵمی داگیرکەران، گەلی کورد بریاری دا بە هەموو دونیا بڵی دژی تاکرەویی و خۆسەپاندنە.

بەر لەکۆڕەوی میلیۆنی ١٩٩١، گەلی کورد دژی ستەمکارترین دەسەلات راپەڕی کە ئەویش رژێمی بەعس بوو.راپەرین،لە بەرواری ٥ی ٣ی ١٩٩١ ئەنجامدرا و کۆی ناوچەکانی باشوری کوردستان بەکەرکوک و خانەقینەوەش رزگاکرا.بەڵام (راپەرینە مەزنەکە)، ئەو دەستەواژەیەی بەزووترین کات لە ناو جەماوەر و میدیای کوردی بلاوکرایەوە زوو دامرکایەوە. کە تەمەنی مانگێکی تینەپەراند. ئەوەبوو لە بەرواری رۆژی ٣١ی مانگی ٣ی سالی ١٩٩١ نەتەوەی کورد تووشی نسکۆ و کارەساتیکی مرۆیی گەورەبۆیەوە کە ئەویش کۆڕەو بوو.کۆڕەو بەرنامەریژی نەبوو، بەلام بوو بە مەزنترین خەباتی مەدەنی سەردەم، کە لەزۆر کارەساتەکانی تر کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە دەنگیدایەوە.

سەدام حوسین دوای شکستە یەک لەدوایەکەکانیی و کۆتاشکستی لەشەری داگیرکاری کوێت و کەنداوی دوو. دەیویست جاریکی تر لەرێگای هێزەوە شکستەکانی قەرەبوو بکاتەوە،چونکە سەرکەوتن بەشێکی دانەبراوی ئایدۆلۆژیای بەعس بوو. پرۆژەی بەعس وەک پرۆژەی نازی و فاشیی و دەسەلاتە تۆتالیتارەکان لەسەر لۆژیکی گۆرینی نوشوست بەسەرکەوتن


بنیاتنراوە. چونکە سەرکەوتن لەفیکری بەعسدا لەمانا رەمزییەکەی دەچێتەدەرەوەو دەبێتە خواستێکی شەڕانگێزانە. ئەگەرچی کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال نەیانتوانی جووڵە بە ویژدانی وڵاتەزلهێزەکان و نەتەوەیەکگرتوەکان و زۆر لەریکخراوە خێرخۆازییەکان بکەن. بەڵام کۆرەو ئەو رووداوە ناوازەیەی مێژووی مرۆڤایەتی بوو کە بۆیەکەمینجار زۆرینەی نەتەوەیەک لەترسی کۆکوژی کۆڕەو بکەن. ئەمەش دەلالەت بوو لەوەی کورد لەو دەمە هەتیوترین نەتەوەی دونیایە.

بەڵام کارەساتە جەرگبڕەکان هەرزوو کەوتنە بەرزوومی بەشێک لەمیدیا جیهانییەکان.جگەلەوەی بەشێک لە ئەکتەر و هونەرمەندەکانی ناودارەکانی جیهان و ریکخراوە مرۆڤدۆستی و وڵاتانی سەردەست هاتنەدەنگ دژ بەقڕکردن و چۆڵکردنی نیشتیمانی ئەو هاونیشتیمانیانەی بەرەو پیری سنوورەکان ئێران - عیراق، تورکیا - عێراق، دەچوون.کۆڕەو هاوار و ناڵەی نەتەوەیەک بوو بۆ هەمو دونیا،لەبەرامبەر ترس و تۆقاندن و کۆکوژییە بەردەوامەکانی رژێمی بەعس کەچیتر بەژێردەستەیی رازی نییە. وێنە و دیمەنە تراژیدییەکانی کۆڕو، ویژدانی مرۆڤایەتیان دەهەژاند، ئەوەبوو بە پشتیوانی و هاوکاری وڵاتانی زلهێز ناوچەیەکی ئارام لەباکوری عێراق بۆ پاراستنی کورد لە دەستدرێژی هێزەکانی عیراق و ناوچەی دژەفڕین لەباکوری هێڵی پانی ٣٦ داندرا. و بریاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی بۆپاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەعیراق دەرکرا، بەمەش قۆناغێکی نوێ لەژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی هاتەکایەوە. کۆڕەو رۆیشتن و سەرهەڵگرتن بوو بەرەو چارەنووسێکی نادیار. خەڵکی کورد چارەنووسی نادیاری پێ باشتر بوو،وەک مانەوە لەژێر دەستی سوپا سەرکوتکارەکەی رژێمی بەعس.

لەودەمەش کەشی دونیا باراناوی بوو، ئەو خەڵکە لەژێر رەحمەتی توندوتیژی سروشتدا دەژیان. بەپێی هەندێک سەرژمێژری ئەو دەمە، بەهەزاران هاولاتی بەهۆی سەرماو سۆڵە گیانیان دەرچوو. جگەلەوەی لەرۆژەکانی یەکەم و دووەم، بەعس دەستی کرد بە گولەبارانکردنی خەڵک و تۆپبارانکردنی ماڵان و دەستدرێژی کردنە سەر بەشێک لەو خێزانانەی کە مابوونەوە.کۆڕەو تەنها وشەو چەمکێک نەبوو بۆ رەوی زیاتر لەملیۆنێک مرۆڤ. بەڵکو ترس و کۆکوژی رەهەندێکی سەرەکی ئەو رەوەگەلەکۆییە بوو. کۆڕەو سیمبولی چەوساندنەوەی نەتەوەیەک بوو، بەلام تا ئیستا ئەم کارەساتەو هەمو کارەساتەکانی تر نەیانتوانی ببنە ناسنامەو سەروەری و باشترکردنی ژیانی نەتەوەیەکی بێ دەولەت. بۆیە دەبێ یەکریزی و تەبایی و پاراستنی دەسکەوتەکان کە بەرەهەمی خوێنی شەهیدان، ماندبوونی پێشمەرگە، ئەنفاڵ و کۆڕەو و کیمیاباران و ماندبوونی میللەتی کوردە رێگە نەدەین جارێکی تر دوژمنان لە سەر خاک و نیشتیمانمان ئاوارەمان بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری گوڵان میدیا - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٨

## ئەندازیاری کۆڕەو کێ بوو؟؟



**عەلی مەحمود**

ئەگەر باسی کۆڕەو بکەین ناتوانین باسەکە دەرباز بکەین بێ ئەوەی بچینەوە سەر شەڕی کەنداوی دوو و راپەڕینی باشووری عێراق کە ئیسلامی سیاسی شیعە ناوزەدیان کردووە بە راپەڕینی شەعبانییە, چونکە ئەگەر پانۆرامایەکی هەمە لایەنە نەخەینە بەردەست, وا دەبینرێت کەسێک هاتووە دۆن کیشۆتانە یان سپارتاکۆسانە ئاڵای شۆڕشی بەرز کردۆتەوە و راپەڕینی لە کوردستان ئەنجامداوەو کۆشکە زستانییەکانی قەیسەرەکانی یەک لە دوای یەک رزگارکردووە.

### پانۆرامای شەڕی دووەمی کەنداو"کوەیت"

سوپای عێراق رۆژی پێنج شەممە ریکەوتی ۲ - ۸ - ۱۹۹۰ کوەیتی داگیر کرد, هەواڵەکە جیهانی تاساند, سەرشێتییەک ئەنجامدرا دوور لە پێشبینییەکان, بەرەی کوردستانی کە لە دوای تاوانی هەڵەبجەو قۆناغەکانی کۆتایی ئەنفالدا پێک هاتبوو, لە ترسی کاردانەوەی بەعس کە لە هەڵەبجەو ئەنفالدا چاوترسێنیانی کردبوو, بڕیاری ئاگر بەستیدا، لە کاتێکدا جیهان بەرەو روی داگیرکاری کوەیت لە لایەن عێراقەوە ببوەوە بە یەکێتی سۆڤیەتیشەوە بۆ یەکەمجار ڤیتۆی بۆ پشتیوانی لە عێراق بەکار نەهێنا، لە ریکەوتی ۷ - ۸ ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنی درعی سەحرای راگەیاند, بە دوایدا عاسفە سحرا" ئۆپەراسیۆنی رزگاری کوەیت" لە ریکەوتی ۱۷ی یەنایەر راگەیاند کە تاکو ۲۸ی فبرایەر بە سەرکەوتنی سوپای هاوپەیمانان بەسەر عێراقدا لە ۲۸ی فیبریوەری بەردەوام بوو.

**ئۆپەراسیۆنەکە پێک هاتبوو لە هاوپەیمانی سوپای ٣٤ وڵات و بە بەشداری ٩٦٦٣٤٤ سەربازی.**

**لە بەرەبەیانی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی جەنیوەریەوە فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان سەرتاپای عێراقیان بۆردومان کرد,بە بەشداری ٢٤٣٠ فڕۆکەی پێشکەوتوی نوێ، هاوپەیمانان لە ماوەی چل و سێ ڕۆژدا١٠٩٨٦٧ جار بۆردومانی ناو عێراقیان کرد, بەڕێژەی ٢٥٥٥ جار لە ڕۆژێکدا, ڕۆژانە ٦٠٦٢٤ تەن بارودیان بەسەر خەڵک و سەربازگاکانی عێراقدا دەباراند, عێراقیان غەرقی دوکەڵ و ئاگرو خوێن و مەرگ و وێرانە کرد, لە جارێکدا لە پەناگەی عامریە ئێسک و پروسکی ٣١٥ ژن و منداڵیان هاڕی و تاوانی جەنگیان ئەنجامدا، ئەمەریکا بە ڕۆکێتی دور هاوێژی کرۆز و بۆمبی هیشۆیی و بۆمبی زیرەک و چەکی لیزەری پێشکەوتوو تا دەگاتە یۆرانیۆمی چاککراو لە عێراقی دەدا، ٢٨٨ تۆماهۆکی لە دەریای سورەوە بە عێراقەوە نا، عێراقیش ٨٦ سکودی نا بە ئیسرائیل و سعودییەوە، بە گشتی لە دوای جەنگی کۆریاوە شەڕی کوەیت گەورەترین جەنگ بوو لە جیهاندا، لە بەرامبەردا سەدام لەهەمان ڕۆژی ڕاگەیاندنی عاسیفە سەحرا، ئوم ئەلمەعارکی ڕاگەیاند.**

**لەسەر داوای یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ٢٢ی شوبات، عێراق ڕازی بوو هێزەکانی لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا لە کوەیت بکشێنێتەوە، لە ڕێکەوتی ٢٤ی مانگ هاوپەیمانان هاتنە ناو کوەیتەوە, ٢٦ مانگ لە هێزەکانی عێراقیان دا کە لە حالەتی پاشەکشەدا بوو، لە ئەنجامدا لەماوەی چەند کاژێرێکدا ٧٠ بۆ ١٠٠ هەزار سەرباز کوژرا، لەو قەسابخانەیەکی بێوێنەی لێکەوتەوە، یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی مێژوو تۆمارکرا، هەروەها سوپای عێراق زیاتر لە 30 هەزار دیلی دا، لە گەڵ تێکشکانی٤٠٠٠ تانک، ٣١٠٠ تۆپ، ١٨٥٦ ئۆتۆمۆبیلی سەرباز گواستنەوە, ئەوەشمان لە یاد نەچێت لە ٢٣ی یەنایەر لە کۆی ٧٥٠ فرۆکەی جەنگی عێراق تەنها ١٢٢ فرۆکەی بە ساغی مابوو، ئەویشی تەسلیم ئێران کرد، لە کاتێکدا لە ماوەی ٨ ساڵەی شەڕی ئێران - عێراق هێزی ئاسمانی عێراقی جوڵەی لە هێزی ئاسمانی ئێرانی بڕیبوو, هەمان ئەو فڕۆکانە تاوانیان ئەنجام دەدا, ئێستا پێشکەشیان دەکرێت.**

**دوای ئەو تێکشکانە سوپای عێراق لە سوپایەکی ملهوڕی شەڕەنگێزەوە بووە سوپایەکی تەسلیم بووی ملکەچ، وێنای ئەو ڕۆژانە لە جەنگی جیهانیشدا نەبووە، ڕیزی دیلەکان و تەرم و ئامێرە تێکشکاوەکان لەناو چڕە دوکەڵدا لەناو ئەو بیابانە پان و بەرینە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی لە جیهان داگیر کرد.**

**لە ٢٦ی شوبات لە گەڵ کشانەوەدا، عێراق ئاگری لە بیرە نەوتەکان کوەیت بەردا، ملیۆنێک بەرمیل نەوتی ڕژاندە کەنداوی عەرەبییەوە، لە کۆی ١٠٨٠ بیرە نەوتی کوەیتی ٧٢٧ بیرە نەوتی تەقاندەوە، ١٢٨پەڵە نەوتی گەورە کەنداوی عەرەبی**

داپۆشی، بەمەش گەورەترین تاوانی ژینگەیی ئەنجامدا.

لە ٤ی ئازار لەناو بیابانەکانی سەفوان لە سنوری سعودییە، بە سواری زرێپۆشی ئەمەریکی، شاندی عێراقی چوونە ناو خێمەی سەفوانەوە، عێراق بە فەرمی لەژێر خێمەمەکەدا تەسلیم بوو, ئەمەش سەرەتای مێژوویەکی نوێی جیهانی بوو پێی وترا سستەمی نوێی جیهانی، لە ناوەڕۆکدا سەرکەوتنی نیولیبرالیزم و باڵادەستی ئەمەریکا بوو، لە ژێر ئەو خێمەیە نەزمێکی تازەی جیهانی لە دایک بوو, لە بەرامبەر ئەم خۆبەدەستەوە دانەی عێراق هێزی ئاسمانیەکەی دەستکراوە کرا لە لێدانی خۆپیشاندەرانی باشووری عێراق، هاوکات هێزەکانی هاوپەیمانی ئامادە نەبوون پێشوازی لە نوێنەری خۆپیشاندەرانی باشوور بکەن، هۆکارەکەشی باڵا دەستی ئاراستەی ئیسلامی سیاسی بوو لە راپەرینەکەیان، لە دوایدا لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمەریکا ئەو ژەهرەی بە ناچاری نۆش کردو عێراقی لەسەر سینیەکی زێرین پێشکەشیان کردەوە، بە مەش لە قەتڵگاکان زیاتر تۆڵەی لە خەڵکی عێراق کردەوە، وڵاتی بەرەو جەهەنمی ترسناکتر لەوەی سەدام برد.

## راپەڕینی باشووری عێراق

لە ٢٨ی شوباتەوە، شاری بەسرە جمەی دێت، چ لە ئەو سەربازانەی بە ساغی و بە بریندار لە ریزە دورو درێژەکاندا بە دوای یەک, دەڵێی مێرولەن، بە سیمای دوکەڵاوی چڵکنەوە, بە سەری شۆڕەوە ملی رێگایان بەرەو ناو عێراق گرتۆتە بەر، وە چ کەسوکاری سەربازان لە هەموو عێراقەوە لە سەرسنووری کوەیتەوە تا بەسرە کۆبونەتەوە بۆ هەواڵپرسی رۆڵەکانیان, لەو کاتەدا سەربازێک بە تفەنگەکەی چەخماخەی راپەڕین لێدەدات,بێدەنگی دەشلەقێنێ، جۆشی رقی خەڵکەکە دەدا,

وەک دەگێڕنەوە لە ١ی ئازار ئەفسەرێک لە شارۆچکەی زوبێری سونی نشینی سەر سنوری کوەیت بە پێوە نانی گولە بە وێنەکەی سەدامەوە گڕی راپەڕینی لە عێراق هەڵگیرساند، لە لایەکی دیپەوە دەڵێن بەیانی زووی رۆژی هەینی رێکەوتی ١ی ئازاری ١٩٩١ لە گۆڕەپانی سەعد لە شاری بەسرە، سەربازێک کە لە شەڕی کوەیت بە دۆڕاوی گەڕابووەوە، لە داخی ئەو هەموو نەهامەتیەی لە شەڕ بینیبوی، گولەیەکی نا بە وێنەکەی سەدامەوە و گڕی راپەڕینی لە عێراق هەڵگیرساند، هەردوو روداوەکە لە بەسەرا و هەمان رۆژ رویاندا، پێی دەچێت شیعەکان بۆیە باسی ئەوەی زوبێر ناکەن چونکە شارێکی سونی نشینە، هەمان رۆژ شارەکانی بەسرەو میسان و کەربەلا کەوتە دەست خۆپیشاندەران، دواتر نەجەف و کەربەلا و دیوانیەو سەماوەو حیلەو کوتیشی گرتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی باشووری عێراق هەمووی کەوتە دەست خۆپیشاندەران، تا راپەڕین گەیشتە شارەکانی عەزیزیەو مەحمودیەی رۆخی پایتەخت, بە گشتی راپەڕین ١٤پارێزگای گرتەوە بە کوردستانیشەوە.

لە ڕێگای سنووری ئێرانەوە هێزە شیعەکانی وەک ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە زوو هاتنە ناو عێراقەوە. بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندەران.

## ڕاپەڕینی کوردستان

لە 4ی مانگ کە عێراق لە ژێر خێمەکەی بیابانی سەفوان تەسلیم بوو، لە بەرامەردا گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا بۆ ئەوەی ڕاپەڕین سەرکوت بکات, قۆناغی سەرکوتکردنی ڕاپەڕین لە باشوور دەستی پێکرد، ڕۆژی دوای سەفوان ڕاپەڕین گەیشتە کوردستان بە دەروازەی ڕانیەیا، لێرەدا دەبینین  هیچ دەست پێشخەریەک نەک نییە بۆ ڕاپەڕین لە کوردستان بگرە کات لە دوای باشووری عێراق و هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی هاوپەیمانانەوەیە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی باشووری عێراق، ڕێی تێدەچێت  لەوکاتەدا ئێران فشارەکان لەسەر هەندێک لە سەرکردەکان کورد توند دەکات تا بەرەیەکی دیکە بکەنەوە فشار لەسەر هاوپەیمانەکانی کەمبێتەوە، نامەو هەوڵەکانی ئەوکات ئاماژەی وایان تێدایە. ئەگەر ڕاست بن و لە پشکنینی کاربۆنی دەرچن، لە کاتێکدا زەمینەی ڕاپەڕین دوای ڕێکەوتنی سەفوان و دەستکراوە کردنی هێزی ئاسمانی عێراقی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین لاواز بوو، وەلێ کە خەڵک ئەنجامی دا، ئیتر هێزەکانی بەرەی کوردستانی دوای کەوتن، ئەگەر وەک باشووری عێراق سەرکوتبکرابایا بێ دەستکەوتەکانی کۆڕەو، کە کراش بەڵام کۆڕەو مایەکەی هێنایەوە، نەک ئەندازیاری نابوو، بگرە وەک هەڵەبجە هەتیو و بێکەس سەری دەنایەوە, کەس نەک باسی ئەندازیاری ناکرد، بگرە بەڵگەنامەی قولابیشیان بۆ پاکانە کردن دروستە کرد.

تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی بڵاو کراوە نییە هیچ هێزێکی کوردی پێش ئەو مێژووە "ڕاپەڕینی بەسرە ١ - ٣ - ١٩٩١ "بانگەوازی بۆ ڕاپەڕین کردبێت، ئەوەی هەبووە جوڵەو پەیوەندیکردن و خۆ ڕێکخستنەوە بووە، لەو بێ ئومێدییەی تێی کەوتبون وەک خۆیان وتویانە جورئەتمان نییە وەک م م بڵێین ئاش بەتاڵە.

بە بڕوای ئێوە ڕاپەڕینێک دوای ئەم هەموو ڕوداوە گەرم و شکستە مەزنەی سەدام هاتبێت، دەشێت ئەندازیاری هەبێت؟؟، وە ئەندازیارەکەشی بۆ خۆیان فیشەکێکیان نەتەقاندبێت؟؟ ئازیزێکیان خوێن لە لوتی نەهاتبێت؟؟؟؟.

هەموو کەس لە شەبەقی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٧ - ١ - ١٩٩١ەوە  دەیزانی سەدام لە شکستە، چاوەکان دوکەڵ و ئاگری فرۆکەکانی هاوپەیمانانی دەبینی، گوێیەکانیش گوێ بیستی تەقینەوەکان بوون، ئەم بیرکردنەوەیە عەقڵێکی خاریقی ناویست، تەنانەت ئەوەشی سیاسەتی نەکردبوو لە ژیانیدا بەو ئەنجامە گەیشتبوو، جاشەکانیش لەوە تێگەیشتبوون دەبوایا خۆیان بە لایەکدا بدەن، ئاخر ئەوان ڕاستە ئاخوریان لای ڕژێم بوو، بەڵام هەریەکەیان کلکیان بە لایەنێکەوە بەسترا بوو.

## راپەڕین و دەستکەوتەکانی

راپەڕین تەنها دوو ساڵ و نیو دوای هەردوو کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال ئەنجامدرا، هێشتا شوێنبزر بوونی ئەنفالکراوان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە زەینی خەڵکدا مابوو، هێشتا دوکەڵی کیمیاوی و تەپ و تۆزی روخانی گوندەکان و کوشتنی خەڵک لە بەرچاوان بوو، هێشتا ترس و لەرزی فڕی دانە خوارەوەی هاوولاتیان لە کۆپتەرەوە لە زەین و هۆشدا بوو، هاوکات دژە سەرکوتکردنی راپەڕین لە باشووری عێراق، حوسێنی زیندوو "حوسێن کامل" گولەی تانکەکەی کە نا بە حوسێنی مردووەوە، نیشانەی دەست نەپاراستن بوو، کوژرانی ٥٠٠٠ بەعسی لە راپەڕین بە کوشتنی ١٠٠ هەزار لە هاوولاتیانی باشوور وەڵام درایەوە، ئەم دوو وێنە تراژیدیایە خەڵکیان هاندا کۆڕەو بکەن، لە سەرەتادا هێزەکانی بەرەی کوردستانی رێگری توندیان لە خەڵک کرد شار بەجێ بهێڵن، ئێمە تا بەرە بەیان بە ئۆتۆمۆبیلی پڕ لە ژن و منداڵی جل وبەرگ رەشەوە، هەموو لە پرسەی شەهیدو ئەنفالدا بووین، رێگایان نەدا لە شار دەرچینە دەرەوە، وەلێ کە گولەی تۆپەکان گەیشتە دەوروبەری هەولێرو رێگرکەران هەڵاتن، ئیتر وەک روبار جەماوەر رێگای خۆی کردەوە، لێرەشدا خوێنی ئەو خەڵکەی لەو رۆژەدا بووونە قوربانی لە ئەستۆی ئەوانە، خەڵک بە بەجێ هێشتنی ماڵ و شار، ئەو داستانەیان خولقاند کە لە مێژوودا ناوی نرا کۆڕەو، دوای تەنها چوار رۆژ، داستانی برسی و سەرما بردووەکان چووە سەر مێزی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٥ی ئەپریل بڕیارێکی هەشت خاڵی بەناوی بڕیاری ٦٨٨ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوو بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل، بەمەش کۆڕەو بووە هۆکاری گۆڕانکاری بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورددا، هەڵەبجە و ئەنفال لە کاتی خۆیدا نەیانتوانی کاریگەری دابنێن، بەڵام کۆڕەو کە روحی هەڵەبجەو ئەنفال و کاردانەوەی ئەو دوو تراژیدیایە بوو، جیهانی هێنایە دەنگ، لێرەدا دەبینین تراژیدیا رایگشتی و لەناو خۆشدا نەرمە هێزی ناوخۆیی دروست کرد.

راپەڕین ئەنجامی نەبوو، وەلێ شکستی راپەڕین بووە سەرکەوتن, دوو هۆکاری دواتر هاتنە پێشەوە شەڕی کۆڕێ و بە رادەی کەمتر ئەزمڕ و راپەڕینەکانی مانگی تەموزی هەمان ساڵی ناو شارەکان، وە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە سەرقەڵاو گەرمیان، هەموو سەرکەوتنەکانی کۆڕەویان جێگیرترو بەرفراوانتر کرد.

کەواتە ئەگەر لە راستیدا هەر ئێمەی جەماوەر ئەندازیاری راپەڕین بوبێتین، ئەوا بێشک ئەندازیاری کۆڕەوی ملیۆنی و راپەڕینی تەموزی ناو شارەکان بووین، ئەم واقعەی دروست بووە بەری رەنج و تێکۆشای هەموومانە.
ئەوەی رەخنەی هەیە، بە بەڵگەنامە وەڵام بداتەوە, بەڵگەنامە بە وتەی شەفەوی نابێت,پێویستی بە بەڵگەی نووسراو لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەو پشکنینی کاربۆنی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری سپی میدیا - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# یادی کۆڕەو وێستگەیەک بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردو باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان



فەتاح حەسەن قەڵاتی

دوای ئـازادکردنی تەواوی شاروشـارۆچکەکانی هەرێمی کوردسـتان لەژێـر دەسـتی رژێمی داگیـرکەری بەعـس لەمـانگی ئـازاری ١٩٩١دا، بەهۆی دڕندەیی رژێمی بەعس و کاریگەری ئەو سیاسەتە گڵاوانەی کە پێشتر ئەو رژێمە فاشیستە بەتـایبەتیش کە لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو لەکوردستاندا پەیڕەوی دەکردن و لەهەمان کـاتیش بەهـۆی نەبـوونی هاوسەنگی تەرازووی هێـز لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەری خۆڕاگری کوردستان لەلایەک و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی داگیـرکەر بەتـایبەتی لەرووی لۆجستی و تەکنیکی سەربـازیەوە لەلایەکی ترەوە، زۆری نەبرد بـارودۆخەکە لە کوردستـاندا بەئـاراستەیەکی پێچەوانە لەراپەڕین و هێرش بردنەوە گۆڕاو بووە هۆی شلۆق بوونی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەو دابەزینـی وورەی جەمـاوەرو پـاشە کشە کردنی هێزی پێشمەرگە لەزۆربەی نـاوچە ئازادکراوەکان و لەئەنجامیشدا کۆڕەوە مەزنەکەی بەهـاری ١٩٩١ی لـێکەوتەوە، کە لەم کۆرەوە مەزنەدا سەدان هەزار خێزانی کورد ماڵ وحاڵی خۆیان جێ هێشت بەرەو نـاوچە شاخاویەکانی سنووری هەردوو وولاتـی تورکیـا وئێـران سـەرگەردان ودەربەدەر بـوون، لەم کاتەشدا خەڵکی کوردستان گەورەو بچوک بەپیـاو و ژن و منـداڵ لەتەواوی پێکهاتە وچین وتوێژەکانەوە بۆ رزگـاربوون لە چنگی رژێمی داگیـرکەری بەعس وەڕەتکردنەوەی زوڵـم و سیاسـەتە چەپەڵەکـانی لەکوردسـتاندا، یەک بڕیـارو یەک هەڵوێستی خۆی پیشـاندا، ئەویش جێ هێشـتن و چۆلکردنی نـاوچە ئـازاد کراوەکان بوو، بۆیە خەڵکی کوردستان بەکۆچێکی ملیۆنیەوە رووی لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان کرد.

جێگەی داخە کە دیمەنەکانی ئەوکاتەی کۆڕەوە مەزنەکە پڕبوون لە ئازارو نەهامەتی و ساردی و سڕی وحەسرەت وغوربەتی ئاوارەیی و دوورە وولاتی وپەراگەندە بوونی خێزانەکان لەیەک دابڕانی خزم وکەسـان لە یەکتری، کەهیچ کەسێکیش نەبوو

لەم رۆژگارەدا نازی نەخۆش وپیرو پەککەوتە و منداڵە چاوگەشەکان هەڵ بگرێت، هەموو ئەو مەینەتی و دەردەسەری ئەو کاتانە گوزارشت بوون لەمەزڵومیەت و ئیرادەی میللەتێک کە چیتر نایەوێت لەژێر زوڵم وچەوسانەوەدا بژێت، بۆیە ئەم گەلە چەوساوەیە بەتێکڕاییەوە وای بەچاک زانی کەئەگەر خاکەکەشی لێ داگیر بکرێت، بەڵام دەیەوێت مێژوویەکی پاک و بێگەرد بۆ خۆی و نەوەکانی داهاتووی تۆمار بکات و چۆک بو دوژمنەکانی دانەدات، هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە گەلی کورد هەمیشە بەهیواو ئیرادەیەکی بەهێزەوە درێژەی بە شۆڕش وخەباتی چەکداری و سیاسی خۆی داوە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانی، بۆیە ئەم کۆڕەوە مێژوویەش وەک بەشێکی گرنگ لەدرێژەدان بەخەبات و تێکۆشانی میللەتەکەمان هەژمار دەکرێت.

کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ویژدانی مرۆڤایەتی ورای گشتی جیهانی هێنایە هەژان، لەهەمان کاتیش مەینەتی و تراژیدیاکانی ئەم رووداوە جەرگبڕە زەنگێکی مەترسیدار بوو کە بەهۆیەوە هاوپەیمانان وولاتە بڕیار بەدەستەکانی جیهان لە کێشەی کورد ومەینەتیەکانی بەخەبەر بێنەوە بەهانای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێن لە ژێر زوڵم وستەمی رژێمی کۆنەپەرستی بەعسی خوێنمژی ئەو کاتە رزگاری بکەن، سەرەنجامیش بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێکەوتەوە کە بە پێ ی ئەم بڕیارە ناوچەیەکی ئارام ودژە فڕین لە کوردستاندا دیاری بکرێت و هێڵی سوور بۆ هەرەشەو مەترسیەکانی ئەوسای رژێم دابنێن و پارێزگاری لە ژیان وگوزەران و مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، بۆیە لێرەشەوە پێویستە ئاماژە بەم راستیە بکەین کە هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی کوردستان روویان لە ناوچە سنووریەکان کردبوو، بەڵام بەشێکی زوری هێزی پێشمەرگە و ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانیش لەدەرەوەی شارە گەورەکان و ناوچە شاخاویەکان مابوونەوەو بەوورەیەکی پۆڵاییینەوە لەچوارچیوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا رووبەرووی پەلامارەکانی رژێم ببونەوەو توانراش لەدوا ساتەکانی پەلامارو رووبەڕووبونەوەکاندا گەورەترین سەرکەوتن وداستانی رزگاری لەناوچەکانی هێڵی تەماس لەکۆڕێ وشاخی ئەزمەڕدا تۆماربکەن و بەگورڕوتینێکی بەهێزەوە بەر لەهێرش و پەلامارەکانی دوژمن بگرن و زەبرێکی کوشندە لەرژێم و هێزە فشۆڵەکەی بوەشێنێت و شوێنەواری ئەمەش ئێستاش بەدەبابە سووتاوە جێ ماوەکانی رژێمەوە لەم شوێنانەدا دیارە.

دوای دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکاری کردنی وڵاتانی هاوپەیمان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ خەڵکی لێقەوماوی کوردستان و هەروەها بەهۆی خۆڕاگری ئیرادەی جەماوەرو هێزی پێشمەرگە ئەوەبوو زۆری نەبرد پەیتا پەیتا خەڵکانی ئاوارە گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ وحاڵ و شوێنی خۆیان، ئەمەش وایکرد کەرژێم ناچاربێت هێزەکانی خۆی لەزۆربەی هەرە زۆری ناوچە ئازادکراوەکانی ئەم کاتە چۆل بکات، بەڵام بەمەبەستی پەکخستنی کاروباری ئیداری و خزمەتگوزاری ناوچە رزگارکراوەکانەوە لەم کاتەدا ڕژێم هەوڵیدا تەواوی دام ودەزگا ئیداریەکانی خۆی لەهەرێمی کوردستان بکێشێتەوە، بەڵام بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە ئیداریە کە لەهەرێمی

کوردستان دروست بوو بوو، ئەوەبوو بەهەوڵ و کۆشش و یەکریزی و ئیرادەی پۆڵایینی بەرەی کوردستانی ئەو کاتەوە، خەڵکی کوردستان لە ١٩ - ٥ - ١٩٩٢ توانی بە تەواوی پێکهاتە وچین وتوێژە جیاجیاکانەوە بەشداری لەیەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستاندا بکات ویەکەمین پەرلەمان وحکومەتی هەرێم بهێنێتە بەرهەم و دواتریش هەر لە هەمان ساڵدا دروشمی فیدراڵی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەرز کرایەوەو ئێستاش کە ٢٥ ساڵ بەسەر ئەم کۆڕەوە مەزنە تێ دەپەڕێت و لەسایەی ئەم کۆڕەوەو خەباتی خەڵکی کوردستاندا هەشتەمین کابینەی حکومەتی هەرێم درێژەی بەکاروانی حوکمڕانی و ئیداری لەهەرێمی کوردستان دەدات و لەسایەیدا تەواوی ناوچەکانی هەرێم لەهەموو بوارەکانەوە پێشکەوتن و گەشەکردنی بەرچاویان بەخۆیەوە بینیوە.

**لە کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک لەوانە:**

١- کۆڕەو هەڵوێستی نەتەوەیەکی بەش خوراو بوو کە چارەنوسێکی نادیاری قبووڵ کرد لە پێناو سەرفرازی ورزگاربوون لە زوڵم وچەوساندنەوەو رەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیر کەر لە کوردستاندا.

٢- کۆڕەو وێستگە یەکی گرنگی گەیاندنی مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستان و کێشە ڕەواکەی بوو بە رای گشتی نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهان ولە هەمان کاتیش رووداوێکی سەرنج راکێش ودڵتەزێن بوو کە بەهۆیەوە ویژدانی مرۆڤایەتی هێنایە خرۆشان، هەرچەندیشە لە مێژووی خەباتی رزگاری گەلەکەماندا خەڵکی کوردستان چەندین کارەساتی تری وەکو ئەنفال وزینده بەچاڵکردن وکیمیا بارانکردنی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهۆی کپ کردنی دەنگ وئازارەکانی خەڵکی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوە وپشتگیری نەکردنی گەلی کورد وەکو پێویست لەم کاتانەدا لە لایەن نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهانەوە وایکرد کە مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستان وکێشە ڕەواکەی بە دەرەوە نەناسرێت وپشتگیری لێ نەکرێت.

٣- کۆڕەو دەروازەیەک بوو بۆ خستنە رووی تەواوی جینۆسایدو تراژیدیا جەرگبڕەکانی خەڵکی کوردستان کەرژێمی داگیر کەری بەعس لەقۆناغە جیاجیاکانەوە دژ بەم گەلە ستەم دیدەیە ئەنجامی داوون.

٤- کۆڕەو فاکتەرێکی بەهێزی هەبوو بۆ جووڵاندنی ویژدانی مرۆڤایەتی و هەست و سۆزی رێکخراوە خێرخوازو مرۆڤ دۆستەکانەوە بۆ ئەوەی زۆر بە گەرمیەوە بەهانای خەڵکی کوردستان بێن وکۆمەک وهاوکاری پێشکەش بە خەڵکە لێقەوماوەکەی بکەن ، بۆیە لەئێستاو داهاتووشمان کۆڕەوە مەزنەکە فاکتەرێکی بەهێزی ناساندن وپشتیوانی کردنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمانە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و تەواوی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان وئاوەدانکردنەوەی شارو دێهاتەکانی هەرێم وبوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری لەکوردستاندا.

لەکاتی ئێستاشدا کە (٢٨) ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە مێژووییە جەرگبڕە تێ دەپەڕێت دەبێت ئاکامەکانی ئەم کۆڕەو بکەین بەخاڵێکی وەرچەرخان و دەستکەوتێکی مێژوویی گرنگ بۆ زیاتر لەیەک نزیک بوونەوەی لایەنە سیاسیەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەک گوتاری سیاسی کورد لەبەغداو یەکریزی و تەبایی میللەتەکەمان لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەو لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی هاوڵاتیان و خستنەرووی راستیەکان و شەفافیەت بوون لەگەل میللەت و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەئاستەکانی سەرەوە بۆ خوارەوەو سوود وەرگرتن لەوەبەرهێنانی دەرامەت و سامانە سروشتیەکانی هەرێم بۆ خزمەت و بەرژەوەندی خەلک بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو خەرج کردنی داهاتی نەوت و سوتەمەنی لەپێدانی مووچەی فەرمانبەران و ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزاری و ستراتیژیەکان و دارێشتنی پلانی ئابووری و ستراتیژی توکمەو کاریگەر بۆ بوژاندنەوەی رەوشی ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا.

سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٩

# کۆڕەو، شەڕی مرۆڤی کورد لەگەڵ قەدەری خۆیدا



**گۆران قادر احمد**

دوای سەرکەوتنی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و ئازادکردنی سەرجەم ناوچەکانی باشووری کوردستان، بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، ڕژێمی بەعس هێزێکی زۆری کۆکردەوەو بەهاوکاری موجاهیدینی خەلق، ڕوویان لە کوردستان کردو،هەزاران هاوڵاتی ماڵ و حاڵیان جێهێشتو بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد، ئەم کۆچە، بە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١ ناسرا.

" د. تەها ڕەسوڵ" مامۆستای زانکۆ، ئاماژە بە لایەنە گرنگەکانی کۆرەوەکە بۆ کوردو دەکاتو هەروەها باسلەوە دەکات کە کۆڕەو چییە؟ بۆچی ڕوویدا؟ لایەنە باشو خراپیەکانی کۆڕەو چیبوو؟ قوربانییە مادی و گیانیەکان چەند بوون، هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز چی بوو، لەگەڵ چەند لایەنێکیتر سەبارەت بەم پرسە.

د. تەها ڕەسوڵ سەبارەت بە مێژووی کۆڕەو وتی: کۆڕەو واتە کۆچی بە کۆمەڵ، ئەم کۆچی بە کۆمەڵە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، ئێمە خاوەنی کۆچی بە کۆمەڵین لە میزۆپۆتامیاوە، بۆ نموونە دەوڵەتی عوسمانی لە دوای ساڵی ١٤٠٠ بەدواوە بۆ ئەوەی کۆچەری کەم بکاتەوە لە ناوچەی کەلاردا، نزیکەی ٢٥٠ هەزار دۆنمی بەسەر خێڵی جافدا دابەش کرد، بۆ ئەوەی کێشەی کۆچەری کەم ببێتەوە و لە دەوڵەتی سەفەویش دوور بکەونەوە، لە هەمان کاتدا ببنە خاوەنی زەوی تا دەوڵەت باجیان لێبسێنێت، بەڵام کۆرەویتر وەک کۆرەوی عیبرانیەکان یان کۆرەوی حەزرەتی موسا بۆ کەنعان کە ئەمانە

لایەنێکی تری ئاینی و سیاسی هەبوو، بەلام کۆرەوی سەردەم ئەو کۆرەوە بوو کە کورد لە سالی ١٩٩١دا کردی، ئەمە کۆرەوێکی سیاسی زۆرە ملێی بوو، ئەم کۆرەوەی کوردان لایەنی سیاسی بوو، چونکە کێشەی کوردی لە کێشەیەکی لۆکالێییەوە کرد بە کێشەیەکی نێودەولەتی، ئەم کۆچە چەند زیانی هەبوو، بەلام لە هەمان کاتدا چەندین سودی گەورەی هەبوو کە دوایی بووە هۆی دروستبونی حکومەتو کیانێکی کوردی.



کۆرەوی سەردەم ئەو کۆرەوە بوو کە کورد لە سالی ١٩٩١دا کردی، ئەمە کۆرەوێکی سیاسی زۆرە ملێی بوو، کێشەی کوردی لە کێشەیەکی لۆکالێییەوە کرد بە کێشەیەکی نێودەولەتی،

## لە سەرکەوتنەوە بۆ گۆڕانی هاوسەنگی هێز و کۆڕەو؟

کورد دوای ئەوەی ڕاپەرینی کردو توانی رژێمی بەعس لە کوردستان وەدەربنێت، بەڵام ئەم ڕاپەرین و سەرکەوتنە زۆری نەخایاندو هاوسەنگی هێز گۆڕاو کوردیش دەربەدەر بوو، د. تەنها هۆکاری ئەمەش بۆ لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی دەگێرێتەوەو دەڵێت: هۆکاری دەرەکی، هۆکاری سەرەکی کۆرەو بۆ بێ پشتی کورد دەگەڕێتەوە، ئەمە بێ متمانەیی بوو بەو دەوڵەتانەی کە بریار بوو پشتمان بگرن، بەڵام وا دەرنەچوو، چونکە ئەوان بەرژەوەندییەکانیان گەورەیە، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە دەوڵەتانی سەرمایەدار خاوەنی ئەم هەموو پارچە پارچە کردنەو دوورکەوتنەوەی گەلانی ناوچەکەن، هۆکاری ئەمەش بۆ بەرژەوەندییەکانیان دەگەڕێتەوە کە وا دەخوازێت گەلان لە یەکتر دوور بخەنەوە، ئەگەر ئێمە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی مرۆڤایەتی خۆمان بکەینە پەیامێکی ڕاستەقینە بێکەسی و بێ پاڵپشتیەکەمان دەگۆڕێت بۆ پاڵپشتیەکی گەورە.

کە کۆرەوی ئێمە دەستی پێکرد، ئەوان جدی نەبوون لە پشتگیری کردنی ئێمە، هەروەها ئەو ڕاپەرینەش وەک قارچکی دوای

باران هەڵتۆقی بوو، بۆیە نەمانتوانی بیپارێزین و کۆرەوی بەسەردا هات.

**دەبارەی هۆکارە ناوخۆییەکانیش ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی وتی:** "دروستبوونی کۆرەو بەشێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ناوخۆیی، لەو کاتەدا بەرەی کوردستانی کە هیواو پەیامێکی پیرۆزی هەبوو کە گوزارشتی لە یەک ریزی کورد دەکرد، بەڵام دوژمنی ئێمە ناجدیاتی زۆری دەبینی لە یەک ڕیزیماندا ، چونکە ئەو دوو هێزە سەرەکییەی کە لە کوردستاندا بوون، زۆرانبازی و ململانێییەکی زۆر قولیان هەیە، دوژمن هەموو کات سودی لەمە وەرگرتووە، بۆیە کاتێک وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتی جەنابی مام جەلال یان کاک مەسعود دەچوون بۆ بەغداد، ئەوان بە شێوەیەک قسەیان لەگەڵدا دەکردن بۆ ئەوەی سود لە ناکۆکیەکان وەربگرن".

،،

جێمیس بیکەر راوێژکاری بۆشی باوک ئەویش ڕۆڵێکی گرنگی بینی، ئەوەبوو بە هەوڵی ئەوان هێڵی ٣٦ دیاری کراو و بریاری ٦٨٨ یان دەرکرد، بۆیە ئەو بریارە توانی جینۆسایدی کورد ڕابگرێت و دەوڵەتان یەکیان گرت لەسەر ئەم پرسەو پێیان وابوو جینۆسایدی گەلێک دەبێتە شەرمێک بۆ مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەمدا.

### گەرانەوەی بەعس:

کۆرەو کۆڕەوێکی گشتی بوو هەموو کوردستانی گرتەوە، کاتی گەرانەوەی زۆر دیار نییە، زیاتر دەکەوێتە دوای دەرچوونی بریاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش، هاولاتیان لە کۆڕەوەکەدا بۆ ئەودیو سنوور رۆشتن، هەندێکیان بۆ ئێران و ئەوانی تریشیان بۆ تورکیا، ئێران لە رووی سیاسی و بەرزکردنەوەی پایەی خۆی سودی لە کۆرەوەکە وەرگرت و هاوکاری کوردی کرد و وەریگرتن، بەو پێیەی کورد ستەمی لێکراوە، هەروەها بۆ مەرامێکی سیاسی خۆی بە باشی ئەم بابەتەی قۆستەوە، سەرباری ئەوەی ئێران بۆ سودی خۆی یارمەتی کوردی دا، بەڵام یارمەتیدانی ئێران جێگەی ڕێزە و لای کورد بە ئەمەکەوە باسی هاوکاری ئێران دەکەن، بەڵام تورکیا سیاسیەتە شۆڤینیە تاک پەرستەکەی خۆی درێژە پێدا، بۆ ماوەیەکی زۆریش ڕێگەی نەدا کەس بچێتە سنوری تورکیاوە، ئەوەبوو جوامێری خاتوو میتران تورکیای ناچار کرد کە یارمەتی کوردا بدات و سنوور بە ڕویاندا بکاتەوە.

### هۆکاری نەزانینی ژماری شەهید و بێ سەرو شوێنەکانی کۆرەوەکە:

هۆکاری نەزانینی ژمارەی قوربانیەکانی کۆرەو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لە بزووتنەوەیەکی چەکداریدا بووین، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی زیاتر پەرەمان بە چەک و شۆرش داوە، بەڵام پرسەکانی تر کە لێکی دەدەینەوە ئێمە نەمانتوانیوە سودی لێوەربگرین، بۆ نموونە دەبوو ئامارێکی جدی هەبووایە بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانەی بکردایە بە دۆکۆمێنت و

بەکاریبهێنین، بەڵام بەداخەوە لەو کاتەدا هیچیان نەکرد، هەروەها ئێمە زۆر گرنگیمان نەداوە بە ڕاگەیاندن، ئەوەی کە زۆر گرنگی بە ڕاگەیاندن و بیرورا داوە تەنها پارتی کرێکارانی کوردستانە، ئەوان گەر سەیر بکەین دبینین ناوی هەموو شەهیدەکانیان لای خۆیان هەڵگرتووە و چونکە لای ئەوان پیرۆزەو بە پیرۆزی دەمێنێتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا حیزبێکی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە شەهیدێکی بێ شوماریان هەیە تاکو ئێستا گۆڕستانێکی تایبەت بە شەهیدەکانی خۆیان نیە، کە ئەمەش خەمە قوڵەکەیە چەند خۆش بوو لە هەر شارێک ڕەمز و گۆرستانێکی شەهیدانمان ببینایە.

## دەوری حیزبەکان لە کۆرەوەکەدا:

لە کاتی کۆرەودا حیزبەکان رۆڵێکی زۆر باشیان بینی و هەر ئەوەندەشیان لە دەستدەهات، هەرچەندە کۆمەڵێک گلەیی هەیە، بەڵام نابێت ئەو گلەییانە بکەینە پێشەنگ بۆ پرسە بنەرەتیەکەو لەبیری ببەینەوە.



دوای دەرکردنی بریاری ٦٨٨ و دیاری کردنی هێڵی ٣٦، هاولاتیان وردە وردە دەستیان کرد بە گەڕانەوە، هۆکارەکانی گەرانەوەی خەڵکی تەنها ئەو بریارە نێودەوڵەتیانە نەبوو، بەڵکو هاندانی بەرەی کوردستانی و دواتر دانوستانی سەرکردایەتی کورد و چونیان بۆ بەغدا متمانەیەکی لای خەڵکی دروست کرد کە سەددام جارێکی تر ئەو تاوانە ئەنجام ناداتەوە.

### هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی:

لە کـاتی کـۆرەوەکەدا هەمـوو کـوردان لە ئەوروپـا و رۆژئـاوا هـاتنە دەنـگ وکێشـە لاوەکیەکانیـان خسـتە ئەولاوە، چـونکە نیشتیمان ئاگری تێبەربوو، کوردی کرد بە یەک، هەروەها نابێت جوامێری خـاتو دانیـاڵ میتـران لە یـاد بکەین کە فرانسـۆ میترانی سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسای ناچار کرد ئەم پرسەی کورد بەرێتە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

هەروەها جێمیس بیکەرراوێژکاری بۆشی باوک ئەویش رۆڵێکی گرنگی بینی ، ئەوەبوو بە هەوڵی ئەوان هێڵی ٣٦ دیاری کـراو و بڕیاری ٦٨٨ یان دەرکرد، بۆیە ئەو بڕیارە توانی جینۆسایدی کورد ڕابگرێت و دەوڵەتان یەکیان گرت لەسەر ئەم پرسەو پێیان وابوو جینۆسایدی گەلێک دەبێتە شەرمێک بۆ مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەمدا.

### گەرانەوەی هاوڵاتیان

دوای دەرکردنـی بڕیـاری ٦٨٨ و دیـاری کردنـی هێڵـی ٣٦، هاوڵاتیـان وردە وردە دەسـتیان کـرد بە گەڕانەوە، هۆکارەکـانی گەرانەوەی خەڵکـی تەنهـا ئەو بڕیـارە نێودەوڵەتیـانە نەبـوو، بەڵکـو هانـدانی بەرەی کوردسـتانی و دواتـر دانوسـتانی سەرکردایەتی کورد و چونیـان بـۆ بەغـدا متمـانەیەکی لای خەڵکـی دروست کـرد کە سەددام جـارێکی تـر ئەو تـاوانە ئەنجام ناداتەوە.

### کەرکوک:

سەبارەت بە کۆرەوی کەرکوک، د. تەها روسوڵ، بۆ دیپلۆماتیک دەڵێت: "کەرکـوک تـاکو ئێسـتا وڵاتە زلهێزەکـانی جیهـان وایان داناوە کە جیـاوازە لە شـارەکانی تـر، ئەمەش بەهـۆی سـامانە سروشـتیەکەیەوە، بـۆیە زلهێزەکـان دوو کەسیان بـۆ ئەو شـارە دەوێـت، یەکێکیـان بیـرە نەوتەکـان بپارێزێت کە ئەمەش زیـاتر بە حکـومەتی ناوەنـد یـان کەسـێکی سـەر بەخۆیـان دەسپێرن، یەکێکـی تریشـیان پێویسـتە کە پـارێزەری بیـرە نەوتەکـان بکـات، دیـارە ئەمەیـان بە ئـێمە سـپاردووە، خەڵکـی کەرکوک لە سەر ئاستی تـاک پێدەچێت کۆرەویان کردبێت، بەڵام وەک شارەکانی تری سلێمانی و هەولێر و دهۆک ئەو کۆرەوە گشتیایەن نەکرد.

### لایەنە باش و خراپەکانی کۆرەو:

هەر رووداوێک کە ڕوودەدات لایەنی باشی و خراپی خۆی هەیە، بۆیە کۆرەویش هەردوو لایانەکەی تێدا بەدی دەکەین، لاینە



سەرچاوە Serchawe

سلبیەکەی ئەوە بوو کە لە کۆرەوەکەدا گەلێک دەربەدەر بوو، کارەساتێکی بینی لە بێ پشتی و بێ سنووری و بێ دەریایەیش، لایەنە باسەکانیشی ئەوە بوو کە سەلماندی کورد یەک کێشەی هەیە ئەویش تەنها بە یەکێتی کوردان دەتوانین دوژمن بشکێنێن و پاڵپشت بۆ خۆمان دروست بکەین، هەروەها پرسی کوردی لە کێشەیەکی لۆکاڵیەوە گەیاندە پرسێکی نێودەوڵەتی، ئەوەبوو هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەوروپا و روسیا هاتنە سەر خەت و هێڵی ٣٦ی بەدوای خۆیدا هێنا و وورده ورده ئەم ئەزمونەی ئێستای بەسەردا هات.

## بۆچی کارەساتەکانی کورد بە جینۆساید نەناسێنراون؟:

بۆچی کارەساتەکانی کورد بە جینۆساید نەناسێراوە، ئەمە پرسارێکی زۆر جدیە و لایەنێکی گەورەی وەرگرتووە و لەسەر ئاستی لۆکاڵی و دەرەوەش ئەم پرسیارە دەکرێت، بەڵام لە راستیدا ناساندنی کارەساتەکان بە جینۆساید هەر وا ئاسان نییە، بۆ نموونە پرسی ئەرمەنەکان کە ملیۆن و نیوێکیان لێکوژراوە، هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بەفەرمی بیناسێت، مەگەر حیزبێکی وەک HDP لەسەر ئاستی لۆکاڵی بیناسێت، بۆیە تاکو ئێستا پرسەی جینۆسایدی کورد بە جدی وەرنەگیراوە، بەڵام هۆڵۆکۆستی جولەکە جودایە، چونکە جولەکە لوبیێکی بەهێزی ئابووری و سیاسی بەهێزیان هەیە، زۆرینەی بانکەکانی جیهان جولەکە دەییات بەڕێوە، ئەمانە خاوەنی هەژموونییێکی گەورەن، بەڵام بۆ پرسی کورد ئێمە نە لۆبیەکی بەهێزمان هەیە و نە ئابووری و نە یەکێتییەکی کوردانمان هەیە، بۆیە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و یەکێتی کوردان چۆن ئۆکسجین بۆ مرۆڤ گرنگە، ئەوها بۆ کورد گرنگە.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاشتی - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## کۆڕەو بڕیاری ٦٨٨ و دەرئەنجامەکانیان لە سەر باشووری کوردستان




**پەیسەر**

**ڕۆژی ٣ - ٤ - ١٩٩١ هەندێک لە وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یاداشتیکیان بەرزکردەوە بۆ سکرتیری گشتی و تیایدا باسیان لەو کۆڕەوە ملیۆنیەی کوردەکان کرد لە عێراق کە بەرەو سنوورەکانی (تورکیا و ئێران) لە کۆچێکی مەترسیداردان و واش چاوەڕێیان دەکرد کارەساتی گەوەری مرۆیی لێ بکەوێتەوە، هەر بۆیە ڕۆژی ٥ - ٤ - ١٩٩١ نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی هەشت خاڵی لەو بارەیەوە دەرکرد، ئەو بڕیارە دەرئەنجامی گەروەی لێکەوتەوە بۆ کوردستانی باشوور، بڕیارەکە هەرچۆنێک بێت و چۆن کرابێت لێی دەگەڕێین بۆ کاتێکی دیکە.**

**ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە بزانین لە ئەنجامی کۆڕەوەوە بارودۆخی باشووری کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، بۆ ئەوەی پەیوەستیەک لە نێوان ئەو بڕیارەو کۆڕەودا بدۆزینەوەو کەمێک لە دەرئەنجامەکانی بەیاد بهێنینەوە دەبێت گوزەرێکی خێرا بەرووداوەکانی ئەو سەردەمەدا بکەینەوە.**

**لە ئەنجامی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ کۆی ناوچەکانی باشوری کوردستان بەکەرکوک و خانەقینیشەوە لە دەستی هێزەکانی بەعس ڕزگاکران، بەڵام (ڕاپەرینە مەزنەکە) هێندەی نەبرد و تەمەنی مانگێکی تینەپەراند، لە ڕۆژی ٣١ی ئازاری ١٩٩١ باشووری کورستانی ڕوبەڕووی کارەساتیکی مرۆیی گەورە کردەوە.**

گەرچی کارەساتی کۆڕەو کردەیەکی بەرنامەبۆ داڕێژراونەبوو، بەڵام بوو بەمەزنترین خەباتی مەدەنی سەردەم، کەلەزۆر کارەساتەکانی تر کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە زیاتر دەنگیدایەوەو کوردی وەک کێشەیەکی مرۆیی بە جیهانیان ناساند.

ئەگەرچی کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال نەیانتوانی جووڵە بە ویژدانی وڵاتەزلهێزەکان و نەتەوەیەکگرتوەکان و زۆر لەریکخراوە خیرخۆازییەکان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا قوربانیەکانیشیان زۆر زیاترو کارەساتەکانیشیان تراژیدی تریش بووبن. بەڵام کۆڕەو ئەو رووداوە ناوازەیەی مێژووی مرۆڤایەتی بوو کە بۆیەکەمینجار لەترسی کۆکوژی سەدان هەزارکەس، خەڵک پێکەوە ملی رێگەی هات و نەهات و نادیار بگرنە بەر. ئەمەش دەلالەت بوو لەوەی کورد دەترسێت و پەنایەکی نیەوهەتیوترین نەتەوەی دونیایە، وڵاتێک یان هێزێکی ئەوتۆی لە پشت نیە بیپارێزێت.

کارەساتە جەرگبڕەکانی کۆڕەو هەرزوو کەوتنە بەرزوومی بەشێک لەمیدیا جیهانییەکان. جگەلەوەی بەشێک لە ئەکتەرو هونەرمەندە ناودارەکانی جیهان و ریکخراوە مرۆییەکان و وڵاتانی زلهێز هاتنەدەنگ، دژ بەقڕکردن و چۆڵکردنی شارو گوندەکان کە بە لێشاو بەرەو سنوورەکان ئێران - عیراق، تورکیا - عێراق، دەچوون.

وێنە و دیمەنە تراژیدییەکانی کۆڕەو، ویژدانی مرۆڤایەتیان دەهەژاند، رۆڵی میدیا ئەوەندە جێگەی بایەخ بوو کاریگەری زۆری کردە سەر رای گشتی جیهان، ئەوەبوو بەپشتیوانی و هاوکاری وڵاتانی زلهیز ناوچەیەکی ئارام لەباکوری عێراق بۆ پاراستنی کورد لە دەستدریژی هێزەکانی عیراق و ناوچەی دژەفڕین لەباکوری هێڵی پانی ٣٦ دانرا، هەرچەندە ئەم بڕیارە رووپەکی نادیاریشی هەبوویێت و ئێمە نەیزانین بەڵام لەو کاتەدا بۆ مانەوەو پاراستنی کورد هاوشێوەی نەبوو.

رۆژی ٥ی نیسانی ١٩٩١ واتە تەنها پێنج رۆژ دوای دەستپێکردنی کۆڕەو بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی بۆپاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەعیراق دەرکرا، بەمەش قۆناغیکی نوێ لەژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی عێراق و ناوچەکەش هاتەکایەوە.

لە ٥ - ٤ - ١٩٩١ بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسند کرا، لە دیباجەکەیدا هاتووە: ئەنجومەن بەرپرسیاریەتیەکی تەواو هەڵدەگرێ لەدابینکردنی ئاشتی وئاسایشی جیهانی و نیشاندانی نیگەرانی بەرامبەر سەرکوتکردنی گەلی عێراق کەبوەتە هۆی پاڵپێوەنانی ئاوارەکان بەرەو سنورەکان، بەهەڕەشە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی وەسفی دەکات. هەروەک ئەم بڕیارە ئاماژە بە پەیامی نوێنەرانی بەریتانیاو فەرەنساو تورکیاو ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات.

لە ٣ - ٤ - ١٩٩١ دیباجەکە جەخت لەسەر پابەندبوونی وولاتانی ئەندام بەرامبەر سەروەری عێراق ئەکاتەوە لەگەڵ ئیدانەکردنی گەلی عێراق بەتایبەتی گەلی کورد لە لایەن ڕژێمەوە. ئەم دەستەواژەیەش دانانی بەردی سەردڵی کوردە کەبیر لە دروست بوونی دەوڵەت یان جیاکردنەوی سنوور نەکەنەوە.

هەروەک بڕیارەکە داوا دەکات بەوەستاندنی سەرکووتکردن و ئەنجامدانی دانوستان بە گفتو گۆی کراوە کە زامن بێت بۆ ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و مافە سیاسیەکان بۆ هاونیشتیمانیان لە سەرانسەری عێراق دا.

جگە لە پێداگرتن لەسەر داواکردن لەسکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەوپەڕی توانایەوە هەوڵە مرۆییەکانی بخاتە گەڕ و لەحاڵەتی پێویستدا نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ناوچەکەو پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەر دۆخی هاولاتیانی عێراق بەگشتی وکورد بەتایبەتی.

هەر وەک تیایدا هاتوە بەبەکارهێنانی هەموو سەرچاوەیەکی بەردەست لە ژێرفەرمانی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دا بە سەرچاوەی وەکالاتی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیوەست بەم کەیسە مرۆییە بەخێرایی و ئەم پرسەش بەردەوام لە ژێر چاودێری دایە.

گەورەیی کارەساتەکەو شپرزەیی دۆخەکەو کەم سەلیقەیی حیزب و سەرکردەکانی ئەو سای کورد بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت بەرنامەڕێژیی جدی بکرێت و دەزگایەک دابنرێت بۆ ئامارە جۆراو جۆرەکان کە جیهانی ڕۆژئاوا زۆر باوەڕیان پێی هەبوو، ئەوەی هەبوو هەوڵی تاکەکەسی میدیاکارەکان بوو لە ڕێگەی ڕیپۆرتەکانیانەوە دەنگ و ڕەنگی کوردیان دەگەیاندە جیهانیان، بەڵام دۆخی کەش و هەواو نەشارەزایی خەڵک و بوونی لوغمێکی زۆر لە سەر سنوورەکان بوونە هۆی ئەوەی بەهەزاران هاولاتی گیان لە دەست بدەن. جگەلەوەی لەرۆژەکانی یەکەم و دووەم، بەعس دەستی کرد بە گولەبارانکردنی خەڵک و تۆپبارانکردنی ماڵان و دەستدرێژی کردنە سەر بەشێک لەو خێزانانەی کە مابوونەوە.

کۆڕەو تەنها وشەو چەمکێک نەبوو بۆ ڕەوی زیاتر لەملیۆنێک مرۆڤ. بەڵکو ترس لە کۆکوژی و قڕکردن ڕەهەندێکی سەرەکی بوولەو کۆڕەوە ملیۆنیەدا، کۆڕەو سیمبولی چەوساندنەوەی نەتەوەیەک بوو،بەلام تا ئیستا ئەم کارەساتەو هەمو کارەساتەکانی تر نەیانتوانی ببنە ناسنامەو سەروەری و باشترکردنی ژیانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت. کۆڕەو تەنها ڕووداویک نەبوو و نییە لەرابردوو بەڵکو ئەگەرێکە بەردەوام لەپێشمانەوەدایە. بەڵام بۆ لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی تەنها دەنگدانەوەی مرۆیی لێکەوتەوەو وەک پێویست کاری لەسەر نەکراو ئێستەشی لەسەر بێت کارەساتەکانی کورد لەناوەندە جیهانیەکان دا وەک جینۆساید نەناسێنراوە، بابەتێکەو قسەی زیاتر هەڵدەگرێت.

کۆڕەو وێڕای ئەوەی کارەساتێکی مرۆیی بوو، لەهەمان کاتیشدا جووڵەیەکی بەکۆمەڵی گشتی و سەرتاسەریی نەتەوەیەک بوو کە زۆر مانا و ئاماژەی گەورەی تێدا بوو، گەرچی هەندێک پێیان وایە لە کۆڕەودا لە نێوان دووانەی (نان و ئازادی)دا گەلی کوردستان ئازادیی هەڵبژاردوە، بەڵام هەندێکی دیکە پێیان وایە، خۆدەربازکردن بوو لە کۆت و بەندی دەسەڵاتێکی دژ بە ئازادی و ئەزموونەکانی ئەنفال و کیمیایی بارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکە پاڵی پێوەناون بۆ ئەوەی خۆیان لە کارەسات بپارێزن و چەند بارە نەبنەوە.

خوێندنەوەی جیاواز هەیە بۆ دەرچوواندنی بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان هەندێک پێیان وایە بڕیارە ٨ خاڵیەکە هیچ ڕەهەندێکی سیاسی لەخۆ نەگرتووەو هەموو خاڵەکان تەنها ڕەهەندی مرۆییان هەیە. لەهەمان کاتیشدا لە دیباجەی بڕیارەکەدا، جەخت لەسەروەریی خاکی عێراق و هەموو وڵاتانی ناوچەکە کراوەتەوە. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هەندێکی دیکە پێیان وایە ناوی کورد لە دۆسیەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگیر بووە وەک نەتەوەیەکی هەڕەشەلێکراو، دامەزراندنی شوێنێکی ئارام کە بە کرداری ڕاگەیاندنی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بووە کە کورد تیایدا بۆ ماوەی دوازدە ساڵ دوور لە دەستی ڕژێمی بەغدا بناغەکانی ئایندەیەکی گەشی بۆ خۆی داناوە، زیندووکردنەوەی کێشەی لەمێژینەی گەلەکەمان و، بەدەممەوەهاتنی زلهێزان بەلای دۆزی کوردەوە وەک دۆزێکی سیاسیی ڕەوای گەلێک کە شایانی ژیانێکی سیاسی و ئابووریی باشتر بێت لەوەی ئێستای. هەندێکی دیکەش پێیان وابوو پێگەیەکی دیکەی سەربازی و سیاسی بوو بۆ ڕۆژئاوایەکان تا کارەساتە مرۆییەکان بقۆزنەوەو لەو ڕێگەیەوە دەستێوەردانی سیاسی و ئەمنی یان هەبێت لەناوچەکەدا.

لە کاتی کۆڕەوەکەدا هەموو کوردان لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا هاتنە دەنگ وکێشە لاوەکیەکانیان خستە ئەولاوە ، دەکرێت بگوترێت کۆڕەو یەکێک بوو لەو وێستگانەی کوردی کرد بەیەک و هاو هەڵوێست بوون، هەروەها نابێت ڕۆڵی خاتو دانیاڵ میتران لە یاد بکەین کە فرانسۆ میترانی سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسای ناچار کرد ئەم پرسەی کورد بەرێتە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها (جێمیس بیکەر) راوێژکاری (بۆش)ی باوک ئەویش ڕۆڵێکی گرنگی بینی، ئەوەبوو بە هەوڵی ئەوان هێڵی ٣٦ دیاری کراو و بڕیاری ٦٨٨ یان دەرکرد، بۆیە ئەو بڕیارە توانی جینۆسایدی کورد ڕابگرێت و دەوڵەتان یەکیان گرت لەسەر ئەم پرسەو پێیان وابوو جینۆسایدی گەلێک دەبێتە شەرمێک بۆ مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەمداو نابێت بەدیارچاوی جیهانەوە گەلێک قڕ بکرێت.

بە دیوێکی دیکەدا بە شێک لە توێژەران پێیان وایە بڕیاری ٦٨٨ پلانێکی درێژخایەن بوو بۆ دروورخستنەوەی نەتەوەی کورد لە خەونی کوردستانی گەورە، و دانانی بەردی بناغەی پێگەیەک لەناوچەکەدا بۆ زلهێزەکانی جیهان لە سەروو هەموشیانەوە ئەمەریکا، بۆ ئەو مەبەستە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر سەرنج لەوناوچەیە بدەین دەبینین هێڵی (٣٦) بە هێلی جیاکەرەوەی نێوان ناوچەی ئارام و ڕژێمی عێراق دا ئەنرا لە پێناو پاراستنی گەلی کورددا، بەڵام بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان وەکو کەرکوک و ناوچە کوردنشینەکانی موصڵ و دیالەو صلاح الدین و واسگ و بەشێک لە هەولێر و دهۆک بە بێ پارێزگاریی مانەوە، ئەوەش بەو مانایە دەهات کە نایانەوێت ئەم ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی کوردەکاندا بێت، بۆیە یەکێک لە داواکاریەکانی کورد گۆڕینی هێڵی (٣٦) بۆ هێڵی (٣٤ و ٣٥)بوو بەڵام جێبەجێ نەکرا. پێدەچێت ئەمەش بەشێک بوبێت لەو پلانەی کە لە دیباجەکەدا نەخشەی بۆ کێشرابوو، تا ئێستەش ئەو ناوچەیە لە سنووری هەرێمی کوردستان دا ماوەتەوە کە بڕیاری ٦٨٨ نەخشەی بۆ کێشاوە.

**هەرچۆنێک بێت کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ دا چەند دەرئەنجامێکی گرنگی لێکەوتوەتەوە لەوانەش:**

١- کۆڕەو لە ئاستە تیۆریەکەیدا هەڵوێستی نەتەوەیەکی بەشخوراوبوو کەچارەنوسێکی نادیاری قبووڵکرد لە پێناو سەرفرازی ورزگاربوون لەزوڵم وچەوساندنەوەو رەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیر کەر لە کوردستاندا.

٢- کۆڕەو وێستگەیەکی گرنگی گەیاندنی مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستان و کێشە ڕەواکەی بوو بە رای گشتی و نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهان.

٣- کۆڕەوروداوێکی سەرنجراکێش ودڵتەزێن بوو کە بەهۆیەوە ویژدانی مرۆڤایەتی هێنایە خرۆشان، هەرچەندە لە مێژووی خەباتی رزگاری گەلەکەماندا خەڵکی کوردستان چەندین کارەساتی تری وەکو ئەنفال وزیندە بەچاڵکردن وکیمیا بارانکردنی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهۆی کپ کردنی دەنگ وئازارەکانی خەڵکی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوەوپشتگیری نەکردنی گەلی کورد، وەکو پێویست لە لایەن نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهانەوە مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستان وکێشە ڕەواکەی بە دەرەوە نەناسرێت وپشتگیری لێ نەکرێت .

٤- کۆڕەو دەروازەیەک بوو بۆ خستنە ڕووی تەواوی جینۆسایدو تراژیدیا جەرگبڕەکانی خەڵکی کوردستان کەرژێمی داگیر کەری بەعس لەقۆناغە جیاجیاکانەوە دژ بەم گەلە ستەم دیدەیە ئەنجامی داوون.

٥- کۆڕەو فاکتەرێکی بەهێزی هەبوو بۆ جووڵاندنی ویژدانی مرۆڤایەتی و هەست و سۆزی ڕێکخراوە خێرخوازو مرۆڤ دۆستەکانەوە بۆئەوەی زۆر بەگەرمیەوە بەهانای خەڵکی کوردستان بێن وکۆمەک وهاوکاری پێشکەش بە خەڵکە لێقەوماوەکەی بکەن. لەو بوارەشدا سەدان ڕێکخراوی جۆراوجۆر کارو چالاکییان ئەنجام دا.



سەرچاوە Serchawe

٦- کۆڕەو بووە فاکتەرێکی بەهێز بۆ تۆخکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی نێوان باشووری کوردستان لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باکوور، بەدەمەوە هاتن و هاوکاری کردنی پارچەکانی تری کوردستان تا ئێستەش لە یادگەی مرۆڤی کورددا دەزرنگێتەوە.

٧- کۆڕەوبووە هۆکاری سەرەکی دروست بوونی هەرێمی کوردستان بەو مانایەی هاوجووت بوو لە گەڵ خواستی زلهێزەکان و دوای ئەوەی حکومەتی ناوەند هەستا بەکشانەوەی یەکە کارگێڕییەکان، هێزە کوردستانیەکان جێگرەوەیان بۆ دانان و لەوێوە هەرێمی کوردستان نەخشەی بۆ کێشرا، ئەڵبەتە هەرێمێک کە لەنێو سنوری ئەو سیاسەتەدا بێت کە لە دیباجەی بڕیاری ٦٨٨ دا هاتووە و جەخت لەسەر یەکپارچەیی (نەک هەر عێراق) بەڵکو وڵاتانی دراوسێش دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری پەیسەر - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## "کۆڕەو، ریفراندۆمێکی سەرتاسەری بوو بۆ کوردستان"



**له یادی ٢٥ ساڵەی کۆڕەوەکەی گەلی کوردستاندا، (مەحموود عوسمان) و (عەبدولڕەحمان سدیق) دەڵێن، کۆڕەو وێڕای ئەوەی کارەساتێکی مرۆیی بوو، لە هەمان کاتیشدا جووڵەیەکی بەکۆمەڵی سەرتاسەریی نەتەوەیەک بوو، ئەم کۆڕەوەیش باشترین ڕیفراندۆم بوو کە هاووڵاتیان یەکگرتوویی و سووربوونی خۆیان دژی ڕژێمی ڕووخاو و دیکتاتۆری بەعس نیشان دا.**

**لە بارەی ڕەهەندە سیاسییەکانی ئەم کۆڕەوەوە، (عەبدولڕەحمان سدیق) نووسەر و توێژەری کورد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند:** "کۆڕەو وێڕای ئەوەی کارەساتێکی مرۆیی بوو، لەهەمان کاتیشدا جووڵەیەکی بەکۆمەڵی گشتی و سەرتاسەریی نەتەوەیەک بوو کە زۆر مانا و ئاماژەی گەورەی تێدا بوو، کۆڕەویش خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی زوڵم وستەم بوو لەلایەن گەلێکەوە کە ئامادە نەبوو لە ژێر دەستی ڕژێمێکی کۆکوژدا درێژە بە ژیان بدات، لە کۆڕەودا لە نێوان دووانەی نان و ئازادیدا، گەلی کوردستان ئازادیی هەڵبژارد و، چوونەدەرەوەیشی، خۆدەربازکردن بوو لە کۆت و بەندی دەسەڵاتێکی دژ بە ئازادی، کۆڕەو ریفراندۆمێکی سەرتاسەریی میللی بوو کە تیایدا گەلی کوردستان بە شێوازێکی نوێ، واقیعێکی دەیان ساڵەی سەپێنراوی ڕەت کردەوە و، لە هەمان کاتیشدا داوایەکی خۆڕسکانەیش بوو بۆ دیارکردنی مافی چارەنووسی خۆی".

**(سدیق) لەبارەی ئەوەی کە چی بکرێت تا ئەم کارەساتە دووبارە نەبێتەوە، گوتی:** "زۆرن ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن لە دوای کۆڕەوی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بگیرێنە بەر، لەوانە ئاگادارکردنەوەی بەردەوامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ڕاستییەی کە بەزۆر پێکەوەلکاندنی گەلان پرۆسەیەکی کارەساتهێنە و، گەلانی ئازادیخواز دەکاتە قوربانیی دەستی ستەمکاران،

دابینکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و، پێدانی هەلی ئەنجامدانی ریفراندۆم، مافی هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان، ئەو گەلەی کە بە کردەوە ئاشتی و پێکەوەژیانی سیاسی و ئایینیی بەرجەستە کردووە وەک جوانترین نموونە لەم ناوچەیەدا".

**ئەو هەروەها سەبارەت بە کاریگەرییەکانی کۆڕەو بەسەر رای گشتیی نێودەوڵەتییەوە، رایگەیاند:** "زۆرن ئەو کاریگەریانەی کە کۆڕەو بەسەر رای گشتیی نێودەوڵەتییەوە بەجێی هێشتن وەک دەرچوواندنی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە (٥ - ٤ - ١٩٩١) و، ناوی کورد لە دۆسیەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگیر بوو وەک نەتەوەیەکی هەڕەشەلێکراو، دامەزراندنی نەوای ئارام کە بە کرداری راگەیاندنی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بوو کە کورد تیایدا بۆ ماوەی دوازدە ساڵ دوور لە دەستی رژێمی بەغدا بناغەکانی ئایندەیەکی گەشی بۆ خۆی دانا، زیندووکردنەوەی کێشەی لەمێژینەی گەلەکەمان و، بەدەمەوەهاتنی زلهێزان بەلای دۆزی کوردەوە وەک دۆزێکی سیاسیی ڕەوای گەلێک کە شایانی ژیانێکی سیاسی و ئابووریی باشتر بێت لەوەی ئێستای".

**هەر پێوەست بەم یادە، (مەحموود عوسمان) سیاسەتمەداری کورد، تایبەت بە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کۆتایی ئاداری ١٩٩١، بە ماڵپەری فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند:** "کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١) کە هاووڵاتیان بەکۆمەڵ کۆچیان کرد، هۆکارەکەی ئەوە بوو کە ڕاپەڕین کرا لە هەرێمی کوردستان و لە خوارووی عێراقیش هەموو لایەک بەتەما بوون رژێمی بەعس بڕووخێنن، بەڵام ئەمەریکا لەبەر ئەوەی ئێران و شیعە کۆنترۆڵی دۆخەکە نەکەن، بیروڕای گۆڕی و ویستی رژێمەکە بمێنێتەوە، هەروەها دەرفەتیشی دا کە ڕاپەڕینی خوارووی عێراق بەجۆش بکات و بێتەوە شارەکانی هەرێمی کوردستانیش کە هاتیشەوە بۆ کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و ئەو ناوچانەی کە خەڵکی بە ملیۆن کۆچیان کرد لەترسی کیمیاوی بۆ ئەوەی دەربیخەن کە ئەوان دژی ئەو رژێمەن و ناچنە ژێر باریەوە، بێگومان ئەمەیش گرینگیی خۆی هەبوو و ریفراندۆمێکی گەورەیش بوو".

**(عوسمان) گوتیشی:** "کارەساتی وا جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە، ئێستا بۆ کورد سەردەمێکی ترە، بەڵام ئێستایش ئەگەر بمانەوێ ئەم جۆرە کارەساتانەمان بەسەردا نەیەتەوە و بگەینە ئامانج، دەبێت دەزگاکانمان کار بکەن بە یەکگرتوویی و حسابی میللەت بکەین و بەربەرەکانێی گەندەڵی بکەین، ئەم بابەتانەی ئێستا هەموو خەڵک باسیان دەکات، دەبێت هەوڵیان بۆ بدەین بۆ ئەوەی بتوانین هەموو بەیەکەوە دۆخەکە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنین، چونکە ئەمە کێشەی حزب و هیچ لایەنێک نییە، بەڵکە کێشەی میللەتێکە".

**ئەو سیاسەتمەدارە، دەربارەی کاریگەرییەکانی ئەو کۆڕەووە بەسەر رای گشتیی نێودەوڵەتی، گوتی:** "ئەو کۆڕەوە زۆر

کاریگەر بوو و وای کرد دەوڵەتەکان کە پشتیان کردە ئێمە، ئەمەریکا و دەوڵەتانی تر ناچار بوون بێنەوە بەلاماندا، چونکە کاتێک کە هەموو میدیاکانی دنیا ئەم کۆچڕەوەیان نیشان دا کە ئەو خەڵکە چۆن شەهید و بریندارییان هەیە و لە ئێران و تورکیا لە کارەساتدا دەژین، ئەمەیش وای کرد کە ئەمەریکا نەیتوانی کارەساتەکە پشتگوێ بخات، بۆیە بە ناچاری (جۆرج بۆش)ی سەرۆکی ئەمەریکا، (جەیمس ویلکەر) وەزیری دەرەوەی خۆی نارد بۆ ناو خەڵکەکە و لە پاشان ئەوە بوو چەند یارمەتییەکی نارد بۆ کورد، بۆیە ئەو کۆڕەوە گەورەترین یارمەتی و پشتگیریی بۆ کورد لە دەرەوە مسۆگەر کرد".

فایزە پاڵانی

سەرچاوە: ماڵپەری پارتی دیموکرات - ڕێکەوتی: ۳۰ی مارچی ۲۰۱٦



سەرچاوە
Serchawe

# لە یادی کۆڕەودا



**شۆڕش ئیسماعیل**

دوای ئەنفال قاسمەڕەش و زەڵی ببونە بارەگای سەرکردایەتی یەکیتیی. سەدام پەلاماری کویتی دابوو، دەوڵەتانی دنیا لە دژی وەدەنگ هاتبوون سوپای تالانکەرو تاوانکاری بەعس تیک و پیک شکینرابوو، دواتر ڕژیمەکە سەدام لە بەرامبەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی چۆکی داداو تەسلیم بوو. یەکیتیی ئەزمونی لە ڕاپەڕینی شاروو شارۆچکەکانی کوردستان لە سالەکانی هەشتادا زۆر بوو، بۆیە کەوتبووە خۆ ئامادەکردن تا بتوانی لاوازی بەعس بکاتە دەرفەتیک بۆ تەقاندنەوەی رقی پەنگ خواردوی جەماوەری کوردستان.

کاک نەوشیروان بەردەوام کاری لەسەر ئەم بەرنامەیەو ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین دەکرد؛ لەکۆتاییدا بەرنامەیەکی تۆکمەو وردی داڕشت و خستییە بەردەمی هەڤاڵان و دواتر بووە بەرنامەی بەرەی کوردستانی.

لەسەر داوای کاک نەوشیروان، من و چەند هەڤاڵێک چووینە قاسمەڕەش و لە مقەرەکەی ئەو ماینەوە. دوای چەند ڕۆژێک لەگەڵ بەڕیزان (مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسوڵ) و دەیان هەڤاڵ و پێشمەرگەی یەکیتی و پارتیدا، لە قاسمە رەشەوە ڕوومان کردە ڕانییە ی دەروازەی ڕاپڕین. لەوێ لەگەڵ هەڤاڵان (بەکری حاجی سەفەر و سەلاح چاوشین، زیرۆ عەبدوڵا) و ژمارەیەک پێشمەرگەدا هاتین بۆ سلێمانی. کە ئێمە گەیشتینە جێ، سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری دابوو لیژنەیەک پێکبهێنێت بۆ ڕێکخستنەوە و دروستکردنی مەفرەزەو تیپەکان بەجۆرێک کە بتوانن پارێزگاریی لە بانکەکان و



سەرچاوە Serchawe

دامودەزگا حکومییەکان و عەمبارەکانی تەقەمەنی و شوێنە گرنگەکانی شار بکەن، تا دەستی شڕەخۆر و تالانچییان پێ نەگات.

من وکاک زێڕۆ کراینە ئەندامی لیژنەکەو بەکری حاجی سەفەریش لێپرسراوی بوو. ماوەی دە ڕۆژێک لەو لیژنەیە کارم کرد، دەیان مەفرەزەو تیپی پێشمەرگەی خۆبەخشمان دروست کرد، بەشێکی زۆری جبەخانەو چەک و تەقەمەنییەکانی دوژمن کەوتبووە دەست خەڵک و زۆربەیان چەکیان پێبوو. دەبوو زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکەین.

دواتر بووم بە نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کۆمیتەی ئاسایش، کە یەکێک بوو لە لێژنە باڵاکانی بەرەی کوردستانی، بۆ چاودێریکردن و پاراستنی ئاسایشی شار و دام دەزگاکانی حکومەت سامانی گشی. لیژنەکەشمان نوینەری هەموو حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی تیدا بوو. ئەوەی لەبیرم ماوە، کاک (عوسمان قادر منەوەر) نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، نوێنەرانی حیزبی سۆشیالیست و حیزبی شیوعیش لە لیژنەکەدا بوون. دوای چەند ڕۆژێک کاک عوسمان داواکراو ڕۆیشت بۆ جەبهەی کەرکوک. ئیتر پاراستنی دامودەزگا و بانک و جبەخانەکانی تاسلوجە و زیندانی و دیلەکانی رژێم خرایە ئەستۆی ئیمەو مەفرەزەکانی ڕیکخستن کەدەوری بەرچاویان هەبوو لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا. جگە لەوەش دەبوو مەفرەزەکانی گەڕان بەدوای هەندێک کەسی داواکراوداو هەندێک لەوانەش کە داڵدەی پیاوانی سەر بە ڕژێمیان دابوو ڕێک بخەین.

لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەشمان هەبوو، لێکۆڵینەوەیان لەو کەسانە دەکرد کە کاری نابەجێ و سەرپێچی، یان کاری دزێوی تریان ئەنجامدابوو؛ ئەوکاتە ئەو لیژنەیە تاکە لایەنی یاسایی بوو لە شاردا، دادگاو پۆلیس و هەموو دامەزراوەیەکی لەوجۆرە پەکیان کەوتبوو.

زۆری پێنەچوو کەرکوک ئازادکرا، دەبوو ئێمەش بچین سەردانی هەڤاڵ و هاوڕێکانمان و ئەو شارە خۆشەویستەش بکەین. مقەڕی بەرەی کوردستانی لە بینای پارێزگاردا بوو، تا خۆرئاوابوون لە کەرکوکماینەوە. دۆخەکە لەڕووی سەربازیەوە لەبار نەبوو، پاراستنی ئەو شارە قورس و هیزی زۆری دەویست کە لەو کاتەدا بەردەست نەبوو.

ئیوارەیەکی درەنگ بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە. لەڕیگەی دەرچون لە کەرکوک بەرەو سلیمانی، چەند پێشمەرگەیەک دەستیان لێ ڕاگرتین، لەناویاندا حەمە هەژارم بینی و وتم کاکە حەمە خێرە؟

وتی «بڕیارە ئەمشەو پەلاماری مەعەسکەر خالید بدەین... هێزەکەمان کەم بۆتەوە، شەهیدو بریندارى زۆرمان هەیە..

بەڵکو بەشێک لە هێزەکەتان بمێنێتەوەو هاوکاریمان بکەن.» وتم «ئێمە هەر ئەمەندەین و هەمووومان لەگەڵتاندا دەمێنینەوە.»

حەمە هەژار لە شاخ فەرماندەی تیپی (٣٧) ی شارباژێڕ بوو، پیاوێکی زۆر جوامێرو ئازا بوو، هاوڕێیەکی نزیکیشم بوو.. زۆر هەوڵی دا کە چەند پێشمەرگەیەک زیاتری ناوێت، بەڵام من ڕازی نەبووم و بە هەموو هێزەکەوە لەگەڵی ڕۆیشتین...

نزیک بووینەوە لە شوێن مەبەست، سەیارەکانمان دانا و بەپێ ڕوومانکردە مەعەسکەر خالید. من پێشتر ئەو شوێنەم نەدیبوو، نەمدەزانی سەربازگەیەکی ئەوەندە گەورەو فراوانە... لەودەوری سەربازگەکەش هێزێکی ئەوتۆی خۆمانم لێ نەدی، شوێنیکیان پیشان دام نزیک دەرگای مەعەسکەرەکە، کە چەند پێشمەرگەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامیی لەوێدا شەهید ببوون. لەو نزیکانە چەند خانوویەکی چۆڵ هەبوون، وتم ڕەنگە هێزەکانمان لەناو خانووەکاندا دامەزرابن... حەمە هەژار چووە پێشەوەو دەستی کرد بە بانگکردن و گەڕان.. ناوی چەندین فەرماندەی هێنا، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو... کەس لەو ناوە نەبوو، بۆیە هیرش نەکراو، نزیکی دەمەوبەیان حەمەهەژار هاتەوەو داوای لێبوردنی کردو تا کەرکوک لەگەڵماندا هات و، ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

لە سلێمانی چەند کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا، کارەکانمان دابەشکرد و کەوتینە خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرو پێشهاتێک کە ڕوو بدات..زۆری پێنەچوو کەرکوک داگیرکرایەوە، خەڵکی کەرکوک بەرەو سلێمانی و هەولێر و شوێنانی تر هەڵاتن، دەترسان دوژمن تۆڵەیان لێ بکاتەوە.

دوژمن دەستی کرایەوە بۆ پەلاماردان، خەڵک ترسی زۆری لێنیشت کەوتە خۆکۆکردنەوە و ئامادەکاریی بۆ چۆڵکردنی شار.

ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەو هاوڵاتیان کە پشتوانیی پێشمەرگە بوون، بریندار ببوون و لەنەخۆشخانەکان پیویستیان بە چارەسەرو تیمارکردن بوو، ئەرکی ئێمە دیار بوو، بەرنامەشم بۆ دانابوو، بۆ بانق و بریندای خەستەخانەش ئەرکەکان دابەش کران، بە تایبەت بۆ برینداەکانیش تا ئاگاداریان بن، لەکاتی پێویستیشدا مشورخۆریان بن و دەربازیان بکەن. پێشنیارەکانمان وەرگیراو.

وەک ئامادەکاریی پێشوەخت دیلەکانم گواستەوە بۆ قەڵاچوالان، ئازوقەو سوتەمەنی و پێداویستی زۆرم لەوێ دانا.

مام جەلال هاتە سلێمانی، کۆبوونەوە کرا، فەرماندە و لێپرسراوەکان دابەشکران بۆ ئەوەی بەرگری لەشاربکەین، پردی

قلیاسان بەرەو ناوەندی شار خرایە ئەستۆی من.

پەلامار بۆ سەر سلێمانی دەستیپێکرد، هێزی دوژمن بە دەیان تانک و زرێپۆش و هەزاران سەربازەوە بێ ئەوەی هیچ بەرگریەکی ئەوتۆ لە ڕێگەیدا هەبێت، گەیشتە باخی بەختیاری. لەگەڵ (سالاری شێخ عومەر و ساماڵ عەبدولرەحمان و جەمال جەمشید و بێستوون)دا، هەرچواریان پێشمەرگەی قارەمان و فەرماندەی ڕۆژە سەختەکان بوون، هەرچەند هەوڵمان دا، مەفرەزەیەکی ترمان پێ پەیدا نەکرا...خەڵک کەوتبوونە چۆڵکردنی شار، زۆربەی پێشمەرگەو خەڵکی خۆبەشی چەکداریش شوێنەکانی خۆیان چۆڵ کردبوو، بە ماڵ و منداڵەوە ڕوویان کردبووە ناوچە سنورییەکان و ئەو شەوە و شەوانی دواتر، خەلک هەمووی بە ڕێداو لەبەر باران و سەرمەمادا بوو.

کۆپتەر لە ئاسمانەوە ئاگری دەباراند و خەڵکیش بەپرتاو لەشار دەردەچوون و قسەیەک لە بەرەنگار بوونەوە نەماوە، لەگەڵ ئەو چوار پێشمەرگەیەدا تەنها مابووینەوە...لەبەردەم یەکێک لە خانووەکانی گەڕەکی شەکرەکەدا چەند لاوێکم بینی، ئەمانە خەڵکی شارو پێشمەرگەی خۆبەخش بوون، دۆشکەیەک دوو لوولەیان پێبوو، وتن شارەزایتان هەیە، یەکیان وتی ئا ئا دەزانم تەقەی پی بکەم، وتم ئەی فیشەکی چەند لەگەڵە، هەر ئەو دوو سندوقە، ئازایەتی قارەمانیتی بەسیمایانەوە ئەدرەوشایەوە، هەریەکەی کلاشینکۆفێکیان پێ بوو، بێ هیچ مەخزەنێکی زیادە.. شیرازەی شار تێک چووبوو، دوژمن لە دەروازەی شارەوە پەلاماری دەدا، کۆپتەرەکان لە ئاسمانەوە دەستڕێژیان دەکرد... داوام لەو چاونەترسانە کرد، تازە بێسودەو پێویستە بڕۆن... ئەوان ڕازی نەدەبوون، ئێمەش نەماندەتوانی جێیانبهێڵین. سەرنجام دوای مشتومڕێکی زۆر ڕازی بوون بڕۆن.

دەبوو ئێمەش شوێنەکە جێبهێڵین، بەڵام دڵم لای ئەو بریندارەکان نەخۆشخانەی سلێمانی بوو، دڵیشم بەوە خۆش بوو کە ئەو هەڤاڵانەی کارەکەیان پێی سپێدرابوو بە باشی ڕایدەپەڕێنن.

کۆپتەر زۆر بە نزمی بە ئاسمانی شاردا دەسوڕایەوە کوێرانە ڕەمی دەکرد.. بە هەڤاڵەکانم وت:

دڵم لای بریندارەکانە با بەلای نەخۆشخانەدا بڕۆین و دڵنیا بین لە ڕەوانەکردنیان.
بەرەو خەستەخانەی گەورەی ئەوسای شار چوین.

چیمان بینی؟

بەشێک لە بریندارەکان هاتبوونە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکەی بەردەمی خەستەخانەو، بەشێکی تریشیان لەناو حەوشەی خەستەخانە مابوونەوە.. سەریان لێ شێوابوو نەیاندەزانی هانا بۆ کوێ ببەن. کە ئێمەیان بینی هاواریان لێکردین، ژمارەیەکیان منیان ناسییەوە... چوومە لایان و دڵنەواییم کردن و وتم «دڵم هەر لاتان بووە بۆیە هاتووم.»

بەڵێنم پێدان لە گەڵیان دەمێنمەوەو چارەنوسمان پیکەوە دەبێت... ئەو چوار پێشمەرگەیەی لە پێشەوە ناوەکانیانم هێنا هەر لەگەڵم مابوونەوە، خێرا دابەشم کردن بەسەر شوینەکەدا... هەر سەیارەیەک بهاتایە و هەر کەسێکی تێدا بوایە، دامان دەبەزاندن و خێرا سێ چوار بریندارمان تێدەکرد، داوامان لە نەفەرەکان دەکرد کە بە پێ بڕۆن....

لەناکاو پاسێکی مەسڵەحە گەورەکان نزیک بۆوە، سەیرمان کرد، چەندک کەسێکی تێدایە، خێرا ڕامان گرت... دەبێت ئەوەش بڵێم ژمارەیەک لەو گەنجانەی کە لە سەیارەکان دامان بەزاندبوون، لەگەڵمان مابوونەوەو یارمەتییان دەداین لە گواستنەوەی بریندارەکان بۆ ناو سەیارەکان. پاسەکەمان پڕ کردو بەوەش هەموو بریندارەکانمان بەڕێ کرد، داوام لە شۆفێری پاسەکەو هەموو سەیارەکانی تر کر لە ڕێگای عەربەتەوە بڕوات... چونکە ئەوێ هەم تەخت و هەم سەلامەتتریش بوو...ڕێگەی ئەزمەڕ مەترسی زۆری لەسەر بوو.

تا ئەم کارانەمان ئەنجام دا سوپا گەیشتە ناوشار و سلێمانی بەتەواوی لەدەستی ئێمە دەرچوو.. دەبوو ئیتر ئێمەش چۆڵی بکەین.

لێرەدا دەبێت بیرم نەچێت کە باس لە قارەمانێتی حەمەعەلی بەرخانەقاو پێشمەرگەکانی بکەم، حەمەعەلی ئامر کەرت بوو لە تیپەکەی من، دەمزانی چەند ئازاو بەجەرگە، پشمەرگەکانیشی هەموویان جوامێرو نەترس بوون... لە ناوچەی چیمەن – قەرەهەنجیر بەرەنگاری سوپا ببوونەوەو ماوەیەکی باش پەکیان خستبوو، بەوەش کاتێکی زێڕین بۆ ئێمە فەراهەم ببوو تا بریندارەکان بەڕێ بکەین... حەمەعەلی و هاوڕێکانی هەموویان شەهید بوون، ئەوان بەخوێنی خۆیان بوونە هۆی ئەوەی بریندارەکانی ڕاپەڕین سواری ئوتومبیل بکەین و لە چنگی خوێنڕێژەکانی بەعس قوتاریان بکەین...

شار بەتەواویی چۆڵ بوو، جگە لە گرمەی تۆپباران و دەسرێژی کۆپتەرکان هیچی ترم نەدەبیست.. مەترسییەکی گەورە لەسەر خۆم و هاوڕێکانم هەبوو، لاوە مەدەنییەکانم بەڕێ کردو خۆشمان بەرەو ئەزمەڕ کەوتینە ڕێ... ڕۆیشتن زۆر سەخت بوو، بەڵام هەر پێنجمان لەناخەوە دڵمان خۆش بوو بەوەی بریندارەکانمان لە چارەنوسێکی حەتمی ڕزگار کرد، هەر ئەوەندەی بەر دەستی دوژمن بکەوتنایە، هەر لەجێدا هەموویانیان گوللەباران دەکرد.

بە هەر زەحمەت و نارەحەتییەک بێت لەژێر ئاگرو بۆردومانی کۆپتەردا خۆمان گەیاندە سەر شەقامی ئەزمەڕ، چەند سەد مەترێک لە سێهەمین لوفەی ئەزمەڕ تێپەڕین...

چیمان بینی خودایە!!

تراکتۆر و عەرەبانەیەکی پڕ لە ژن و منداڵ، وادیار بوو چەند پێشمەرگەیەکیشیان لەگەڵ بووە... کەوتبووە بەر دەسڕێژی کۆپتەرەکان، خوێن بە سوچی دەرگای عەرەبانەکەدا وەک پلوسک دەهاتە خوار. نزیک بووینەوە، دکتۆر (عەلی)مان بینی و تەنها ئەوم لی ناسین،دکتور عەلی، پێشمەرگە و دکتۆری تیپەکەی خۆمان بوو (٤٧ ی پیرە مەگرون)... هەمیشە لە سەنگەرەکانی بەرگریدا لەگەڵمان بوو... لە داستانی قەیوان ماوەتدا زۆر قارەمانانە لە سەنگەری پێشەوەی بەرگری بوو. ئەژنۆکان بێهێز ببوون، نەماندەزانی چی بکەین! لەو ساتە جەرگبڕەدا چیمان پێ دەکرێت؟ جەند کەسیکی بەتەمەن لەوی بوون داوامان لی کردن بە عەرەبانەکە جەنازەکان ببەنەوە بۆ شار. بەرەو قەلاچوالان بەری کەتین لەرێگاش سێ چوار تەرمی تریشمان بینی، باش بوو توانیمان لەگەڵ چەند کەسێکدا کە ئوتمبیلیان پێ بوو، ڕەوانەی مەیتخانەی سلێمانییان بکەینەوە ، تاکە تاکە خەلک بۆ رۆژی دواتر بەرە شار دەچونەوە.

لە قەلاچوالان مقەڕێکی ئامادەکراو پڕ لە ئازوقەو پێداویستیم ئامادە کردبوو، خەڵکێکی زۆر هیچیان بۆ دەرنەچوو بوو، بە پێی توانا یارمەتیمان دە دان... دیسانەوە کەوتینەوە شاخ و ناو مقەڕی پێشمەرگایەتی... دیلەکانیشمان لە قەلاکە دانابوو... چەند پێشمەرگەیەکی تریش پاسەوانی زیندانی و دیلەکان بوون، فەرماندەی مەفرەزیەک لە پیشمەرگەکان کە ناوی هەڵۆ بوو، کردم بە بەرپرسیاری زیندانەکە (دوای ماوەیەک لە ئەسحابەسپی سلێمانی تەقینەوەیەک رویداو هەڵۆ لەویدا شەهید بوو)... هەڵۆ هەندی کاری سەربەخۆو بی پرس کردبوو، لێپرسینەوەم لەگەڵ کردو لەجێگەی ئەوکاک ڕەسوڵم کردە بەرپرسیاری زیندان. دەمێک بوو ڕەسوڵم دەناسی، پێشمەرگەیەکی دیرین بوو، لە شاخ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی شۆڕشگێڕان بوو.

زۆری پێنەچوو بەشێک لە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنەکەی مامۆستا جەمال هاتن، پێویستییان بە بەنزین بوو... تەنکەرێک بانزینمان بۆ کاتی پێویست لەوێ دانابوو، تەسلیمی ئەوانم کردو زیندانییەکانم نارده مقەڕیک قایم لە پشتی کەناروێ ئیتر کاک ڕەسوڵ بوو برپرسی زیندان. بە پێشمەرگەکانی خۆماندا تەقەمەنی و بەنزین و پێداویستی تریشم نارد هەر بۆ ئەوێ...چونکە شوێنێکی قایمتر و سەلامەتتر بوو... زیاتر خەمی دیلەکانم بوو، چەند ئەفسەرێکی پلە بەرزیان تێدابوو... دەماتوانی سوودیان لێ وەربگرین.... دواتر لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی خۆماندا دیل بە دیلمان پێکردن.

مام جلال لە ماوەت بوو، ووردە ووردە هەڤاڵان دەچوونەوە بۆ ماوەت. ڕۆژێکیان چوومە ماوەت بۆ لای مام، کە زانی مەقەڕم لە قەڵاچوالان داناوە زۆری پێ خۆشبوو، زۆری پێ نەچوو مامیش هاتە قەڵاچوالان و برادەرانیش، قۆناغ بەقۆناغ هاتن. ئیتر قەڵاچوالان بووە پایتەختی سیاسی و پێشمەرگەیی و ڕێکخراوەیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

# کۆڕەوی ئازادی و دەستکەوتەکان



**جەعفەر حەسەن ئەحمەد***

بەدرێژایی مێژووی تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەلەکەمان و شۆڕشەکانی، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا، لە پێناو ئازادی و هەرچی زیاتر بەرگری کردن لە مانەوەی خۆیی و ناسنامە نەتەوایەتیەکەی، هاوکات هەندێ جار وەک شێوازێکی خەبات و گەیشتن بەماف و خواستەکانی چەندین جار بەناچاری پەنای بۆ کۆڕەو و ڕاکردن و جێهێشتنی ماڵ و منداڵ و خاک و زێدی خۆی بردووە.

هەروەک بینیمان (٢٨) ساڵ لەمەوبەر لەسەرەتای نیسانی ساڵی (١٩٩١)دا بەتایبەت دوای سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان، ڕژێمی فاشی بەعس پەلاماری کوردستانی دایەوە بەتایبەت شاری کەرکوکی کوردان، سەرەئەنجام کۆڕەوە مەزنەکەی لێکەوتەوە کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ترسی هێرشەکانی سوپای بەعس بەپەلە پڕوزێ لەژێر ڕەحمەتی سەرما و سۆڵەیەکی بەهێز و لێزمەی بارانداماڵەکانیان جێهێشت و بەرەو چیاکان و سنورەکانی ئێران و تورکیا ڕێگەی هات و نەهاتی لەبرسا مردن و لەسەرما ڕەق بوونەوەیان هەڵبژارد!!
هەرچەندە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد و چەندین شەهیدیان بەخشی بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی تایبەت بەو هەلومەرجە، کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو لەلایەن هاوپەیمانان و ئەمریکاوە بۆ سەدام و سوپاکەی تاوەکو شارە ئازادکراوەکانی باشووری عێراق لە دەست هێزە شۆڕشگێڕە



سەرچاوە Serchawe

شیعەکان و دانیشتوانەکەی دەربهێنێتەوە، لەم نێوەندەدا سوپای بەعس فرسەتیان هێنا و پەلاماری کوردستانیشیاندا، هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کە درکیان بەو دیفاکتۆ مەترسیدارە و بێدەنگی هاوپەیمانان کرد، ئیدی وایان بە پێویست و باشترزانی (ە.پ.ک) لە هەندێ شوێن ئاراستەی شەڕکردن بگۆڕێت بۆ کشانەوە و پاشەکشێ لەبەرامبەردا ئاسانکاری بکرێت بۆ ڕۆشتنی خەڵک و چۆڵکردنی شارە گەورەکان لە پێناو هەرچی زیاتر سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان. هەڵبەتە کۆڕەو هەرچەندە بێ پلان و بەرنامە بوو بەڵام هاوکات بوو بەیەکێک لە ڕوودا و مێژوویی و مەزنەکانی کۆتا سەدەی بیستەم، چونکە وەک کارەساتێکی مرۆیی چرکەساتە تراژیدیا مەرگ ئامێزەکانی هێندە دڵتەزێن و بەئازار بوون، کە بەخێرایی ویژدانی مرۆڤ دۆستان ومرۆڤایەتی هەژاند و دواجار کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێنایە سەر هێڵ و دەنگ، سەرئەنجام کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی بەدوای خۆیدا هێنا و بەرئەنجام بڕیاری (٦٨٨)ی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە کە تایبەت بوو بەجیاکردنەوەی ناوچەی دژە فڕین و دیاری کردنی هێڵی (٣٦)، خۆشبەختانە ئەو بڕیارە مێژوویە بوو بەگەورەترین دەست کەوت و قەڵغان بۆ گەلەکەمان، کە بەو هۆیەوە ڕژێمی صدام لغاو کراو نەیتوانی هێرشی ئاسمانی بکاتەوە سەرمان و لەوێوە توانیمان بەئازادی لەسەرپێی خۆمان بوەستین و لە بەرەی کوردستانیەوە هەنگاوی چارەنووسساز بهاوێژین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (١٩ - ٥ - ١٩٩٢) دواتر حکومەت دابمەزرێنین و دەستکەوتەکان بپارێزین تاڕوخانی صدام و گەیشتنمان بەئەمڕۆ بۆیە جێگای خۆیەتی بڵێین، کۆڕەوی ئازادی و دەستکەوتە گەورەکان.

لێرەدا پێویستە بۆ مێژوو ئاماژە بەداستانی کۆڕێ بدەینەوە کەلەو هەلومەرجە هەستیار و چارەنووسسازەدا (ە.پ.ک) قارەمانانە تۆماریان کرد بەتایبەت فەرماندە و پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) ڕۆڵی میحوەری و یەکلایی کەرەوەیان گێڕا لە سەرکەوتنی ئەو داستانەدا بەسەر سوپای زەبەلاحی ڕژێمدا، ئەو سەرکەوتنە مێژووییەش وەک دەستکەوتێکی گەورە توانی لەلایەک ستۆپ بەپێشڕەویەکانی سوپای عێراق بکات و لوتیان بشکێنێت لەلایەکی تر دڵنیایی بدات بەناوخۆ و دەرەوە کە ڕژێمی بەعس ، ناتوانێت لەو سنورە زیاتر پێشڕەوی بکات.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەرۆڵی پۆزەتیف و کاریگەری ڕاگەیاندن بکەین بەتایبەت پەیامنێران و ڕاگەیاندنە بیانییەکان، کە وێنە و ڕووداوەکانیان بەخێرایی دەگواستەوە بۆ جیهان بەگشتی و بۆ بەرچاوی سەکۆ نێودەوڵەتی و ناوەندەکانی بڕیار بەتایبەتی.

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری چەپکەگوڵ

ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## ئەوکاتەی چەخماخەی ڕاپەڕین دەستی پێکرد بەشی زۆری چیاکانمان داگیرکرابوو.
## کوردستانیش ئۆردوگایەکی زۆرەملێی گەورە بوو




لەدوای کیمیاباران و پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە دژی تەواوی ناوچەکانی کوردستان هەر لە (زاخۆوە تا خانەقین)، لەماوەی ساڵانی ١٩٨٨- تا ئاداری ١٩٩١، تەنیا یەک ڕووبەڕووبوونەوەی گەورە لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جاش و سوپای عێراق ڕوویداوە، ئەویش (داستانی خواکورک)ە بە فەرماندەیی پێشمەرگە مسعود بارزانی و لە ١٩ی تەموزی ١٩٨٨ دەستی پیکردووە و ماوەی ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بووە، ئەو شوێنەشی ئەم داستانەی لێ تۆمار کراوە، دەکەوێتە سێ گۆشەی سنووری نێوان (عێراق - ئێران - تورکیا)، ئەم ناوچەیەش بێجگە لەوەی ناوچەیەکی سەختی شاخاوییە، لە هەمانکاتدا نزیکەی ١٢٠ - ١٥٠ کیلۆمەتر لە سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە دوورە.

ئاماژەکردنمان بۆ داستانی (خواکورک) بۆ پێداهەڵدان بەو داستانە بێ وێنەیە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە نەوەی ئێستا بزانن کە لەدوای ئەنفال و کیمیاباران و شەڕی ٨ ساڵەی نێوان (عێراق - ئێران)، سوپای عێراق دەستی بەتاڵ بووبوو، تەواوی ناوچەکانی کوردستانی باشووری داگیرکردبوو، تەنانەت هێرشیشی کردە سەر چیای خواکورک کە دوایین خاڵی سنووری نێوان (عێراق و ئێران و تورکیا)یە، کە هێرشیشی کردە سەر چیای خواکورک، دەیزانی هێزی پێشمەرگە لەو سێگۆشە سنوورییە بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی بوو کە لەسەر سنووریش هێزی پێشمەرگە ئاودیو بکات. دیارە لە پارێزگای سلێمانیش، لەو دیوی شەقامی شەست مەتری کە ئێستا پێی دەڵێن (بازنەی مەلیک مەحمود) تا دەگاتە سنووری ئێران هەر هەمووی ناوچەی موحەرەمە بووە و کەس نەیدەتوانی بچێتە ئەو شوێنانە، تەنانەت مەفرەزەکانی پێشمەرگەش زۆر بە نهێنی لەو ناوچانە دەمانەوە، سەبارەت بە پارێزگای دهۆکیش، لەوێش بێجگە لە سەنتەری شاری دهۆک و قەزای زاخۆ، ئەوی دیکەی ناوچەی

موحەرەمە بووە و دانیشتووانەکەی ئەنفال کرابوون.

لەناو ئەم واقیعە تاڵەدا، کە تەواوی کوردستانی باشوور لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێ دەچوو کە هەر چوار دەوری بە جاش و سوپا و دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی رژێمی بەعس تەنرابوو، چیاکانی کوردستان تا سەر سنوورەکان هەمووی بە رەبایەی جاش و سوپا داگیرکرابوون، لەمەش خراپتر، رژێمی بەعس لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە بەشێوەیەکی هێندە دڕندانە مامەڵەی لەگەڵ شارەکانی (سلێمانی و هەولێر و دهۆک) کردبوو، لە هەر شوێنێکی ئەو سێ شارە تەقەیەک کرابێت، تەواوی ئەو شوێنانەی بە شۆفڵ تەخت دەکرد و بۆ ماوەی مانگێک تا دوو مانگ هاتوچۆی لێ قەدەغەکرد، بەڵام کە لە رۆژی 4ی ئادار لە ئۆردوگای زۆرەملێی خەبات چەخماخەی راپەڕین دەستی پێکرد و لە بەرەبەیانی ٥ی ئاداریش لە دەروازەی راپەڕینەوە، راپەڕین قۆناخی سەرکەوتنە یەک لەدوایەکانی دەستی پێکرد و لەماوەی دوو رۆژدا گەیشتە شاری سلێمانی و لە ٧ی ئاداری ١٩٩١ شاری سلێمانی ئازاد کرا، ئیدی بە ئازادکردنی سلێمانی، ئازادکردنی هەولێر و دوای ئەویش دهۆک و ئازادکردنی کەرکووک، نەورۆزی ١٩٩١ بووە جەژنی سەرکەوتنی راپەڕین و لەگەڵ جەژنی نەتەوەیی نەورۆز ئاوێتە بوو.

گێڕانەوەی بارودۆخی ساتەوەختی راپەڕین وەک ئەو واقیعەی لە ئاداری ١٩٩١ بوونی هەبووە، ئیرادەی پۆڵایین و لەبن نەهاتووی گەلی کوردستان بەرجەستە دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی گەلی کوردستان بەبێ ئەوەی چیاکان دۆستی بن، بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی لەکاتێکدا ئەگەر راپەڕین شکستی هێنا، پەنای بۆ بەرێت، توانی لە ساتەوەختی خۆیدا راپەڕێت و تەواوی کوردستان بە کەرکوکیشەوە ئازاد بکات. ئەمەش راستییەکە هەر کەس نکۆڵی لە ئیرادەی گەلەکەی بکات و بە مۆرکی حزبی دایبپۆشێت، ئەوا بێجگە لەوەی خۆی شەرمەزاری مێژووی نەتەوەکەی دەکات، لە هەمانکاتدا دەبێت وەڵامێکیشی بۆ کۆڕەوە ملیۆنییەکەی دوای شکستی راپەڕینیش پێ بێت.

ساڵانە کە ساڵیادی راپەڕین دەکەینەوە، لایەنی سیاسی هەیە لە کوردستاندا کە راپەڕینی خەڵکی کوردستان وەک دەسکەوتێکی حزبی بە خەڵکی کوردستان دەفرۆشێتەوە و لافی ئەوە لێدەدا کە ئەو حزبە رێکخەر و ئەندازیاری راپەڕینی خەڵکی کوردستان بووە. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، گریمان ئەو حزبە رێکخەر و ئەندازیاری راپەڕینی خەڵکی کوردستان بووە، بەڵام ئایا هەر ئەو حزبە دەتوانێت بڵێت، من رێکخەر و ئەندازیاری کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بووم؟ لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەگەر حزبێکی سیاسی ئەو توانایەی هەبێت کە هەموو خەڵکی کوردستان بۆ راپەڕینی سەرتاسەری هانبدات و راپەڕینیش سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئایا بۆچی کە سوپای عێراق گەڕایەوە، نەیتوانی ببێتە هەمان رێکخەر و ئەندازیار و تەواوی تواناکانی گەلی کوردستان رێکبخات و رێگە نەدات سوپاکەی بەعس بگەڕێتەوە؟ بۆیە ئەو ئیرادەیەی راپەڕینی کرد، هەمان ئیرادە بڕیاری کۆڕەویشی دا. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا جیاوازیی نێوان ئەو ئیرادەیەی راپەڕینی کرد و ئەو ئیرادەیەی بڕیاری کۆڕەوی دا، چییە؟ ئایا چۆن خەڵکی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە بە یەکدەنگی بڕیاریاندا رەو بکەن و وڵات بۆ داگیرکەر بەجێبهێڵن؟ ئەمە لەکاتێکدا هەموو



سەرچاوە
Serchawe

خەڵکی کوردستان دەیانزانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە دەرەوەی شارەکان هەتا سنوور کاول کراوە و ژیانی تێدا نییە، بەڵام خەڵکی کوردستان بڕیاریان دابوو «یان مردن یان ئازادی» هەڵبژێرن.

لە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ لە دوو شوێنی جیاواز، هێزی پێشمەرگەی کوردستان رووبەڕووی دوژمن بووەوە، یەکەمیان لە ئەزمەڕ و ئەوی دیکەیان لە دەربەندی کۆڕێ، ئەم دوو رووبەڕووبوونەوەیە، دوو داستانی زۆر قارەمانانە بوون و بە خوێنی چەندین پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کران، ئەم دوو داستانە وەک مێژووی مقاوەمەت و بەرگری دژی داگیرکارانی کوردستان گرنگن و جێگای شانازین، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەم دوو داستانە توانییان شاڵاوی کۆڕەو رابگرن، ئایا ئەم دوو داستانە توانییان رەوتی رووداوەکان پێچەوانە بکەنەوە و رای گشتی نێودەوڵەتی بەرامبەر دۆزی رەوای گەلی کوردستان بگۆڕن، بێگومان نەخێر، بەڵکو ئەوەی توانی رای گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگۆڕێت، زومی ئەو کامێرانە بوو کە رۆژنامەنووسانی جیهانی پیشانی هەموو جیهانیان دا، گەلێک بە کۆمەڵ نیشتمانەکەی خۆی لە ترسی داگیرکاری وڵاتەکەی بەجێدەهێڵێت و مردن هەڵدەبژێرێت، ئەم کۆدەنگییەی کۆڕە و پیشاندانی ئەو ئیرادە گەورەیەی گەلی کوردستان، جیهانی ناچار کرد کە بەپەلە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆببێتەوە و بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسەند بکات و ناوچەی ئارام لەسەروو هێڵی ٣٦ ەوە دابین بکرێت، بۆ ئەوەی گەلێک لە مەترسیی لەناوچوون رزگار بکات.


خستنەوە رووی ئەم لاپەڕانە کە زۆر جار حزبەکان بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان، یان بۆ شەڕی دەسەڵات و دەنگ کۆکردنەوەو لە خشتەبردنی نەوەی ئێستا پەردەپۆشی دەکەن، مانای ئەوە نییە بەرەی کوردستانی، یان حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی رۆڵیان نەبووە، یان کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کوردستان نەبووە، بەڵکو دەرکەوتنی ئەم ئیرادە گەورەیەی خەڵکی کوردستان، بەرەنجامی ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ماوەی ساڵانی کۆتایی ١٩٨٦ - ١٩٩١، روویان لە ئاشتی و تەبایی و یەکریزی و یەکهەڵوێستی کردو پاشانیش بە ئیرادەیەکی یەکگرتووی دوور لە تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی بەرەی کوردستانییان پێکهێنا. بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئەوەی لە رووی لەشکرەوە، خاوەنی ئەو توانا سەربازییە نەبوو کە بتوانرێت لەگەڵ سوپای رژێمی بەعس بەراورد بکرێت، بەڵام لە رووی مەعنەوییەوە دروستکردنی بەرەی کوردستانی ئومێدێکی بۆ خەڵکی کوردستان دروست کرد، ئەمەش نەک تەنیا بۆ ئەو خەڵکەی کە لایەنگری شۆڕش بوون، بەڵکو بۆ ئەوانەشی چەند ساڵێک بوو لەبەر هەر هۆیەک بێت چەکی جاشایەتییان بۆ رژێمی بەعس لە شان کردبوو، هەر ئەو چەکدارە کوردانەشی چەکیان بۆ بەعس هەڵگرتبوو، لە راپەڕیندا توانییان ببنە پاڵپشت بۆ جەماوەری راپەڕیوی خەڵکی کوردستان و راپەڕینەکە سەربخەن.

سەرچاوە؛ ماڵپەڕی: پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# گەلی کوردستان بەرهەمی کۆڕەوە ملیۆنەکەی نەچنیەوە



**خەڵک- ئامەد حەسەن**

سبەینێ ١ی نیسان ٢٥ ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر کۆڕەوەی ملیۆنی گەلی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١دا، چاودێران پێیانوایە، گەلی کوردستان دوای ٢٥ ساڵ لەبری چنینەوەی بەرهەمی ئەو کارەساتە، سەرلەنوێ ڕووبەڕووی زوڵمو زۆری دەسەڵاتی کوردی دەبنەوە.

## ڕاپەڕین و کۆڕەو قوربانیدانەکەی بۆ خەڵکو خۆشگوزەرانیەکەشی بۆ بەرپرسان

چاودێران دەڵێن، لە ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١دا گەلی کوردستان زۆرترین قوربانیدا، لەدوای گەڕانەوەی سوپای ڕژێمی ئەوکاتی عێراقیش قوربانی گەورەتری دا و حزب و سەرکردەکانی هێنایە سەر سفرەی حازر، کەچی لە بری دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ ئەم گەلە خۆشی نەدیوە، جارێکی تر ئەم سەرکردە و حزبانە چەندین نەهامەتیان بۆ خەڵک هێنایەوە.

بەرای چاودێران، سیاسەتی پاوانخوازی و گەندەڵیو خراپ ئیدارەدانی وڵات لەلایەحزب و سەرکردەکانیانەوە، بووە هۆی

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دامەزراوەیی و خزمەتگوزار دروست نەبێ و دوای ٢٥ ساڵ لە حکومڕانی کوردی، هاوڵاتیان بگەنە ئەوپەڕی نائومێدی و ئەوپەڕی خراپی ژیان و خزمەتگوزارییەکان.

## سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و کۆڕەو

لەڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠، حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن، دەوڵەتی کۆیتی داگیری کرد.

دواتر هەر لەو رۆژەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەکۆبوونەوەیەکی نائاساییدا بڕیاری (٦٦٠)ی دەرکرد و داوای لە عێراق کرد، بکشێتەوە.

لەڕۆژی ٦ی ئابی ئەو ساڵە ئەنجومەنی ئاسایش بەبڕیاری(٦٦١) گەمارۆی ئابووری خستە سەر عێراقو دوای سوربونی عێراق لە مانەوەی کۆیتدا ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری (٦٧٨) لە ٢٩ - ١١ - ١٩٩٠ ڕێی بە بەکارهێنانی هێز دا بۆ ڕزگارکردنی کویتی کرد.

لەڕۆژی ١٧ - ١ - ١٩٩١ گەردەلولی بیابان دەستی پێکرد و هاوپەیمانان لە ماوەیەکی کەمدا توانیان کویت رزگار بکەن، بەوەش عێراق توشی شکستێکی گەورەبوو، لە نێو شارە شیعە نشینەکانی عێراق ڕاپەڕین دژی ڕژێمی سەدام دەستی پێکرد و لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕین لە شاری ڕانیەوە لە هەرێمی کوردستانیش دەستی پێکرد و لە ئێوارەی ٢٠ی ئادار ئاگری نەورۆز لە شاری کەرکوک کرایەوە ئەوەش بووە هۆی ڕزگارکردنی شارەکە بۆ یەکەمجار.

## سەرکوتکردنی ڕاپەڕین

دوای ئەوەی هاوپەیمانان ڕێگەیان بۆ بەغدا شل کرد، هێزەکانی سوپای عێراق هەڵمەتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعە و کوردیان دەستپێکرد، لە ١ی نیسانی ١٩٩١ کۆڕەوی ملیۆنی گەلی کوردستان بەرەو ئێران و تورکیا دەستی پێ کرد.

لە کاردانەوەی ئەم کۆڕەوە ملیۆنییەدا ئەنجومەنی ئاسایش لەڕۆژی ٥ - ٤ - ١٩٩١ بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد و ناوچەیەکی ئارامی بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکرد بە هێڵی پانی ٣٦.

دوای دەستپێکردنی وتووێژی نێوان حزبە سیاسییەکانی هەرێم و دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئاوارەکان گەڕانەوە، دوای



سەرچاوە
Serchawe

شکستهێنانی وتوێژەکان و دروستبونەوەی ئاڵۆزی، حکومەتی بەغدا هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوە.

لە ١٩ی ئایار ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراو دواتر کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێندراو سیستمی فیدراڵی ڕاگەیەندرا.

دوای گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی سەر عێراق و گەمارۆی بەغداش لە سەر هەرێم ڕەوش و گوزەرانی هاوڵاتیان بەرەو خراپی دەچوو، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (٩٨٦)ی تایبەت بە فرۆشتنی بەشێک لە نەوتی عێراق لە بەرامبەر بەخۆراک دەرکرد و ڕێژەی ١٣%شی بۆ خەڵکی کوردستان دابین کرا.

سەرچاوە: تۆڕی میدیایی خەڵک - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## لە گەرمیان وێنەکانی سمبولی دایکی کۆڕەو نمایش کرا



ئەمڕۆ ٢٦ هونەرمەندی شێوەکاری شارۆکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، وێنەی دایکە جاهیدەیان گرت، کە بە سبمولی دایکی کۆڕەو هاتووەتە ناساندن.

عومەر عەبدولا سەرپەرشتیاری گرووپی هونەری ئەستێرەکان لە گەرمیان بە "وشە"ی ڕاگەیاند، ئەمرۆ شەموو وەک گرووپی ئەستێرەکان لە گەرمیان لە ڕێگەی ٢٦ هونەرمەندی شیوەکارەوە، یەکەمین ڕێورەسمی ٢٦هەمین ساڵوەگەڕی کۆڕەوی خەڵکی کوردستانمان بەرز ڕاگرت لە ریگەی کاریکی هونەری جیاوازەوە.
زیاتر گوتی، ٢٦ هونەرمەند هەستان بە دروستکردنی وێنەی شێوەکاری خاتوو جاهیدە کە لە کۆڕەوی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ بەشێک لە نەوەکانی ون کردبوو، لەو کاتەوە لە ڕێگەی فۆتۆگرافەرانەوە بووبووە سیمبولی دایکی کۆڕەو و پاشتر لە جیهانیش دەنگی دایەوە.
لای خۆیەوە دایکە جاهیدە محەمەد ڕەشید بۆ "وشە" ئاماژەی دا کە کاتی خۆی و بەر لە ٢٦ ساڵ لەکاتی ئاوارەبوونمان بۆ ئیران، وێنەم گیراو دەنگی دایەوە، ئەو کاتە دوو لە منداڵەکانم لی ون بووبوو و بە زەحمەت ئەوانم دۆزییەوە، باسی لەوەش کرد کە لە کۆڕەوەکەدا تا شاری گەیلان غەربی ئێران ئاوارە بوو.
دایکی جیهاندا کە لە میدیا جیهانییەکاندا دەنگی داوەتەوە، دوو کوڕیشی شەهید بوون و خۆی خەڵکی سنووری پارێزگای کەرکووکە و ئێستا لە سلێمانییە و بەشێک لەنەوەکانی لە کەلارن.

**ماڵپەڕی وشە نێت**

# کۆڕەو، حیکایەتی پڕ ئازاری میللەتێک




**پێشڕەو ئیسماعیل (مامۆستا پێشڕەو)**

کۆڕەوی خەڵکی کوردستان لە شەوی (٣ - ٤ - ١٩٩١) بۆ سنوورەکانی ئێران و تورکیا یەکێکە لە کۆڕەوە دەگمەنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، دڕندەیی هێزەکانی بەعس و بۆردوومانی فڕۆکەکان و بێ خۆراکی و نەخۆشی و باران و سەرما تراژیدیایەکی لەبیرنەکراویان بەسەر کورددا هێنا، بەشێوەیەک بووە هۆی زیندووکردنەوەی ویژدان و ئەخلاقی مرۆڤایەتی و لە (٥ - ٤ - ١٩٩١) فەرەنسا پڕۆژەی دەستێوەردانی پێشنیار کرد و ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (٦٨٨)ی دەرکرد بە زۆرینەی دەدەنگ و سێ دەنگی ناڕازی کە ئەوانیش (کوبا و یەمەن و زیمبابۆی) بوون.

دوایی زۆر زوو بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمان دەرکەوت کە دابینکردنی خۆراک و پێداویستییە مرۆییەکان چارەسەری کێشەی کورد ناکات لە عیراق، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە تورکیا پەناهەندەکانی ڕەفز کرد، بیرۆکەی ناوچەی ئارام هاتە ئاراوە، یەکەم جار بەریتانیا لە (٨ - ٤ - ١٩٩١) پێشنیاری کرد بۆ ئەنجومەنی ئەوروپا و ئەنجومەنی ئاسایش لە(١٦ - ٤ - ١٩٩١) چووە بواری جێبەجێکردنەوە، کاتێک ئەمریکا ڕەزامەندی نیشان دا لەسەر ئەوەی پڕۆژەکە جێبەجێ بکات لە ڕێگەی دەستێوەردانی سەربازییەوە.


**ئەم پرۆسەیەش بەدوو ڕێوشوێن جێبەجێکرا ئەوانیش:**

١- ناوچەی ئارام بۆ کورد و دەرکردنی هێزەکانی عیراق بۆ خوار هێڵی (٣٦).



سەرچاوە
Serchawe

٢- قەدەغەکردنی فڕینی فڕۆکەکانی عیراق لە سەرو هێڵی (٣٦). بەکورتی کۆڕەو نیشانی هەموو دنیای دا کە سەرما و بەفر و بـاران و برسـێتی و نەخۆشـی و نەهـامەتی و هیلاکیمـان قبـووڵە، بەڵام دیکتـاتۆریەت و سـتەم و چەوسـاندنەوە و داگیرکاریمان قبووڵ نییە.



سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## لە یادی سی ساڵەی کۆڕەوی خەڵکی کوردستاندا..


کوردستان نوێ
بیروڕا
کۆڕەو ئەو رووداوە گەورەیەی مەفەوەزات نابووتی کرد

**نووسینی: ستیڤان شەمزینی**

### کۆڕەو ئەو کارەساتە گەورەیەی مەفەوەزات نابووتی کرد

سی ساڵ بەر لە هەنووکە و لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، جەماوەری باشووری کوردستان وەک پرۆتستۆیەک دژی دووبارە گەڕانەوەی کوردستان بۆ ژێر سایەی سیستمی بەعس و فەرمانڕەوایی سەدام حسێن، بە تێکرا کۆچڕەوێکیان مێژووییان بۆ سنوورەکانی ئێران و تورکیا دەستپێکرد.. تراژیدیاکانی ناو ئەم داستانە غەمگینە هیچی کەمتر نەبوو لە داستانی سووتاندنی رۆما لەلایەن نیرۆنەوە. بۆ خودی خۆم ئەم رووداوە دووجار تراژیدیا بوو، بەوەی لە مەرزی تەوێڵەی سەر سنووری ئێران، ئۆتۆمبیلەکەمان تووشی وەرگەڕان بووەوە، لە ئەنجامیشدا خوشکێکم لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا ژیانی لە دەستدا، کە ناچاربووین تەرمەکەی لە شاری "پاوە"ی هەورامانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەسپەردە بکەین، هەر لە ئانی ئەم تراژیدیایەدا سەرانی حزبەکانی کوردایەتی و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی ئەوکات، وەفد لە دوای وەفد دەرگای بەغدادیان دەکوتا، ئاهەنگی ماچ و موچی سەرکردەکانی کورد لەگەڵ سەدام هێندەی تر برینەکەی قووڵتر کردەوە. تەنانەت وەک "ئەمجەد شاکەلی" لە کتێبی "ئەوەی نابێ بگووترێ دەبێت بگووترێ" ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە چۆن لە کاتی سەرکەوتن بەسەر قادرمەکانی کۆشکی کۆماریی و بۆ گەیشتن بە دیداری گەورە دیکتاتۆر "سەدام" شەڕە شان و پێشبڕکێ دروستبووە لە نێوان رەسوڵ مامەند و نەوشیرواندا.

بە کورتی پارتی و یەکێتی و کۆی حزبەکانی بەرەی کوردستانی ئەو کات، دەستکەوتە سیاسییەکانی کۆڕەویان بچووک کردەوە بە ئەنجامدانی وتووێژ لەو کۆنێکستەدا کە هەموو دنیا چاوی سۆز و عەقڵیشی چوو بووە سەر کورد، ئەمەش

هەڵەیەک نەبوو سەرانی بەرەی کوردستانی بەشێوەیەکی عەفەویی بیکەن، بەڵکو چارەسەر نەبوونی کێشەی کورد کەسابەتێکی پڕ پیت و بەرەکەت بووە بۆیان، چونکە هیچ بەرنامەیەکیان نییە بۆ دوایی کۆتایی چارەسەربوونی کێشەی کورد، بۆیە هەمیشە کێشەکان بە هەڵواسراویی دەهێڵنەوە. بە کورتی من پێش دوانزە ساڵ وتارێکی پوختم لە بیرەوەریی 18 ساڵەی کۆڕەودا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "کۆڕەو ئەو کارەساتە گەورەیەی مفەوەزات نابووتی کرد". بۆیە لێرەدا و لە یادی سی ساڵەی ئەو تراژیدیا مرۆییەی کورددا دووبارە هەمان بابەت پێشکەش دەکەمەوە. ..

کۆڕەوی زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو کەس لە هاووڵاتیانی باشووری کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو کاتەی باشووری پێکدەهێنا، رووەو تاریکیی سنوورەکان و چارەنووسێکی نەزانراو، یەکێک لە دەگمەن و ناوازەترین رووداوی سیاسییە لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستاندا. بەو هۆیەی خەڵکی کوردستان بە تێکڕا و بە جیاوازیی دیتن و ئایدیا و چین و رەگەزەوە بە کۆدەنگیی لە ریفراندۆمێکی تراژیدییدا بۆ هەمیشە دەسەڵاتی داگیرکەری عەرەبی عێراقییان رەتکردەوە. ئاخر ئەوێ رۆژێ ئەو جەماوەرەی ئێستا فڕێدراوەتە پەراوێزەوە، بێئەوەی بزانێت بۆ کوێ مل دەنێت و چارەنووس بە کوێی دەگەیەنێت، ملی رێگەی کۆچێکی گرتبووە بەر کە تەنانەت ژیانی تاراوگە و دەربەدەریی و تاریکیی هەموو ئاسۆکانی پێ باشتربوو لە مانەوەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و دڕندەی وەک رژێمی بەعسدا.

لەم بارەوە نووسەری نێودار "دەیڤید ماکداول" لە کتێبەکەیدا "مێژووی هاوچەرخی کورد" دەنووسێت؛ "ترسی گشتیی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. زیاتر لەیەک میلۆن و نیو کورد ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێهێشت و بە ترسەوە بە دوای جێگایەکی ئەمیندا روویان لە ئێران و تورکیا کرد. هەموو ئەو رێگاو کوێرە رێگایانەی بەرەو سنوورەکان دەچوون لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی ئاپۆرەی خەڵکەوە گیران. لەسەر رێگای تورکیا رۆژنامەنووسێک وتی: بەچاوی خۆی نزیکەی پێنج سەد کەسی دیوە بەو بۆمبا فۆسفۆرییانەی هەلیکۆپتەرەکان هەڵیاندەڕشت کوژراون". لەلای خۆیەوە کوردناس و نووسەری کتێبی "ئاغا و شێخ و دەوڵەت" مارتن ڤان بۆرنیسن ژمارەی ئەو کوردانەی لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٩١ شوێنی خۆیان بەرەو سنوورەکانی ئێران وتورکیا جێهێشتبوو بە زیاتر لە دوو میلۆن هاووڵاتی کوردی پیاو و ژن تۆمار دەکات. گرنگیی ئەو کۆچڕەوە میلیی و نەتەوەییەی زیاتر لە دوو میلۆن و نیو کوردی باشووری وڵات، هەر ئەوە نەبوو، جەماوەر نایەوێت جارێکی دیکە لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی بەعسییەکاندا یەک تاکە هەناسەش بدات، نەخێر ئەو رووداوە سەرنج و سۆزی دنیاشی لەگەڵ خۆیدا بەلای دۆزی کورددا راکێشا.

هەر کاریگەریی و کارتێکردنی ئەو رووداوە تراژیدییە بوو، تەنانەت "جۆرج بوش"ی وەها لێکرد بە پەلە "جەیمس بیکەر"ی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بنێرێتە ئۆردوگای ئاوارە کوردەکان، بیکەر لە سەروەختی گەڕانەوەیدا بە زمانێکی غەمگین وتی "ئەوەی من بە چاوی خۆم بینیم زۆر لەوە زیاترە باوەڕی پێبکرێت". میدیا بیانییەکان وێنای ئەم کۆچڕەوەیان وەک

رووداوێکی دەگمەنی سەدەی بیستەم گواستەوە، ئەو وێنایانەی لە ڕێی تەلەفزیۆنەکانەوە گەیشتنە چاوی هاووڵاتیانی جیهان بە ئەندازەیەک بوو لەوەتی کورد هەبووە و هەیە، هەرگیز ئەوەندە چاوی میدیا و زوومی کامێرای دەستگا و ئاژانسەکانی هەواڵی لەسەر نەبووە، تەنانەت ئەنفال و هەڵەبجە کە بەبڕوای من لەکۆڕەو تراژیدیتر و وروژێنەرتربوون نەیانتوانی بەو ئەندازەیە سۆزی دنیا بەلای خۆیاندا رابکێشن، راستە بە ژێر لێوەکردنی ئەنفال و هەڵەبجە پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە هەبوو، بەڵام کۆڕەو، بووە دیاردەیەک ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا تووشی شەرمەزارییەکی گەورە کرد، بەوەی جڵەویان بۆ ریژێمی سەدام و هێزە ئاسمانییەکانی بەعس شل کرد، هەتاوەکوو سەرکووتی راپەڕینی گەلانی ئێراق بکات.

وەختە بڵێم ئەم واقیعەی لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە لە باشووری کوردستان دروستبووە قەرداری کۆڕەوە، کۆڕەویش قەرداری چاوی کامێرای میدیاکانە. تەنانەت ژەنەراڵ "بیکیلی" فەرماندەی ئەو کاتەی هێزەکانی هاوپەیمان، لە یەکێک لە کەمپەکانی ئاوارە کوردەکان، لە بەردەم حاشاماتێکی زۆری کوردەکاندا وتی "شتێک ئێمەی هێناوەتە ئێرە کامێرا بوو، لەبەرئەوە هەوڵبدەن دۆزەکەتان باشتر بناسێنن". هەر ئەو رووداوە بوو لەسەر دەستپێشخەریی فەڕەنسا و خودی فرانسوا میترانی سەرۆکی ئەودەمی فەڕەنسا، وای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی کرد لە رۆژی ٤ - ٤ - ١٩٩١ کۆببێتەوە، تاوەکوو بڕیاری ٦٨٨ دەربکەن، کە بووە قەڵغانی پاراستنی کورد هەتا ساتەوەختی رووخانی بتەکەی سەدام لە ساحەی فیردەوسی بەغداد لە بەهاری ٢٠٠٣. هەتا ئێرە هەمووومان دەزانین کۆڕەوی میلۆنیی کورد دۆزی نەتەوەیی کوردی لە دۆزێکی لۆکاڵیی و ناوخۆیی وڵاتێکەوە کردە دۆزێکی نێونەتەوەیی کە زلهێزەکانی دنیا دەخالەتی تێدا بکەن.

هەتا ئێرە بۆ هەر کوردێک ئاشکرایە کۆچڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کورد ئەگەر ژیرانەتر لەوەی کرا مامەڵەی لە تەکدا بکرایە ئەوە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کوردستانی دەگەیاندە وێستگەی دەوڵەتی سەربەخۆ و دانپێدانراو لەلایەن تەواوی کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە، چوونکە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچوون ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کوردەکانیش لە ڕێی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خۆیانەوە گرەنتی مافەکانیان بکرێت، کۆڕەو ئەگەرچی رووداوێکی زۆر تاریک و رەشە لە مێژووی گەلی کوردستاندا، بەڵام ئەگەر هەڵەی سیاسییەکان و هەڵپەی مفەوەزات لێی گەڕابا و باشووری بە مارە بەجاش لە عێراقی "کۆماری ترس" و سەرکوت و گۆڕی بە کۆمەڵ مارە نەکرادیەتەوە ئەوە لە مێژەوە بوو لانیکەم ئەم پارچەیەی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی قانوونی جێگەی خۆی دەکردەوە.

هاوڕێ و خزمی نێزیکم "ناسر حەفید" کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە لە سوێد دەژی و یەکێکە لە نووسەر و چالاکەکانی بواری سیاسەت، بۆی گێڕامەوە: لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال، زۆر مانگرتن و خۆپیشاندانمان لە ستۆکهۆڵم سازدا، دەمانوویست سۆزی سوێدییەکان بەلای ئەو تراژیدیا مرۆییەی لە باشووری کوردستاندا روویدەدا رابکێشین. بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، یەکێک لەو پەرلەمانتارە سوێدییە چەپانەی ببووە هاوڕێم پێیووتم: سەردەمانێک

هەموو دنیا بە ڤێتنامەوە خەریکبوو، دواجار ڤێتنام ئازاد بوو، رۆژێکیش دێت خۆری ئازادیی ئێوە هەڵبێت و هەموو دنیا بە ئێوەشەوە خەریک بێت!!، بۆ من ئەو قسەیە لە دوای ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ قابیلی هەرسکردن و بڕواکردن نەبوو. بەڵام لە دوای راپەڕین و لە سەروەختی کۆڕەودا ئەو پێشبینییەم بەچاوی خۆم بینی، بینیم پیرەژنێکی زۆر لاواز بە سندوقێکەوە کۆمەکی بۆ کورد کۆدەکردەوە، منیش لێی چوومە پێشەوە و وتم منیش کوردم.

لە وەڵامدا پیرەژنەکە وتی: من هەقی تۆم چییە؟!، من یەکەم کەس بووم کۆمەکم بۆ ڤێتنامییەکان کۆکردەوە ئێستاش هەر یەکەم کەسم کۆمەک بۆ ئاوارە کوردەکان کۆدەکەمەوە!. ئەوەبوو پەرلەمانتارەکە پێیوتم: ئەها کاتی خۆی پێمووتی، ئەوە ئەمڕۆش خۆری ئێوە لە هەڵهاتندایە و دنیا بە ئێوەوە خەریکە، تاوەکوو بتانکەنە حکومەت. بەڵام دوای پرۆسەی دانوستان و چوونی وەفدی بەرەی کوردستانیی ئەوکاتە، بە سەرۆکایەتی "مام جەلال" و یاوەریتی "رەسوڵ مەمەند و سامی عەبدولڕەحمان و نێچیرڤان بارزانی" ئەو ئەندام پەرلەمانەی سوێد بە سەرسامییەوە وتی: نەتانتوانی کەڵک لەو هەلە وەرگرن، لەوە زیاتریش ئێمەتان تووشی شۆک و شەرمەزاریی کرد.

مەبەستمە بڵێم لەو سەروەختەدا کە هێشتا سەدان هەزار کەس لە کامپی ئاوارەکاندا بوون، سەدان بنەماڵە لە پرسەی ماتەمینی لە دەستدانی کەسوکاریاندا بوون، بڕیاری پەلەپڕوزکێی رووکردنە بەغدا و دەستپێکردنەوەی خولە دۆڕاوەکانی دانوستان، هیچ لۆژیکیک و هیچ مۆراڵێک و هیچ عەقڵانییەتێکی سیاسیی پشتگیریی لێ نەدەکرد. کریس کۆچێرای رۆژنامەنووس و کوردناسی فەڕەنسیی بە سەرسووڕمانەوە لەبارەی ئەم هەڵوێستەی سەرانی بەرەی کوردستانییەوە دەنووسێت "لە رەوشێکدا کە بەشێوەیەکی خێرا رای گشتیی دنیا لە زەمینەی پشتیوانیی و یارمەتی بەسوودی کوردەکان بەرەو فراوانبوون دەچوو، ئەوان ئەم کاتەیان بۆ دانوستانی نوێ لەگەڵ سەدام حسێن هەڵبژارد، لەگەڵ ئەمەشدا، حکومەتەکانی رۆژئاوا لە ژێر فشاری رای گشتیی بۆ یەکەمین جار چەند بڕیارێکیان بە مەبەستی پاراستنی کوردەکان پەسەندکرد، بۆ ئەم کارەش هەزاران سەربازی کارامەیان بۆ وەڵامدانەوەی پێشێلکاریی هێزی هەوایی عێراق ئامادە کرد کە رێگایان نەدەدا هیچ گومانێک لە بەرامبەر پاراستنی هەوایی ناوچەکانی کوردستان پەیدا بێت. رابەرانی کورد لە هەلومەرجێکی سەرسامدا دەستیانکرد بە گفتوگۆ، لە کاتێکدا هەزاران کورد لە سەرما و بەفردا گیانیان سپارد، جەلال تاڵەبانی و سێ کەسی دیکە لە رابەرانی کورد لە تەلەفزیۆن بینران و سەدامیان لە ئامێز گرت و ماچیان کرد، (ئەمە گوناهێکی گەورەیە، هەنگاوێکە بۆ خۆکوژیی)، ئەم وتەیە لەلایەن نوێنەرێکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە پاریس بەیانکرا".

بەم جۆرە سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردیی لەو هەلومەرجە نوێیە نەیتوانی کەڵکێکی ئەوتۆ وەربگرێت، بەڵکو دیسان رێگە تەقلیدییەکانی خۆی گرتەوە بەر کە بریتیبوو لە یاریی هەمیشە کورد تیا دۆڕاوی دانوستان دەگەڵ بەغداد. تەنانەت سەرکردەکانی کورد بێ گوێدانە ئەو هاوسۆزیی و هاوپشتیوانییە جیهانییەی لەو وەختەدا لە کورد دەکرا و داوای گرەنتی

زیاتر دەکرا بۆ پاراستنی مافی هاوولاتیانی کورد، پشتیان کردە واقیع، روویان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی وەرگێڕا و قیبلەنمای خۆیان ئاراستەی بەغدادی پایتەختی وردوخاشکردنی خەونی کورد و پلانە جەهەنەمییەکانی لەناوبردن و گەلکوژیی کورد کردەوە. تەنانەت "نەوشیروان مستەفا" ساڵی رابردوو لەرێی ئەو زنجیرە وتارەی لەرۆژنامەی "رۆژنامە" بڵاویکردەوە لەمەڕ مفەوەزاتی ساڵی ١٩٩١، باس لەوە دەکات وەختێک بە مام جەلال وترا، پێویستە لەگەڵ سەدام وریابین و پێویستمان بە گرەنتی نێونەتەوایەتی هەیە، ئەو لە وەڵامدا وتوویەتی "ئێمە گرەنتی نێودەوڵەتیمان ناوێت، سەدام خۆی گرەنتییە". ئەگەر لەم وتەزایە کەمێک وردبینەوە و لیکۆڵینەوەیەکی تاقیگەیی بۆ بکەین، دیسان راستیی ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە کوردییە فیدراڵیخوازەمان بۆ دەردەکەوێ هەمیشە چاوی لە بەغداد بووە و لەبری بنیاتنانەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ و هەنگاوی دەوڵەت، خەونی بە برابەشیی و بەشدارییکردنی حکومەتەوە بینیوە لە بەغداد، هەر ئەم فاکتە ساکارە نیشانمان دەدات بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی فیدراڵیخواز هەمیشە هەموو هەلەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی دەکاتە قوربانیی گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد، تەنانەت دەوڵەتی کوردستان ناگۆڕێتەوە بەو بڕە مافە کرچ و کاڵەی بەغداد بە منەتەوە پێیدەدات.

جەلال تاڵەبانی و کۆی سەرانی بەرەی کوردستانی چەندان ئەزموونی تریان لە بواری دانوستان لەگەڵ سەدام و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەبوو، سەرئەنجامی هەموو مفەوەزاتەکانیان بینیبوو، کە جگە لە هەڵگیرساندنەوەی خولێکی تری جەنگ و شەڕی نابەرابەر شتێکی تر نەبووە. تەنانەت دوای چوونی مام جەلال و شاندەکەی هاوڕێی، لە لێدوانێکیدا، مام جەلال دووپاتی دەکاتەوە بڕوای بە مفەوەزات و گرتنەبەری رێگەی بەغدا نەبووە، بەڵام ترسی لە دروستبوونی ئەرمینیایەکی تر لە تاراوگە وەهای لە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی کرد، بگەنە بڕیاری دانوستان، ئەو دەڵێت "من دژی گفتوگۆکردن بووم، بەڵام ئێمە ناتوانین تەنیا وەکوو پارتێکی سیاسیی کار بکەین، ئێمە سێ ملیۆن ئاوارەمان هەیە کە دەبێت بیر لە چارەنووسیان بکەینەوە، ئێمە دەمانەوێت ئاوارەکان بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و ماڵەکانیان دروستبکەنەوە". لە باری واقیعیشەوە مفەوەزات نەیتوانی هیچ بۆ کورد بەدەستبهێنێت جگە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شار و شارۆچکەکان، بەڵام لە روویەکی ترەوە زیانێکی گەورەی لە دۆزی کورد دا و گەورەیی و شکۆی کۆڕەوی کەم کردەوە، هەرئەمە وایکرد هاوسۆزیی هاوولاتیانی دنیا کەم بێتەوە و بەم هۆیەشەوە حکومەتەکانی رۆژئاوا رزگاریان بوو لە فشاری ئەو رای گشتییەی لەسەریان بوو بۆ هاریکاریی و پاڵپشتیکردنی مرۆیی و سیاسیی گەلی کورد.

کارەساتەکە ئەوە بوو شاندی کوردیی لە بەغداد هیچ شتێکی سەوز نەکرد و وەک هەموو جارەکانی تر بەدەستی بە تاڵ گەڕانەوە، بەڵکو بۆ خولێکی تر سەدام حسێن و رژێمەکەی وەها لێبکەن هەندێک ماف بۆ کورد بەرەوا ببینن و دانی پێدابنێن. هەروەکوو "نادر ئینتیسار" نووسیوێتی "وەفدی کورد بۆ گفتوگۆکردن بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی هیچ رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئیمزا نەکرد، بەڵام خولێکی دیکەی گفتوگۆی عێراق و کورد لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩١دا

دەستپێیکردەوە". کەوابوو دانوستانی ساڵی ١٩٩١ نەک هەر هیچی بە کورد و خەباتە نەپساوەکەی لە پێناوی سەربەخۆییدا نەبەخشی، بەڵکو بووە یەکێک لە گرنگترین فاکتۆرەکانی نابووتکردنی کۆڕەو و کەمکردنەوەی رادەی هاوکاریی و پاڵپشتیی جیهانیی بۆ کورد. چوونکە کورد لە رێی مفەوازەتەوە پەیامی ئەوەی بە جیهان گەیاند: پێویستیی بە هاوکاریی کەس نییە و دەتوانێت لە رێی مێزی گفتوگۆوە قەناعەت بە حکومەتی بەغداد بهێنێت و دۆزی نەتەوایەتی خۆی لەگەڵ ئەو بگەیەنێتە خاڵی چارەسەرکردن. لە کاتێکدا ئەم هەوڵانە، کەوتبوونە دوای رووداوەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و قەلاچۆکردنی کورد و خاپوورکردنی گوند و ئاوایییەکانی کوردستان، کەوتبوونە دوای هەموو ئەو نەهامەتییانەی کورد کە لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەسەریدا هێنرابوو.

لەگەڵ ئەوەدا هێشتاش سەرکردەکانی کورد لە بری بەکارهێنانی کارتی کۆچڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کوردستان بۆ دروستکردنی دەوڵەت، کەچی بە پێچەوانەوە کردیانە هۆ و بەهانەیەک بۆ رووکردنەوە بەغداد و درێژەدان بە مانەوەی خاکی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی بەزۆر داسەپاوی عێراقدا. هەروەک "م.شێرزاد حەسەن" لە وتارێکیدا دەنووسێت "لەوەتەی هەین پەیوەندیی نێوان کورد لەگەڵ عەرەب و فارس و تورک، پەیوەندییەک بووە کە سنوورەکانی نێوانمان سنووری مەرگ و خوێن بووە، گەورەترین درۆ ئەوە بووە ئێمە لەگەڵ ئەواندا براین، برایەتیی بڕیارێک نییە لەناو ئەو مێژووە درۆزنەدا بوونی هەبووبێ، مێژوویەک کە جگە لە زمانی شمشێر و بارووت هیچی دیکەی نەزانیوە. مێژوویەک کە حوکمێکی کەڵەگایی بەوان بەخشیوە و بۆتە حوکمێکی پیرۆز و خواهانە، ئەوانە هەمیشە رۆڵی ئاغا و بەگلەر و ئێمەش رۆڵی مسکێن و پاڵە و سەپانیمان بینیوە، ئەوان سەردار و ئێمە کۆیلە، ئەوان دەسەڵاتدار و ئێمەش ژێردەستە، ئەوان پتر لە هەزار ساڵە بە کولتوورێکی خوێناویی خۆیانەوە سواری کولتووری ئێمە بوون و چییمان هەبوو لێیان سەندین، بە زەبری شمشێر و باج و خەراج مێژوویەکی زۆڵی خۆیان کرد بە مێژووی زاڵ بەسەر ئێمەدا".

بە کورتی لەوەتی سەدەی بیستەم هاتووە و کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا دابەشکراوە، کورد هەر گیرۆدەی ستەمی میللی و نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو لەهەمان کاتدا گیرۆدەی ئەو ئاوەزە سیاسییە کورتبین و ناواقیعییەش بووە، هەموو کات بە زمانێکی نەرمونیانەوە دروشمی برایەتی درۆزنانەی نەتەوەی چەوساوە و ژێردەستی کوردی لەگەڵ نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتداری داگیرکەری کوردستان هەڵکردووە، ئاخر برایەتیی لە درۆیەکی شاخدار بەولاوە چیترە، ئەگەر خۆمان بەبرای ئەوانە بزانین ئەنفالیان کردووین و بستێکی خاکی عێراق نەماوە جەستەی مرۆڤێکی ئێمەیان تێدا نەشاردبێتەوە؟. هەر کاتێک جوولەکەکان خۆیان بە برای نازیست و ئەڵمانە توندڕەوەکان زانی، هەر کاتێک ئەرمەنەکان بوونە برای گیانی بە گیانی عوسمانلی و تورکەکان، هەر کاتێک فەلەستینییەکان بوونە بە برای یەهوودییەکانی ئۆرشەلیم، ئەوکات کوردیش دەتوانێ و مافی خۆیەتی دروشمی برایەتی لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکان هەڵبکات و گوێی دنیای پێ کەڕ بکات.

ئـاخر هەر ئەم کولتـووری خـۆ بە کەمـزانین و خـۆ بچـووککردنەوەیە بـووە، ئـێمەی وەهـا لێکـردووە هەر بە داگیرکراویـی و سـتەملێکراویی بمێنیـنەوە. نـابووتکردنی کـۆڕەو بە ئەنجامـدانی مـفەوەزات یەکـێکە لەو دەیـان هەڵە و هەنگـاوە سیاسـییە کوێرانەیەی هەمیشە هەلە زێڕینەکانی لە کیس کورد داوە. بەڵام ئیتر سیاسەت وایە بچووکترین هەڵە گەورەتـرین هەڵـدێری لە پشتەوەیە، بچووکترین زرنگیی گەورەترین سەرکەوتنی بەدەمەوەیە، وەلێ بەداخەوە کورد بە چەشنی پەنـدێکی پێشینانی لێ بەسەرهاتووە کەدەڵێت "لە شوێنێک عەرد هەیە و ئاو نییە، لە شوێنێکی دیکە ئاو هەیە و عەرد نییە". مێـژووی ئێمەش هەروا بووە یان ئەوەتا سەرکردەی زرنگ و نەتەوەییمان هەبووە و واقیع و دنیـا لە دژی بـوون، یـان دنیـا لەگەڵمـان بـووە و واقیـع شانسـی پێـداوین، سـەرکردەی باشمان نەبـووە، سـەرکردەیەک وەک گانـدی بێـت یـان هـیچ نەبێـت بیسـمارک بخـاتەوە بیرمان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نـابووتکردنی کـۆچڕەوی میلـۆنیی کورد لە بەهـاری 1991، ئەگەر تـاوانێکیش نەبێت بـۆ سەرانی بەرەی کوردستانی، ئەوە بە ئاسانیی دەتوانین بڵێت گەورەتـرین هەڵەی مێژوویـی بـوو بە درێژایـی تەمەنـی خەبـاتی گەلی کوردستان لە سەراپای سەدەی بیستەمدا.

تێبینی: ئەم وتـارە لە ژمارە "٦١٩"ی رۆژنامەی "کوردستان راپۆرت" لە رۆژی ١٩ - ٤ - ٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١

## ٢٨ ساڵ بەسەر كۆڕەوی جەماوەری باشووری كوردستاندا تێدەپەڕێت



**خێلآن بەختیار**

ئەمڕۆ ٢٨ ساڵ بەسەر كۆڕەوە ملیۆنییەكەی گەلی كوردستانی باشوور تێدەپەڕێت، كە بەو هۆیەشەوە سەدان رووداوی دڵ تەزێنی وەک شەهید کردنی هاووڵاتیان لە لایەن سەربازانی بەعسەوە شەهید كران و چەندین كارەساتی دیكەی دڵ تەزێن، كە بەو هۆیەوە بەسەر گەلی كورددا هات.

٢٨ ساڵ پێش ئێستا لە ٣١ی ٣ی ١٩٩١، ١٠ رۆژ دوای ڕاپەڕینە مەزنەكەی باشووری كوردستان و هێزەكانی پێشمەرگەی بەرەی كوردستانی، وە تواندرا زۆبەری خاكی باشووری كوردستان لە دەست هێزەكانی سەر بە ڕژێمی بەعسی عێراق ئازاد بكرێت، دواتریش رژێمی بەعس هێرشێكی فراوانی زەمینی و ئاسمانیی كردە سەر كوردستان، لە ئەنجامیشدا كۆڕەوە ملیۆنییەكەی لێكەوتەوە.

دەسەڵاتی ئەوكاتی عێراق بە سەرۆكایەتی سەدام حسێنی دیكتاتۆری لە سێدارەدراو، بە هەزاران تانك و زرێپۆش و فرۆكە و هەلیكۆپتەری سەربازی، هێرشێكی زەمینی و ئاسمانی فراوانی كردە سەر شارەكانی كوردستان، لە بەرانبەریشدا، ملیۆنەها



سەرچاوە Serchawe

خەڵک لە کوردستانەوە، وەک نیشاندانی ناڕەزایی بەرانبەر بە ژێردەستەیی بەعس، ماڵ و شارەکانی خۆیان بەجێهێشت و ڕوویان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان کرد، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانیش لەو ڕۆژەدا بە دەستی سەربازانی بەعس شەهید کران.

هەروەها خەڵکێکی زۆریش، بە تایبەت ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە، بوونە قوربانی، هەربۆیەشە ئەو ڕووداوە، بە یەکێ لە ڕووداوە هەژێنەرەکانی ئەو قۆناغەی باشووری کوردستان ناسێندراوە، هاوکات خاوەنڕایانیش پێیان وایە، کە کۆڕەوی خەڵکی باشوور گەورەترین ناڕەزایی و یاخیبوونی مەدەنییە، کە بەرانبەر بە داگیرکەر ئەنجام درابێت.

سەرچاوە: ماڵپەری پارتی دێموکرات - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# کۆڕەوی کوردان و نەبوونی پرۆژەیەکی نیشتیمانی



د.سامان جلال

کۆڕەوی کوردان، لەساڵی ١٩٩١ دوای راپەرین و ئازادبوونی شارەکانی باشوری کوردستان، کارەساتێکی کەم وێنە بوو. ژمارەیەک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، بوونە رووداني کۆڕەوی کورد. هەستکردنی هاوپەیمانان، بەزاڵبوونی هەیمەنەی ئێران، لەباشورو خوارووی عیراق، لەهۆکارە دیارەکانی راگرتنی شەڕی هاوپەیمانان لەگەڵ رژێمی ئەو کاتەی عیراق بوو، کە رێگای بەو رژێمەدا، بتوانێت لەکپکردنی گیانی راپەرین، کۆپتەر بەکاربهێنێت. بەڵام هەڵەی هاوپەیمانان، لەخوێندنەوەی رژێمی ئەو کاتەی عیراق ئەوە بووە کەهەرگیز وێنا نەدەکرا، فشارو پەلامارەکانی ببێتە کارەساتێکی گەورەی مرۆڤایەتی، تا لەدواجاردا هەر خۆیان هاتنەدەنگ و بڕیاری ٦٨٨ یان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دەرکرد.

بێگومان دەنگدانەوەو کاردانەوەو قەبارەی کۆڕەوی کوردان، لەرێگەی میدیا نێودەوڵەتییەکانەوە، بووە جێگای بایەخ و سەرنجی دونیای بەلای کوردا راکێشا، بەڵام وەک خاڵێکی بەزەیی نەوەک وەک خاڵێکی بابەتیانە. تاوەکو چیتر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لەوە زیاتر عەیبدارو شەرمەزارتر نەبێت، بۆیە بەهەر جۆرو شێوەیەک بووبێت، هاتنە دەنگ، کە بۆ ئەو کاتەی کوردان، تا ئێستا جێگای بایەخە.

میدیاو رۆژنامەنووسانی دونیا روویان لەو ناوچەیەکردو کەرەستەی باشی میدیاییان دەست دەکەوت و راویان دەکرد. کورد، خاوەن میدیایەکی ئەوتۆ نەبووە، لەوکاتەدا بتوانێت، رای گشتی نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا کێش بکات، بەڵکو ئەوە میدیای

جیهانی بوو توانی ئەو ڕۆڵە ئەرێنیە ببینێت.

لەئاستی ناوخۆدا، هێندەی تاک کاری لەسەر کۆڕەو کردوە، کەمتر لەسەرئاستی نیشتیمانی و لەئاستی بالآدا، کار بۆ بڕەودان و سود وەرگرتن لەدەرئەنجامەکانی کۆڕەو کراوە.

کۆڕەوێک، تیایدا منالٚ لەئامێزی دایکیدا چەند ڕۆژێک بەمردوویی بمێنێتەوە، کۆڕەوێک باوک منالٚ بەجێ بهێلێت، کۆڕەوێک سەدان کەس لەبرسا بمرن و سەدان منالٚ لەسەرما و لەبێ شیرو خواردندا گیان لەدەست بدەن، کۆڕەوێک دەیان منالٚ لەنێوبەفردا لەدایک بێت،هەزاران کەس لەیەکتر وون بکات کەهەندێکیان تائێستا یەکتریان نەدۆزیبێتەوە. کۆڕەوێک لەئاسمانی ژیاندا، تروسکایەک بەدی نەکەن و لەئاسۆدا تەنها نەهەماتی ببینن، ئاخۆ سەرمایەو دەرئەنجامەکانی ئەو کارەساتە گەورەیە دەبێت چی بێت.

کۆڕەو بەشێکی گەورە لەمێژووی کورد پێک دەهێنێت، پاساوی گەورەی ئازادی ژیان و کەیانی سەربەخۆ و وەک مرۆڤ ژیانمان بووە، بەلآم ئەوەی هەست دەکرێت، وورده وورده کۆڕەو لەزەینی دونیا و لەهزری نەوەی نوێ، کۆڕەو کارەساتەکانی تری مێژووی خوێناوی کورد، بیردەچێتەوە.

بێگومان ئەگەر کۆڕەو تەواوی کارەساتەکان، لەمێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو چیرۆکی درێژخایەن و پڕ لەمەرگەساتی کورد، نەکرێتە ستراتیژوو، لەکارنامەی حکومڕانیدا نەبێت و نەچێتە نێو پەروەردەو لەبواری رۆشنبیری و هونەردا. لەبواری سیاسی و دبلۆماسیدا، لەبواری میدیا نێودەوڵەتی و پەیوەندییە سیاسییەکاندا، بەکارنەهێت، بەدڵنیایی نەوەک لەزەینی دونیا، وورده وورده لای ئێمە و نەوەی تازە بەیەکجاری دەسڕێتەوە.

کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ی کوردان لەباشوری کوردستان، بەدووەمین گەورەترین، کۆڕەو لەدونیادا لەرووی ژمارەوە ئەژماردەکرێت. دوای کۆڕەوی ئەفغانییەکان لەساڵی ١٩٨٠، ٢,٦ ملیۆن بەلآم لە١٠%ی ولآتەکەیان بوو، ئەم چەند ساڵەی دوایی نەبێت، کۆچڕەو لەسوریاوە لە ١٢%ی دانیشتوانی ئەو ولآتەی پێکهێنا. بەلآم رەوی بەکۆمەڵی کوردان، کەنزیکەی دووملیۆن لەخەڵک، ماڵ و شوێنی خۆیان بەناچاری جێهێشت بەرەو چیاکان و ولآتانی دەرواسێ، کەدەکاتە نزیکەی دانیشتوانی نیوەی هەرێمی کوردستان. کەوا شێوازی کۆڕەوی کوردان، لەنێو ترس و شەڕو هەلآتن و برسی بوون و ئازارو بێلانەبوون و پەراگەندەیی، رەنگە لەتەواوی دونیا جیاوازتر بێت.

ئەگەر دوای کارەساتی کۆڕەو تائێستا بەردەوام کاری لەسەربکرابووایە، هەرگیز بەهەڵکردنی ئالآی کوردستان، هیچ کەس و

نەتەوەو کەمە نەتەوەیەتییەک تووشی هەڵچوون نەدەبوون. ئەگەر بەدرێژایی مێژوو، کۆڕەو لەهەناوی تاکی کورد بچەسپێندرایە، هەرگیز هێزو ووزەی ئینتمابوون بۆ نیشتیمان، بەدەردی ئێستا نەدەچوو، ئەگەر پێچەوانەی دەرئەنجام و سەرمایەکانی کۆڕەو رەفتارمان نەکردبایە، ئێستا کۆڕەو نەوەک هەر لای ئێمە بەڵکو لای هەموو دونیا دەبوو هاوشێوەی رۆژی جیهانی هۆلیکۆست (سوتاندنی جوەکان لەلایەن نازییەکانەوە لەشەری جیهانی دووەمدا) دەبوو کۆڕەویش ببێت بەرۆژی جیهانی.

هاوشێوەی هیرۆشیما و ناگازاکی ژاپۆن کە لە ٦، ٩ی ئابی ١٩٤٥ لەلایەن ئەمەریکا بەبۆمبی ئەتۆمی هێرشیان کرایەسەرو ١٤٠،٠٠٠ سەدوچڵ هەزار کەس گیانیان لەدەستدا، بەردەوامبوونی ژاپۆن، لەدوو رووداوی گەورەو هاوشێوەدا، لەدواجاردا دوای حەفتا ساڵ، ئەمەریکاو ئۆبامای ناچارکرد، بچێتە ژاپۆن و تاجە گوڵێنە لەسەر مۆنۆمێنتی هیرۆشیما دابنێت.

بۆیە دەکرێت هەموو کارەساتەکانی کۆڕەو هەڵەبجەو ئەنفال، بخرێنە کارنامەی نیشتیمان، تا هەر تەنها یادێکی ئاسایی نەبن، بەڵکو پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژی و نیشتیمانی دوورمەودابن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوی - رێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵی فەرەنسا لە ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین و پاراستنی گەلی کوردستان



ڕێکار عەزیز

لە کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١، فەرەنسا پێگەی بەهێزی خۆی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بە بڕیارێک هێرشی سوپای ئەو کاتەی عێراق بۆ سەر باشووری کوردستان بوەستێنێت و ئەنجامەکەیشی دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنەکە بوو لە ٥ی نیسانی ١٩٩١دا.

درێژەدانی سوپای بەعس بە هێرشەکانی بۆ سەر گەلی کوردستان وایکرد، فەرەنسا و دوو هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکەی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، واتە بەریتانیا و ئەمریکا بڕیاربدەن ناوچەی دژەفڕین بەسەر هەرێمی کوردستاندا ڕابگەیێنن.

فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "فەرەنسا یەکێکە لە زلهێزەکان و ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشە، فەرەنسا لە نزیکەوە دۆستی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی خەڵکی ئێمەیە.. لە ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا دەستپێشخەرییان هەبوو لە بڕیاری ٦٨٨ کە میللەتی ئێمەی پاراست دژ بە هێرشەکەی سەدام. لە ٢٠١٠ یەکەم چاوپێکەوتنی سەرۆک بارزانی بوو لەگەڵ یەکەم سەرۆکی فەرەنسا لە پاریس.. جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەکو سەرۆکی حکومەتیش چەندینجار سەردانی فەرەنسای کردووە. فەرەنسا بایەخێکی ئێجگار زۆر بە سەلامەتیی

هەرێمی کوردستان دەدات."

**حکومەتی عێراق بە توندی دژی هەنگاوەکە وەستا و بە بەزاندنی سەروەریی وڵات ناویبرد.**

بڕیاری ٦٨٨ چەترێکی دابینکەری ئاسایش و سەقامگیری بوو و سەدان هەزار هاونیشتیمانی لەژێریدا حەسانەوە؛ پاراستنی کورد لە هەڕەشەی دەستی سەدام تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو و لەو ساڵەیشدا ئەمریکا و بەریتانیا و چەند هاوپەیمانێکیان کۆتاییان بە دەسەڵاتی بەعس هێنا.

**بڕیارەکە لە چەند بڕگەیەک پێکهاتبوو کە بەندە سەرەکییەکانی بڕیاری ٦٨٨ ئەمانە بوون:**

- پێویستە نەتەوەیەکگرتووەکان یارمەتی مرۆیی بگەیێنێتە دەستی عێراقییەکان، بەتایبەتی کورد.

- دەبێت نەتەوەیەکگرتووەکان هەموو ئامرازەکانی بەردەستی بەکاربهێنێت بۆئەوەی خێرا پێداویستی بۆ ئاوارە و پەنابەرەکان دابینبکات.

- ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێگە نەدات سەرکوتکردنی خەڵک لە عێراق بەردەوام بێت.

جۆن مەیجەر، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری بەریتانیا لەبارەی دابینکردنی ناوچەی دژەفڕین دەڵێت: "ئەوەی ئێمە لێی دەترساین مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی مرۆیی بوو وەکو ئەوەی لە ١٩٩١ بینیمان کە وایکرد بەریتانیا هەوڵ بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەی ئارام بدات. ئەو ناوچە ئارامە بۆ ئەوە ڕاگەیێندرا ژیانی کورد بپارێزرێت. باوەڕی تەواومان هەیە کە نابێت لە عێراق بارودۆخی لەو جۆرە ڕووبداتەوە."

کورد سوودی لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەرگرت؛ پەرلەمان و حکومەتی تایبەت بە خۆی دامەزراند و قۆناخی خۆبەڕێوەبردن و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانی دەیان ساڵ وێرانکراوی دەستپێکرد.

دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا هەرێمی کوردستانی کردە قەوارەیەکی یاسایی دانپێدانراو لە چوارچێوەی عێراقدا و دوای ئەوەش پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و پاریس تۆکمەتر بوون. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ دا فەرەنسا کۆنسوڵخانەی خۆی لە هەولێر کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

دوای دوو ساڵ و لە حوزەیرانی ٢٠١٠ سەرۆک بارزانی بانگهێشتی پاریس کرا، لەگەڵ نیکۆلا سارکۆزی، سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا کۆبووەوە.

فەرەنسا لە شەڕی دژی داعشدا هاوکاریی بەرچاوی پێشکەشی پێشمەرگە کرد، لە ئەیلوولی ٢٠١٤دا و کاتێک هەڕەشەی داعش لەسەر باشووری کوردستان زۆر بوو، فرانسوا ئۆلاند وەک یەکەمین سەرۆک وڵات هاتە هەولێر و پاڵپشتیی پاریسی بۆ کورد دووپاتکردەوە.

دوای گشتپرسی تایبەت بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە ئەیلوولی ٢٠١٧دا و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و سیاسی بەسەر هەرێمی کوردستاندا، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکە گەنجەکەی فەرەنسا لە کۆشکی ئێلیزێ پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان کرد و دووپاتیکردەوە، دەبێت دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا دەستپێبکات و مافەکانی کوردیش پارێزراو بن.

لە تەمووزی ٢٠١٩ دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی ئێلیزێ و لە لایەن ئیمانوێل ماکرۆنەوە پێشوازی لێکرا و هەردوو سەرۆک جەختیان لە پەرەدان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کردەوە.

لە ٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٠یشدا ئیمانوێل ماکرۆن سەردانی عێراقی کرد و لە بەغدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆبووەوە.

دوێنێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکی فەرەنسا گەیشتە پاریس، بڕیارە ئەمڕۆ کاژێر ١٤:٠٠ لە کۆشکی ئێلیزێ کۆببنەوە، پاشان کاژێر 03:40 خولەک کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی دەکەن. میکانیزمی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و پاریس سەرەکیترینی ئەو بابەتانە دەبێت ئەمڕۆ لە کۆشکی ئێلیزێ باسیان لێوەدەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١، تراجیدیایەکی دیکەی سەدەی بیست بوو لە کوردستانی عێراق ...



**ئاراس ڕشید...**

بەدوای هێرشی ڕژێمی بەعس ٢ی ئابی ١٩٩٠ بۆسەر وڵاتی کوەیت، و داگیرکردنی ئەو وڵاتە و لێکەوتنەوەی قەیرانی کەنداو جەنگی کەنداوی دووەم لە نێوان عێراق و هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. ئەنجامی ئەو جەنگە کەلە ١٦ی کانوونی دووەم- ٢٧ی شوباتی ١٩٩١ی خایاند و بوو بەهۆی دەرکردن و تێکشکان و کشانەوەی سوپای عێراق لە وڵاتی کوەیت.

ئەم جەنگە بووە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی بەعس و سوپاکەی، لەهەمان کاتدا بەپشتیوانی هاوپەیمانان هەلومەرجێک بۆ جەماوەری ناڕازی و تووڕەی عێراق بەگشتی لەدژی بەعس لەشارەکانی باشوور خۆپیشاندان و ئازادکردنی شاروشارۆچکەکان دەستپێکرد. پریشکی ئەو خرۆشان و ڕاپەڕینە خێرا گەیشتە کوردستان. لە ٥ی ئازار خرۆشان و ڕاپەڕینی جەماوەری ستەمدیدە و تووڕەی کوردستان لە ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام بەئازادکردنی شاری ڕانیە دەستپێکرد. ڕۆژانی دوایی شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان یەکبەدوای یەک ئازادکران تاوەکو ٢١ی ئازار زۆربەی شاری کەرکوکیش کەوتەبەردەستی جەماوەر.

بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسی و تەرازووی هێز و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی هاوپەیمان و ناوچەکە، چرای سەوز بۆ



سەرچاوە Serchawe

سوپا و هێزە شکستخواردووەکەی بەعس هەڵکرا، و یەکبەدوای یەک شارەکانی باشوور و کەرکوک و بەدواییدا هەولێر و سلێمانی شارەکانی دیکەی بەدوادا هات و گەرانەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس.
بەرئەنجامی گەڕانەوەی بەعس و بەرگری نەکردنی هێزەکانی بەرەی کوردستانی کە پارتی و یەکێتی هێزی سەرەکی بوون تێیدا. ئەو هێزانە نەک بەرگریان لە خەڵک نەکرد و نەیانتوانی خەڵک لە هێرشی سوپای عێراق بپارێزن، بەڵکو لەیەکەم هەستپێکردنیان بە گەڕانەوەی هێزەکانی بەعس خێرا خێزان و کەسوکاری نزیک خۆیان گەیاندە سنورەکان و شوێنی پارێزراو، و خەڵکیشیان خستە بەردەم گورگی هاری بەعس.

بەمجۆرە کۆڕەو یەکێکی دیکەبوو لە تراجیدیای سەدەی بیست خەڵکی کودستان بەرەورووی بوونەوە. خەڵکی کوردستان بە نێر و مێ و بەمندالّ و پیریەوە، بەزۆرینەی دەنگی خێرا گوتیان نا بۆ گەڕانەوی ڕژێمی بەعس، بەڵێ بۆ نادیاری و ناچار ڕوویان کردە دەشت و شاخ و چۆڵ و بەردەڵانی کوردستان تا سنوورەکانی ئێرانی و تورکیا ڕەویانکرد، و ئاسمانیان کردە پێخەفی شەوان و زەوی بەڕایەخی ژێریان و ژیان و گیانیان خستە دەست قەدەرێکی نادیار و کارەساتێکی ئینسانی لکایەوە بەڕووی ڕژێمی سەرمایەداری دنیا.

کۆڕەوی بەهاری ۱۹۹۱ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جارێکی تر ڕاچڵەکاند و لەسەر پێشنیاری وڵاتانی فەرەنسا و ئێران و تورکیا، ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٦٨٨یان لە ٥ی نیسان دەرکرد، کە ڕێگە بدرێت ڕێکخراوە خێرخواز و ئینساندۆستەکانی دنیا بەهانای خەڵکی ئاوارەبووی سەر سنوور و ئەو کێو و دەشتەی کوردستانەوە بچن. پاشانیش هاوپەیمانان ناوچەی دژە فڕینی هێڵی ٣٦یان دروستکرد، و کوردستانیان کرد بەناوچەیەکی ئارامی دژە فڕین. هەرچەندە ئەم بەندە لە بڕیارەکەی ٦٨٨دا نەهاتبوو، بەڵام سەپێندرا.

ئەو تراجیدیایە بەجۆرێک مەزن و کەم وێنەبوو، دەبوایە دەسەڵاتدارانی ئەو کات و ئێستای کوردستان بەتایبەت، و خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبیریان نەچێتەوە و هۆکار و ئاکامە کارەساتبارەکانی ببن بەدەرس و تەجروبەیەک کە ڕێگر بێت لە دووبارە بوونەوەی. بەڵام نەک نەبوو بەدەرس و تەجروبە! بەڵکو بەشێوازی جۆراوجۆر لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی و گەڕانەوەی بەعس بۆ هاوسەنگکردنی هێزی نێوان یەکێتی و پارتی خەڵک ئاوارە بوونەوە. هەروەها ئاوارەبوونی پتر لە ١٠٠٠هەزار خەڵکی شەنگال لەئەنجامی هێرشی داعش و بەرگری نەکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ٢٠١٤. بۆ جارێکی دیکە لە ئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەلایەک و حکومەتی ناوەند لە بەغدا لەلایەکی دیکە، ئاوارەبوونی خەڵکی کەرکوک و دووز و ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ڕوویدایەوە.

# کۆڕەو و ئاوارەبوون برینێکە هەر جارە و لە شوێنێک سەرهەڵدەداتەوە



**ڕۆژنیوز – دڵشاد خۆشناو**

ڕۆژی ٣١ی ئازاری هەموو ساڵێک، یادی کۆڕەوە مەزن و ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١-ە، کە لەم ڕۆژەدا زیاتر لە ملیۆنێک کەس لە شارەکانی باشوری کوردستان بەرەو ناوچە سنوورییەکان و باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆیشتن و ماوەیەک لەوێ جێگیر بوون تا دانووستانی بەرەی کوردستان و حکومەتی بەعس دەستپێیکرد و دواتر گەڕانەوە.

کۆڕەو و ئاوارەبوون بۆ کورد تازە نییە، بەتایبەتی لە باشوری کوردستان، لە زۆربەی کاتەکان کە ئاوارەبوون تێیدا ڕوویداوە، بە جۆرێک بووە کە لە کاتی سەرهەڵدان و خەباتدا گەل پشتیوانی هێزە سیاسییەکانیان کردووە و لە کاتی هێرشیشدا هێزە سیاسییەکان هەندێک جار بەرگرییان لە گەل نەکردووە و گەل بە ناچاریی تووشی ئاوارەبوون و کۆڕەو بوون، هەندێک جاریش لەگەڵ هەموو بەرگرییەکی هێزە سیاسییەکاندا گەل هەر ناچاری کۆچبەریی بووە.

## کۆڕەوی ١٩٧٤

زۆرێک لەو ئاوارەبوونانە لە وەرزی بەهاردا ڕوویانداوە، دوای ئەوەی لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥، ڕێککەوتنی ئەلجەزائیر لەنێوان عێراق و ئێراندا مۆرکرا، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥ لە کاتێکدا کە هێزی سیاسی کوردی لە باشوری کوردستان زیاتر لە ٦٠ هەزار پێشمەرگەی هەبوو، لەڕووی داراییشەوە لە دۆخێکی باشدا بوو، ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ بەغدا هەڵوەشایەوە و

بەبێ خیچ بەرگرییەک بەرەو ئێران بەڕێکەوتن و خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و لە چادرگەکانی ئێران نیشتەجێ کران.

لە چاوپێکەوتنێکدا د. مەحمود عوسمان، سیاسەتمەدار دەڵێت:"ئەو قسەیە هیچ ڕاست نییە کە ئێستاش زۆر کەس دەڵێن، بەرهەڵستی لە دژی دوژمن نەدەتواندرا بکرێت، ئەو کاتە ٢٢ ملیۆن دیناری عێراقی لە قاسەی سەرکردایەتی بوو، ١٧ ملیۆن فیشەک، ٦٠ هەزار پێشمەرگە و ٤٣ هەزار میلیشیا هەبوون، جگە لەمانە ڕووبەری ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی شۆڕشدا بوو ٤٠ هەزار کم دووجا بوو، کە بەراورد دەکرێت بە نزیکەی ڕووبەری هۆڵەندا و سویسرا پێکەوە" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریی لەو خاکە و لە گەلەکەی نەکرا و ئەو خەڵکەی ئاوارە بوون بە کۆمەڵ ڕەویان کرد.

## کۆڕەوی ١٩٩١

دوای ئەوەی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە باشوری کوردستان ڕاپەڕین کرا، ڕاماڵی شۆڕش و ڕاپەڕین گەیشتە شاری کەرکوک و لە ڕۆژی ١٩ی ئازاری ئەو ساڵە پێشمەرگە و خەڵک چوونە ناو کەرکوک و لە ڕۆژی ٢٠ و ٢١دا کەرکوک بە تەواوی لە هێزەکانی ڕژێمی بەعس پاککرایەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە ڕژێمی بەعس سوپا بەزیوەکەی لە شەڕی کوەیت کۆ بکاتەوە و هێرشێک بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان دەست پێبکاتەوە.

جارێکی دیکە سوپای عیراق بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستان، خۆی ڕێکخستەوە و لە ڕۆژانی ٢٨ی ئازار، هێرشی کردە سەر کەرکوک و لە ماوەی دوو ڕۆژدا تەواوی شاری کەرکوکی داگیر کرد، خەڵکی کەرکوک بەرەو ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی ئاوارە بوون و لە شارەدێی سەلاحەدین و شارۆچکەی شەقڵاوە نیشتەجێ بوون، دواتر لە ڕۆژی ٣١ی ئازار گەیشتە هەولێر و هێزەکانی پێشمەرگە و بەشێکی خەڵک لەناو شارەکان بڕیاری بەرگریکردنیان دا، لە ئەنجامیشدا ژمارەیەک خەڵک شەهید بوون، بەشێکیشیان بەهۆی بۆردومان هەلیکۆپتەرەکانی بەعس و تۆپبارانەکان شەهید بوون، لە ئەنجامدا و لە هەمان ڕۆژدا شاری هەولێر داگیر کرایەوە.

## وەستاندنی پێشڕەوییەکانی سوپای بەعس

بەم جۆرە سوپای عێراق لە ڕۆژی ٧ی نیسان، بەرەو پیرمام پێشڕەویی کرد، لەماوەیەکی کەمدا هەموو بەرزاییەکانی ئەوێشی داگیرکرد، بەڵام بێئەوەی لە پیرمام بنکە و بارەگای خۆی دابمەزرێنێت، لە پێشڕەوی بەردەوام بوو هێرشی کردە سەر کۆڕێ و بەرەو شەقڵاوەش بەڕێکەوت.

ژمارەیەک لەو پێشمەرگانەی، کە لە پیرمامەوە پاشەکشەیان کردبوو لە کۆڕێ ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەوە،

هەرچەندە ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە بە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراق زۆر کەم بوو، بەڵام دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی ٤ی ١٩٩١ شەڕی یەکەمی کۆڕێ دەستپێیکرد و بەو ژمارە کەمەی پێشمەرگە، توانییان سوپای عێراق تێکبشکێنن و ناچاری پاشەکشەیان کردن.

ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە ملیۆنێک کورد ئاوارەی سنوورەکانی ئێران و تورکیا ببن، کە بە کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ٩١ ناسراوە، ئەو کۆڕەوەی خەڵک لەو سەردەمە، بەهۆی ترسیان بوو لە دووپاتبوونەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال دەستپێیکرد و بە منداڵ و پیر و گەنجەوە بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ڕۆیشتن.

ئەو کۆڕەوە، کە ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاند، لە دۆخێکی نالەباردا زۆربەی خەڵک بە پێ بەرەو سنوورەکان بەڕێکەوتن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی هەموو عێراقی گرتبووەوە لە دەرەنجامی شەڕی کوێت و ڕاپەڕینی باکور و باشوری عێراق.

## کۆڕەوی ئێزیدییەکان

دیارە کە ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک لە دەرەنجامی شەڕە یەک لەدوای یەکەکان بەردەوامی هەبووە و دواتریش لە ئەنجامی شەڕی تردا بەهەمان شێوە خەڵکی دیکە ئاوارە بوون، دیارترینیان ئەو ئاوارەبوونانە بوون کە لە دەرەنجامی شەڕی ناوخۆ دروست بوون دوای هاتنی چەتەکانی داعش لە هاوینی ساڵی ٢١٤، کە هەڵیانکوتایە سەر چەندین شار و شارۆچکەی باشوری کوردستان.

لەو نێوەشدا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە هەڵیانکوتایە سەر بەشێکی ناوچە ئێزیدینشینەکانی کوردستان و لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر ئێزیدی ئاوارە بوون، لەوێشدا مێژووی هێزە کوردییەکان خۆی دووبارە کردەوە و جارێکی تر پاشەکشەیان لەو ناوچەیە کرد و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئێزیدی کۆمەڵکوژ کران و ئاوارە بوون، ئەویش هەر جۆرێک بوو لە کۆڕەو و وەکو برینێک ئەمجارەیان لە شەنگال سەریهەڵدایەوە.

## کۆڕەوی ١٦ی ئۆکتۆبەر

جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە کردەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، دیسان کۆڕەوێکی دەیان هەزار کەسیی لە کەرکوکەوە بەرەو شارەکانی دیکەی هەرێم دەستپێیکردەوە، ئەمجارەشیان هێزە کوردییەکان بەرگرییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ نەکرد و پاشەکشەیان دەستپێکرد، گەلیش ناچار بە کۆڕەو بوو و دەیان هەزار کەس ڕوویان کردە هەولێر و سلێمانی و ناوچەکانی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ٢٩ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## کۆڕەو خۆی کارەساتە و چەندین کارەساتی دیکە ڕوویانداوە تێیدا



### ژیان

کۆڕەو یەکێکی ترە لە پەڕە پڕ لە یادگارییە خەمناکەکانی ناو دەفتەری یادگاری گەلی کورد، هەر کەسێک لەو ڕۆژەدا هێندەی ڕۆمانێک ڕووداوی ئازاربەخش و جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە و بینیوە، گەلاوێژیش لە سییەمین ساڵیادی کۆڕەوەکەدا ڕووداوە ناخۆشەکانی ئەو ڕۆژانەی دێتەوە یاد.

### تەرزە تەها

سلێمانی- کۆڕەو برینێکی سەختە بە جەستەی تاکی کوردەوە، لەو ڕۆژەدا سی ملیۆن کورد ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوونەوە، سەدام حسێن سەرۆکی پێشووی ڕژێمی بەعس هێرشی بۆ سەر باشوری کوردستان دەستپێکرد.

گەلاوێژ عەبدولا، ژنێکی شاری سلێمانییە، لە کاتی کۆڕەودا لەگەڵ هاوژین و چوار منداڵەکەیدا لە شارەدێی باینجان (بەردەقارەمان)ەوە بەرەو پێنجوێن و وڵاتی ئێران ئاوارەبوون، بە درێژایی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بەڕێگاوە بوون، ئەو ژنە زەحمەت دیدەیە بۆ مایکی ژنها باسی لەو ڕۆژانە دەکرد.

گەلاوێژ کە بۆ ماوەی حەوت شەو و ڕۆژ بەردەوام بەڕێگاوەبوون، دەڵێت "هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە ناخۆشبوون، بەردەوام بەڕێگاوە بووین، ئەگەر شەو لاماندایە لە ڕێگا کاتژمێرێک یان دوو کاتژمێر پشوومان دەدا، دووبارە دەستمان بە

ڕۆشتن دەکردەوە".

گەلاوێژ بە ئاهێکەوە باسی ئەو ڕۆژە سەختانە دەکات، کە خەڵک هەمووی لەسەر ڕێگاکە کەوتبوون، هیچ نانێک نەبووە تا بیخۆن، ئەو هێلکە و نانەکەی پێشییان بووە تەنها بەشی دوو ڕۆژی کردووە، یەکێک لە منداڵەکانی کە تەمەنی کەمتر لە شەش مانگ بوو، بەهۆی سەرما و برسێتیەوە توشی سکچون و ڕشانەوە بووە، چاوەڕوانی ئەوەی نەکردووە کە منداڵەکەی لە ژیاندا بمێنێتەوە.

## لەو ڕۆژانەی کۆڕەو بووە باران بەلێزمە باریوە

لە کاتی ڕۆشتنیاندا باران بە لێزمە بەسەرییاندا بارییەوە، ڕیگاکان هەمووی قوڕ بووە، پێڵاوەکانی لەپێدا دڕاوە، بێ پێڵاو ڕێگای بڕیووە، تەنها کەمێک حەڵوای پێووە، بۆ کچە بچووکەکەی.

دوای دوو ڕۆژ ئیتر هیچ خوادنییان پێنەماوە، ئەو ژنە دەڵێت: "دوای دوو ڕۆژ هیچ خواردنمان پێنەما، مەکینەیەکی وەرگەڕاوی لێبوو، نیو فەردەیەک ئاردمان لەو مەکینەیە دەرهێنا، لەسەر تەنەکەیەک دەمانبرژاند، هەمووما لە برساندا لە پێ کەوتبووین، پێڵاوەکانم لەپێ دڕابوو، لە دۆڵە تووەوە تەنها گۆرەویم لە پێدابوو، باران و تاوە تەرزە خوڕ خوڕ بەسەرماندا دەبرین، جلەکانم لە ئاو هەڵکشابوون".

## "منداڵ و پیر بەجێدەمان"

گەلاوێژ باس لەو دیمەنانە دەکات کە لەو ڕۆژانەدا بینوویەتی، باس لە جێهێشتنی منداڵ و پیرەکان و کەوتنی ئەو هەموو لاشەیە لەسەر ڕێگاکە دەکات، دەڵێت "لاشە کەوتبوو، کەس بۆ لای کەس نەدەگەڕایەوە، هەمووی دەیویست خۆی ڕزگار بکات، ئەوانەی دەمردن لەسەر ڕێگاکە بەجێدەمان، یاخود هەر بە جلەکانییەوە دەیانکردنە چاڵێکەوە، بە چاوەکانی خۆم بینیم، لەسەر جادەکە لە دوای ناڵپارێزەوە ژنێک منداڵەکەی خۆی بەهۆی برسێتی و ماندوویەتییەوە بەجێهێشت، دەیوت چی تر ناتوانم منداڵ هەڵبگرم".

سەرچاوە: ماڵپەری ئاژانسی هەواڵی ژن - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢١

# ژنێکی تەنها لە ئازارەکانی کۆڕەوی ١٩٩١دا



**ڕێزان عەبدوڵا، ژنێکی ٥٠ ساڵە، باسی بەهێزی خۆی و ڕۆژە سەختەکانی ئاوارەیی لەگەڵ دوو منداڵدا دەکات دوور لە خێزانەکەی.**

**تەرزە تەها**

**سلێمانی-** ڕێزان عەبدوڵای ٥٠ ساڵ، کە لە کاتی کۆڕەوی باشوری کوردستاندا تەمەنی نزیکەی ٢٥ ساڵێک دەبێت، لە زاری خۆیەوە باس لە ڕۆژانی کۆڕەو و ئاوارەبوونی دەکات، باس لەو ڕۆژانە دەکات کە بە تەنها لەگەڵ دوو منداڵدا ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن، بێ جێگە و بێ لانە، بەم شێوەیە دەست دەکات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی:

لەگەڵ دوو برام و دوو خوشک و دوو برازای تەمەن سێ بۆ چوار ساڵ بووم لە کاتی ڕاکردنماندا، لە شارۆچکەی باینجان (بەردەقارەمان) بەرەو پێنجوێن دەڕۆشتین، باران بەخوڕ بەسەرماندا دەباری، یەکپارچە جلوبەرگەکەمان تەڕبوو، ئاو بە گیانماندا دەچۆڕایەوە، منداڵەکان لە سەرمادا هەڵدەلەرزین و دەگریان.

لە نزیکی چوارتا تۆپێک لە نزیکمانەوە هاوێژرا، بەهۆی شڵەژاوی ڕێگاکە بوو بە هۆسە لە خێزانەکەم وونبووین، بارانیش بەسەرماندا دەباری، لەو کاتەدا من و دوو برازاکەم لە خێزانەکەم دابڕاین، ڕۆژێکی کەس بە کەس بوو، هەمووی دوو کەس دوو کەس بوو، تەرا ببووین لە خێزانەکانمان، هەر لە چوارتا ئەو چارۆکەی ئانەی پێم بوو لێم برا، دواتر بوو بە



سەرچاوە Serchawe

هاتوهاوار، وتیان موجاهیدین هاتووە و دەتانکوژێت، پاسێک هات و ئێمەی برد تا گوندێکی نزیک پێنجوێن، منداڵەکانیش بەردەوام لە باوەشمدا دەگریان.

لە پێنجوێنەوە سەر پاسەکانی پاسدارانی ئێران کەوتم، بردیانین بۆ شاری بانە، لەوێ شەوێک لە مزگەوتێکدا ماینەوە، هەندێک نانی بێ خوێ و بەتانییان پێداین، هەموومان لە سەرمادا هەڵدەلەرزین منداڵەکان تەواو نەخۆش کەوتن، دوای ئەو شەوە بردیانین بۆ سەقز لە هۆڵێکدا نزیکی هەفتەیەک ماینەوە، منداڵەکانی براکەم و خۆم نەخۆش کەوتین.

ڕۆژەکان زۆر ناخۆش بوون، بێ پارەیی، تەنهای و ئاوارەیی لە وڵاتێکی جیاوازدا کە کەس نەناسیت هێندەی دیکە ئازاری هەبوو، نەم دەزانی خوشک و براکانم چییان بەسەرهاتووە، ئەو کاتەی کۆڕەووەکە بوو نزیکەی ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزان بوو، ئیتر بە ڕۆژوو نەدەبووین، نەمان دەتوانی، خۆم و دوو منداڵەکە بەهۆی سەرما و هیلاکی و برسێتییەوە نەخۆشکەوتین، هیچمان قژمان پێوە نەما.

## ژیانی ناو کامپ لە وڵاتی ئێراندا

دوای ئەو هەفتەیە بردیانینە کامپێک، لەوێ دوو لەتە کومبار، بەتانی و جلوبەرگییان بۆ منداڵەکان پێدام، بردیانین بۆ نەخۆشخانە و چارەسەرییان کردن، ناو نووسکراین، دواتر چەند پارچە نان و پەتاتەیی کوڵاویان بۆ هێناین، لەگەڵ خێزانێکی دیکەدا لە خێمەیەکدا دەژیاین کە چەند ساڵێک پێشتر دراوسێمان

سەرچاوە: ماڵپەری ئاژانسی هەواڵی ژن - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠٢١

# "بەهۆی کۆڕەووەوە ١٠ ساڵ ئاوارەی ئێران بووین"



**سەبریە ڕەحیم ژنێکی دانیشتووی قەزای پێنجوێنە باس لە ڕووداو و نەهامەتیەکانی کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ بۆ ژنها دەکات، باس لەوەش دەکات بەهۆی کۆڕەووەوە ١٠ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەتەوە.**

**هەوار محەمەد**

سەیدسادق؛ لە پاش ڕاپەڕینی کوردانی باشوری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و وەدەرنانی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە شار و گوندەکانی باشوری کوردستاندا، ئەو ئازادییەی کوردەکان زۆری نەخایاند، دوای ١٠ ڕۆژ و لە ٣١ی ئازاری ١٩٩١دا بۆ جارێکی تر ڕژێمی بەعس هێرشی کردە سەر ناوچەکانی باشوری کوردستان، مەترسی هێرشەکان و کیمیابارانی هەڵەبجەش لە ساڵی ١٩٨٨دا بووە هۆکاری دروستبوونی کۆچ و ڕەوی خەڵکی باشوری کوردستان بەرەو باکوری کوردستان، تورکیا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران.

سەبری ڕەحیم ژنێکی دانیشتووی قەزای پێنجوێنە و دایکی ٥ منداڵە، باس لەو ئاوارەیی و نەهامەتییانە دەکات لە کاتی کۆڕەودا بەسەر خەڵکی باشوری کوردستان و خۆیدا هاتووە، هەروەها هۆکاری کۆچکردنیان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ستەمی ڕژێمی بەعس هێندە زۆر بووە ترساون لەوەی جارێکی تر کیمیاباران بکرێنەوە، بۆیە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و منداڵەکانیان بە ناچاری ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە.

هەروەها سەبری باس لەوەش دەکات لەوکاتەدا ڕژێمی بەعس دەستی بە تۆپ باران و هێرشەکان کردووە، خۆی و خێزانەکەی لە نەسر بوون، بە ڕێگای قەزای سەیدسادقدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوارەبوون، چەندین ڕۆژ بە پێ ڕۆشتوون و دەچنە گوندی کانی پانکە و شەوێک لەوێ دەمێننەوە، دواتر کە ڕۆژ دەبێتەوە لە کەشوهەوایەکی سارد و باراناویدا بەڕێدەکەون و تا شەو بەڕێگاوە دەبن تا دەگەنە قەزای پێنجوێن، لەوێشەوە بۆ مەرزی کانیخان و دواتر بۆ گوندی گۆخڵان و لەوێوە دەچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەبری باس لە سەختییەکانی ڕێگا دەکات و وەک خۆی دەڵێت: "لێمان شێوابوو، ڕەشوڕووت و هیچ خواردنێکمان پێنەبوو، منداڵەکانم وورد بوون و بە باوەش و بە کۆڵمانەوە هەڵمان دەگرتن".

ژنان بەهۆی دایکبوون و ئەو ئەرکەی لەسەر شانیان بوو زیاتر ڕووبەڕووی قورسی دەبوونەوە هەرلەو کۆڕەوەدا چەندین دیمەنی تراژیدیا هەبووە، یەکێک لەوانە دەبری باسی دەکات و دەڵێت: "ژن هەبوو لە ڕێگەدا منداڵی بە مردووی دەبوو، یاخود نەیدەتوانی هەڵیبگرێت بە ناچاری بەجێی دەهێشت، یان هەبوو منداڵەکەی لە باوەشیدا دەمرد و هەر لە سەر ڕێگەکەدا دەیناشت".

وەک ئەو ژنە ئاوارەیە دەڵێت گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە ساڵانی ١٩٩١ و لە پێشتریشدا هەر کۆڵ بەکۆڵ و دەربەدەر بووە، هەر ساڵی و لە شوێنێکدا خانوومان کردووەتەوە و جێمانهێشتووە.

پاش ئەوەی باشوری کوردستان ئازاد دەکرێت، سەبری و خێزانەکەی لە گوندی "ڕەشەدێ" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و بە بیستنی هەواڵەکە زۆر دڵخۆشدەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ماڵ و ژیانیان هەموو لەدەستداوە لە باشوردا بۆیە ماوەی ١٠ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەو گوندە دەمێننەوە، پاشان ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان دەکەن و لە قەزای پێنجوێن نیشتەجێ دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاژانسی هەواڵی ژن - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠٢١

## لە کیمیابارانی هەڵەبجەوە بۆ کۆڕەوی باشوری کوردستان



٣٠ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان، هەڵەبجەییەکان کە لە ساڵی ١٩٨٨دا کیمیاباران کران، نە زام و ئازاری ئەو ڕۆژانەیان بیرچووبووەوە، نە توانییان هەوای ئازادی لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەڵمژن، ناچار بە ئاوارەیی کران، ژنان لە زاری خۆیانەوە زەحمەتی ئەو ڕۆژانە دەگێڕنەوە.

### هەڵەبجە

ئاوارەبوونی زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵکی کوردستان ئەم ڕووداوە بۆ هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان دووجار قورستر بوو، چونکە کاتێکی زۆر تێپەڕ نەبوو بەسەر کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا و گەڕانەوەی هەڵەبجەییەکان بۆ زێدی خۆیان، دووبارە توشی ئاوارەیی و گەڕانەوەی سەر سنورەکان و خاکی ئێران بوونەوە، وەک لەسەر زاری خۆیانەوە دەگێڕنەوە لە ترسی حکومەتی بەعس ڕایانکردووە بۆ ئێران و لەوێوە ئاوارەی ئۆردوگاکان بوون.

ئەمیرە فتاح ژنێکی هەڵەبجەییە و باس لەوە دەکات سەرەتا لە ترسی دووبارە کیمیاباران کردنیان بەڕێگەی شاخە و شاخ گەشتوونەتە نەوسود لە ئێران، لەوێ لەژێر نایلۆن ماونەتەوە.

ئەو ژنە باس لەوەدەکات بۆ پەیدا کردنی خۆراکیان نانە ڕەقەی ئێران و ئەو خۆراکانەی گرتونیانەتەوە خواردوویانە، باسی لەوەش کرد لەکاتی گەڕانەوەیان و بۆ هەڵەبجە گەڕاونەتە سەر ماڵی تالانکراو.

نـازەنین ژنێکـی تـری ئـاوارەبووە، ئەم ژنە بـاس لەوەدەکـات کە لە مـاڵی خوشکێکی بـووە لە سلێمانی لەگەڵ منـداڵەکانی دەنگۆی ئەوە هەبوە کەڕژێمی بەعس و سوپاکەی سەریان ئەبڕن بەرەو ئێران بەڕێکەوتوون و هاوشانی منـداڵ و هاوسـەرەکەی لە ئۆردوگـا مـاونەتەوە تـاوەکو بڕیـاری ئازادبوونیـان بـۆ دەرچـوەو گەڕاونەتەوە هەڵەبـجە وەک ئەڵـێ تەنـانەت ئەلبـومی وێنەکانیشیان دزرابوون

سەرچاوە: ماڵپەری ئاژانسی هەواڵی ژن - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١

# خوا کوردەکانی لە بیر کردووە



**ئۆرهان پاموک**
**و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی**

**دیمەنێک لە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١**

**تێبینی: بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕۆژنامەی "جمهورییەت"ی تورکی ئۆرهان پاموک ڕەوانەی سنووری دیوی تورکیای کوردستان دەکات بۆ ئەوەی ڕیپۆرتاژێک سەبارەت بەو ئاوارانەی کورد بنووسێت کە لە دوای گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی ڕووخاوی سەدام بۆ کوردستان ڕوویان لە باکوری کوردستان کردبوو. ڕیپۆرتاژەکەی پاموک ڕۆژانی ١٢ و ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ بە دوو ئەڵقە لە ڕۆژنامەی ئاماژەبۆکراودا بڵاو کراوەتەوە.**

**ڕۆژنامەی "جمهورییەت" لە ٧ی مایسی ساڵی ١٩٢٤وە هەموو ڕۆژێک دەگاتە دەستی خوێنەران و مێژووی ڕابردووشی زیاتر لە مێژووی دەوڵەتێک دەچێت، چونکە خاوەنەکانی ئیمتیاز و دەستەی نووسەران و کارمەندانی، چەندین جار لە یەکدی هەڵگەڕاونەتەوە و کودەتای خوێناوییان بەسەریەکدا کردووە. بۆیە دەڵێم خوێناوی، چونکە لە ٣٠ ساڵی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ٧ ڕۆژنامەنووسی "جمهورییەت" لە پەیوەندی لەگەڵ تەنگژە و گرفتەکانی ڕۆژنامەکەدا بەشێوازی جۆراوجۆر تیرۆر کراون. ئەم ڕۆژنامەیە لە سایەی دەسەڵاتی ئەردۆگانیشدا پەلامار درا و زۆربەی لێپرسراو و کارمەندەکانی درانە دادگا. جان دوندارى سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەکە پار خۆی گەیاندە ئەڵمانیا و لەو وڵاتە مافی پەنابەریی وەرگرت.**

سەرباری مێژووی ئاڵۆز و پێکدادانی بەرژەوەندیی کەس و گرووپەکانی ناوی، ڕۆژنامەی "جمهورییەت" لە هەموو سەردەمێکدا قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناودار و سەرکەوتوو و زۆربەی نووسەرانی ناوداری تورکیا هەوڵیان داوە کار بۆ "جمهورییەت" بکەن. یەشار کەمال ساڵی ١٩٥١ لەو ڕۆژنامەیە دەست بەکار دەبێت و بۆ ئەنجامدانی ڕیپۆرتاژ ڕەوانەی دیاربەکر دەکرێت. لەوێوە یەکەم ڕیپۆتاژی خۆی بە سەردێری "دیاربەکر شاری وەنەوشە و گوڵە..." دەنووسێت و بۆ ڕۆژنامەکەی دەنێرێتەوە. ئەوە سەرەتای زنجیرەیەک ڕیپۆرتاژ بوو کە بۆ ئەو کاتە داهێنانێکی نوێ بوو لە ڕۆژنامەگەریی تورکیدا.

"جمهورییەت" ٤٠ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٩٩١دا ئۆرهان پاموک بۆ ناو ئاوارەکانی کوردی باشوور دەنێرێت و داوای لێ دەکرێت سەرنجەکانی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارەکانی کورد لە ڕیپۆرتاژێکدا دابڕێژێت. ڕیپۆرتاژی "خوا کوردەکانی لە بیر کردووە" هاوشێوەی "دیاربەکر شاری وەنەوشە و گوڵە..."ی یەشار کەمال یەکەم تاقیکردنەوەی ڕیپۆرتاژنووسینی پاموکە و ڕێکەوتیش وایە هەردوو نووسەر و ڕۆژنامەنووس یەکەم ڕیپۆرتاژی خۆیان لەسەر خاکی کوردان و سەبارەت بە کورد نووسیوە. هەرکەسێکیش ڕۆمانی "بەفر" و ڕیپۆرتاژەکەی یەشار کەمال بەراورد بکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ناوەڕۆکی گێڕانەواکانی یەشار کەمال لە ڕۆمانەکەی پاموکدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕۆمانی "بەفر" و کارەکانی دواتری پاموک ناوبانگی نووسەریان تا ئاستی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات بەرز کردەوە. کەچی خۆمان هێشتا نەمانتوانیوە کەرەستەی کارەساتە زۆرەکانمان لە قاڵًبی ئەدەب بدەین و بە جیهانی بناسێنین!... ب. شوانی...

**خوا کوردەکانی لە بیر کردووە**

**ئەوەی بیر لە ئابڕووی خۆی بکاتەوە، برسی دەمێنێتەوە**

لەسەر نەخشە و کتێبەکانی جوگرافیا و لەسەر هێڵی ڕەنگین و ئەستووری ئەتڵەسەکانی قۆناغی ناوەندی کە وەک ئاماژەکردن بۆ سنوورەکانی وڵات دەکێشرێن، ئەگەر چیایەک بهێنیتە بەرچاوی خۆت؛ چیایەکی گەورە و بڵندی سەرسنوور، لووتکەی بەفرینی لەناو هەور و تەمدا بێت و تا زیاتر لێی نزیک بیتەوە، دوورتر بکەوێتەوە و تا گەورەتر بێتەوە، دوورتر بنوێنێت، ئەوە وەک شاخێکی ئەفسانەییی سەر سنووری تورکیا-عێراق دێتە پێش چاو. بەڵام کاتێک مرۆڤ لەم ڕۆژانەدا کارەساتی بەرزاییەکانی نزیک لە لووتکەی ئەو چیایە دەبینێت، یەکسەر حاڵی دەبێت ئەو چیایە لە ئەفسانەکانەوە نەهاتووە، بەڵکو شاخێکی ناو ئەو کتێبە پیرۆزانەیە کە لاپەڕەکانیان بە وێنەی کارەسات و دۆزەخ ڕازێندراونەتەوە. ئەو چیایە ئاماژەیە بۆ شلۆقیی بێسنووری ژیانی مرۆڤ و ئەگەری زۆری تووشبوونی بە کارەسات و وەرچەخانی مەترسیدار.

کەسێک دەبینێت تۆ لە دنیایەکی ترەوە هاتوویت، دێت و دەڵێت: "ژنەکەم دوێنێ سیانەی بوو. هەرسێکیان خەریکن لەبەر

سەرما و برسێتی دەمرن. وەرن سەیرێک بکەن!" تۆ تەماشا ناکەیت. کەسێکی تر دێت و دەگێڕێتەوە و دەڵێت دایک و کچەکەی لە کۆڕەوی درێژخایەندا بەرگەی سەرما و برسێتییان نەگرتووە و دوێنێ بە خاکی سپاردوون. تۆیش جگەرەیەکی پێشکەش دەکەیت. بێدەنگییەک دێتە ئاراوە. لە گردە بەرزەکانی بناری چیاوە کە بەخەیاڵ وەک سەرخۆش بە لووتکەکەیدا دەگەڕێیت، گوێت لە ژاوەژاوی دەیان هەزار مرۆڤ دەبێت: گریانی منداڵان، ناڵە، دەنگی چەک، هاوار، تووڕەیی و هەستکردن بە شەرم، کەسانی شەل، ئەوانەی دەموچاویان بە ناپاڵم سووتاوە، شێتبووان، ئەوانەی هێدی و نەرم تەماشای هەموو شتێک دەکەن، منداڵان لە کاتی یاریکردندا و ئەوانەی لەناو هاوار و ژاوەژاودا نووستوون. لە بەرزاییەکانی نزیکی لووتکە سەدان هەزار کوردی عێراقی، ژمارەیەکی کەم تورکمان، سریانی و تاک و تەرا ئەرمەنی بەپاڵ یەکەوە لە دژی سەرما و باران دەجەنگن و چاوەڕێی مزگێنی شتێکی نوێ و ڕزگاربوون دەکەن.

## ژیانی ڕۆژانە لە دۆزەخدا

ئەم تابلۆی دۆزەخە لە ژیانێکی ڕۆژانەیش بەدەر نییە کە هێدی هێدی ڕێساکانی بەدەر دەکەون. ئەگەر بە ئاوی چاڵاوە قوڕاوییەکان ڕازی نیت، بچۆ سەری چیا، تەنەکەکەت پڕ بکە لە بەفر و چاوەڕێ بکە تا بتوێتەوە. دەنگی چەک واتای ئەوەیە دەست کراوە بە دابەشکردنی نان و سەربازەکان دەیانەوێت ئەو کەسانە بترسێنن کە لە تاو برسێتی هێرش بۆ سەر بارهەڵگرەکان دەبەن. کەسانێک هەن بۆ ئەوەی لە کاتی دابەشکردنی ناندا بە لێدان نەمرن، یان بەر فیشەکی قەزا و قەدەر نەکەون، پێ بە برسێتیی خۆیاندا دەنێن و بە پێویستی دەزانن دوور بکەونەوە، چونکە پێشتر کەسانێک هەبوون بە لێدان مردوون، یان بوون بە نیشانە بۆ فیشەکی قەزا و قەدەر.

نابێت پەنابەران چاوەڕێی شتی زۆر لەو ڕۆژنامەنووسانە بکەن کە تاک و تەرا ڕوو لێرە دەکەن، بەڵام ئامادەبوون لە دامێنی ئەم چیایە کە بە دژواری کاتی لێ بەسەردەچێت، خۆشییەکی جیاوازە، بەتایبەتیش کاتێک هەست دەکرێت وا کەسێک هاتووە و خەمی کارەساتی تۆیەتی. ئەو شتەی کە لێرە زۆر بەئاسانی دەستدەکەوێت، دارە. ئەوەی لە ڕیزدا ڕادەوەستێت و خەمی پاراستنی ئابڕووی خۆی لەبەرە، برسی دەمێنێتەوە. بەو پێیەی سەرۆک عەشیرەتەکان پاڵ دەنێن و پاڵیان پێوە دەنرێت، وا دیارە پێویستە چاوپۆشی لە کەمێک کوتان و لێدانیش بکەن. ئەگەر دینارت نەبێت، ئەوا ئەو بزنانەی بە هەزار زەحمەت بە شاخدا تا ئێرەت هێناوتن، دەتوانیت هەرزانفرۆشیان بکەیت و لای ئەو قاچاخییانەی بۆ ناو ئۆردووگا دزەیان کردووە، نایلۆن بۆ چادرەکەت بکڕیت. (مەتری بە پەنجا دینارە کە دەکاتە سی هەزار لیرە. لە بازاڕ مەتری بە دوو هەزار و پێنجسەد لیرەیە).

لای نزیکەی هەموو پێگەیشتووان و منداڵانی چاو بەگریانی ناو ئەو چادرە نایلۆنییە بەدەست دروستکراوانەدا هەمان شتومەکم بەدی کرد: قوتووی خۆراک لەبری قاپ و قاچاخ، کۆتەرە داری تەڕ کە لە دارەکانی دەوروبەر بڕدراون، جلوبەرگی

وشکەوەکراو، بەتانییەک، مەنجەڵێکی ڕەشهەڵگەڕاو، یان کتری و قۆرییەک. لە کۆی هەزاران چادر تەنیا لە یەکێکیاندا چەنگاڵ و چەقۆم بینی، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت دڵنیا بێت کە لەناو سەد هەزار کەسدا تاکە ئاوێنەیەک نادۆزرێتەوە.

## مێژوو و نەعل

ژنان ئەگەرچی وەک منداڵان بەپێی خاوس لەناو قوڕ و لیتاودا نەبوون، بەڵام لە نزیکەی هەموو چادرەکاندا نەعلم لە پێیاندا بینی. ئەم نەعلانە کە لە کاتی ڕۆیشتن بەناو قوڕدا بەئاسانی لە پێ دادەکەندرێن، بیری مرۆڤ بۆ ئەوە دەبات کە ژنانی کوردی عێراقی تا ماوەیەکی زۆر کورت لەمەوبەر گۆڕانێکی وا ڕیشەیی و باوەڕ پێنەکراویان بە ئەگەرێکی گەورە نەزانیوە. نەعلەکانی پێیان پێشاندەری بەخێرایی گۆڕانی ژیانی ڕۆژانە و هەموو شتێکیانە. هەندێکیان دەڵێن لە عێراق زوو هاوین دێت و وەک باوە، ژنان بۆ بەسەرکردنەوەی یەکدی بە نەعلەوە سەردانی ماڵان دەکەن. هەندێکی تریان دەڵێن کاتێک بۆردومان دەستی پێکردووە و فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکانی سەدامیان دیوە، کەوتوونەتە بەر کاریگەریی بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە و ترسی گازی ژەهراوی و یەکسەر ماڵ و گوند و شاری خۆیان بەجێهێشتووە. هەندێکی تریشیان باسی ئەوەیان کرد کە پێیان وابووە مەترسییەکە ماوەیەکی کورت دەخایەنێت و دواتر دەتوانن یەکسەر بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. سەرکەوتنی سەرهەڵدانی کورد لە باکوری عێراق بە ڕۆژێک بەدیهات، جەژنی بۆ گێڕدرا، پازدە ڕۆژ درێژەی کێشا و لە ڕۆژێکیشدا وەرگەڕایە سەر کارەسات.

بیشاری ساڵح سندی سەرۆکی تەمەن حەفتا ساڵەی عەشیرەتی سندی گوتی جگە لە دڕندەیی زانراوی سەدام و کەمترخەمیی ئاشکرای جیهانی ڕۆژئاوا، هەرەسهێنانی ڕاپەڕین هۆکاری تریشی هەیە؛ ئەوان نەیانتوانیوە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان سیستەمی بەڕێوەبردن دابمەزرێنن، هاوکاری و هەماهەنگی ڕێکوپێک لە نێوان عەشیرەتەکاندا نەبووە، نەیانزانیوە تانک و فڕۆکە و هەلیکۆپتەری لە سوپای سەدام بەدەستهێندراو بەکاربهێنن و هێزەکانیان وەک پێویست هاوچەرخ و ڕێکخراو و بەدیسیپلین نەبوون... پیاوێکی باڵابەرز و ڕێکپۆش و کاریگەرە. ئەو گێڕایەوە و گوتی لەبەر سەرما و نەبوونی خواردن و دواکەوتنی هاوکارییەکان هەموو شەوێک نزیکەی ٥٠ کەس لە کامپەکاندا مردوون. من خۆم هێشتا لێم ڕوون نەبوو یەکەم ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیم چۆن دەردەچێت، کەچی داوای لێم کرد ڕاستییەکان بنووسم. ئەو باسی دووکان و تاکسییە بەجێماوەکانی و ماڵی گەورەی خۆی گێڕایەوە کە بەجارێک تیایدا پێشوازی لە ٢٠٠ میوان کردووە.

ئەم کۆچ و ڕەوە کە هەموو شتێکی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، هەست دەکرێت کتومت وەک ئەوەی لە مردندا هەیە، لە کارەساتیشدا نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکانی کەم کردووەتەوە. لە چادری هەرکەسێکدا چەند شتێکی سادە، نەعل، قوتوو و چەند بەتانییەک و کارەساتێکی هاوبەش هەیە. یەکەمجارە لە مێژوودا کە ڕای گشتیی جیهان وا لە نزیکەوە بایەخ بە کورد دەدات؛ بەڵام دیسان لە سۆنگەی هەرەس و کارەساتەوە.

**خوا ئەوانی لە بیر کردووە**

ئاوارەکانی کورد لە نزیک لووتکەی چیا و لە بەرزایی ٢٥٠٠ مەتر قۆناغیان خستووە و لە کاتی گەڕان بەناویاندا، ئەو هەستی کارەسات و قیامەتەی ئێمە هەستی پێدەکەین، جێگە بۆ نائارامی و پەرۆشی چاوەڕوانی چۆڵ دەکات. پێم وابێت هۆکار ئەوە بوو ئاوارەکان دەیانزانی ئێمە لە ژیانی دەرەوەی کامپەوە هاتووین و لەپڕ رووبەڕووی پرسیارە پڕ لە پەرۆشییەکانیان بووینەوە: کەی بەشی پێویست خواردن دەدرێت، کەی چادرەکان دەگەن، کەی پزیشک دەبینـدرێت، کەی جلوبەرگ دابەش دەکرێت، کەی داماندەگرنە خوارەوە، بۆ کوێمان دەبەن، چیمان لێ دەکەن؟

هەر کاتێک دوو کەس بەیەک دەگەن و دەست بە قسە دەکەن، یەکسەر سێیەم و چوارەمیشیان بۆ زیاد دەبێت و لە چاوترووکاندنێکدا پەرژینێک دروست دەبێت و دەست دەکرێت بە گێڕانەوەی ئەفسانە و ئومێد و چیرۆک و ئەمجار سەربازی تورک دێت و بڵاوەیان پێ دەکات. سەرەتا بەسەرهاتی خۆیان و ئەو بەسەرهاتانەی کە بەچاوی خۆیان دیویانە، یان لە کەسی یەکەمەوە بیستوویانە، دەگێڕنەوە: کاتێک لە بۆردومانی ناپاڵمی سەدام هەڵهاتوون، بەتەنیا ماڵ و سامان نا، بگرە خێزانی وا هەیە بەناچاری نزیکترین کەسی خۆی بەجێهێشتووە، دیسان بۆ عێراق دەگەڕێنەوە بەدوای منداڵەکانیاندا و باس لەوە دەکەن سەرەڕای ترسی پشکنین، بە چی ڕێگەیەکدا بۆ ئەمدیوی سنوور دەگەڕێنەوە. یەکسەر چیرۆکی بە ئەفسانەکراو بۆ ئەو قسانە زیاد دەکرێن: دۆزینەوەی ژنانی ڕووت لە زیندانەکاندا لە ڕۆژانی سەرەتای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کوردەکاندا؛ سەدام کچی کوردی لە گوندە کوردەکان ڕفاندووە و بە دەوڵەمەندەکانی کوەیتی فرۆشتوون و دواتر لەلایەن سەربازە کوردەکانی سوپای عێراقەوە لە کوەیت دۆزراونەتەوە؛ دۆزینەوەی چەند بەندکراوێکی کوێربوو کە لە زیندانەکاندا لە بیر کراون و نەفرەتیان لە سەدام نا، لە سەرۆکی پێشوو ئەحمەد حەسەن بەکر کردووە، چونکە وایانزانیوە هێشتا هەر ئەو لەسەر دەسەڵاتە...

بێگومان لەم دامێنی چیایەی پڕ لە مرۆڤی پەرتەوازەدا هەرەزیاد باسی سەدام حسێن بەرگوێ دەکەوێت. دووعاکردن لێی تەنیا دەربڕینی ڕق و بێچارەیی نییە، بەڵکو لەوانەیە بۆ بیرنەکردنەوە لە هۆیەکانی دۆڕان و پەرێشانیش بێسوود نەبێت. تەنانەت دەتوانین بڵێین ناوی سەرۆکی عێراق کە وەک هۆکاری هەموو ئازارەکان بە نەفرەتەوە دووبارە دەکرێتەوە، پاش ماوەیەک دەبێت بە قسەیەکی دڵدانەوەی ئەفسووناوی بەمەبەستی یاخی نەبوون لە پەروەردگار کە بەبێدەنگی بۆ ڕووداوەکان دەڕوانێت.

سەرۆکی عەشیرەتێک وەک چۆن گلەیی لە سەرمای بکوژی منداڵان و لەو برسێتییە هەبوو کە وەها لە پێگەیشتووان دەکات لەبەردەم بارهەڵگرەکانی نانەدا دەست بخەنە بیناقاقای یەکدی، گلەیی لە نەبوونی ئاوی پاکیش بۆ دەستنوێژگرتن هەبوو.

بەڵام من لە نێوان دەیان هەزار ئاوارەدا بەدەگمەن تووشی کەسانێک بووم نوێژ بکەن. تەنانەت مرۆڤ دەتوانێت وا بیر بکاتەوە کە لەبەرئەوەی خوا کوردەکانی باکوری عێراقی لە بیر کردووە، ئەوانیش بڕیاریان داوە تا ماوەیەکی تر ئەو لە بیر بکەن. هەر ئەوەندەی دەبینن کەسێک دەیەوێت شتێک دەربارەی خۆیان و ئازارەکانیان بنووسێت، بیر و باوەڕ و تێڕوانینی بنەڕەتیی خۆیان بۆ دنیا ئاوێتەی یەکدی دەکەن و شێوازی توندی دەربڕینی تووڕەبییان نیشانەیە بۆ قبوڵ نەکردنی خەمنەخۆریی خوا لەبەرامبەر ئەو هەموو بێنەوایی و پەرێشانییە: "چیمان کردووە تا خوا بەشایەنی ئەم هەموو سزایەمان بزانێت؟" بەتایبەتی لە چوار ڕۆژی سەرەتای کۆچ و ڕەودا کە ڕۆژی حەشری پێشانی مرۆڤ داوە، بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو نزا و پاڕانەوەیە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، بارانی وەبیرهێنەرەوەی تۆفانی نوح خۆشی نەکردەوە؟

زۆربەی حاڵەتەکانی مردنی ڕۆژانی یەکەم زیاتر بەهۆی بارانەوە بووە نەک بەهۆی برسێتییەوە. باران لە ڕێگەوبانە قوڕاوییەکان ڕێ و ڕۆیشتنی ئەوانی دژوار کردووە، لەژێر دارە تەڕەکان و لە کۆندەرە و بن تاشەبەردەکاندا هەوڵی خۆپاراستنیان داوە. جلوبەرگی بەریان هەمووی تەڕ بووە و پارچەیەک شتیان نەماوە تەڕ نەبوو بێت. لە چاوەڕووانی هاوکاریی نەگەیشتوودا سەرین و بەتانی و تەنانەت قۆناغی تفەنگەکانیشیان سووتاندووە. یەکێکیان گێڕایەوە و گوتی ئەوان کاتێک لە بۆردومانی سەدام هەڵهاتوون و بەژێر باراندا بە شاخدا هەڵگژاون، هەرکەس لەگەڵ خێزانی خۆی، یان بەتەنیا ماوەتەوە و کەس کەڵکی ئەوەی پێوە نەماوە هاوکاری خەڵکانی تر بکات.

### کارەساتی مەستکەر

کوردەکانی تورکیا لە دەوڵەت زیاتر هاوکارییان بۆ ئاوارەکان ناردووە، بەڵام پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر کۆچ و ڕەودا ناتوانرێت بگوترێت کەلوپەکان وەک پێویست بە ئاوارەکان گەیشتوون. ئەگەرچی زۆر بارهەڵگری هاوکاریم بینی لە نوسێبین و بسمیل و باتمان و مدیاتەوە بەڕێکەوتبوون، بەڵام لە دامێنی چیا برسێتی و نەبوونی کەرەستەی پێویست، بەشێوەیەکی بەهێز باڵادەستە.

تراکتۆرێک بارهەڵگری نانی ڕادەکێشا، برسییەکانیش بەدوایدا ڕایاندەکرد، ئێمەیش لەگەڵ ئەواندا گەیشتینە دامێنی چیا و ئەمەیش گرنگترین ڕووداوی ڕۆژ بوو. تەماشا دەکەیت مرۆگەل ئابڕووی خۆیان ناوەتە ژێر پێ، دیمەنی هاوشێوەی دیمەنەکانی ڕۆژی قیامەت بەدی دەکرێت و سەربازەکان لەناو ئاپۆڕەی بەیەکداچوودا تەقە بە ئاسماندا دەکەن. دابەشکردنی هاوکارییەکان بەپێی عەشیرەتیش سەرکەوتوو نەبووە و هەوڵەکانی نیشتەجێکردنی عەشیرەتەکان پێکەوە لە کامپەکاندا ئەنجامیان نەبووە. کەشی کارەساتێک باڵادەستە کە مرۆڤ مەست دەکات و خەریکە مێشک ڕادەوەستێنێت و دۆخێکە تیایدا هەموو کەسێک ناچارە خۆی کاری خۆی ئەنجام بدات، "شەرمی ونکردنی کەسوکار لە بیر کراوە" و مرۆڤ بەخێرایی لەسەر هەموو شتێک ڕادێت: "چیمان کردووە تا ئەم شتانەمان بەسەربێت؟"



سەرچاوە
Serchawe

ئەم چیایە وەرگەڕاوەتە سەر پێوەری تاوان و گوناه و ئەم پرسیارانەیش بە بێگەردی و دەربەستێکی ئەوتۆوە دەکرێن کە ڕۆژانی منداڵیی مرۆڤ بیری مرۆڤ دەخاتەوە. لەوانەیشە لەو سۆنگەیەوە بێت کە مرۆڤ، سەرباری کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی، مەگەر هەر لە تەمەنی منداڵیدا ئەو هەموو بەڵێنەی گوێ لێ بووبێت.

لە پەرۆشیی چاوەڕێکردن و لە کەشی "چیمان بەسەردێت"دا بەردەوام بەشێوەیەک باس لە داهاتوو دەکرێت وەک ئەوەی شتێک بێت لە ڕابردوودا بەجێمابێت. کەس بڕوا بەو لێبووردنە ناکات کە سەدام ڕایگەیاندووە. تا ڕژێمی سەدام نەڕووخێت، کوردەکانی عێراق هیچ نیازی گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان نییە. وشەی "ماڵ" بەتەنیا ترسی ناپاڵم و "کیمیا" نا، بەڵکو زیاتر ژیانی بەجێهێشتوویان بیر دەخاتەوە. بە پەلەپرووزێ و بێ خۆئامادەکردن لە ماڵ دەرچوون، بەڵام بەئومێدی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، دەرگاکانیان توند داخستووە، کلیلیان داون و کلیلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. ئێستا لە دەمی ئەو کەسانەوە کە بەدوای ئومێد و منداڵی ونبوونددا بۆ عێراق گەڕاونەتەوە و پاشان هاتوونەتەوە، دەبیستن شارەکان چۆڵن، ماڵان تاڵان کراون، ڕووخێنددراون و سووتێندراون. ئەمجار هەمان پرسیارگەلی سەبارەت بە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان، جیهان و تورکیات لێ دەپرسن: "جیهان چی دەڵێت سەبارەت بە ئازارەکانمان، چ بڕیارێک دەدرێت، چی ڕوودەدات؟"

لە ڕێی چوونمدا بۆ ناو ئاوارەکان، لە دووکانی بەقاڵێکی بەساڵاچووی کورد لە شیرناخ تابلۆیەکی کۆنم بینی لەسەری نووسرابوو: "ئارەزووم وایە دوو هێندەی ئەوەت بەسەربێت کە بۆ من بیری لێ دەکەیتەوە." ئەگەر بیر لە ئازاری هەرگیز نەبڕاوەی کوردەکان بکرێتەوە، ئەوا تابلۆیەکی پڕ لە ڕەشبینی دێتە پێش چاو!

سەرچاوە: ماڵپەری ماڵپەڕی ئەنفالستان - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# کۆچڕەو ١٩٩١



**بیرەوەرییەک لە بیرەوەریە تاڵ و لەبیر نەچووەکان.**

**لە ٣ / ٣١ لەسەر ١ - ٤ - ١٩٩١ ئەو ڕۆژە ڕەشە بو کە زیاتر لە ملیۆن و نیوێک کورد لەسەر زێدی باب و باپیرانیان بە زەبری زرمەی تۆپ و گڕەی هەلیکۆپتەرو لکە لکی ڕشاش و دۆشکەو زرێپۆش و خرەی زنجیری تانک و دەبابە و هێرشی دڕوندەترین هێزی سەربازی ڕژێمی عێراق بە سەرکردایەتی دکتاتۆر سەددام تکریتی...**

**ئەو ڕۆژە ڕەشە بو کە سەدان پیرو پەک کەوتە لە ماڵەکانیان ڕاوەدو نران و لەناو خاکی ڕەسەنی خۆیان ئاوارە کران و بێ یارمەتی و هیمداد بە ڕێگاکانەوە لە سەرماو سۆڵ و چیا پڕ لە بەفرەکان و بێ خواردن و خواردنەوە هێزی ئەژنۆیان دەشکاو کەس نەیدەتوانی لێیان ببێتە خاوەن و گیانیان لەدەست دەداو لاشەی بێ گیانیان لە کەندو دۆڵ و پیادە ڕێگاکانەوە بێ خاوەن دەمایەوە...**

**ئەو ڕۆژە ڕەشە بو کە سەدان دایک لە ترس و ئەژنۆ لەرزۆکی و بێهێزی و برسێتیدا منداڵە ساواو جگەر کۆشەکانیان بە ڕێگاوە لە ڕەو کردن بۆ هەڵنەدەگیران و بەجێیان دەهێشتن...**

**ئەو ڕۆژە ڕەشە بو کە سەدان منداڵی ساوا لە بێ شیری و برسی و تێنی و سەرماو سۆڵدا لەسەر بەفرو بەستەڵەک گیانیان سپاردو لاشەکانیان لە توربخانەی بێ ناوو نیشان و کفن بەرگی خۆیان ژێرگڵ کران...**

ئەو ڕۆژە ڕەشە بو کە زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ماڵ و خێزانی وەک بۆقی لە دەوی مار ڕای کردبێت، لەتاو گیان دەرباز کردن لەدەست دڕوندایەتی ڕژێمی بەعس چیل و سنورە دەستکردەکانیان دەبڕی و خۆیان دەدایە دەست سەربازە مرۆڤ کوژەکانی داگیرکەرانی تورکیا و ئێران و لەوێش دەیانیان دەکەوتنە بەر ڕوحمی قونتاخە تفەنگەکانیان و خوێن و فرمێسکی بێچارەیی لەلاشەیان دەتکایە سەر خاک و شەرمەزاریان بۆ مرۆڤایەتی جێدەهێشت...

ئەو ڕۆژە ڕەشە بو کە ویژدانی مرۆڤایەتی گوایە لەو تاوانە گەورەیە خۆی پێڕانەگیراو هاتە وەلام بۆ دانانی هێلی ٣٦ و پاراستنی گەلی ژێردەست گەلی کورد و خەلکی سڤیل، بەلام بەداخەوە، بەرهەمی ڕاپەڕین و کۆچڕەوو هێلی پاراستن لەجیاتی پاراستنی گەلی کورد، بووە هۆی گەورە بون و بەهێز بونی دارو دەستەی ناوخۆو لە داگیرکەر چووی و بێ ویژدان تر و بێ ئەخلاق تر، لەجیاتی سارێژ کردن و لەبیر بردنەوەی ئەو برینە قولە، سەدان کوردیتریان کوشت و برو بێسەرو شوێن و ئاوارە و دەربەدەرو مالوێران و کوتک ڕێژو لەتو پەت و تە پەسەرو چاوترسێن و ئەشکەنجەو بەند کردن...

سەرەڕای هەموشیان لەجیاتی یاساو یەکسانی خوازی، ئەوانەی بە خوێنی کورد هاتنە سەر خوانی بە فرمێسک ڕەنگی هەژاران، لەجیاتی نوێنەرایەتی و گوێ گرتن لە ئێش و ئازاری گەلی خۆیان، دەستیان کرد بە شەڕی ناوخۆ و ململانێ و تالان کردن و دزی و گەندەلی و کاری مافیایی و لەبن هێنانی ژێر خان و برسی کردنی زۆرینەو گەمژە کردنی بەشێک و بەستنی زمانی ئازادو بە حیزبی کردنی کۆمەلگاو هەلواسینی وێنەکانیان لە جیاتی وێنەی دکتاتۆری پێشو...

لەکۆتاییدا دەمەوێ بلێم لە هەرچوار پارچەی کوردستان بە ناوی ئازاد بون گیانبازی و فیداکاری بەردەوامە، بەلام گەل دەبێ هۆشیار بکرێتەوە و لە مانای ئازادی تێبگەیێندرێ و بزانن کێ ئازادی پێویستە؟

گەلی بندەست پێویستی بە ئازدیە، نەک بنەمالە زۆردەست و خۆپەرستەکان، ئەوانەی ئێستا گەل دەچەوسێننەوە و خەریکی تالانی و بازرگانین، ئەوان لە هەر جێگایێک بن ئازادن، پێویستیان بە ئازادی زیاتر نییە، ئەوەی دەیکەن بۆ زیاتر خۆ زال کردنە نەک ئازادی، وە ئەگەر چەوساندنەوە هەر بەردەوام بێت، چ داگیرکەر چەوسێنەر بێت یان حیزبە کوردیەکان و بنەمالە خۆپەرستەکان، هیچ جیاوازی نیە، چەوسانەوە هەر چەوسانەوەیە...

ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

# کۆڕەو گەلی لە داگیرکاریی ڕزگارکرد، بەڵام دەسەڵات باشوور دەداتەوە داگیرکەر



**هونەر فارس**

مردنی منداڵ لە برساندا، تەرمی منداڵ بە باوەشی دایکەوە و چۆڵبوونی شار لە سیمادیارەکانی کۆڕەوەکەی ۱۹۹۱ی باشووری کوردستانن، خەڵک بە قوربانیدان داگیرکەریی کردە دەرەوە، ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم باشووریان داوەتەوە دەست داگیرکەر، لێرەدا شایەتحاڵان چیرۆکە تراژیدییەکانی کۆڕەو دەگێڕێتەوە.

هەرچەندە کۆڕەوی گەلانی باشووری کوردستان بۆ سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان نەهامەتیی و تراژیدیای زۆری لێکەوتەوە، بەڵام دەشتوانرێت بووترێت، کە کۆڕەوەکە بووە تەواوکەری ڕاپەڕین، چونکە بەهۆی کۆڕەوەوە ناوچەی ئارام دامەزرا، کە هێزەکانی عێراق ناچارکران دووربکەونەوە و هێڵی ۳٦ چەسپێندرا، کە فڕینی فڕۆکەکانی عێراقیشی بەسەردا قەدەغە کرا، بەڵام کەرکوک، شەنگال، خانەقین و خورماتوو هەر لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا مانەوە تا ڕووخانی ئەو ڕژێمە لە ساڵی ۲۰۰۳.




سەرچاوە Serchawe

## کۆڕەوەکە چۆن ڕوویدا؟

دوای ڕاپەڕینی ٥ی ئازار بۆ ٢١ی ئازاری گەلی کورد دژی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٩١، کە ڕژێمی بەعسی لە کوردستان تێدا وەدەرنرا، خەڵک لە ئاهەنگی بەهار و پیرۆزبایی ئازادیید ابوون، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ڕژێمەکەی سەدام حسێن هێرشی کردەوە سەر خەڵک و چەندین کۆمەڵکوژییان پێکهێنا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی زیاتر لە ملیۆنێک هاوڵاتیی لە ترسیی دڕندەیی ڕژێمەکە ماڵ و حاڵی خۆیان بەرەو سنوورەکان بەجێبهێڵن.



کۆڕەوەکە سەرەتای بەهاربوو، وەک بەشدارانی ئەو کۆڕەوە باسی دەکەن، بەهاری ساڵی ١٩٩١ ساڵێکی بارانـاویی بـووە، ئەمەش باری خەڵکی ئێجگار قورسترکردبوو.



وێڕای نەهاتەمییەکانی ڕێگای ئاوارەیی، خەڵکێکی زۆر بوون بە قوربانی پاشماوەی مینە چێندراوەکانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران.



وێڕای هەموو زەحمەتییەکان کوردانی باشوور بەپێ خۆیان گەیاندە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان، ڕژێمی ئێران هاوشێوەی ڕژێمەکانی دیکەی تورکیا و سوریا ڕێگری نەکرد لە چوونی گەلی باشوور بۆ پارچەکانی دیکە و لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرگای خۆیان بەڕووی خەڵکی باشووردا کردەوە.



بەڵام دەوڵەتی تورک بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو دەرگاکانی داخست و ڕێگەی نەدا کەس بچێتە خاکی باکووری کوردستانەوە، بەم هۆیەشەوە سەدان کەس بەهۆی برسێتی و سەرما و نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستدا.



بەیان ئیبراهیم کە بە "بەیان خاتوون" دەناسرێت، وەک خۆی وتی لە کاتی کۆڕەوەکەدا کچێکی گەنج بووە و لە شاری سلێمانی ژیاوە، ئەم یەکێکە لەو کەسانەی ڕاستییەکی بینیوە، کە مەگەر لە چیرۆکەکاندا باسی کرابێت، لێرەدا یەکەم ساتی کۆڕەوەکە دەگێڕێتەوە و ئەوانە دەخاتەڕوو، کە بە چاوی خۆی بینیویە.



بەیان ئیبراهیم

بەیان وەها دەستی بە گێڕانەوەکە کرد:"بەرەبەیانی بوو خەڵکی هەموو لە ترسی فڕۆکەی بەعس بە کۆمەڵ یەکێک بە پێی پەتی، یەکێک بە کۆڵەپشت و هەریەکێکی دیکە بە جۆرێک هەڵدەهاتن، ئێمە ماڵمان لە نزیک شەقامێکی گشتی بوو، بە بینینی دیمەنی ڕۆشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی شڵەژاین، ئەوەبوو من شەرواڵێکی پیاوانەم لەپێکرد و لەگەڵ ماڵەوە بەڕێکەوتین، هەر پێش ئەوەی لە سلێمانی دەربچین منداڵێکی تازە لەدایکبووم بە باوەشی پێشمەرگەیەکەوە بینی، کە خێزانەکەی بەر هێرشی فڕۆکە کەوتبوون و گیانیان لەدەستدابوو".

دەربارەی ڕاپەڕین و کۆڕەو هەمیشە خەڵک دەڵێن، بە قوربانیی خۆیان باشووریان ڕزگار کرد، بەڵام دەسەڵاتی پەدەکە ئێستا بەشێکی باشووری پێشکەشی دەوڵەتی تورک کردووە، هەر وەک دەشڵێن، لە بری پاداشت مووچە و مافەکانیشیان پێ نادرێت، وێڕای نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان، بەرپرسانی ئەم هەرێمە هەموویان بوون بە بازرگان و ملیۆنێر و ژیانی خەڵکیش لەوپەڕی نەهامەتیدایە.

بەیانی بەردەوامی بە گێڕانەوەکە دەدات و دەڵێت: هەر کە گەشتینە نزیک خاڵی پشکنینی عەربەت، جارێکی دیکە فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەعس بەسەرماندا دەسووڕانەوە، ئەوەبوو ئێمە خۆمانمان دایە پاڵ پایەی دیوارێک کەچی خێزانێک بە گەورە

و بچوکەوە بەر بۆردوومانەکە کەوتن و هەموویان پێکەوە گیانیان لەدەستدا".

بەپێی گێڕانەوەکە، دووەم ڕۆژی کۆڕەوەکە سەرما و بارانێکی زۆر بووە، بەیان وتی: ئێمە گەشتبووینە هەڵەبجە ئۆتۆمبێلێکی ئێرانی بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان هاتبوو نانی دابەشدەکرد، منیش بۆ ماوەی ڕۆژێک بوو هیچ شتێکم نەخواردبوو، چەن هەوڵمدا لەتێک نانم دەستبکەوێت بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو بەکۆمەڵ پەلاماری ئۆتۆمبێلەکەیان دەدا، نەمتوانی پارچە نانێک بەدەست بهێنم!.



بەیان باس لەوە دەکات، دوای بەڕێکەوتن لە هەڵەبجەوە گەشتوونەتە شارەدێی بیارە، لەوێ ژنێکم بینی کە بەدیار تەرمی منداڵەکەیەوە دەگریا، چونکە بەهۆی برسێتییەوە منداڵەکەی گیانی لەدەستدابوو.

ئەمڕۆ ٣٠ ساڵ بەسەر ئەو کۆڕەوەدا تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا هاوڵاتیانی باشووری کوردستان بەوە نەگەیشتوون کە دەیانوویست، چونکە نارەزایی خەڵک دژی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بەردەوامە، خەڵک ڕەخنەی ئەوەی هەیە، دوای کۆڕە و بە شەڕی ناوخۆ و شەڕی پارچەکانی دیکەوە نەوەستان، بەڵکو چەندین ڕۆژنامەنووس، چالاکوان و خەڵکی دوور لە دەسەڵات لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە تیرۆرکران، بە ئێستاشەوە چەندین ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی گەنج و سیاسیی لە زیندانەکانی 'پەدەکە'دان، کە زۆرینەیان چەندین قوربانییان داوە لەپێناو ئازادبوونی باشووری کوردستاندا.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١

# کۆڕەو لە دیگایەکی ترەوە



عەلی مەولود

ئەگەرچی ئاوارەبوون لە مێژووی ١٠٠رابردووی خەڵکی کوردستانی عێراقدا زۆرجار روویداوەو داخی ناوە بەدڵی خەڵکەوە، بەڵام رەوی بە کۆمەڵی کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١، بەراستی ئازارێکی پڕسوێ بوو لە دڵی پڕ لە ئومێدی خەڵکی کوردستانی باشوور (عێراق) داو ئەو ئازارە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

سوێی ئەو ئازارە هەر لەوەدا نەبوو کە خەڵک زێدو ماڵ و حاڵی خۆیان بۆ بەر رەحمەتی تالآنی و بەرەو چارەنووسێکی نادیار جێهێشت و زیاتر لە دوو ملیۆن مرۆڤ بە گەورەو منداڵ و پیرو لاوەوە بەبەر سەرماو باران و  بە سکی برسی و بێ نان و خۆراک، وەک نیشانەی نەویستنی رژێمی بەعس و لەترسی ئەوەی کۆمەڵکوژیەکانی هەڵەبجەو ئەنفالەکان دووبارە نەبێتەوە، بە رێگایەکی دووری پڕ لە هەورازو نشێودا ئاوارەی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بوون، بەڵکو ئازاری گەورەی ئەو کۆڕەوە لەوەدا بوو کە ناسیونالیزمی کورد کە خەڵک پشتیان پێبەستبوو، بەشێک بوو لەم تراژیدیایە، بەر لەم ئاوارە بوونە ئەوان دەستیانکردبوو بە وتووێژو دانوستان لەگەڵ رژێم و بەپێی رێککەوتنێک کە ئەمریکا ئەندازیاری بوو خۆیان و هێزەکانیان  بەرەو سنوورەکان پاشەکشەیان کردو خەڵکیان کردە گۆشتی بەردەم تۆپەکانی دوژمن. تاڵەبانی لە دووەم رۆژی ئاوارەبوونەکەدا لە پێنجوێن بە ئاشکرا نیشانیدا بەزوویی بەپێی رێککەوتنێک دەگەڕێنەوە، واتە ئەوان لەگەڵ رژێمێک کە خەڵک بڕیاری ڕوخاندنی بۆ دەرکردبوو رێککەوتنیان کردو راپەڕینێک کە خەڵک ئومێدی رزگاری لەسەر هەڵچنی بوو

گەیاندیان بە ئاوارەیی، ئەوان روویان کردە رژێم کە لەسەرەمەرگدا بوو، پشتیان کردە راپەڕین کە لەسەرهەڵدانادابوو.

دیویکی تری ئەو ئازارە ئەوەبوو کە ماوەی ئەو شۆڕش و راپەڕینەی کردمان زۆر کەمی خایاند و هێشتا تامی ئازادی بە تەواوی بە گەرووماندا نەچووبووە خوارەوە، هێشتا نەپەرژابووینە سەر ئەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوای دەسەڵاتی بەعس بەجۆرێکی تر رێکبخەینەوە کە لەگەڵ ئومێدی ئازادیخوازی و سەربەخۆخوازی ئەو خەڵکەدا بێتەوە، هێشتا تەپوتۆزی راپەڕینمان لە خۆمان نەتەکاندبوو، ئاوارەبوون هەموو حەزوخۆزگەکانی لە گەرووماندا تاساند و ئەو رژێمەی بەدەوری مەرگیدا شایی لۆغانمان بوو مەرگی هەتاهەتاییمان بە ئاوات دەخواست، جارێکی تر لە گۆڕستانەوە بەهاوکاری ئەمریکاو حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان گەڕایەوە مەیدانی کوشتوبڕ.

ئەم کۆڕەوە لە هەموو لایەکەوە تابلۆیەکی تراژیدی بوو، هێرشی سەرماو باران لە هێرشی رژێمی بەعس کەمتر نەبوو، وەک بڵێی ئاسمانیش لەگەڵ دووژمنانی ئەم خەڵکە هاودەست بوو، ئەوەی هێزەکانی بەعس نەیانتوانی بیکەن سەرماو باران و رەهێڵە کردیان، حیزبەکانی کوردایەتیش هیچ بەرپرسیارییەکیان لەبەرامبەر ژیان و گوزەران و چارەنووسی ئەم خەڵکە لەئەستۆ نەگرت و خەڵکیان بۆ بەردەم کارەسات و رووداوە جەنگی و سروشتیەکان جێهێشت، بەوهۆیەشەوە خەڵک بەدەردێک چوو کە لەمێژووی گەلانی ناوچەکەدا بێ وێنەو بێ پێشینە بوو.

کۆڕەو بە ماوەیەکی کەم دوای راپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان هاتە ئاراوە کە لە ٥ی ئازار لە رانیەوە دەستی پێکردو لە ٢١ی ئازار لە کەرکوک کۆتاییهات و کوردستانی باشوور لە ماوەی دوو هەفتەدا لە هێزو دەسەڵاتی بەعس پاککرایەوەو دەسەڵات کەوتە دەستی خەڵک، بەڵام ئەو دۆخە تەنها تاکو ٣١ی ئازاری خایاند (واتە کەمتر لە مانگێک)، خەڵک فریای هیچ نەکەوت بەدرێژایی ئەو ماوەیە خەڵکی کوردستان شار بەشار لەجەنگدا بوون لەگەڵ هێزەکانی رژێمی عێراق، ئەوە شادی هێن و ئومێدبەخش بوو کە لەهیچکام لە شارو شارۆچکەکان هێزەکانی بەعس خۆیان لەبەردەم پەلاماری خەڵکدا نەدەگرت، هەم ئەوان ماندووی شەڕە یەک لەدوای یەکەکانی رژێم بوون و هەم خەڵک تینووی ئازادی و کۆتاییهاتنی رۆژە تاریکەکان بوو.

**دوو دیاردە لەم راپەڕینەی خەڵکی کوردستاندا بە روونی دەبینران ئەوانیش بریتی بوون لەوەی:**

یەکەم هێزێکی نوێ هاتبووە ئاراوە کە نەدەگەڕایەوە سەر ناسیونالیزمی کوردو سەر بە بزووتنەوەی کوردایەتی نەبوو، ئەویش بزووتنەوەی شورایی و رەوتی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بوو کە ئەم دوانە ئاوێزانی یەکتر بوون و ببوونە بەرپشتی یەک، کۆمۆنیستەکان هەم لە راپەڕینەکانداو هەم لە رێکخستنی شووراکانی خەڵک لە ناوەندە کرێکاریەکان و لە گەڕەکەکان رۆڵی بەرچاویان هەبوو، بەجۆرێک کە بزووتنەوەی شورایی و رەوتی کۆمۆنیستی وەک هێزی رکابەرو جێگرەوەی

بزووتنەوەی کوردایەتی دەردەکەوت و بەو هۆیەشەوە بۆ هێزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دوای گەڕانەوەیان ئاسان نەبوو لە بۆشایی دەسەڵاتی بەعسدا بە ئاسانی بنیشنەوە.

دووەم بزووتنەوەی کوردایەتی (بەهەموو حیزبەکانیەوە) بە تایبەتی لەدوای پرۆسەی تاوانەکانی ئەنفال و وێرانکردنی دێهاتەکان، بە زۆری چەک دوورخرابوونەوە بۆ ئەودیو سنوورەکان و بەوهۆیەوە دابڕابوون لە کوردستان، بە پێچەوانەی ئەو هەموو بانگەشەو ئیدیعایەی بۆ رزگارکردنی خەڵکی کوردستان دەیانکرد و تەنانەت بە پێچەوانەی ئەو مێژووەی لەسەر راپەڕین بۆخۆیان نوسیوەتەوە، رۆڵێکی ئەوتۆیان لە راپەڕیندا نەبوو، کە ئەوە پێگەی ئەوانی لەو راپەڕینەدا لاواز کردبوو، تا ساڵانێکی زۆریش هەمیشە ئەوە بەروویاندا دەدرایەوە کە ئەوان هاتوونەتە سەر حازری، یەکێتی نیشتمانی کە لەچاو حیزبەکانی تر زۆرترین بەشداری هەبوو، گەورەترین شانازی و دیارترین دۆکۆمێنتی ئەوە بوو کە لە ئێستگەکەیەوە وتوویەتی ٧ی مانگ زەماوەند بکەن، کە خۆیان فریای زەماوەندەکەی ٥ی مانگ و ٧ی مانگ و چەند رۆژی دوای ئەوەش نەکەوتن.

ئەو دوو دیاردەیە بزووتنەوەی کوردایەتی هەراسان کردبوو، بۆیە بەبەردەوامی بەشوێن بیانوودا دەگەڕا بۆ گێچەڵکردن بە شوراکان و رێکخراو و گرووپ و هەڵسوڕاوە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکان، داوای داخستنی بنکەکان و راگرتنی کارەکانیان دەکردو هەمیشە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکیان دەکرد لەبەرامبەریدا، ئەوان بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیی و شوراکانیان بە دووژمنی خۆیان دەزانی و بەردەوام لە کەمیندا بوون بۆی، من بیرمە جلال تاڵەبانی لە یەکێک لە وتارەکانیدا وتی: ئەوانە جۆگەلەی بەهارین لەکۆتاییدا تەنها جۆگە ئەصڵیەکان دەمێننەوە، ئەوان بریاریان دابوو، تەسمیمیان گرتبوو کە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و شوراکانیان بەهەر نرخێک بێت لە مەیدانی سیاسی وەدەرنێن و تا ئەو شوێنەی بۆیان دەکرێت بواری کارو چالاکییان پێ نەدەن، هەم خۆیان بە سەختی دوژمن و نەیاری ئەم بزووتنەوەیەو ئامانج و خواستەکانی بوون و هەم لە ترسی ئەمریکاش لەگەڵی توند بوون نەکا ریسەکەیان لە ئەڵقە لە گوێی بۆ ئەمریکا لێ بکاتەوە بەخوری.

بیرمە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانی نەوشیروان مستەفا لە سەرەتای نەوەدەکان بەروونی هۆکاری کۆڕەوی گێڕایەوە بۆ: یەکەم هەڵکردنی ئاڵا سوورەکان لەکوردستان (لەسەر بنکەکانی شوراکان و بنکەکانی رەوتی کۆمۆنیست)، لە کاتێکدا رۆژاوا جیهانی سەرمایەداری لەو سەردەمەدا زۆرترین بانگەشەو راگەیاندنیان لەسەر کۆتایی هاتنی سۆسیالیزم و مەرگی مارکسیزم بوو، دووەم دەرکەوتنی رەوتێکی جوداخواز کە باسی سەربەخۆیی کۆردستانی گەورەی دەکرد (مەبەست پەکەکە بوو)، کە ئەو دوو هۆکارە لە پاڵ ئەوەی لەسەر ئاستی عێراقیش نیگەرانی بەدەسەڵات گەیشتنی رەوتە شیعەکان بوو، ئەمریکای گەیاندە ئەو بڕوایەی کە پێویستە رژێمی بەعس نەروخێت و لەبەرامبەر راپەڕینەکانی خەڵکدا پارێزگاری

لێ بکەن.

ئەو ترس و نیگەرانییەی ئەمریکا لەگەڵ دوو مەسەلەی تردا یەکانگیر بوون و یەکیانگرتەوە، ئەوانیش یەکێتی و حیزبەکانی تری کوردایەتی بەتایبەت لە دوای کۆبوونەوە جەماوەرییە فراوانەکەی شوراکانی سلێمانی لە ١٦ - ٣ لە یادی کۆمەڵکوژیەکەی هەڵەبجە کە لەبەر دەرکی سەرا بەڕێوەچوو (کە لەوکاتەوە بەردەرکی سەرا ناونرا "مەیدانی ئازادی") ترسی گەورەیان لێ نیشت، وە ئازادکردنی کەرکوک رژێمی بەعسی ترساندو بەکردەوە هەڕەشە لەسەرمانەوەی دروست بوو.
ئەم ٣ ترسە، واتە ترس و نیگەرانیەکانی ئەمریکا لە ئالاسوورەکان و سەربەخۆخوازەکانی کوردستانی گەورەو ترسی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو هێزە نوێیەی لەرێگەی شورا جەماوەری و کرێکاریەکانەوە هاتبووە مەیدان و چەکدار بوو هەم بەچەک و چۆڵ و هەم بە باوەڕێکی نوێ، وە ترسی بەعس لە پەرینەوەی راپەرینی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە رێگەی کەرکوکەوە بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق، بوونە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەمریکاو بەعس و ناسیونالیزمی کورد، بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەو بەدیهێنانی دۆخێکی نوێ، کەوایە ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان شکستی راپەڕین و هێز پەیداکردنەوەی رژێمی بەعس نەبوو بەڵکو بەرئەنجامی رێککەوتنی نێوان ئەمریکاو دەسەڵاتی ئەوکاتی بەغداو ناسیونالیزمی کورد بوو، رژێمی بەعس لە چوارچێوەی ئەم پیلانەدا هێزی پەیداکردەوە.

واتە ئامانجی ئەو ٣ هێزە یەکیانگرتەوە بە دژی راپەرینی خەڵکی کوردستان بەمەبەستی گۆڕینی هاوکێشەکان، کۆتاییهێنان بە راپەرینی خەڵکی کوردستان ئامانجی هاوبەشی هەرسێ لایەن بوو بەڵام هەریەکە بە ئەجێندای خۆی و لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە. ئەو ئامانجەشیان سەری گرت و هەنگاوە شۆڕشگێڕیەکانی راپەرینیان راگرت، سیناریۆکانی وتووێژی نێوان حیزبە کوردیەکان و بەغداو بریاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دانانی ناوچەی ئارام بۆ هەرێمی کوردستان تا هێڵی ٣٦ و دواتر بریاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەوت بەرامبەر بەخۆراک و شەری ناوخۆو دوو میرنشینی و ... تاد، جێگایان گرتەوە، بەوانەش هەم رژێمی بەعس فرسەتی دەستکەوت بۆ سەرکوتی راپەرینی ناوچەکانی تری عێراق و هەم ناسیونالیزمی کوردیش بواری ئەوەی پەیداکرد لە ژێر چاودێری ئەمەریکادا دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان جێ بخات و هەنگاو بەهەنگاو دەسکەوتەکانی راپەرین لەخەڵکی کوردستان بسەنێتەوە.

بەوپێیە ئاوارە بوون سەرەتای نسکۆی خەڵک و دەسپێکی سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد بوو لە کوردستانی عێراق، ناسیونالیزمی کورد ئەوەندەی لە رووداني ئاوارەبووندا رۆڵی هەبوو ئەوەندە لە راپەریندا رۆڵی نەبوو، راپەرین ئەوان بەسەریدا کەوتن بەبێ نەخشەیەکی پێشینە، بەڵام ئاوارەبوون بەپێی نەخشەیەک و رێککەوتنێک روویدا کە ئەوان لایەنێک بوون تیایدا. بۆیە ئەوەندەی شانازی بە ئاوارەبوونەوە دەکەن ئەوەندە بە راپەرینەوە نایکەن، پێیدەڵێن "

کـۆڕەوە مەزنەکە" کە لەراسـتیدا تراژیـدیایەتی مەزن بـوو، هەم بەمانـا سیاسـیەکەی تێکشـکاندنی ئەکـت و ئیـرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بوو هەم لە رووی ئینسانیشەوە مەرگەساتی زۆری بەشوێن خۆیدا هێنا.

ئاوارەبوون: پارتی و یەکێتی و بەرەی کوردستانی وەک دەسەڵات جێگیر کردو خەڵکی لەدەسەڵات دوورخستەوە. لە درێـژەی ئەو پرۆسەیەدا دوو جیهانی جیاوازو دژبەیەک شکڵی گرتـووە، جیهـانی سـەرمایەداران و کۆمپانیـاو دەسەڵاتداران و جیهـانی بەشەکانی تری خەڵک، کە جیهانی یەکەم هەموو داهات و سامان و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەی بۆخۆی قۆرخ کـردووەو سـتەم و چەوسـاندنەوە بەرانـبەر جیهـانی دووەم ئەنجـام دەدات، بـۆ دەربـاز بـوون لەم جیهـانە جیـاوازەش دەبێـت بگەڕێـیەنەوە بـۆ چوارگۆشەی یەکەم، واتە بـۆ شـۆڕش و راپەڕین. ئەوە ئەو ئەرکەیە کە کۆمەڵگـای کوردسـتان دەبێـت خـۆی بـۆ سـازو ئـامادە بکات.

سەرچاوە: ماڵپەری بۆپێشەوە - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## تێگەیشتنەوە لە کۆڕەو کۆژان وەک کاریزما




**شرۆڤە: د. هەردی مەهدی میکە (تایبەت بە درەو)**

**- کورد، "چی" کۆی دەکاتەوە نەک کێ**

کۆڕەو تەجەللابوونی نەرمەهێزی ئیرادەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، کۆتایی ئەو خاڵەبوو تفەنگ لە پاراستنی دەستکەوتدا کورتی هێنا، بەڵام "ئیرادە و هۆشیاری"ی هاوبەشی کۆمەڵگە هەم پاراستی و هەم دەستکەوتی سیاسیی و مرۆیشی لێ وەبەرهێنا. ئەمە نمونەی ئەو نەرمەهێزە شاراوەی کوردە لە دنیای نوێدا کە هێشتا سیاسەتوانانی کورد نەک وەک پێویست وەبەریان نەهێناوە، بگرە لە کەشفکردنیشیدا کلۆڵ بوون.

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، هیچ سیاسییەک، حزبێک، ئایدۆلۆژیایەک و دینێکیش نەیتوانییوە، کۆمەڵگەی کوردستان یەکبخات، بەڵام کۆڕەو یەکی خست و دەرئەنجامی کاریگەر و واتاداری لێکەوتەوە کە تێگەشتنەوەی سەرلەنوێی پێویستە. کۆڕەو لە ڕوخساریدا شکست و بێنەوایی و دۆڕانی کورد بوو لەبەردەم هێزگەلێکدا کە سەدساڵ دەنگیان نەبیست و بە زیادەیان دەزانی و بۆ قڕکردنی درێغیان نەکرد، بەڵام گەر لە ناواخن و دەرئەنجامەکانی کۆڕەووە لە ڕووداوەکە بڕوانرێت، وەرگەڕاندنی هەڵهاتن و شکستە بۆ بردنەوە، "هۆشیارییەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵی"ی بوو بۆ پاراستنی دۆخی نوێ(ڕاپەڕین) و ڕەتکردنەوەی ستەم و ناڕازیبوونە دژی دۆخی پێشتری سەپێنراو(جینۆساید و سڕینەوەی کولتووری). کۆڕەو دەریخست:

دەستکەوت(ڕاپەڕین)، کۆژان و ستەمە هاوبەشەکان، دەکرێت لە بری "کاریزمای نەبوو"ی کوردستان سوودیان لێببینرێت و لە پرۆسەی نەرمەهێز و یەکخستنی ئیرادە و ئیدارەی سیاسییدا ڕۆڵ ببینن و کورد کۆبکەنەوە و وەک شیرازەیەکی بەهێز جێی هێز و کەسایەتیی سیاسیی بگرنەوە.

## چی ڕوویدا؟

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بەسەر داموودەزگای ڕژێمی عێراقیدا و ئازادکردنی کەرکوک، هەشت ڕۆژی نەبرد(٢٨ی ئازار١٩٩١)، حکومەتی بەغدا خۆی کۆکردەوە و بە لەشکرێکەوە ڕووی کردەوە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، بەڵام ئەمجارەیان بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی جینۆساید و ڕەتکردنەوەی ستەم، کورد جێهێشتنی ماڵ و جوگرفیاکەی هەڵبژارد و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی دەستپێکرد. لەکۆچێکی گشتیدا، ڕوویان لە سنوورەکانی تورکیا و ئێران کرد. لە ٣و٤ی نیسانی١٩٩١دا، کۆڕەوی کوردان گەیشتە لوتکە و نزیکەی ٢ملیۆن کورد ماڵوحاڵی خۆیان جێهێشت و ئامادەنەبوون بگەڕێنەوە سایەی ڕژێمی عێراق، بەم کردەوەیە ئیرادەی هاوبەشی خەڵک، زلهێزان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیانی هێنایە دەنگ و دوو بڕیاری مرۆیی و سیاسیی-سەربازی بە دووی خۆیدا هێنا (دەستێوەردان لە عێراق و درووستکردنی ناوچەی ئارام). یەکەمجار لە ڕووی مرۆییەوە، فەرەنسا پرۆژەی دانانی سنوورێک بۆ پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و بە هاناوەچوونی "خەڵکی مەدەنی"ی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ٥ - ٤ - ١٩٩١دا پێشنیارکرد و بە زۆرینەی دەنگ (جگە لە کوبا، یەمەن و زیمبابۆی!) بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی لێکەوتەوە.

پاشتریش جۆن مێجەری سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بۆ فراوانکردنی کاریگەری بڕیاری٦٨٨ (ئەڵبەتە بەهاندانی چالاکوانانی کورد لە بەریتانیا)، داوای ناوچەیەکی ئارام و دژەفڕینی پێشنیارکرد و بەکردەیی بوویە تەواوکاری بڕیاری ٦٨٨ و لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا (ناسراو بە ئۆپەراسیۆنی هەشت) کە بەریتانیا سەرپەرشتی دەکرد، ناوچەی ئارام لە کوردستان (باکوری عێراق) چەسپێنرا.

## هەڵهاتن و ناکامی مەزنەوە

- لەڕووی کردەییەوە:کوردانی کۆچکردوو، گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان و لە چوارچێوەی هێڵی ٣٦دا، ئاسمانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی بەغدا سەنرایەوە و قەدەغەی فڕینی فرۆکەکانی کرا، بەمەش هەم بەرەی کوردستانی توانی دەستکراوەتر بەڕێوەبردنی ناوچە کوردستانییە ئازادکراوەکان وەئەستۆ بگرێتەوە، دەرئەنجام قەوارە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی دەستووری کوردستان و "ڕۆشتنی بێگەڕانەوە"ی سەدام و بەعسی لە کوردستان (جگە لە ناوچە دابڕێنراوەکان)ی لێکەوتەوە، چونکە بڕیاری دژەفڕینی پێشنیارکراوی بەریتانیا، کەرکوکی لە خۆنەدەگرت!



سەرچاوە
Serchawe

- لەڕووی نێودەوڵەتییەوە: پرسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی بردەپێشەوە، بۆیەکەمجار بوو پاش زیاتر لە سەدساڵ لە تێکۆشانی کورد لە کوردستانی گەورەدا، ڕێکخراوێکی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش (لانیکەمی مرۆیی) لەسەر کورد و دژی سەردەستەیەکی وەک بەغدا بێنەدەنگ و ئاکامی کردەیی لێبکەوێتەوە.

- لەڕووی واتاییەوە: ڕاستە بڕیاری ٦٨٨ تەنها مرۆیی بوو، وەک خەڵکی سیڤیل بەرگری لە کورد کرد، نەک وەک شوناس و نەتەوەیەک و مافخوراو لە چوارچێوەی یەکێک لە دەوڵەتە دروستکراو و سەپێنراوەکاندا، بەڵام گورێک و قۆناغێکی نوێ بوو لە پۆلێنی وێستگەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، کە دانی بەوەدا ناوە دەوڵەتێکی سەرکوتکار مافی هاوڵاتیانی پێشێل دەکات و مافە کولتووریی و مرۆییەکانیان پایماڵ دەکات.

مانیفێستکەری ئەو ڕاستییەش بوو، پرسی کورد یەک پاکێجە و لەتناکرێت، چونکە دەرکەوت لە بەهاناوەچوونەوە کوردانی ڕۆژهەڵات و باکوور هەرچییان لەدەستهات لە هاوکاری مرۆیی و لۆبیکردن و پشتیوانی وەگەڕیان خست.

- لە ڕووی نەیارناسییەوە: هەریەک لە ئەنکەرە، ئەستەنبوڵ پاشان بەغدا و شام، تێگەیشتن چەکی سڕینەوە و بەزیادەزانینی کورد چارەسەری گرێیان بەرامبەر کورد ناکات و ناچارن هەم دانبنێن بە کوردستانی عێراقدا و لەوەش تێگەیشتن چیتر پرسی کورد و بزوتنەوەکەی بە "سەعدئاباد و جەزایر و هەماهەنگی چوارقۆڵی"یەکەی جاران لەناوونابرێت و کەس دەنگی نەبیستێت. کۆڕەوی کورد تێیگەیاندن ماڵسوتان و ماڵتێکچوونی کورد، ماڵی ئەوانیش بەئارامی ناهێڵێتەوە و پایتەختەکەیان دەهێنێتە لەرزە و دەستوەردەدرێت لەو دەوڵەتە مەرکەزییە سەپێنراوانەیان کە دەنگی گەلێک نابیستن. لەوەش زیاتر، نەیارانی چوارقۆڵی کوردستان، لە پرسی کۆڕەودا لەت بوون و ناچاربوون دان بە پرسەکە و ئاکامەکانیشیدا بنێن و بگرە ڕاپۆرت و نامە و نوێنەرەکانیان لەسەر دۆخی خەڵکی کۆچکردوو، بوونە پاڵپشت و بەڵگەی پشت دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨.

## کۆڕەو وەک هێزی کولتوور

لە کۆڕەوە دەرکەوت، لە ئەگەری بەکارهێنانی نەرمەهێز و هۆشیاریی ڕاستەقینەی جەماوەری و متمانەی خەڵکدا بە کیانی خۆماڵی نەک هەر دەتوانێت خۆی بپارێزێت، بەڵکو دەتوانێت پشتوان و پارێزەری تفەنگ و توندەهێزی پێشمەرگە و قەوارەکەشی بێت، بە پێچەوانەشەوە هەمان هێندە دەتوانێت لەناوبەریشی بێت گەر متمانە بدۆڕێنێت.

لە دنیای نوێی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەری وڵاتان، دیدگای سیاسەتی واقیعگەرایی و واقیعگەرایی نوێ زۆرترین ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردن و سنووردارکردنی ڕەفتاری دەوڵەتان و ئەندامەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەم

دیدگایەدا، گرنگ نییە دەوڵەت چ ڕەفتار و ئایدۆلۆژیایەکی هەیە و نیازی چییە، بەڵکو ئەوەی ڕۆڵی بۆ دیاریدەکات جەمسەربەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی زلهێزەکانە کاریگەریی یەکەم و ڕاستەقینە جێدەهێڵێت.

ڕاستە کورد خۆی یەکێک نەبووە و نییە لە کاراکتەرە دەوڵەتییەکان، بەڵام لە ڕێی نیمچەلۆبی کولتووریی و سیاسیی و پارادبلۆماسییەوە، لە کۆڕەووە دەرکەوت دەتوانێت جێی خۆی بکاتەوە، نەک تەنها ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەت و دەستوور و یاساکانی عێراقدا بمێنێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەکرێت دیاردەیەکی وەک کۆڕەو بیکاتە ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و نێودەوڵەتی کاریگەر، هەروەک ئەوەی قەوارەی هەرێم ڕۆڵی باشتری بینی و کاریگەریشی لە دواوێستگەی جەنگی دژەتیرۆر و داعشدا بە ڕوونی بۆ دەوڵەتان دەرکەوت.

بۆیە دەکرێت لانیکەم سود لەو نیمچەلۆبی و نەرمەهێزە کولتووریانە وەربگیرێت، کە تێیدا تفەنگ و دەستوورەکان لە پاراستنی ماف و شوناسی کورددا کورت دەهێنن. بۆ نموونە لە پرسی کەرکوک و ناوچەدابڕێنراوەکان، مافەکانی کورد لە تورکیا، ئێران و سوریا و پشتیوانی لە جوڵانەوەی ڕزگارییخوازیی کورد لەو وڵاتانە و...تاد.

## مێژوو بۆ ئایندەسازیی کورد

لە وردبوونەوە لە دیاردە و لێکەوتەکانی کۆڕەوە دەردەکەوێت پرسی کورد پرسێکی ماف-تەوەرە، بۆیە لەتناکرێت، یەک پاکێجە و لە هەر پارچەیەک بێت یەک ستەمی هاوبەشی هەیە، گەرچی چوارنەیار و چەند هێز و چەند ئیدارەی هەبێت بەڵام یەک ئیرادەی ناوەکی هەیە، گەر بخرێتەکار سەرلەبەر دەخرۆشێت و سنووری سیاسیی ناناسێت. لێرەدایە گرنگە پرسی کورد لە چوار پارچە لەتنەکرێت و نەرمەهێزی کوردان بۆ هەرچوارلا وەک پاکێجێک ڕێکبخرێتەوە و بجوڵێنرێت، گەرچی لەڕووی بەڕێوەبردنی دۆسێکەوە، چوارلایە بەڵام لەڕووی جۆری مامەڵە و پێشێلی مافەوە وەک یەکن، گەر کۆتکردنی ڕژێمی بەعس لە ٦٨٨ و دژەفرینندا، بەهۆی چەوساندنەوەی گەلی خۆیی و پێشێلی مافی مرۆڤەوە هاتبێتە ئاراوە، ئەوا تاران، ئەنکەرە و شام هیچیان لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچوون و هەمان پێوەر بۆ ئەوانیش ڕاستە و هەقییەتی هاوشێوەی کۆڕەو، فشار و کارتی نەرمی کوردان بەکاربهێنرێت. تا ئەوکاتەی ئێران و تورکیا دان بە مافی کولتووری و سیاسیی کوردانی ڕۆژهەڵات و باشوردا نەنێن، داننان و مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا نەک ناچارییە بەڵکو چەواشەکاریی و بەکارتکردنی پرسی مرۆیی کوردە، چونکە پرسی کورد لە هەرچوار پارچە پرسی مافی مرۆڤە و مافی مرۆڤیش پرسێکە بەشبەش ناکرێت. ناکرێت لێرە بڵێیت پارێزگاری هەولێر و کوردی عێراقم لە دەست گورگی عەرەبی، بەڵام خۆت گورگێکی تورکی و فارسی بیت بەرامبەر زمان و شوناس و ئینسانی کورد لە ئێران و تورکیا. کچێک تەنها لەبەرئەوەی خوشکە بچووکەکەی فێری ئەلفبێی کوردی بکات، ٥ساڵ توندی زیندانەکانی عەجەم بێت (زارا محەممەدی) و کچێکی دیکەش لەبەرئەوەی بەرگەی لەمافی مرۆڤی عەفرینییەکان کرد(چیچەک کوبانێ) بۆ هەتاهەتایە زیندانی تورکان بکەیت. سەلاحەدینێکی سەرکردە لەزیندانندا بێت



سەرچاوە Serchawe

تەنها لەبەرئەوەی ماف و دیموکراسی دەوێت (دەمیرتاش) و سەرکردەیەکیش لەبەرئەوەی ئاشتی دەوێت، لەسەر مێزی دانوستاندن تیرۆر بکرێت(قاسملو).

سەرچاوە: ماڵپەری درەو میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

# لێکەوتەکانی کۆڕەو و دەرچون لە بازنەی حیکایەتەکان



**سەرکەوتی جیهاز**

ئەگەر چی کۆڕەو بۆ خۆی تا ئێستاش پڕە لە حیکایەتی تراژیدی کە نمونەیان لە ڕوداوەکانی جیهاندا کەم وێنەیە و دەکرێت دنیایەک ڕۆمان یان شیعر و شانۆ و تابلۆی لێ دروست بکرێت

بەڵام دەبێت چی تر لە بازنەی گێڕانەوەی تەنها حیکایەتەکاندا نەخولێینەوە و ڕەهەندەکانی تری بخوێنرێتەوە، کورد لەم بەشەدا خاوەنی سێ کارەساتی گەورەیە (هەڵەبجە، ئەنفال، کۆڕەوە) کە دەکرێت وەک سێ دۆسیە لەسەر ئاستی سیاسی و مرۆیی جیهانی تا ئێستاش کاری لەسەر بکرێت و بەردەوامی هەبێت، چی تر دەبێت لەو حیکایەتانە دەرچین کە هەمومان لەبەرمانە، لەو سەرگوزەشتانە دەرچین کە زۆر لۆکاڵی و لە بازنەیەکی بچوکدا وەک یادنامەیەک بیان گێڕینەوە، ئەم سێ کارەساتە وەک سێ کارگەی بەرهەمهێنی دۆسیەی گەورەن کورد لەسەر ئاستی دەوڵەتداری دەبێت کاریان لەسەر بکات و نەهێڵێت بێ بەرهەم بن و تەنها لە قۆناغی ڕوداوەکەدا بەرهەمی هەبێت و دوای ئەوە کارگەکە بێ بەرهەم بمێنێتەوە، بڵێین ئەمە لە کۆندا ئەم کارگەیەمان هەبو، کورد دەتوانێ لەسەر مێزی جیهانی بەردەوام ئەم دۆسیانە بەکار بهێنێت وەک نەتەوە زیندوەکانی دنیا (هۆلۆکۆست، ئەرمەنەکان و هتد).

دەبێت کۆرەو چی تر لە حیکایەت دەرچێت و ڕەهەندەکانی تری بخوێنرێتەوە، وەک ڕەهەندی سیاسی و سەربازی و جوگرافی و مێژویی و کۆمەڵایەتی؛

١- **سیاسی:** بە درێژایی مێژوی شۆڕس و خوێن هەبوە ئەگەر چی قوربانی گەورەیان داوە بەڵام بە هەمو شۆڕشەکان بە قەد کۆڕەو بەرهەمی نەبوە لە ڕوی سیاسیەوە، کۆڕەو نەخێرێکی سیاسی بو بۆ دنیا، بە شێوەیەک نەتەوەیەکگرتوەکانی ناچار بە کۆبونەوە کرد ئەگەر چی زیاتر مرۆیی بو بەڵام لە دەرئەنجامدا بوە سەرەتای بونی کورد وەک کیانێکی سیاسی و بڕیاری ٦٨٨ و هێلی دژەفڕینی ٣٦ی لێ کەوەتوە، کە بوە سەرەتایەکی ناسینی سیاسی بۆ کورد وە کورد بوە کاراکتەری سەرەکی سیاسی عێراق.

٢- **سەربازی:** وڵاتانی زل هێزی دنیا ی ناچار کرد وەک لایەنی سەربازی ببنە بەشیکی سەربازی کورد و لەبەرامبەردا قەیدی ڕژێمی بەعس بکەن، ئەمە بۆ خۆی سەرەتای ناسینی لایەنی سەربازی کوردی بو کە دوا جار هێزی پێشمەرگەی لێکەوتەوە وەک لایەنی فەرمی سەربازی و تا ئێستا کە پشتیوانی کورد دەکرێت درێژ کراوەی هەمان سودی سەربازی بو.

٣- **جوگرافی:** کورد بۆ یەکەمین جار توانی تا کەرکوک و خانەقین و جەبەل حەمرین بڕوا و سنوری خۆی لە ڕوی جوگرافیەوە وەربگرێتەوە.

٤- **مێژووی:** ئەو لێکەوتانەی کە کۆڕەو توانی لە ئاستی جیهانیدا بەدەستیان بێنێت بونە ناسنامەی کورد وەک کیانێکی سایسی و مرۆیی گەورە، بە شێوەیەکی ئەگەر چی مێژوی کورد پڕە لە بەرخودان و قوربانیدانی شۆڕشەکان بەڵام بە هەمو شۆڕشەکان بە قەد کۆڕەو قازنجی نەتەوەیی و کیانی سیاسی نەبو، کە ئەمەش دەبێتە سەرەتایی ترین مێژوی خۆ بەڕێوەبردنی کورد لە مێژودا.

٥- **کۆمەڵایەتی:** لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر پتەو کردنی گیانی خیزانی لەبەردەم کارەساتەکاندا بو، پەیوەندیەکانی بردە ئاستێکی زیندو تر تا گەشەی کۆمەڵایەتی ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتی هاوکات گرێدراو لە گەڵ هەڵوێستی نەتەوەایەتی یەکانگیر بو بەوەی لە لەحزیەکدا کورد بە یەک دەنگ قوربانی گەورەی دا کە بە دنیا بڵێ نەخێر، کۆڕەو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نەخێرێکی گەورە بو، توانی لێکەوتە باشەکانی کۆمەڵایەتی دەست بکەوێ.

دەکرێت هەمو ئەم مەلەفانە وەک لێکەوتەی کۆڕەو بناسرێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا لە ئێستا دا کورد توانیویەتی بەردەوام کار لەسەر ئەم دۆسیانە بکات لەسەر ئاستی جیهان وەک قەرەبوی ئەم زیانانە کە بە کورد گەشتوە ئایا کورد توانیویەتی بە گوشیاری نێودەوڵەتی داوای قەرەبوی ماددی و مەعنەوی خۆی بکات و بکاتە کۆمەڵێک کارتی بەهێز و بەردەوام بیانجولێنێت و سودی گشتی لێ ببینێ.

سەرچاوە: ماڵپەری شارپریس - ڕێکەوتی: ٣١٣ی مارچی ٢٠٢١

# لەبڕیارێکی تر دە ترسین



**بەرزان شێخ محمد**

نامەوێت بۆ مێژویەکی دور بڕۆم ،لەبەهاری ساڵی١٩٩١ ڕاپەڕین هەموو شارو وشاروچکەکانی گرتەوە لێرەدا لێبووردنی گشت بەبێ دیراسەکردن واتە بە عشوایات (ئەمەبڕیارێک تائیستا ئاسەواری نەرێنی هەیە)دوای ئەوەی نەتوانرا لەڕووی سەربازیەوە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین بپارێزین.

کۆڕەوە گەورەکە ڕویدا بوو بە ناسنامەی گەلێکی غەدرلێکراو، وای لێهات دوژمنە تقلیدیکانی کورد(تورک، فارس، عەرەب) نەیناتوانی هاوکاریمان نەکەن،لەم کاتەدا هاوپەیمانان بڕیاری ناوچەی ئارامیاندا(ناوچەی دژە فڕینی نێوان هێڵی ٣٦ - ٣٧) لەبەرامبەردا کورد چی کرد ملیان بەرەو بەغداد گرتەبەر تائیستاش هۆکارێکی سیاسی زانستی نەخراوەتە ڕوو بۆ؟(ئەمە بڕیارێک)دەرهاویشتەی ئەمە چی بوو بەرژەوەندێکان سەریان هەڵدا ،بەرەی جلالی ومەلای زیندو بوە بەواتایەکی تر ئەو یەک ڕیزیەی شاخ نەما ودزی وتالانی دەستی پێکردو شەرعیەتی شۆڕشگێری بۆ کاڵاو بێ نرخێکانیان پێدا هەڵواسی.

هەڵبژاردن وپێک هێنانی پەرلەمان وحکومەتی ففتی بە ففتی کێشەکانی (ئەمەش بڕیارێکی تر) دەکرا کانتۆن وخۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی پەیڕەو بکرایە بەهۆیەوە کادیری کارگێری وتشریعی ویاسایی پێ بگەینرایە ئەوکات شتێک نەبوو بۆ پاوەن خوازی وپۆستی باڵا ئەو هەموو ساڵە خوێن وماڵوێرانیە دروست نە ئەبوو کەتائیستاش کاریگەری نەرینی هەیە، کەدەوڵەتی عێراقی سەدامی رووخا کورد پێویستی بەوە نەبوو بەو قورساییە بچێتە بەغداد.

(ئەمەش بڕیاریکیتر)لەبری ئەوە هەولێری بەگەورەی بهیشاتیەوە لێرە بڕیار لە چارەنووسی عێراق بدرایە ئەو عێراقەی هەرگیز جی تۆی تێدا نیە جگە لەزەلیلی وژێردەستەیی نەک دوای چەند پۆستێکی وەهمی تەنها بۆ دەستکەوتی پارەو شەخصی کەتائیساش سەرچاوەی کێشە ناو خۆیەکانە فرۆشتنی نەوت و ئابووری سەربەخۆ(ئەمەش بڕیارێکی تر).

تۆیەک نە خاوەنی تەکنەلۆژیای ونە ئەزانی بەکاری بهێنی لایەنی کەم نەوتوانی مارکێتینی بۆ بکەیت چی بەرهەم هێنا پاشکەوتی مووچەوقەرزاری بۆ چەند نەوەیکی تر قۆرخکاری بازارو ئەرزو ئاسمان ژیان کولەمەرگی بۆ هاوولاتیان لەناو ئەم هەموو نە هامەتیە ڕاپرسیت هێنایە کایەوە(ڕیفراندوم بۆ سەربە خویی) لەسەدا پەنچا ئەو خاکەی کەبەئەمری واقع تۆ بەڕیوەت ئەبرد ئەوشی لەدەستدا ئیستالەدەستدایە بەشێکی زۆری تورک داگیری کردوە وەسیاسیەن هیچت بەدەستەوە نیە جگەلە نەهامەتی بۆ هاوولاتی مووچەت پێنادرێت پرۆژەت نیە مل کەچ لەبەردەم رەحمی بەغدای بۆیە هەمیشە بڕیارەکان ئەوەیە چاکی مەکە باخراپتر نەبێت بەچاوەشەوە سەیری چاکسازیکەتان دەکەین

سەرچاوە: ماڵپەری ئاژانسی هەواڵی کوردی - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# بڕیاری ٦٨٨



**سیامند سێلکی**

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لەساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە، بۆ یەکەمجار لە(٥ - ٤ - ١٩٩١) بڕیارێکی لەبەرژەوەندی کورددا دەرکرد. ئەویش بڕیاری (٦٨٨) بوو. ڕەنگە بەشی هەرە زۆری نەوەی دوای ڕاپەڕین وەکو پێویست زانیاریان لەسەر چوونێتی دەکردنی ئەو بڕیارەو دەرئەنجامەکانی نەبێت.بویە لەسونگەی ئەوەی کە بڕیارەکە بۆ کورد گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە پێویستمان زانی بەکورتی هەندێ زانیاری لەسەر بڕیارەکە بخەینە ڕوو.

لە(٢١ی نەوروزی ١٩٩١) هەڵمەتی ڕاپەڕینی خەڵک و پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە کەرکووک. دیارە ئەم سەرکەوتنەی کورد بۆ ولاتانی عەرەبی بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی قورس و گران بوو . بویە لەرێگای کەناڵە دیبلوماسیەکانی خۆیانەوەو بەبیانوی پاراستنی یەکپارچەی ئێراق، داوایان لەهێزی هاوپەیمانان کرد دەرفەتی ئەوە بەسەدام بدرێت، لەرێگای بەکار هێنانی تانک و فرۆکەی هەلیکوپتەرەوە ڕاپەڕینی خەلکی کوردستان سەرکوت بکات .مخابن ولاتانی هاوپەیمانیش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانیان کە لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەیان بوو، چرای سەوزیان بۆ سەدام و ڕژێمەکەی هەڵکرد کە تانک و فرۆکەی هەلیکوپتەر دژی پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەریوی کوردستان بەکار بهێنێت. لەئەنجامی ئەمەدا هێزەکانی سەدام توانیان شارە گەورەکانی کوردستان داگیر بکەنەوە و لەچەندین شوێنیش کوشتاری بەکۆمەڵیان دژی کوردستانیان ئەنجامدا. لەکۆتایی مانگی ئاداردا خەڵکی کوردستان لەپێناو مانەوەیان و لەکۆڕەوێکی ملیونێدا شارەکانی کوردستانیان بەجێهێشت و روویان کردە سنورەکانی ئێران و تورکیا. لەو کەش و هەوا ساردەدا سەدان هەزار کەس پەنایان بۆ چیاکان برد و لەبەر بەفر و کرێوە مانەوە. ئەمە بۆ جیهان بەگشتی تراژیدیایەکی ئینسانی گەورەبوو. دەنگدانەوەیەکی زۆری لەمیدیاکانی جیهانیدا دروست کرد. دیارە لەو سەردەمەدا تەنها چیاکان دۆستی

کورد بوون. وڵاتانی جیهان لەبەر ئەو بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیانەی کە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان هەیان بوو، ئامادە نەبوون پەیوەندی لەگەڵ کورد گرێ بدەن و گوێ بۆ ئازار و مەینەتیەکانی ڕابگرن. تاکە دۆستی کورد دانیال میترانی خێزانی سەرۆکی ئەو کاتی فرانسا و دکتۆر بێرنارد کوشنێر سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوری فەرەنسی بوون. سەرۆک بارزانی لەڕێگای دانیال میتران و بێرنارد کوشنێرەوە دەنگی پڕ لەئازاری کوردی گەیاندە سەرۆک و حکومەتی فەرەنسا. لەو بارەوە دانیال میتران لەسەردانێکیدا بۆ کوردستان و لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

بەسەرۆک میترانم ڕاگەیاند سەدان هەزار مرۆڤ بێ پشت و پەنا لەچیاکان چاوەڕێی مەرگ دەکەن. هێرشی سوپای ئێراق و سەرما و برسێتی هەرەشەی جدین بۆ سەر ژیانی ئەو خەلکە .بویە ئەرکی کومەلگای نێودەولەتیە ڕێگری لەڕوودانی کارەساتێکی گەورە بکات .پێویستە فەرەنسا ڕۆلی خۆی بگێرێت و هانی ئەنجومەنی ئاسایش بدات،تا ڕێگری لەڕوودانی ئەو کارەساتە بکات .ئەوەبوو سەرۆک فرەنسوا میتران داوای لەنوێنەری فەرەنسا لەئەنجومەنی ئاسایش کرد،تا لەو بارەوە داوای کوبونەوەیەکی بەپەلە بکات. لەسەر داوای نوێنەری فەرەنسا ئەنجومەنی ئاسایش لە(٥ - ٤ - ١٩٩١)کۆبویەوە. لەسەروبەندی کۆبونەوەکەدا، جارێکی دیکە سەرۆک میتران بەتەلەفون قسەی لەگەڵ نوێنەری فرانسا کرد و پێیراگەیاند، ئەندامانی ئەنجومەن ئاگادار بکە، ئەگەر بریارێک بۆ ڕێگریکردن لەکارەساتێکی گەورەی ئینسانی دەرنەکەن، ئەوە سوپای فەرەنسا بەتەنێ دەکەوێتە ڕێ و ئەوەی پێویستە دەیکات.

بەم شێوەیەو لەژێر گوشاری فەرەنسادا ئەنجومەنی ئاسایش ناچار بوو بڕیاری (٦٨٨) دەربکات. لەکۆی پانزدە ئەندامی ئەنجومەن دە ئەندام دەنگی بەلێیان پێدا کە ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسا و روسیا بەشێک بوون لەو وڵاتانە. سێ وڵاتیش دژی بڕیارەکە دەنگیاندا کە بریتی بوون لە زیمبابوێ و کوبا و یەمەن کە هەرسێکیان ئەندامی کاتی ئەنجومەن بوون. هەردوو وڵاتی چین و هندستانیش دەنگیان نەدا. لەچوارچێوەی ئەو بڕیارەدا ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە ناو هێڵی سی و شەش وەکو ناوچەی ئارام و دژە فرین دەست نیشانکران و،هێزەکانی سەدامیان ناچار کرد ئەو ناوچانە بەجێ بێلن و بکشێنەوە. لەسەر نەخشەی عێراق هەولێر و دهۆک و موسل دەکەوتنە سەر هێلی سی و شەش، بەلاّم سلێمانی و گەرمیان لەدەرەوەی ئەو هێلەدا بوون. بۆیە سەرکردایەتی کورد بەتایبەتیش سەرۆک بارزانی لەپێناو ئەوەی کە سلێمانی و گەرمیانیش بکەونە ناو ناوچەی ئارام داوای لەهێزی هاوپەیمانان کرد کە هێلی (٣٦) بگۆرن بۆ هێلی (٣٤)، بەلام ئەوە نەکرا بۆیە لەجیاتی موسل سلێمانیان خستە ناو ناوچەی ئارام .بەم شێوەیە هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهوک و سلێمانی کەوتنە ناو ناوچەی ئارام و هێزەکانی سەدام لیی کشانەوە. بۆ چاودێریکردن ناوچەی ئارام هێزێکی هاوپەیمانان بەناوی چەکوشی ئامادە بۆ دابینکردنی ئارامی لەبنکەی ئینجەرلیکی تورکیا جێگیر بوو. لەئەنجامی ئەمەدا دەسەلاّتی بەرەی کوردستانی لەو سێ پارێزگایەدا بووە ئەمری واقع (دیفاکتۆ) لەو کاتەدا لەپێناو دامەزراندنی دام و دەزگایەکی شەرعی و یاسایی لەکوردستان و لەسۆنگەی بروا بوون بەبنەماکانی دیموکراسی سەرۆک بارزانی لەشاری کۆیە و لە وتارێکی مێژوویدا

پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی وەکو پێشنیارێک خستە بەردەم بەرەی کوردستانی. ئەو پێشنیارەی سەرۆک بارزانی بەهەند وەرگیراو لەرۆژی (٢٢ی گولانی ١٩٩٢) هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەکوردستان ئەنجامدرا، لە ئەنجامی ئەو هەلبژاردنەدا یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم دامەزرا.

سەرچاوە: سایتی هەولێر - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# بڕیاری(٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاسەوارەکانی



ئاراس شێخ حەسەن/مامۆستای زانکۆ

لە ٢ - ٨ - ١٩٩٠ دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق کوەیتیان داگیر کرد،لە هەمان رۆژ ئەنجومەنی ئاسایش بە پشت بەستن بە هەردوو ماددەی (٣٩،٤٠)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری (٦٦٠)ی دەرکرد،تیایدا ئیدانەی ئەم داگیرکاریەی کردوو داوای لە عێراق کرد بە پەلە بکشێتەوەو دانوستاندن لەگەڵ کویێت ئەنجامبدات،دواتریش لە ٦ - ٨ - ١٩٩٠ بە بڕیاری(٦٦١) نیشاندانی دڕدۆنگی لە جێبەجێ نەکردنی بڕیاری (٦٦٠) ئاماژەی پێ ئەکات و جەخت لە کۆتایی پێهێنانی داگیرکاری و گەڕانەوەی سەروەری بۆ کوەیت ئەکاتەوە،جگە لەسەپاندنی سزای دارایی و ئابوری بەسەر عێڕاق،دواتریش دەرچونی کۆمەڵێک بڕیاری دیکەی بە دواوە هات،وەکوو بڕیاری (٦٧٨) لە ٢٩ - ١١ - ١٩٩٠ کە هۆشداری تەواو بە عێراق ئەدات بە پابەندبوون بە بڕیاری (٦٦٠)، بە پێچەوانەوە دەوڵەتانی ئەندام لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی بە یارمەتیدانی کوەیت هەموو ڕیکارە پێویستیەکان ئەگرنە بەر بۆ دەرچوونی هەر بڕیارێکی دیکە لە پێناو گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە،دواتر کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە قاهیرە لە ١٠ - ٨ - ١٩٩٠ دوای ئیدانەکردن بە پەلە داوای لە عێراق کرد بکشێتەوە،بەڵام دوای سوربوونی عێراق لە سەر داگیرکردن هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە شەوی ١٦ - ١٧ - ١٩٩١ دەستیانکرد بە هێرشی ئاسمانی بۆسەر عێڕاق و پاشان هێرشی زەمینی لە ٢٤ - ٢ - ١٩٩١ دەستی پێکرد، تاکو ٢٧ - ٢ - ١٩٩١ بەردەوام بوو،دواتر توانیان هێزەکانی عێراق لە کوێت دەر بکەن کە بەگەردەلولی بیابان(عاصفه السحراء Desert strom) ناسرا،دوای کۆتایی هاتنی جەنگ سەرۆکی ئەمریکا هانی گەلی عراقیدا بە ئەنجامدانی ڕاپەڕین،سەرەنجام لە کۆی (١٨) پارێزگا توانرا (١٤) پارێزگا ئازاد بکرێن.



سەرچاوە Serchawe

راپەڕینی گەلی کورد سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا توانرا لە ٥ - ٣ - ١٩٩١ تاکو ٢١ - ٣ - ١٩٩١ تەواوی کوردستان بە کەرکوکیشەوە ئازاد بکرێت،بەڵام خێرا لە لایەن عێراقەوە سەرکوت کرا،دوای ئەوەی گڵۆپی سەوز لەلایەن هاوپەیمانان بۆ عێراق هەڵکرا بەپێی ڕێککەوتن لە نێوانیان لە خەیمەی سەفوان (صفوان) لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە باشوری عێراق،دەرئەنجام سوپای عێراق دەستی بەسەر زۆربەی ناوچە ڕزگارکراوەکاندا گرتەوە کە قەیرانێکی مرۆیی بە دوای خۆی هێنا بوە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس لە باشور و ملیۆنان کەس لە باکور بۆ سنورەکانی تورکیاو ئێران،کە بەدووەم گەورەترین کۆچرەو دادەنرێت لە مێژووی جیهان دوای کۆچڕەوی ئەفغانیەکان بۆ سنوری پاکستان لە ساڵی ١٩٨٠، کە سەدایەکی گەورەی بەدوای خۆی هێنا بوەهۆی وورووژاندنی کەناڵە جیهانیەکان و ڕەئی گشتی دنیاو نێودەوڵەتی بە تایبەت لەسەر گەلی کورد،کە تووشی دەربەدەری و برسی بوون و مردنی ژن وپیروو مندال بووەوە.

**لە ٥ - ٤ - ١٩٩١ بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسند کرا، تیایدا لە دیباجەکەی هاتووە:**

ئەنجومەن بەرپرسیاریەتیەکی تەواو هەڵدەگرێ لە دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و نیشاندانی نیگەرانی بەرامبەر سەرکوتکردنی گەلی عێراق کەبوەتە هۆی پاڵپێوەنانی ئاوارەکان بەرەو سنورەکان و بە هەڕەشە بۆسەر ئاشتی ئاسایشی جیهانی وەسفی دەکات،هەروەک ئەم بریارە ئاماژە بە پەیامی نوێنەرانی بەریتانیاو فەرەنساو تورکیاو ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات لە ٣ - ٤ - ١٩٩١: دیباجەکە جەخت لەسەر پابەندبوونی وولاتانی ئەندام بەرامبەر سەروەری عێراق ئەکاتەوە لەگەڵ ئیدانەکردنی گەلی عێراق بەتایبەتی گەلی کورد لە لایەن رژێمەوە،هەروەک داوا ئەکات بەوەستاندنی سەرکووت کردن و ئەنجامدانی دانوستان بە گفتو گۆی کراوە کە زامن بێت بۆ ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و مافە سیاسیەکان بۆ هاونیشتیمانیان،جگە لە پێداگرتن لە سەر داواکردن لە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەوپەری توانایەوە هەوڵە مرۆییەکانی بخاتە گەڕ و لەحالەتی پیویستنێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ناوچەکەو پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لە سەر دۆخی هاوولاتیانی عێراق بە گشتی و کورد بەتایبەتی،هەر وەک تیایدا هاتوە بەبەکارهێنانی هەموو سەرچاوەیەکی بەردەست لە ژێرفەرمانی ئەودا بە سەرچاوەی وەکالاتی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیوەست بەم کەیسە مرۆییە بەخێرایی و ئەمپرسەش بەردەوام لە ژێر چاودێری دایە.

دەرئەنجامی بڕیارەکەش بریتیبوو: لە هاتنی ڕیکخراوەکانی بۆ عێراق و کوردستان و سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین لە باشوری هێلی (٣٢) بۆ ناوچە شیعیەکان و ناوچەی ئارام لە باکوری هێلی ٣٦ لە بەشێکی فراوانی کوردستان،ئاسەواری ئەم هەنگاوانەش بریتیبوون لە:گەڕانەوەی کورد بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بە پشت بەستن بە دابینکردنی ئاسوودەیی( عملیة توفیرالراحة (Provide comfort،وە ئەمەش کەوتە بواری جێبەجیکردن لە ماوەی نێوان هەردوو : ناوچەی ئارام (ملاذ الامن (safe haven و ناوچەی دژە فڕین(حظر الطیران (No-fly zone) لە باکوری ئەم هێڵە،بۆ ئەم مەبەستەش



سەرچاوە
Serchawe

ڕێکەوتن لەگەل تورکیا کرا بۆ بەکارهێنانی ئەنجەرلیک،هەرچەندە ئەم بڕیارە لە دیدێکی مرۆییەوە سەری هەڵدا بەڵام ناوەڕۆکەکەی چەندین دەسکەوتی سیاسی و قانونی بۆ کورد زامن کردوە بەوەی دەروازەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی کورد،تیایدا چەندین جەدەلی فیقهی و قانونی لەتەک بارودۆخی کوردستان و عێراق لە خۆ ئەگرێت، وە بە پشت بەستن بەم بڕیارە ڕەهەندی دۆزی کورد لە ناوخۆییەوە بەرەو نێو دەوڵەتیەوە ئەگوازرێتەوە، چونکە بۆ یەکەم جار دوای پەیمانی سیڤەر (١٠ - ٨ - ١٩٢٠)و پرسی ولایەتی موصڵ ( ١٩٢٤- ١٩٢٥) لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بە فەرمی ناوی کورد لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دەهێنرێت.

هێڵی (٣٦) بە هێلی جیاکەرەوەی نێوان ناوچەی ئارام و ڕژێمی عێراق دا ئەنرا لە پێناو پاراستنی گەلی کورد،بەڵام بەشەکی گەورەی کوردستان وەکو:کەرکوک و ناوچە کوردنشینەکانی موصڵ و دیالەو صلاح الدین و واسط و بەشێک لە هەولێر و دهۆک بە بێ پارێزگاری مانەوە،بۆیە یەکێک لە داواکاریەکانی کورد گۆڕینی هێلی (٣٦) بۆ هێڵی (٣٤ و ٣٥)بوو بەڵام جێبەجێ نەکرا.

دواتر ڕژێمی بەعس دەست پێشخەری ئەنجامدانی دانوستاندنی لەگەل بەرەی کوردستانی خستە ڕوو لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان کە بریتیبوون لە: بەرەوپێشبردنی ئەزموونی حوکمی زاتی و چارەسەرکردنی زروفی ناکاو (أستثنائی)و چەسپاندنی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا،بۆیە زنجیرەیەک کۆبوونەوە ئەنجامدران بەڵام بێ ئەنجام کۆتایی هات.

دوای فەشەل هینانی گفتوگۆ ڕژێمی بەعس لە ٢٣ - ١٠ - ١٩٩١ دام ودەزگاکانی بۆ باشوری هێلی (٣٦) کێشایەوە، تیایدا بوە هۆی دروستبوونی بۆشایی یاسایی و ئیداری لە ناوچەکە، بۆیە بەرەی کوردستانی ئەوکات وەکو نوێنەری گەلی کورد مومارەسەی حوکمی ئەمری واقع((Defactoی ئەکرد،بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە لە ٨ - ٤ - ١٩٩٢ بە پێیی بنەمای(توجد السلطة توجد المسؤلیة )، یاسای ژمارە (١) و(٢) دەرکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی،بۆیە بۆ یەکەمجار لە مێژودا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ئەنجامدرا لە ١٩ - ٥ - ١٩٩٢ ئەنجامدرا، وە لە ٥ - ٧ - ١٩٩٢ کابینەی حکومەتی هەرێم لە دایک بوو،تیایدا دەسەڵاتی هەرێم لە ئەمری واقع(Defacto)وە بوە قانوونی ((Dejure، دواتر بە پشت بەستن بە ماددەی(٥٦) لە بڕگەی (٢)ی یاسای ژمارە (١)ی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە لە پرسە چارەنووس سازەکاندا وە پەیوەندی نێوان هەرێم و ناوەند دیاری ئەکات،بۆیە لەسەر بنەمای ئەم یاسایە لە ٤ - ١٠ - ١٩٩٢ بە بڕیاری ژمارە (٢٢) لە دانیشتنی ژمارە (٣٨) جاڕی بەیان نامەی فیدڕالی بە شێوەی تاکلایەنە ڕاگەیاند لە چاوچێوەی عێراقدا تا ئەوکاتەی حکومەتی ناوەند وەڵام ئەداتەوە،جگە لەمەش یاسای ژمارە (١)ی ٢٠٠٥ و پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانیش مەرجەع بوونی پەرلەمانیان پشت ڕاست کردەوە،ئەم فیدڕالیەتەش بەشێوەی یەکلایەنە مایەوە تاکو دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس تەنیا لەسەر ئاستی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ

عێراقی داهاتوو پێشوازی لێکرا.

دوای ڕوخانی بەعس یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٤) دانی نا بە هەرێمی کوردستان بۆ پێش (١٩ - ٣ / ٢٠٠٣)، وە سیستمی فیدڕالی لە عێراق لەسەر بنەمای مێژووی جوگرافی پەسند کرا، وە ماددەی (٥٨) تیایدا بۆ گەڕانەوەی خاکی کوردستان بۆ سەر هەرێم چەسپێنرا، دواتر جێبەجی نەکرا، پاشان دەرچونی دەستووری(٢٠٠٥)، کە لەماددەی (١) دا دانی نا بە سیستمی فێدراڵی و پەرلەمانی لە عێراق دواتریش دانی نا بە هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدڕالی بە پێ ی ماددەی (١١٧)، وە چارەسەری سنووری کوردستانی لە ماددەی (١٤٠)دا کردوە تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە لە ڕووی یاساییەوە.

ئەوەی ئێستا ئەگوزەرێ لە رووی واقیعیەوە بەشێکی زۆر لەم ماددەیە جێبەجێ بوە دوا شەری داعش کە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە زەمینە سازی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بکات کە گێڕانەوەی ئەم ناوچانە بەشیکی گرنگن لەم زوەمینە سازیە، تەنها وەکو موزایەدەیەکی سیاسی دەسەڵاتی کوردی هەر رۆژە قەیرانێک ئەخولقینێ بۆ شاردنەوەی شکستەکانی بەناوی ڕیفراندۆم و دەولەت و ئالاوە جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی دیکە نیە، وەکو کارتێکی سیاسی شاندی حیزبی کە لە پارتی و پاشکۆیەکەی(یەکێتی) پێکهاتوون کە بەشێکە لە مەشروعی ئاکەیە، چونکە وەفدی دانوسانکار ئەبێ لە لایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێ کە پەکخراوە، بۆیە ئەم وەفدە هیچ شەرعیەتێکی قانونی نیە بەپێی بنەمای(مبني على الباطل فهو باطل) واتە شتێک لەسەر بنەمای باتڵ دابنرێ بەتاڵە، هەربۆیە ئەم وەفدە بۆ کارتێکی بازرگانی بە کوردەوە سەردانی بەغدای کردوە، تاکو هەردوو کارتی ڕیفراندۆم و کەرکووک لە ڕێگای عەبادیەوە بفرۆشن، بۆ زەمینە سازی دیداری ترەمپ و سەرۆکی پێشوی هەرێم، چونکە ڕیفراندۆم پرسێکی دەستوری و نیشتمانی و یاساییە ئەبێ پێش وەخت زەمینەسازی بۆ بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەری سنور میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## وتاری فەرەنسا لە ئەنجوومەنی ئاسایش تایبەت بە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١




**AddThis Sharing Buttons**
**Share to Google BookmarkShare to FacebookShare to TwitterShare to PrintShare to More**



**هاوڕێ ئەحمەد**

**بڕیاری ٦٨٨ بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشە تایبەت بە پاراستنی کوردو دیاریکردنی هێڵی دژەفڕین، پڕۆژە بڕیارەکە**

فەرەنسا ئامادەیکردو سپۆنسەری کردو بردییە ئەنجوومەنی ئاسایشەوەو هەر ئەو سەرسەختانە بەرگری لە مافەکانی کورد کرد، لە کۆبوونەوەی ژمارە ٢٩٨٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش تایبەت بە پەسەندکردنی بڕیارەکە. ئەو فەرەنسایەی دوێنێ چەند ئەندام پەرلەمانێکی پەرلەمانی کوردستان یاداشت نامەی نارازییان پێشکەشکرد سەرسەختانە بەرگری لە مەینەتییەکانی کورد لەو کاتەدا دەکات، ئێوەی ئەندامی پەرلەمان هەر وەکو ئەوەی لە هیچکات و بۆ هیچ شتێک پێم وەها نەبوون بتوانن نمایندەی ئەو گەلە بکەن کە گوایە نوێنەریانن، لەم بابەتەشدا هەمانشێوە.

فەرەنسا پرۆژەکەی بردە ئەنجوومەنەکەو دەنگی پێویستی بۆ کۆکردەوە و دەریچواند بەڵام تەنها دەوڵەتی ئیسلامی ئەوکاتی ئەندامی کاتی ئەنجوومەنی ئاسایش دەوڵەتی یەمەن بوو، کە بە نەخێر دەنگی بۆ دا، فەرەنسا بۆ بەرگری لە کورد ئاوها هاتووەتە گۆ:

"بەرێزان، دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان چیمان پێدەڵێت؟ دەستوورەکە دەڵێت: ئێمەی گەلانی ناو نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارمانداوە کە نەوەی داهاتوومان لە هەموو جەنگێک بپارێزین و مافەکانی مرۆڤ و شکۆی مرۆڤ پارێزراوبێت.

ئەم وشانە جێگای بایەخە، بەڵام گەر نەچێتە چوارچێوەی کاری جدییەوە ئەوا وەکو دەستووری کۆمەڵەی گەلان تەنها وەکو خەونێک دەمێنێتەوە، ئەم ئەنجوومەنە (ئەنجوومەنی ئاسایش) زیاتر لە دەیان بڕیاری بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەو وڵاتەدا دەرکردووە، بەڵام دەبینین هێشتا کوشتار و فڕکردن بەردوامەو هاوڵاتیانی مەدەنی و لە ناویاندا منداڵان لەبەردەم میحنەتییەکی گەوەردان.

هاوڵاتیانی مەدەنی، زۆر بە تایبەتیش کوردەکان، کە هێشتا رابردوویان پڕە لە ئازار، جارێکتر بوونەوە بە قوربانی، پێویستە دەستبەجێ کۆتایی بەو کوشتارو شەڕەنگێزییەی بەرانبەریان بهێنرێت و مافی ئەوەشیان پێبدرێت رێز لە ماف و شوناسی نەتەوەییان بگیرێت.

پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی ئێستا لەو هەرێمە روودەدات، ئەوەمان لێدەخوازێت وەکو بابەتێکی جیهانی ببینین و بە پێی پێوەرەکانیش دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژەمرۆڤایەتییەوە، ئەو شەپۆلی ئاوارەییە، ئەو کوشتارانەی سەر سنوور، ئەو هەموو کۆمەڵکوژیەی لەوێ روودادات هەرەشەیەکە بۆ سەر ئاسایش و سەقامیگری جیهانی و ناوچەکە. هەر بۆیە فەرەنسا ئەم دەستپێشخەرییەی کردووەو ئەم پرۆژە بڕیارەی ئامادەکردووە، ئەم بڕیارە لە هەمان کاتدا بۆ ئیدانکردنی هەموو ئەو سەرکووتکردن و چەوسانەوەیانەیە کە لە دژی گەلانی عێراق و زۆر بە تایبەتیش دژی کوردەکان روودەدات. فەرەنسا هیواداره کۆتایی بهێنرێت بەم ئازارو میحنەتیانەی ئەو گەلەی لەسەر خاکەکەی خۆی دەیچێژێت"




**وێنەکە: دی لا سابرێلی، نوێنەری ئەوکاتی فەرەنسایە لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە وتارەکەی لە بەرواری ٥ی ئەپریلی ١٩٩١ خوێندەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەری پلاتفۆرمی دابڕان  -  ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆڕەو، هەنگاوێک لە بە نێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد



**هیوا سەید سەلیم**

زۆر جار دەبیستین کە دەستکەوتەکانی باشوری کوردستان بەرهەمی راپەرینی بەهاری ١٩٩١ خەڵکی کوردستانە، کە لە ماوەی تەنیا لە دە رۆژدا بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان لە ژێر چەپۆکی رژێمی داگیرکەری بەعس ئازادکرا.

ئەگەر لە پاڵ ناوهێنانی راپەرین باس لە کۆرەویش نەکرێت ئەوا غەدرێکی گەورە لە کۆڕەو دەکرێت، چونکە ئەگەر پرۆسەی راپەرین بەرهەمەکەی رامالینی دەسەلاتی سەرکوتکەری بەعس بوبێت، ئەوا کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان گەورەترین راپرسی بوو بۆ رەتکردنەوەی گەڕانەوەی رژێمەی بەعس، کە بەهۆی سەرکوتکردنی راپەرین خەریک بوو تەواوی خاکی کوردستان کە بە خوێنی سەدان شەهیدی قارەمان لە پێشمەرگە و هاولاتی ئازداکرابوو داگیر بکاتەوە.

کۆڕەو، کە دواتر بە کۆچی ملیۆنی ناوی دەرکرد، پرۆسەیەکی خۆڕسکانەی خەڵکی کوردستان بوو، کە خەڵک بە تێکڕا لە شارەکان و لادیکانی کوردستان روویان لە شاخە سنووریەکان کرد، و دەستبەرداری ژیانی ئاسایی خۆیان بوون، و بۆ چەند مانگێک ژیانێکی کوڵەمەرگیان هەڵبژارد.

دیمەنە ناخ هەژێنەکانی کۆڕەو، لە مردنی بە کۆمەڵی منداڵ و پیروپەکەتەکان لە برسان و لە سەرمان، و فشاری

دەوڵەتی عێراقی لەسەر خەڵکی کوردستان، بە تایبەت لە شارە گەورەکانی وەک کەرکوک و هەولێر و سلێمانی، کە کەتبوونەوە ژێر دەسەڵاتی سەربازی و ئەمنی عێراق، هەروەها فشاری جەماوەری کۆچکردوو بۆسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا، وای لەو دوو وڵاتەکرد کە ڕۆژانی ٣ - ٤ مانگی نیسانی ١٩٩١، بە فەرمی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی کە بە هۆی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان ڕووی لە سنووری وڵاتەکانیان کردووە ئاگاداربکەنەوە.

کۆڕەو، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی کە لە ئەساسدا ئەرکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشە لە تەواوی جیهان، ئەو ئەنجومەنەی خستنە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی گەورە، بۆیە دوای ناردنی نامەی هەریەک لە ئێران و تورکیا، و بە پێداگری فەرەنسا وەک ئەندامی هەمیشەی لە ئەنجومەنی ئاسایش، ئەو ئەنجومەنە لە ڕۆژی ٥ - ٤ - ١٩٩١ بڕیارێکی گرنگی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەرکرد کە بە بڕیاری ٦٨٨ ناسراوە.

ئەو بڕیارە کە لە کۆی ١٥ ئەندامی هەمیشەی و کاتی ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا سێ و دەوڵەتی ئەندامی کاتی لە دژی دەنگیان دا، کە هەریەک لە (کوبا، یەمەن، زیمبابۆی) بوون، بە سەرەتایەک بۆ دابینکردنی چەتێرێکی یاسایی بۆ پاراستنی خەلکی کوردستان دادەنرێت.

بڕیاری ٦٨٨، کە ناوەڕۆکەکی بریتی بوو لە هەشت خاڵ، بە ڕوونی باس لە سەرکوتکردن و قڕکردنی ڕژێمی عیراق دەکات، لە بەرامبەر بە هاوڵاتیانی بە تایبەت لە ناوچە کوردیەکان، هەروەها لە بڕیارەکە داوا لە وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسیاش دەکات لە هەوڵی بەهاناوەچوونی ئەو ناوچانە دابن.

شایانی باسە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە تەمەنی دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN)، بە یەکێک لە گرنگترین ئەو بریارانە دەژمێردرێت کە لە بەرژەوەندی کورد درابێت، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش کە گرنگترین ئاژانسی جێبەجێکردنی نەتەوەیەکگرتووەکانە بڕیاری ناوچەی دژەفڕین لە هێلی ٣٦ بەسەر ڕژێمی بەعس دەسە پێنێت.

لیرەدا تێدەگەین کە کۆڕەو چەندە پرۆسەیەکی گرنگ بووە، بەڵام لەنیو ئەو پرۆسەیەشدا کە کارەکتەرەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوونە، دەبێت هەمیشە ڕۆڵی وڵاتی فەرەنسا، بە تایبەت هەڵوێستی دۆستانەی دانیال میتران بەهەند وەربگیرێت، کە چۆن توانی فەرەنسا ناچار بکات تەبەنی بڕیارێکی گرنگی وەک بڕیاری ٦٨٨ لە ئەنجومەنی ئاسایش بکات.

لە ئێستادا کە ٣٠ ساڵ بەسەر ڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان، و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ دەردەچێت، دەرکەوت کە کۆڕەو،

وەک ریفڕاندۆمێکی خۆڕسکانەی خەڵکی کوردستان، توانی رای گشتی جیهانی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بگۆڕێت. بەڵام لە ماوەی ئەو٣٠ ساڵەدا لە هەرێمی کوردستان رووداوی وا رویداوە، کە زۆرجار خەریک بوو پێچەوانەکەی ببینین ئەویش بە لەدەستدانی سۆز و پشتیوانی نێودەوڵەتی.

**سەرچاوە: ماڵپەری درەو میدیا - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١**

# بڕیاری (٦٨٨ و هێڵی ٣٦) بۆ کورد دەسکەوت بوون؟



حامد محەممەد عەلی

بە پێداچوونەوەیەکی بابەتیانە و وردی مێژووی سیاسیی نوێی کوردستاندا، بۆمان دەردەکەوێ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا ـ جاران لە پێشیانەوە بەریتانیا و ئێستاش ئەمریکا و بەریتانیا پێکەوە ـ هەرگیز لەگەڵ ئامانج و مافی سەربەخۆیی کوردستاندا نەبوون ، بەڵکو وەرەقەی کوردی و هێزە کوردیەکانیان لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا ، لەماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا بۆ ئامانجی نزیک و دووری خۆیان بەکارهێناوە.

پارچەپارچەکردنی خاکی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا، بەپێی ڕێککەوتننامەی شوومی سایکس پیکۆ لە (۱۹۱٦)، دەتوانین بڵێین گەورەترین گورز بوو، ئەو زلهێزانە لە کوردستان و گەلی کوردیان وەشاند.

ئەوەش بۆئەوەی لە داهاتوودا دۆز و پرسەکەی تەنها لەگەڵ دەوڵەتێکدا نەبێ، بەڵکو لەگەڵ چوار دەوڵەتی داگیرکەردا بێت، تاوەکو زیاتر ئاڵۆز بێت و ئەگەری ڕزگاربوون و بەئامانج گەیشتنی خەون و خولیای دەوڵەتی کوردستان، ئەوەندە قەیراناوی بێت، بەدیهاتنی ئەستەم بێت.

دیارە دواتریش شکستپێهێنانی شۆڕش و هەوڵەکانی هەریەکە لە (شێخ مەحموودی حەفید و سمایل ئاغای سمکۆ) لە بیستەکان و هەروەها پشتگیریی نەکردنی کۆمارە بچکۆلەو ساواکەی (شەهید قازی محەممەد) لە ۱۹٤٦ و کۆتاییپێهێنان بە شۆڕشە ۱٤ ساڵیەکەی مەلا مستەفا لە ۱۹۷٥.

دوای ئەوانیش، بە ڕاو تێگەیشتنی خۆم، ئەگەر بەوردی لێی بکۆڵینەوە و دەرئەنجامەکانی وەرگرین، دەتوانین بڵێین تەنانەت دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٨) ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ و دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ کوردی ئێراق لە پاش کۆڕەوە ملیۆنیە پڕ لە نەهامەتی و کارەساتەکە، لە ناوچەکانی سەرووی هێڵی (٣٦)، خۆی بۆخۆی ئەوەندەی لەو هەلومەرجە ناهەموارەدا ، دەسکەوت بوو بۆ گەلی کورد لە باشوور، بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان لە هێرشی دڕندانەی هێزەکانی ڕژێمی ئەوکاتەی سەدام، من دەڵێم دوو ئەوەندە پیلانێکی ڕەشی شاراوەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی هەرێمیی داگیرکەری کوردستان بوو، بۆ ئامانجێکی ڤێزەونی دوور.

لەڕاستیدا بەشێکی باشی ئامانج لە بڕیاری دابینکردنی نەوای ئارام لەسەرووی هێڵی (٣٦) بۆ مەودای دوور، تێکدانی نەخشە و سنووری ڕاستەقینەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان و جێگیرکردنی بوو لە چوارچێوەی سێ پارێزگاکەی (حوکمی زاتی دوابڕاو)دا، بە دابڕینی (کەرکووک و خانەقین و ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکانی تر) و سەپاندنی ئەمری واقیع بەسەر گەلی کوردستاندا.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین کە هەریەکە لە تورکیا و فەرەنسا و ئێران، لەڕێگەی نوێنەرانیانەوە، بە نامە داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشیان کرد، بۆ ئەو مەبەستە و دواتر فەرەنساش وەک ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەن هاتە سەر خەت و تەبەنی پێشنیازەکەی کرد و کاری پێویستی کرد بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش و دەرکردنی بڕیارەکە کە لەڕاستیدا لەو ٨ خاڵەدا هیچ ڕەهەندێکی سیاسی لەخۆ نەگرتووە و هەموو خاڵەکان تەنها ڕەهەندی مرۆییان هەیە. لەهەمان کاتیشدا لە دیباجەی بڕیارەکەدا، جەخت لە سەروەریی خاکی ئێراق و هەموو وڵاتانی ناوچەکە کراوەتەوە.

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٦ ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا، کە دیارە هەرێمی کوردستان لە ئێراقی نوێدا، بەپێی دەستوور، بوو بە هەرێمێکی فیدراڵی و گەشەکردنی گەورەی سیاسی و ئابووری بەدەستهێنا و بگرە لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و وەبەرهێنانی نەوت و گازدا، وەک وڵاتێکی سەربەخۆ هەنگاوی دەنا، بەڵام بەغدا ئامادە نەبوو ماددەی ١٤٠ی دەستوور، تایبەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم جێبەجێ بکات و دواتریش لەئەنجامی ناکۆکیەکانی تایبەت بە داهاتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان، بەغدا بوجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانیش پاش سێ ساڵ چاوەڕوانی و نائومێدبوون و شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ داعش، یەکلایەنە بڕیاری ریفراندۆمی دا بۆ جیابوونەوە لە ئێراق و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

بەداخەوە زلهێزانی ڕۆژئاوا، لەسەرووشیانەوە (ئەمریکا و بەریتانیا) لەباتی ئەوەی پشتیوانی لە کورد بکەن کە لە جەنگی

(ئـازادکردنی ئێـراق)دا لە ئـاداری ٢٠٠٣ هاوکـار و پشـتیوانێکی گرنگیـان بـوو، هەروەهـا لە شـەڕی دژی داعشیشـدا ڕۆڵێکـی کەموێنەی بینی لە شکاندنی ئەو هێزە ترسناکەدا و هاوکـارێکی بنەڕەتـی هێـزی هاوپەیمانـان بـوو، ئەوەنـدە بێوەفا بـوون، نەک چاکەی کوردیان نەدایەوە، بەڵکو دژی ڕیفراندۆم وەستانەوە کە پرۆسەیەکی دیموکراسیانەی سەردەمانەیە.

مخـابن لە پەلامـارەکەی هێزەکـانی حەشـدی شەعبی و سوپای ئێراقـدا بـۆ سەر کەرکـووک و نـاوچە کورسـتانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بێدەنگبوونیـان هەڵبژارد و پشتیوانیی خۆیان بـۆ "یەکپـارچەیی خـاکی ئێراق" دەربڕی. هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەو راستیەن کە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

سەرچاوە: ماڵپەری رووداو نێت - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٨

---



سەرچاوە Serchawe

# ئادار و نیسانی عیراق




**ئیدریس جەبار**

لە کوردستان راپەڕین و کۆڕەو لە باشووریش ئینتیفازەی شەعبانی و سەرکوتکردنێکی لەرادەبەدەر، ساڵی ١٩٩١ هەموو جیهان چاویان لە رووداوەکانی عیراق بڕیبوو.

ساڵی ١٩٩١ بووە هەوێن بۆ گۆڕانکاریی سەرتاسەری و لەگۆڕنانی رژێمێک کە جگە لە زەبەروزەنگ، هیچ زمانێکی بۆ ئاخاوتن لەگەڵ دەنگە جیاوازەکان بەکارنەدەهێنا، لە ئادار و نیسانی ئەو ساڵەدا عیراق گەورەترین رووداوی لەنێوخۆدا بەخۆوەبینی.

لە دوای رێکەوتنی سەفوان کە سەرکوتکردنی شارەکانی باشوور و کۆڕەوی کوردانی بەدواداهات، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پشتێنەی ئەمنییان لە کوردستان دروستکرد، تا رێگە لە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدێکی نوێ لە دژی گەلی کورد بگرێت.

ئەم هەنگاوە بەعسی سەدامی کۆتوپێوەندکرد و بووە مایەی ئەوەی رژێمەکە فەرمانگە ئیدارییەکانی لە کوردستان بپێچێتەوە، سەرەتایەکی مێژوویی بوو بۆ دروستکردنی یەکەم حکومەت و ئیدارەی کوردی لە کوردستان.

عیراق لە ئادار و نیسانی ١٩٩١وە هەڵگری نەواتی گۆڕانکاریی ریشەیی و جێهێشتنی قۆناغی بەعسیزم بوو کە وڵاتی دووچاری جەنگی عیراق - ئێران و جەنگی داگیرکردنی کوێت کرد.

لەو ساڵەدا شکۆی سوپای عیراق شکا و هاوپەیمانان لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی کوێت، تا شاری ناسریە هاتن، سەرەتا بڕیارەکە بۆ روخاندنی سەدام بوو، بەڵام دواتر پلانەکە گۆڕدرا و بە چەند رێکەوتنێک پێشڕەویکردنی هێزەکان لە باشوورەوە کۆتاییان هات.

خۆرئاوا ترسی لە تەوژمی شیعەگەریی و دروستبوونی کۆمارێکی ئیسلامی تر هەبوو لە عیراق، هەر ئەم ترسەش بوو وایکرد کوتەکەکە بدرێتەوە دەست بەعس و ئینتیفازەی شەعبانی بەو شێوە تراژیدیە سەرکوتبکرێت کە کرا.

ئابلۆقەی ئابوری لە بری ئەوەی رژێم لاوازبکات، بووە دێوەزمەیەکی سامناک بۆ عیراقییەکان، ئەمەش هەڵەیەکی تری خۆرئاوا بوو لە مامەڵەکردنی ئەو دەمەی لەگەڵ دۆسێی عیراقی.

رووداوەکان لە ئادار و نیسانی ١٩٩١وە زەمینەسازییان بۆ هاتنەبەری قۆناغێکی تر کرد لە عیراق، وڵاتییان خستە سەر ئەو رێچکە مێژووییەی کە دەبوو لەسەری رێبکات.

راپەڕینی ئادار و ئینتیفازەی شەعبانی، سەردێڕی نوسینەوەی مێژوویەکی نوێی بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بوون، بەگژداچوونەوەیەک کە عیراقی بەرەو ساڵی ٢٠٠٣ برد و بەتەواوەتی وڵاتی لە چنگی درندەترین رژێم لە مێژوودا قوتار کرد، مانگەکانی ئادار و نیسان بوونە سونبوڵی دەستپێکردنی ئەو عیراقە نوێیەی کە هێشتا ئامانجە مێژووییە چاوەڕوانکراوەکانی نەهێنراونەتەدی.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٣٠ی مارچیی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# کۆڕەوی ١٩٩١ و لێکەوتەکانی



گەلێک بە تێکڕا دووبارە ژێردەستەییان ڕەتکردەوە

تائێستا کە ٣٢ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کوردستاندا، قسەکردن لەسەر ئەو رووداوە تەنها لە سۆنگەی سۆزەوە بووە تا ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی بۆ بکرێت و سەرجەم لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی شی بکرێتەوە و ئەو رووداوە وەک وەرچەرخانێک لە خەباتی سیاسیدا لەسەر ئاستی کوردستان و لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش شیبکرێتەوە.

ئەگەر کۆڕەو لە پانتاییەکی جوگرافیی دابڕاوی ئەوکاتی باشووری کوردستاندا وەک رووداو و مەینەتییەکی میللی گەلی کوردستان شرۆڤەی بۆ بکرێت، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە رووداوەکە چەندە ترس بووە لە وەحشیگەریی رژێمێکی وەک بەعس کە پێشینەی ئەنفال و کیمیاباران و قەتڵ و عام و سەرکوتکردنی راپەڕینی شارەکانی باشووری عیراقی هەبووە، هێندەش پەیامێکی رەتکردنەوەی دووبارەی ژێردەستەیی بووە لەلایەن گەلی کوردستانەوە بۆئەوەی دوای تەنها ٢٥ رۆژ لە

ئازادیی دوای ٥ - ٣ - ۱۹۹۱، جارێکی تر بکەونەوە ناو هەمان بازنەی ترس و تۆقاندن و ملکەچی.

تائێستاش خوێندنەوەیەک بۆ ئەو لایەنەی رووداوەکە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نەکراوە بەو جۆرەی کە ئەگەرچی پێشتر رەوی بەکۆمەڵ لە ناوچەی جیاجیای کوردستان یان وڵاتانی ناوچەکە و جیهان روویدابێت، بەڵام لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا بووە و ئەنجامی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە کە کۆی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و رای گشتیی جیهان بهێنێتە سەر خەت. بۆیە دەشێت کۆڕەوی ۱۹۹۱ی خەڵکی کوردستان بە وەرچەرخانێک و داهێنانی مۆدێلێک لە رەتکردنەوەی دیکتاتۆریی و سەرکوت پێناسە بکەین بەجۆرێک کە لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی نوێی جیهانی دوای جەنگی دووەمی کەنداو و لاوازبوونی بلۆکی خۆرهەڵات و پەرەسەندنی بلۆکی خۆرئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا و زلهێزە خۆرئاواییەکانی هاوپەیمانی ئەو شێوازە لە خەباتی میللی لە زۆر شوێنی دیکە دووبارە بۆوە و بەوەش رای گشتی و میدیاکانی جیهان بە رەسمی و نارەسمی و ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە لە جیهاندا ناچار کرد چیتر بە پاساوی سەروەریی نیشتمانیی وڵاتان و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکە چاو لە دڕندایەتی و جینۆسایدی گەلانی ستەمدیدە نەپۆشن و رۆڵ ببینن لە چارەسەرکردن یان لانیکەم هێورکردنەوە و کەمکردنەوەی مەینەتیی خەڵکی مەدەنی کە دەبنە قوربانیی ململانێ سیاسییەکان.

دۆسیێی ئەمجارەمان تەرخان کرد بۆ شرۆڤەکردنی هەموو لایەنەکانی کۆڕەوی ساڵی ۱۹۹۱ و رووداوەکانی ئەو سەروبەندە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و لێکەوتەکانی دواتری.

## دۆسێ

### ئامادەکردنی: جەمال ئارێز

کۆڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کوردستان ئەگەرچی یەکێکە لە لێکەوتەکانی شکستی راپەڕینی ۱۹۹۱، بەڵام بۆخۆی وەک رووداوێکی سەربەخۆش دەهێنێت لە چەند روویەکەوە شرۆڤەی بکەین و لایەنە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکەشی هەڵبسەنگێنین کە پێمانوایە زۆر لایەنی ئەو رووداوە گەورەیە وەک پێویست قسەی لەسەر نەکراوە یاخود بەهۆی رووداوەکانی دواترەوە چوونەتە خانەی فەرامۆشکردن و بیرچوونەوەوە.

## هۆکاری کۆڕەو

بەرلە کۆڕەوی ۱۹۹۱، لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا زۆرجار ئەو ناوچانەی رووبەڕووی هێرش و پەلاماری سەربازیی بوونەتەوە، خەڵکە مەدەنییەکە ناچاری رەوو بەجێهێشتنی کاتی ناوچەکانیان بوون بۆ پاراستنی

گیانیان لە رقی تۆڵەی هێزە داگیرکەر و سوپای رژێمە یەک لەدوایەکەکانی عیراق، نموونەی ئەوەش هەر لە سەردەمی حکومەتەکەی مەلیک مەحمودەوە تا سەردەمی شۆڕشی نوێ لە چەندین ناوچە رەوی بە کۆمەڵ روویداوە، بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە هێزی پێشمەرگە لە ناوچەیەک لە ناوچەکاندا تووشی شکستی سەربازیی بوون و ناچاربوون پاشەکشە بکەن، ئیتر خەڵکە مەدەنییەکەش لە ترسی تۆڵەی سوپا و هێزەکان ناوچەکەیان بۆ ماوەیەک چۆڵکردووە و لەگەڵ هێوردبوونەوەی دۆخەکاندا گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.



دیمەنێک لە مەینەتییەکانی رۆژانی کۆڕەوی ١٩٩١

## مانەوە و باجدان

هەرچەندە هەموو رژێمەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە جەنگی رووبەڕوودا لەگەڵ پێشمەرگە رقی خۆیان بە خەڵکە مەدەنی و بێ دیفاعەکە رشتووە و ئەو خەڵکە مەدەنییانەی کە لەناوچەی شەڕەکاندا دواتر ماونەتەوە، باجی ئەو مانەوەیەیان داوە، چ بە ئەشکەنجەدان و سوکایەتی پێکردن و دەستگیرکردن، تا دەگاتە گوللەباران کردن، بەڵام لە سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاودا و بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٨٥ەوە هاوکێشەکە گۆڕانکاریی زۆر نێگەتیڤی بەسەرداهات و سەرەتاکانی کۆمەڵکوژیی دەرکەوت کە لەلایەک لەدوای هەموو شکستێکی سەربازیی رژێم لە ناوچەیەکی دیاریکراودا خەڵکە مەدەنییەکەش لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەکرانە ئامانج و وەک ئامانجێکی سەربازیی رووت مامەڵەیان لەگەڵدا

دەکراو ئەگەر هێزی پێشمەرگەش تووشی شکست و پاشەکشە ببوونایە، ئەوا گوندەکە یان ناوچەکە لەگەڵ زەویدا تەخت دەکراو ناوچەکە وەک ناوچەی قەدەغەکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و دانیشتوانەکەی بە گوێرەی مەزاجی فەرماندە سەربازییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، جا یان دەبرانە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە، یان نەفی دەکران بۆ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عیراق و گەنجەکانیشیان بە یاساکانی مەجلیسی قیادەی سەورەی هەڵوەشاوە وەک پێشمەرگە (یاخیبوو لە دەسەڵاتی نیشتمانی!) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا کە زۆرجار تا رادەی گوللەبارانکردن و کۆمەڵکوژی سەری دەکێشا.

## شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران

ئەم شێوازە لە مامەڵەکردنی رژێم و هێزە سەربازیی و ئەمنییەکانی ئەگەرچی لە سەرەتاوە وەک مەزاجی فەرماندەکانی سوپا پیادە دەکرا و لە هەموو ناوچەکاندا وەک یەک نەبوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغە جیاجیاکانی شاڵاوەکانی ئەنفالدا شێوازێکی سیستماتیکی وەرگرت و بووە بڕیاری رەسمی لەسەر ئاستی دەوڵەتەکەی بەعس و بە بڕیارێکی (مەجلیسی قیادەی سەورە) کە بە سەرەتای ئامادەکاریی بۆ ئەنفال پێناسە دەکرێت، بڕیاردرا هەموو ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتدایە، لە دوای حوزەیرانی ١٩٨٧ەوە وەک ناوچەی قەدەغەی سەربازیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و خەڵکە مەدەنییەکەشی وەک ئامانجی سەربازیی و (یاخیبوو لە دەسەڵاتی نیشتمانی!) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.



گەلێک بە تێکڕا دووبارە ژێردەستەییان رەتکردەوە

## کۆڕەوی ئەنفالەکان

لە شوبات و ئازاری ١٩٨٨ەوە جۆرێک لە کۆڕەو تاقیکرایەوە، ئەویش دەمێ بەتایبەتی لە قۆناغی ئەنفالی یەکەم و دووەمدا کە سنووری دۆڵی جافایەتی و دۆڵەڕووت و ماوەت و شارباژێڕ و مەرگە و قەرەداغی گرتەوە، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکە مەدەنییەکە لەگەڵ توندبوونەوەی هێرش و پەلامارەکاندا بەرەو سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران رۆیشتن و ئەوانەش کە توانییان خۆیان دەربازبکەن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم یان لە رێگاوبانەکان یاخود دواتر لە مەنعی تەجەولی رۆژی ٣٠ - ٤ - ١٩٨٨ دا لەناو شاری سلێمانیدا دەستگیرکران و بەرەو باشووری عیراق بران و بەشێکی زۆریان لە ١٨ ساڵ تا ٧٠ ساڵ یان گوللەباران کران، یان هەر لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا زیندە بەچاڵ کران.

لە قۆناغەکانی تری ئەنفالدا (٣ و ٤ و ٥ و ٦ و٧) دا کە ناوچەکانی قووڵایی گەرمیان و دەشتی سوورقاوشان و کۆیە و ئاغجەلەر و شوان و بالیسان و دۆڵی شێخ وەسان-ی گرتەوە، زۆربەی خەڵکە مەدەنییەکە بەو پێودانگە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا و بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن و لەو ناوچانەش جگە لەوانەی پێشتر دەربازببوون، هەموو ئەوانەی تر کەوتنە بەر هەڵمەتی سوپا و هێزە ئەمنییەکان و ئەنفالکران، بەڵام لە سنووری بادینان و لە قۆناغی هەشتەمی ئەنفالدا بەشێکی زۆری خەڵکە مەدەنییەکە توانیان دەربازی باکووری کوردستان و کەمپەکانی تورکیا ببن.

## گوشارەکان و بڕیاری ٧٣٦ و ٧٣٧

هەرچەندە ئەو کۆڕەوەی بادینان تا رادەیەک توانی میدیا و رای گشتی جیهان بووروژێنێت، بەڵام پشتیوانیی زلهێزەکانی جیهان لەو سەردەمەدا لە رژێمی عیراق، وەک پێویست رێگەیان بە میدیاکانیان نەدا هاوشێوەی کۆڕەوی ١٩٩١ ئەو تاوانە دژە مرۆییانەی رژێم زەق بکرێتەوە، ئەگەرچی لە کەناڵە دیپلۆماسییە نهێنییەکان و رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی وەک هیومان رایتس وۆچ و رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییەوە گوشارێکی زۆر خرایە سەر رژێم بۆ هێوردکردنەوەی دۆخەکە، ئەو گوشارانەش توانییان کاریگەرییەک دروست بکەن و بەهۆیەوە رژێم بڕیارەکانی ٧٣٦ و ٧٣٧ی (مەجلیسی قیادەی سەورە)ی دەرکرد کە بەهۆیەوە لێبووردنی گشتی بۆ پێشمەرگە و سەربازی هەڵاتوو و ئەو هاووڵاتییە مەدەنییە کوردانە دەرچوو کە لەناوەوە و دەرەوەی عیراقن و هەروەها لێبوردن بۆ هەموو زیندانیانی سیاسیی کورد دەرچوو، هەرچەندە زۆرێک لەوانەی لە شاڵاوەکانی پێشووی ئەنفالدا دەستبەسەرکرابوون و گواسترابوونەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عیراق، کۆمەڵکوژ کرابوون.

کیمیابارانی هەڵەبجە و سێوسێنانیش هەر لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی پێشتردا کران کە هەموو ناوچەیەکی دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێم وەک ناوچەی قەدەغەکراوی سەربازیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.




دوو نموونەی ڕەنگدانەوەی مەینەتییەکانی کۆڕەو لە میدیاکانی جیهاندا!

## کۆڕەو عەشق بوو بۆ ئازادی. یان ترس؟

**کۆڕەوی ١٩٩١ جیاواز لەو ڕەوە بە کۆمەڵانەی پێشووتر کە لە ناوچە جیاجیاکاندا ڕوویانداوە،**

**لەڕووی هەلومەرجی خۆیی و بابەتییەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش جیاواز بوو و سێ ڕەهەندی هەبوو:**

**ڕەهەندی یەکەم ڕەهەندی ترس بوو، بەو پێیەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی شارەکانی باشووری عیراقدا دڵڕەقترین سەرکردە سیاسییەکانی بەعسی کردە سەرپەرشتیار و بەرپرسی میحوەرەکانی باشوور و ناوەڕاست بۆ گرتنەوەی شار و ناوچەکان لە نموونەی (عەلی حەسەن مەجید، عیزەت ئیبراهیم، حسێن کامیل، تەها جەزراوی، محەمەد حەمزە زوبەیدی، قوسەی کوڕە بچووکی سەدام، تاهیر تۆفیق ئەلعانی، مزبان خزر هادی و سابیر ئەلدوری) کە ئەمانە لە ئەنجامی متمانە نەمانی سەدامەوە بە فەرمانده سەربازییەکانی سوپاوە لەلایەن خودی سەدامەوە کرانە سەرپەرشتیاری**


قەتڵوعامی خەڵکی مەدەنی و راپەڕیوی باشوور، بۆیە ئەو شێوازە درندانەیەی سەرکوتکردنی خەڵکی باشوور کە تا داگیرکردنەوەی شاری کەرکوک و تەنانەت ناوچەکانی گەرمیان و گەرمەسێریشی تەنییەوە، ترسێکی زۆری لای خەڵکی کوردستان دروستکرد کە ئامادەبوون هەموو ماڵ و سەروەت و سامانی خۆیان بەجێ بهێڵن لە پێناوی پاراستنی گیانیاندا.

**رەهەندی دووەم لایەنی ئازایەتی بوو** لەوەی کە ئامادەن مردن هەڵبژێرن نەک جارێکی تر بکەونەوە ژێر دەسەڵاتی بەعسییەکانەوە و بۆ ئەوەش ئەگەرچی زۆربەی شار و ناوچەکان لەلایەن رژێمەوە کۆنترۆڵ کرایەوە، بەڵام لە هەندێک ناوچە بەرگریی زۆر ئازایانە و جوامێرانە کرا و نەک هەر هێرشەکان لە شوێنێکدا وەستێنران، بەڵکو هێرشی پێچەوانەش دەستپێکرد، بەجۆرێک ورە درایەوە بەو کەسانەش کە گەیشتبوونە سنوورەکان و بەشێکی زۆر لەوانە دوای پەیداکردنی نوایەک بۆ منداڵ و کەسوکاریان پەلەیان بوو لە گەڕانەوە بۆ بەشداریی لە نەبەردی بەرگریی بەتایبەتی لە ناوچەکانی وەک (چیای ئەزمڕ و بیتوێن، شارەزوور) لە سنووری سلێمانی و (کۆڕێ و شەقڵاوە) لە سنووری هەولێر، بەرگریی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی راپەڕیو لەو ناوچانە توانی نەک هێرشەکان رابگرێت، بەڵکو رژێمی ناچارکرد سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و شێوازی زەبرو زەنگەکەی بگۆڕێت بۆ هێورکردنەوە و بانگەوازی لێبوردن لەوانەی دەگەڕێنەوە ماڵوحاڵی خۆیان.

**رەهەندی سێیەمیش بریتیبوو لە ویستی ئازادی و رەتکردنەوەی ژێردەستەیی.** ٢٥ رۆژی ژیانی ئازادیی خەڵک لە (٥ تا ٣٠ - ٣ - ١٩٩١، بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان جارێکی تر ژێردەستەیی و سەرکوتکاریی قبووڵ نەکەن، چونکە سەرەڕای کەمێک هێوربوونەوەی دۆخەکە و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە مەترێزەکانی بەرگریی بەتایبەتی لە هەردوو چیای ئەزمڕ و کۆڕێ و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دابینکردنی ناوچەی ئارام لە سەرووی هێڵی ٣٦ەوە و دەستپێکردنی گفتوگۆ و دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێم، بەڵام زۆرێک لە خێزانەکان یان نەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی رژێم تا ئەوکاتەی لە ئەنجامی گوشاری راپەڕینی سێیەمدا لە (٧ تا ١٢ی ١٠ی ١٩٩١) رژێم ناچاربوو هەموو هێزەکانی لە باشووری کوردستان (جگە لە کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان) بکشێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe



**یەکێک لەو دیمەنانەی کە میدیا و رای گشتیی جیهانی ورووژاند**

## دۆخی بابەتی و خۆیی کۆڕەو

ئەو رەهەندانەی کە ئاماژەمان پێدا بۆ هۆکارەکانی کۆڕەوی ملیۆنی (١٩٩١) هەر بە تەنها دۆخی خۆیی و ناوخۆیی کۆڕەو بوون، بەڵام هۆکارێکی تر هەیە کە دەهێنێت هەڵوێستەی جدیی لەسەر بکرێت، ئەویش دۆخی بابەتیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بوو.

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکردبوو لە سەروبەندی قۆناغەکانی ئەنفالدا کاتێک خەڵکی دەربازبوو لەو شاڵاوانە دەگەیشتنە وڵاتانی دەوربەر، بەتایبەتی ئێران، میدیاکانی جیهان گرنگییەکی ئەوتۆیان پێ نەدەدا بەهۆی ئەوەی زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات و ئیقلیمیش زیاتر هاوسۆزبوون لەگەڵ رژێمی عیراقدا لە جەنگەکەیدا لەگەڵ ئێران، جگە لەوەش بەرژەوەندییە سەربازیی و ئەمنی و ئابووریی و سیاسییەکانیان وای دەخواست چاو لە تاوانەکانی رژێم بپۆشن، بەڵام لە سەردەمی کۆڕەوی ١٩٩١دا بە پێچەوانەوە زۆربەی جیهان بەهۆی جەنگی داگیرکردنی کوێتەوە چووبوونە بەرەی دژبە رژێمی بەعسەوە، بۆیە دەست و دەمی میدیا و رێکخراوە نێودەوڵەتییە رەسمی و (N.G.O) کانیشیان واڵاکردبوو تا زیاتر فۆکس بخەنە سەر تاوانەکانی رژێم و زۆرێک لەو وڵاتانەش کە پێشتر بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی لە گەڵ رژێمدا پێکەوەی



سەرچاوە Serchawe

دەبەستنەوە، بەهۆی سزاکانی سەر عیراقەوە بەشوێن ئەڵتەرناتیڤدا وێڵ بوون بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی گەمارۆ ئابووریی و سیاسییەکانی سەر عیراقەوە بەریان دەکەوێت، بۆیە لەهەوڵی بەدەستهێنانی پشکێکدا بوون لە کێکی سەرکەوتنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا بەسەر عیراقدا، هەر ئەو وەرچەرخانەش لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بووە مایەی لاکردنەوە لە مەینەتییەکانی گەلی کوردستان لە باشوور و دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ئەو بڕیارە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بەشوێن خۆیدا هێنا و کۆتایی بە سەرکوتکردنی زۆرێک لە گەلانی جیهان هێنا بە پاساوی دەستەواژەی سواوی (دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتان و سەروەریی و سیادەی نیشتمانیی) بۆیە ئەو دیاردەی کۆڕەوە لە وڵاتانی یۆگۆسلاڤیای هەڵوەشاوە و رواندا و دواتر لە کۆسۆڤۆ و...هتد دووبارە بۆوە و لەو شوێنانەش کۆمەڵی نێودەوڵەتی و میدیاکان و رای گشتی هێنایە سەر خەت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر.

## بۆشایی ئیداری و هەڵبژاردن

کۆڕەو کە بووە مایەی راپەڕینی سێیەم و ناچارکردنی رژێمی سەدام لە کشانەوە لە کوردستان و هاوکات کێشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانی خۆی لە کوردستان و بڕینی هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ هەرێم چەندە لایەنی باشی هەبوو، بەڵام لە رووی ئایندەییەوە بەشێوەیەکی باش ئامادەسازیی نەکرابوو کە ئاخۆ دوای ئەو کشانەوە و کێشانەوەی ئیدارەیە، چارەنووسی بژێوی و ئیدارەدانی کۆمەڵگە بەکوێ دەگات، بۆیە ئەو دۆخە جۆرێک لە ناسەقامگیریی دروستکرد و ئەگەر تەبایی و یەکڕیزیی ئەوکاتی هێزە سیاسییەکان و تینوێتی خەڵک نەبوایە بۆ ئازادیی و سەربەستی، زۆر سەختتر دۆخەکە دەگوزەرا، بەوپێیەی ئیدارەی ئەو ناوچانە کەوتە دەستی بەرەی کوردستانی کە بریتی بوو لە پێنج هێزی سیاسیی خاوەن هێزی چەکدار و تەنیا سەرچاوەی ئیدارەدانی سێ پارێزگاش گومرگی باری قاچاخ و هاوکاریی و دەستگیرۆیی رێکخراوە خێرخوازییە جیهانی و ئیقلیمییەکان بوو. ئەو دۆخە ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام بە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنەوەی دامودەزگا رەسمییەکان بەشێک لەو مەینەتییانە کۆتاییان هات، ئەگەرچی لەڕووی ئابوورییەوە دۆخەکە هەر مەحکوم بوو بە دۆخی گشتیی عیراق و گەمارۆ ئابوورییەکان، بەڵام تا رادەیەک توانرا بەهۆی ئەو تەبایی و یەکڕیزییەی کە هەبوو لە ناوماڵی کورد و نەبوونی جیاوازیی گەورەی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا دۆخەکە تارادەیەک کۆنترۆڵ بکرێت.

## کۆڕەو و لێکەوتە دوورمەوداکانی

ئەگەرچی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە خوێندنەوە بۆ دۆخی کورد وەک گەل و کوردستان وەک خاک بکەین، دەستکەوتی گەورەی لێوە بەدیهات کە گرنگترینیان ئازادبوون بوو لە مەینەتییەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس و گەڕانەوەی خەڵک بوو بۆ ئەو گوند و ناوچانەی لە ساڵی ١٩٧٨ەوە تا ساڵی ١٩٨٩ جگە لە سەنتەری پارێزگاکان زۆربەیان ببوونە ناوچەی



سەرچاوە
Serchawe

قەدەغەکراو، بۆ نموونە لە پارێزگایەکی وەک سلێمانیدا هەریەک لە قەزاکانی پێنجوێن، هەڵەبجە، چوارتا، قەڵادزێ و ناحیەکانی سیروان، سەید سادق، تەوێڵە، خورماڵ، بیارە، ناڵپارێز، قەڵاچوالان، ماوەت، سورداش، بنگرد، سەنگەسەر، ژاراوە و... هتد بەهەموو گوندەکانی سنووری ئەو قەزاو ناحیانەوە ناوچەی قەدەغەکراو بوون، هەرچی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکیشە بەهەمان شێوە چەندین ناوچەیان کرابووە ناوچەی سەربازیی، بۆیە گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناوچەکانی خۆیان لایەنێکی ئەرێنی بوو کە بۆ ئەو دۆخە ئابوورییە نالەبارە توانیی تاڕادەیەک پارسەنگی نەبوونی و گەمارۆکان بداتەوە. بەڵام دیاردەیەکی خراپ کە کاتی خۆی سەرۆک مام جەلال-ی رەحمەتی ناوی لێنا دیاردەی (ئارِ ئارِ) کە مەبەستی دیاردەی راوڕووت و کەرەستە ئاودیوکردن بوو بۆ دەرەوەی کوردستان و بەو هۆیەشەوە سەرەتاکانی دیاردەی گەندەڵی سەریهەڵدا. جگەلەوەش بەشێک لەو خەڵکەی ئاوارە ببوون بەهۆی هاوکارییە مرۆییەکانی رێکخراوەکانەوە کەوتبوونە بازرگانیکردن بەو هاوکارییانەوە کە بریتیبوون لە مادە خۆراکییە پێویستەکان و جلوبەرگ و پێخەف و تەنانەت هەندێک لە خەڵک لەڕووی دەروونییەوە بەجۆرێک شکۆی خۆیان لەدەستدابوو کە خێزان و منداڵەکانیان بردبۆوە شارەکانیش، بەڵام مانگانە کەپرێکیان ئاوەدان دەکردەوە لە ناوچەیەک و خۆیان ناونووس دەکرد بۆ وەگرتنی هاوکاری کە لەو سەردەمەدا بە (کەپرە برنجە) ناوی دەرکردبوو.

## هێزی ئارِ ئارِ و وەرگرتنی شیرینی

لەدوای هێوربوونەوەی دۆخەکەوە و بەرلە دروستکردنەوەی دامودەزگا ئیدارییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خەڵکانێک بەناوی لایەنداریی بۆ حزبەکانەوە کەوتنە دروستکردنی هێزی چەکدار و بەناوی بازگە و پاراستنی ئەمنییەتەوە پارێزگارییان لەو کەسانە دەکرد کە بەناوی رۆیشتن بۆ سنوورەکان گوایە بۆ هێنانی ئازوقە، ئۆتۆمبێل و شۆفڵ و کەرەستەی دزراوی دامودەزگاکانیان بە پارەی زۆر ئاودیوی ئێران دەکرد و لەبەرامبەر ئەو پارێزگارییەدا بڕێک شیرینیان وەردەگرت و ئیدارەی خۆیان و چەکدارەکانیان پێ دەدا کە ئەو دوو دیاردەیە سەرەتایەکی خراپبوون بۆ چەکەرەکردنی تۆوی گەندەڵی و هەڵتۆقینی کۆمەڵێک دەوڵەمەندی لەناکاو و رووتاندنەوەی هەرێمەکە لە پێداویستییە گرنگەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، کە دیارترینیان بەتاڵانبردنی کەرەستەکانی بەنداوی بێخمە بوو لە سنووری نێوان سۆران و بادینان کە بە ملیاران دۆلاری کاتی خۆی مەزەندە دەکرا و ئێستا دەردەکەوێت بەو تاڵانکارییە چ گورزێک لە سامانی ئاویی هەرێم کەوتووە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە جیهان بەگشتی و هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکە بەتاتبەتی بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە تووشی چ کارەساتێکی ژینگەیی بوونەتەوە.

## بەردەوامی پێدان لەژێر پەردەی یاساییدا

بۆیەش دەڵێین ئەوە سەرەتاکانی چەکەرەکردنی گەندەڵی بوو، چونکە هیچ لایەنێک ئامادە نەبوو سزای بەرپرس و کادر و

چەکدارەکانی خۆی بدات لەبەر ململانێی حزبی، ئەوەش بووە هۆی روو شکانی بەشێک لە خەڵک و سڵنەکردنەوە لە راوڕووت و تاڵانی. ئەم هەڵتۆقینە لە ناکاوەی بەشێک لە خەڵک وایکرد، بەشێکی تر لە خەڵک لەوانەی لە راپەڕین و کۆڕەووە دواتردا لە گەندەڵی و تاڵانییەوە تێوە نەگلابوون، لە سەردەمی پرۆسەی ئازادیی عیراقدا ئەو شێوازەیان لە خۆ دەوڵەمەندکردن تاقیکردەوە بە رێگای جیاجیا، ئەوەش جیاوازیی چینایەتی تۆختر کردەوە و تا رادەیەک چینی مامناوەندی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەهێشت، کە بەداخەوە تا ئێستاش ئەم دیاردەیە لە پەرەسەندندایە و نە بەمیدیا و نە بە یاسا بەرکارەکان نەتوانراوە وەک پێویست بەری پێ بگیرێت و بگرە زۆرێک لەوانەی ئالوودەی گەندەڵی بوون، بەشوێن دۆزینەوەی گەمەی یاساییەوەن بۆ شەرعییەتدان بە گەندەڵی و تاڵانی تا بتوانن بەردەوام بن و خۆشیان لە لێپێچینەوەی یاسایی قوتار بکەن.



**لە کۆڕەودا چەندین  منداڵ و پەککەوتە لە بەر سەرما بوونە قوربانی و دەیان منداڵیش لە باوانیان دابڕان کە تائێستا هەندێکیان چارەنووسیان نادیارە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠٢٣**

# بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش و ساڵانی ڕووداوە مەزنەکان



**سەرکەوت جەلیل**

پێش ٣٥ ساڵ، عێراق کوێتی داگیر کرد (ئەوەش ڕووداوێکی پڕ مەزن بوو). پێش ٣٤ ساڵ، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیارێکی گرنگ و مێژوویی لە بارەی گەلی کوردەوە دەرکرد. ئەوەش وای کرد ساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩١ ساڵانی ڕووداوی مەزن بن بۆ گەلەکەمان. پاش ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ و ئازادکردنی باشووری کوردستان، بە کەرکووکیشەوە، لە چەپۆکی حکومەتەکەی بەعس و سەدام (کە یەک لە مەزنترین ڕووداوەکانە)، خەڵک دەترسان بەعس تۆڵە بکاتەوە. دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بۆردومانی چڕ هەبوو. دەوترا هێرشی پێچەوانەی بەعس نزیکە و ئەمڕۆ نا سبەی هەر ڕوو دەدات. لەو دۆخە دەروونی-کۆمەڵایەتییەدا، خەڵک تێکڕا، چەندی پەرژان، لە ماڵ و حاڵ کۆیان کردەوە و بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا هەڵهاتن. بەوەش دەوترێت کۆڕەو(exodus)ە ملیۆنییەکەی ١٩٩١ (یەکێکی تر لە ڕووداوە مەزنەکان).

بەهۆی ژمارەی پەنابەرانەوە فشارێکی زۆر خرایە سەر ئێران و تورکیا، دەبوو هاوکاریی مرۆیی بۆ نزیکەی دوو ملیۆن کورد دابین بکەن، لە چادر و ئاو و نان و خۆراک و ئاسایش. دەبوو هاوکاری دەزگا فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان بن، تا بتوانن بەبێ گێچەڵ و مەترسیی ئەمنی، کار بکەن. ئەوەش واتە تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی. بۆ کێش؟ بۆ کورد! واتە ئەوەی ئەوان ئاواتی لەناوبردنیان دەخواست، ئێستا ئیتر ناچار بوون بیپارێزن و جێشیان بکەنەوە. بەو پێیەی

خەڵکیش لەسەر سنوورەکان بوون، سنوورەکانی ئێران و تورکیاش، هەمان سنوورەکانی کوردستانە (ڕۆژهەڵات و باکوور)، بۆیە زۆرترینی ئەو ئەرک و میوانداری و زەحمەتکێشانە، کەوتنە سەر شانی کوردانی ناوچە سنوورییەکان. لەو دۆخەدا بوو، هەرسێ نوێنەری هەمیشەیی تورکیا و ئێران و فەرەنسا، یەکەمیان لە ٢ی نیسان، دووەمیان لە ٣ و ٤ی نیسان، سێیەمیشان لە ٤ی نیسانی ١٩٩١ نامەیان دایە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش و لەو دۆخە ناهەموارە ئاگاداریان کردەوە. ئەنجوومەنی ئاسایشیش، پاش کۆبوونەوە و گفتوگۆی خێرا، لە ٥ی نیسان بڕیاری ژ. ٦٨٨ی دەرکرد (کە یەکێکی ترە لە مەزنترین ڕووداوەکان).

ئەو بڕیارە لە زۆر لایەنەوە بایەخدارە. بۆ کورد، دیارە کە بە دوای ئەو بڕیارەدا هێزی نێودەوڵەتی هاتنە ناوچەکە و هاوکاریی گەیەنرایە ئاوارە و پەنابەران و دواتریش گەڕانەوە و کۆتا جاریش، ناوچەی دژەفڕین وەک جێبەجێکردنی بڕیاری ٦٨٨ و پاراستنی کورد لە تۆڵەسەندنەوەی سەدام و بەعس، چەسپێنرا. لە ئاستی جیهانیشدا، ئەو بڕیارە بێوێنە و بێپێشینە بوو. پاش دووەمین جەنگی جیهانی، کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یو.ئێن) دامەزرا، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو ڕێکخراوەش هەمان چارەنووسی کۆمەڵەی گەلان-ی نابێت و بەزوویی ناکەوێت، دەبوو هەندێک جیاوک(ئیمتیاز) بدرێت بە زلهێزە براوەکانی جەنگەکە. بۆ ئەوەش، هەر پێنج دەوڵەتی ئەمەریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، چین و یەکێتیی سۆڤیەتی (کە پاش ڕووخانی لە ١٩٩٠ - ١٩٩١ ڕوسیا بوو بە میراتگری) کرانە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و لە پرسە جەوهەری (یان نارێکارییەکان)دا، مافی ڤیتۆیان پێ درا. بۆ پرسە جەوهەرییەکان نابێت هیچکام لەو پێنج ئەندامە، ڤیتۆی بڕیارێک بکەن، ئەگینا دەرناچێت و نابێتە بڕیار. بەو هۆیەوە و لە ئەنجامی ڕاجیاوازی و بەرژەوەندیی جیاوازەوە، لە پرسە مرۆییەکاندا نەتوانراوە هیچ بڕیارێک بە کۆی دەنگ دەربکرێت. تاکە ئاوارتە، دۆسیەی کۆریایە لە ١٩٥٠، پاش ئەوەی کۆریای باکوور پەلاماری کۆریای باشووری دا، ئەنجوومەن بە کۆی دەنگ بڕیاری هاوکاری و بەدەمەوەچوونی کۆریای باشووری دا. بەڵام لەو بڕیارەدا، یەکێتیی سۆڤیەتی ئامادە نەبوو، ئەگینا دەکرا ڤیتۆی بکات. تا کاتی کۆڕەوەکە و پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ١٩٩٠، جگە لە هەبوونی چەند حاڵەتێکی دەستوەردانی مرۆڤدۆستانەی تاکلایەنە (بۆ نموونە دەستوەردانی هندستان لە باشووری پاکستان (دواتر: بەنگلادیش) لە ١٩٧١ و دەستوەردانی تانزانیا لە ئوگەندا لە ١٩٧٩)، هیچ حاڵەتێکی دەستوەردانی مرۆڤدۆستانەی دەستەجەمی، نەبووە.

**بۆیە دەکرێت بڕیاری ٦٨٨ وەک پێشینەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی لە پرسی دەستوەردانی مرۆڤدۆستانە و پێشێلکردنی سەروەری و سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەت لەبەر پێشێلکردنی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ، سەیر بکرێت.**

**چەند هۆکارێک هاوکار بوون لە دەرچوواندنی بڕیاری ٦٨٨دا.**

**یەکەمیان**: بێگومان داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە و درووستبوونی ڕایەکی جیهانیی خراپ لەسەر عێراق، یان

کۆدەنگییەک لە دژی، چونکە ئەو داگیرکردنە بۆ خۆی ڕوداوێکی دانسقە بوو، دەمێک بوو شتی وا لە جیهاندا نەقەومابوو. پاش دووەم جەنگی جیهانی و دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند جارێک دەوڵەتان هێزیان دژی یەکتر بەکارهێناوە، بەڵام داگیرکردنی تەواوەتیی(full scale) ی وەک ئەوەی عێراق دژی کوێت، نەبووە.

**دووەمیان**، چوونی کوردانی ئاوارە بۆ سەر سنوورەکان و بەوەش گۆڕینی مۆرکی دۆخەکە، لە دۆخێکی "ناوخۆیی"یەوە بۆ دۆخێکی "نێودەوڵەتی"، کە کاریگەریی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبێت. چونکە وەک بنەما، گەر ڕووداوێک لە هەمان سنووری جوگرافیی دەوڵەتێکدا بێت، بە ڕووداوێکی ناوخۆیی دەناسرێت، بەڵام گەر بگاتە سنووری دەوڵەتانی تر، ئەوکات لە ناوخۆییبوون دەکەوێت و وەک ڕووداوێکی نێودەوڵەتی دەبینرێت.

**سێیەمیان**، تورکیا دژی پەنادانی کوردان و مانەوەیان لەسەر سنوورەکان بوو.

**چوارەم**، ئاوارەبوون و کۆڕەوی کوردان، بەشێک یان لێکەوتەیەکی بەکارهێنانی هێزی نێودەوڵەتی بوو دژی عێراق بەمەبەستی وەدەرنانی لە کوێت. چونکە پاش ئەوەی لە عێراق درا و شکستیان پێ چەشت و بە زەبری هێز لە کوێت کرایە دەرەوە و ژێرخان و سەرخانی سەربازیی وێران کرا، کورد و شیعە هەلەکەیان قۆستەوە و ڕاپەڕیین. ئەوەش واتە جۆرە تەئسیرێکی نێودەوڵەتی، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی نێوان کۆڕەوەکە و خودی وەدەرنانی عێراق لە کوێتەوە، ئەرکێکی زیاتری دەکەوتە سەر شان و دەبوو کاردانەوەیەکی هەر هەبێت.

**لە کاتی دەنگدان لەسەر بڕیارەکەدا، ١٠ دەوڵەت بە بەڵێ دەنگیان دا، ٣ دەوڵەت بە نا (کوبا، یەمەن، زیمبابوێ)، ٢ دەوڵەتیش خۆیانیان بوارد (چین و هندستان).** خۆبواردن (بە ئینگلیزی: - abstention بە عەرەبی: الامتناع) لە یاسادا دۆخێکە دەوڵەتێک بڕیار دەدات نە بە بەڵێ و نە بە نا، دەنگ لەسەر بڕیارێک نەدات. واتە دەنگنەدان. ئەوەش لەم دۆخەدا زۆر باش بوو، چونکە چین کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنە، دەیتوانی ڤیتۆ بکات و نەیکردووە. گەر ڤیتۆی بکردایە، بڕیارەکە دەرنەدەچوو. هەندێک دەڵێن ئەمەریکا، زۆرترین لۆبیی بۆ دەرچوواندنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی پەیوەست بە عێراق و تەنگژەی کەنداو(Gulf Crisis)ەوە کردووە. لەوانەش هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی یەکێتیی سۆڤیەتی و چین بەوەی بڕیارەکان ڤیتۆ نەکەن. بۆ ئەوەش، چاوی لە هەندێک ڕووداو پۆشیوە، وەک پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لیتوانیا و ئیستۆنیا لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتییەوە، هەروەها توندوتیژییەکانی مەیدانی تیانێمن لە چین و هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی سەر چین، کە بەهۆی ئەو پێشێلکارییانەوە بەسەریدا سەپاندبوونی.

ئەوەی بڕیاری ٦٨٨ ڕێی بە بەکارهێنانی هێز دژی عێراق داوە یان نا، یەکلا نییە. هەندێک دەڵێن ئاماژەکردنی ئەنجوومەن

بە "هەڕەشەی سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی" و لەقەڵەمدانی قەیرانی ئاوارەبوونی کوردان وەک یەکێک لەو هەڕەشانە، وای کردووە بڕیارەکە لە سایەی بەشی حەوتەمی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربکرێت. بەشی حەوتەم تایبەتە بە ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێزی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، دێنە ئەژمار. بەڵام هەندێکیش دەڵێن نا، ئەوە بەس نییە. ئەنجوومەن لە هەموو بڕیارەکانی پەیوەست بە تەنگژەی کەنداو (کە ناوێکە مەبەست لێی داگیرکردنی کوێتە لەلایەن عێراقەوە لە ١٩٩٠) بەڕوونی ئاماژەی بە بەشی حەوتەمی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان داوە، بەڵام هەمان شتی لە بڕیاری ٦٨٨دا نەکردووە. بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەش، بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا بە هانای کوردەوە هاتن و ناوچەی دژەفڕینیان لە باکووری هێڵی ٣٦ دروست کرد. ئەوەش هۆکار بوو، کە ئاوارەکان بگەڕێنەوە و ژیان لە هەرێمی کوردستان، کەم تا زۆر، ئاسایی بێتەوە.

سەرباری ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییانە، لە ئاستی ناوخۆییدا زۆری نەخایاند، حیزبە کوردییەکان دەستیان دایە یەخە و بیناقاقای یەکتر و شەڕی ناوخۆی چوار ساڵە هەڵگیرسا، کە ئەویش لە ١٩٩٨ و بە نێوەندگیریی ئەمەریکا، کۆتایی پێ هێنرا (کە هەم شەڕەکە و هەم کۆتاییەکەشی، دوو ڕووداوی مەزن بوون). بەڵام ئەمڕۆش هێشتا ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییە ماون و تارمایی ئەو شەڕە و لێکەوتەکانی، هێشتا بەسەر سەرمانەوەن. عیبرەتی ئەم بابەتە و ئەم یادە مێژووییەش ئەوەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایش، بە پێنج زلهێزی ئەندامی هەمیشەیی خاوەن مافی ڤیتۆوە، بۆ یەکەمین جار لە دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لەسەر یارمەتیدانی کوردی چەوساوەی عێراق، یەک و کۆدەنگ بوون. بەڵام کورد خۆی ئەوسا و ئێستاش، نەیتوانیوە شێوەیەکی جێگیر و سەقامگیری یەکێتی و یەکبوون، بنیات بنێت، تا هیچ نەبێت مەرگەساتی وەک کۆڕەو و ئەنفال، شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی، بەفیڕۆدان و گەندەڵی، جینۆسایدی شینگال و ئێزدی، ڕیفراندۆم و لەدەستدانی خاکی زیاتر و بەعەرەبکردنی کەرکووک و خانەقین و ناوچە دابڕاوەکانی تر، یان بنبڕ بکات، یانیش هیچ نەبێت کەمتر و خاوتر بکاتەوە.

**بە مەبەستی تێگەیشتن و ئاشنابوونی زیاتری خوێنەرانی هێژا بە ناوەڕۆکی بڕیارەکە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

**بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ٥ی نیسانی ١٩٩١**

**بەو پێیەی ئەنجوومەنی ئاسایش،**

هۆشیارە بە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سایەی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکاندا،



سەرچاوە
Serchawe

حوکمەکانی مادەی ٢، بڕگەی ٧ی چارتەرەکەی لەبیرە،

زۆر نیگەرانە بە سەرکوتکردنی خەڵکی مەدەنی لە زۆر ناوچەی عێراقدا، بەوەی ئەم دواییەی ناوچە کوردنشینەکانیشەوە، کە بووە هۆکاری شەپۆلێکی مەزنی پەنابەران بەرەو و بە نێو سنوورە نێودەوڵەتییەکان و بەزاندنی ئەو سنوورانەش، کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا دەخەنە مەترسییەوە،

زۆر وەڕزە لەو ناڕەحەتییەی مرۆڤەکان لەو دۆخەدا دەیچێژن،

نامەی ڕۆژانی ٢ و ٤ی نیسانی ١٩٩١ی نوێنەرانی تورکیا و فەرەنسا، بە دوای یەکدا، بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە درابوونە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەهەند دەگرێت،

نامەی ڕۆژانی ٣ و ٤ی نیسانی ١٩٩١ی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە درابووە سەرۆکی سکرتێری گشتی، بەهەند دەگرێت،

جەخت لە پابەندێتیی سەرجەم دەوڵەتانی ئەندام دەکاتەوە بە ڕێزگرتن لە سەروەری، یەکپارچەیی خاک و سەربەخۆیی سیاسیی عێراق و هەموو دەوڵەتانی تری ناوچەکەش،

**ئەو ڕاپۆرتەی سکرتێری گشتی لە ٢٠ی ئازاری ١٩٩١دا ناردوویەتی، لەبیرە،**

١- سەرکۆنەی سەرکوتکردنی خەڵکی مەدەنیی عێراق دەکات لە زۆر ناوچەی عێراقدا، بەوەی ئەم دواییەی ناوچە کوردنشینەکانیشەوە، کە ئەنجامەکانی (وەها سەرکوتێک) دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی؛

٢- داواکارە عێراق، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی نەهێشتنی ئەو هەڕەشەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، دەستبەجێ وەها سەرکوتکردنێک کۆتایی پێ بهێنێت. لە هەمان بەستێنیشدا هیوادارە گفتوگۆی کراوە هەبێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی مافە سیاسی و مرۆییەکانی سەرجەم هاوڵاتییانی عێراق، ڕێزلێگیراون؛

٣- سوورە لەسەر ئەوەی عێراق ڕێگە بە دەستڕاگەیشتنی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان بە هەموو ئەوانەی پێویستیانە، بدات و هەموو ئاسانکارییەکیش بۆ هەڵسووڕانی ئەو ڕێکخراوانە لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا، بکات؛

٤- داواکـاره سـکرتێری گشـتی لە هەوڵە مرۆڤدۆسـتانەکانی خـۆی لە عێراقـدا، بەردەوام بێـت و گەر پێویستیشـی کـرد - بەرمەبنـای نێردەیەکـی تـر بـۆ نـاوچەکە - ڕاپـۆرتی خـۆی لەسەر دۆخـی نالەبـاری خەڵکی مەدەنیـی عێـراق، بە دیـاریکراوی دانیشـتووانە کـوردەکە، پێشـکەش بکـات، کە بە دەست هەمـوو جۆرەکـانی سـەرکوتکاری لەلایەن دەسـەڵاتدارانی عێـراقەوە، دەناڵێنن؛

٥- هەروەها داواکـاره سکرتێری گشتی، هەموو سەرچاوەکانی بەردەستی بەکـار بهێنێت، بەوەی ئاژانسە پەیوەندیـدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، تا بەپەلە ئاوڕ لە پێویستیی تەنگەتاویی پەنابەران و خەڵکی ئاوارەی عێراقی، بدرێتەوە؛

٦- خوازیـاره هەموو دەوڵەتـانی ئەندام و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، لەم هەوڵە فریـاگوزارییە مرۆڤدۆستانەیەدا بەشدار بن؛

٧- داواکاره عێراق بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، هاوکاریی سکرتێری گشتیی بکات؛

٨- بڕیار دەدات بە وردی چاودێریی ئەم پرسە بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی - ڕێکەوت: ساڵ: ٢٠٢٥

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧١٦ی کوردی - ئەپریلی ٢٠١٦ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: پووشپەڕی ٢٧٢٥ی کوردی - جوولای ٢٠٢٥ی زایینی**

---



سەرچاوە Serchawe



کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان

سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران بۆ ئامادەکردن و نووسینی وتارو بابەتی ئەم نامیلکەیە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

